# مامۆستای کورد



خستنە سەر نێت:- چالاک
chalakmuhamad@gmail.com

١٧- ١٨

بەهار و هاوینی ١٩٩٣

# مامۆستای کورد

ژمارە ۱۷- ۱۸ ، بەهار و هاوینی ۱۹۹۳

سەرنووسەر : فەرهاد شاکەلی

Address : ناونیشان

Mamostay Kurd
Box 615
191 26 Sollentuna
Sweden

ژمارەی پۆستگیرۆ ( حیسابی پۆست)
Postal Giro No. / Postgironr 43 55 59 - 0

# ناوەڕۆک


| | |
|---|---|
| نامە | ٣ |
| هێنبی هارالد هانسن: ژنانی سەربەرزی کورد...(گفتوگۆ) | ٦ |
| شەهیدی رێی هات و نەهات ( چیرۆک): ئەحمەد سەلام | ١٢ |
| هونەرمەند خالید ڕەسووڵ | ١٣ |
| مناڵێکی چەوەندەرفرۆش (چیرۆک): سەمەدی بیهرەنگی، وەرگێڕ: د. جاف | ١٤ |
| هەندێ لە باسەکانی بیری نەتەوایەتیی کورد(لێکۆڵینەوە): ئازاد مستەفا | ١٩ |
| وەڵامنامەیەک بۆ س. ئەبووبەکر : ح | ٢٨ |
| دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی | ٤٠ |
| ڕاکردن و گەڕانەوە (چیرۆک) : کوردان کەریم مەحموود | ٤٢ |
| شێت بوون (شیعر) : مەهاباد قەرەداغی | ٥٠ |
| نالی لە کلاورۆژنەی شیعرەکانیەوە (لێکۆڵینەوە): عەبدولڕەحمان زەنگنە | ٥٢ |
| ناوەندی بەدلیسی (کۆنفرانس) | ٥٩ |
| گونەه (چیرۆک): قەدریجان | ٦٠ |
| پەنابەرانی کورد لە پاکستان | ٦٣ |
| چوار پارچە شیعر : مووسا گەرمیانی | ٦٤ |
| کتێبخانەی مامۆستای کورد | ٦٦ |
| بە یادی تۆ دەژی دڵم | ٧٠ |
| جیازی بووک (تابلۆ): هادی ضیائوددینی | ٧١ |
| زایەڵەی کۆچ (شیعر) : گۆران قەرەداخی | ٧٢ |
| خوایە لە دۆستانم بمپارێزی...(وەڵامدانەوە) : حەسەن گەرمیانی | ٧٤ |
| مۆدێل (شیعر) : سابیر سدیق | ٨٥ |
| گلەیی لە خوێشان...(لێکۆڵینەوە) : ئیبراهیمی یوونسی، وەرگێڕ: ن. ڕەزازی | ٨٦ |
| جاڕی مەرگ (چیرۆک) : جەلیل کاکەوەیس | ٩٧ |



ڕێکخستنی هونەری و مۆنتاژ : ئاسۆ گەرمیانی

تابلۆکانی ئەم ژمارەیە : خالید ڕەسووڵ (بەرگ ، ل ١٣، ل ٩٦) ، هادی ضیائوددینی (ل ٧١)

# نامە

ئەگەر ویستتان لەو سێ نیشانەیە دانەیەکیان بۆ گۆڤارەکە هەڵبژێرن و بۆ ئەمەیش ، مەسەلا ، من بۆم هەبوو بۆچوونی خۆمتان عەرز کەم ، ئەوا دەبێژم کە قووچکە خانووە سەر بە بەفرەکان لە دووانەکەی دی قەشەنگتر بوو ...

رێبوار

لەم ماوەیەدا ئەرزوحاڵێکم بە بەڵگەنامەی تەواوەوە پێشکەش بە وەزیری رۆشنبیریی کوردستان - شێرکۆ بێکەس - کردو تیادا بە بەڵگەوە ئەوەم بۆ روون کردەوە کە لە سایەی رژێمدا جارێک لە وەزیفە دەرکراوم و جارێکیش ناچار کراوم دەسبەرداری کارەکەم بم.... و جگە لەوەش لە یەکەم تەعیین بوون و لە نەقابەی رۆژنامە نووسانیشدا لە ساڵی ١٩٧٦ ەوە ناونیشانی وەزیفەکەم - محرر - ەو لەبەر ئەوەی بە پێی خواستی رژێم نەمنووسیوە ئەو ناونیشانەم لێ سەندراوەتەوەو کراوە بە ( مصحح ومنفذ وصحاف ) و هتد ... ئەزانی شێرکۆ لەو بارەیەوە چۆن بەتەنگمەوە هات ؟! ، تەنها ٢,٧٥٠ ( دوو دینار و حەوسەدو پەنجا فلس)ی لە مووچەکەم زیاد کردبوو ، بەس ... من نزیکەی بایی سی - چل دینارێک هەر کاغەز و بەڵگەی دائیرەم ئیستینساخ کردبوو... ئەمە نوکتەیە نوکتە ... حکوومەتی کوردستان ئاوا پاداشتی ئەو کەسانە و ئەو نووسەرانە دەداتەوە کە نەبوون بە بەعسی و ملی وشەی کوردییان کەچ نەکرد بۆ تارمایی یە بوودەڵەکانی بەعس و ئەڵقە لە گوێکانی .

شێرکۆ کورسیی وەزارەتەکەی بە هەزار چنگ گرتووەو دەیەوێ وەزیر بێ ... ئەو منداڵانەم بیر کەوتۆتەوە کە جاران بە ئۆتۆمبیلێکدا هەڵدەگژان و نەیاندەزانی ئۆتۆمبیلەکە بۆ کوێ دەڕوات و کە نەختێ لە شار دوور دەکەوتەوە ، خۆیان هەڵدەدایە خوارەوەو دەم و لووتیان دەشکا...

لەتیف هەڵمەت

٢/٤/ ١٩٩٣ سلێمانی

ئێمە هەر لە کاردایـن و کەلاوەکە گـەورەیـە و گیروگرفتەکان لە ژمارە نایەن ، هەر لە باری نالەباری ئابوورییەوە تا ژیانی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیمان . ئەوەی لە دەسەڵاتی ئێمەدا بێ ئەیکەین ، بەڵام ئیتر زۆر ئەمێنن کە لە دەسەڵاتی ئێمەدا نین و ناکرێن ئەگەر ئابڵووقەمان لەسەر هەڵنەگیرێ . سەدان پرۆژە هەن کە پێویستە جێبەجێ ببن، بەڵام بە قاسەی بەتاڵەوە چی ئەکەیت ؟! رەخنەمان لێ بگرن ، رێگەمان نیشاندەن ... بەڵام با داوای کاری وا نەکرێ کە بە ئێمە هەڵنەسوورێ. لە ساڵ زیاترە هەموو هەوڵێکی پەرلەمان و حکوومەتی کوردستان بۆ ئەوەیە کە(نەتەوە یەکگرتووەکان) ئەو ئابڵووقەیە لەسەر کوردستان هەڵگرێ ، بەڵام تا ئێستا هیچیان نەکردووە ! .. لەملاو لەولا ناتەواوی و کەلێن و کەلەبەر هەن ، بەڵام وەختمان ئەوێ تا ئەو هەموو کەلێنە ئەگرین . میللەتەکەمان قارەمانەو سەرەڕای ئەو هەموو برسێتی و گرانییە بەڵام بە ئارامەوە ئەژی و ددانی بە خۆیدا گرتووە ... چونکە چاوی لە چاوی بەعس و داگیرکەران نییە ... لەگەڵ ئەو رووە تاریکانەیشدا کە هەن و نکوڵییان لێ ناکرێ ، دیوی رووناکیش هەیە .. ئێمە پێمان خۆشە لەیەک کاتا هەردوو دیوەکە نیشان بدرێن .. بزووتنەوەی ئەدەبی و رۆشنبیری گەرمە ... سەربەستیی را دەربڕین و کۆڕ و کۆبوونەوە هیچ سانسۆرێکیان لەسەر نییە ... لەسەر شەقامەکانی هەولێرو سلێمانی بۆ نموونە لە پاڵ تەنانەت ( الثورة ، الجمهورية ، العراق )ی رژێمدا کوردستانی نوێ ، برایەتی ، ئاڵای ئازادی ، رێگای کوردستان ، هەرێم ، هەروەها رۆژنامەی ئیسلامییەکان و (بۆ پێشەوە ) ی رەوتی کۆمۆنیستی ئەبینرێ . تەبایی ی نێوان حیزبەکانی بەرەی کوردستانی تا ئێستە باشەو ئومێد ئەکەین باشتریش بێ. کەرەسەی چاپ کردن لە بازاڕی رەشدا زۆر بەگران دەست ئەکەوێ ، باوەڕ ناکەم کەس بتوانێ - مەگەر زۆر بووە بێ - کتێب چاپ بکات ؛ حکوومەتە فەقیرەکەیش توانای یارمەتیدانی نییە..

حیزبەکان لەم بووارەدا جێدەستیان دیارترە .
کاکە : دوا ژمارەی ( مامۆستای کورد ) م خوێندەوە .. خۆی هەر درێژەدان بە تەمەنی گۆڤارەکە لە گەڵ هەموو نەبوونییەکدا پیرۆزبایی ی ئەوێ ، بەڵام خۆزیا هەندێ وتار هەیە تێیدا نەبووایە ، کە بە ئاشکرا مۆرکی ڕق و قین وحیزبایەتیی تەسکیان پێوە دیارە ، بریندار کەرن و بە ئاشکرا سووکایەتی ئەخەنە پاڵ ئەم و ئەو ، وەکوو ڕانانە نالەبارەکەی یووسف زەنگەنە ... خۆیشت ئەیزانی خۆ دیموکراتییەت سووکایەتی کردن بە خەڵک نییە و ناچێتە خانەی ڕەخنەو هەڵسەنگاندنەوە .. ئەگینا ئەگەر توێژینەوەی زانستییانە بن ، چی ئەوترێ با بوترێ ...

**ب . هـ**

**١٢/ ٤ / ١٩٩٣ هەولێر**

... من لە بارودۆخی ئێرە زۆر گەشبین نیم .. قسەم زۆرەو ... داخم زۆر لە دڵدایە ... ڕۆژنامەو ڕۆژنامەگەری لێرە بووەتە گاڵتەبازاڕی و کەربازاڕی ؛ کەم جار شتێک لە ڕۆژنامەکاندا بەر چاو دەکەون کەڵکی هەبێ...

**ک . ڕزگار – سلێمانی**

... دوو کتێبی تازە لە ئێران بڵاو بوونەوە ، یەکیان « خاطرات یک مترجم » نووسینی کاک محەمەدی قازی وەرگێڕی بەناوبانگەو ئەوی دیکەش « کردها » وەرگێڕانی کاک برایمی یوونسی - ی بانەیی کە لە ئەسڵدا کتێبەکە بە ناوی

People without a country

( بڵاو بۆتەوە )، کە باسی هەموو بەشەکانی کوردستان دەکا بەڵام بەشی کوردستانی ئێرانی لێ هەڵپاچراوە . هەردووک کتێب زۆر بە زەحمەت گیر دەکەون ، بەڵام هەرچۆنێک بێ پەیدایان دەکەم و بۆتیان دەنێرم .

**محەمەدی موفتی**

**یازدەی ئاوریلی ١٩٩٣ ورمێ**

گۆڤارە ئاست بەرزو بە نرخەکەتان « مامۆستای کورد » مایەی خۆشحاڵیمانەو گەلێ پێی بەختەوەرین . ناوەڕۆکێکی پتەو و خۆ لە قەرەی زۆر باسو خواسی کەس توخن نەکەوتوو. (دەدا). ئەو بوێری پرکێشییەی بابەتەکانی تێدا دەخرێتە ڕوو بۆ ئێمەی تا ئەم نزیکانەی دوور لە کەش و هەوای دیموکراسی هەندێک سەیر دەکەوێتەوەو تام و بۆیەکی تایبەتی لە لامان هەیە . وەلێ من هەندێ جار لە گەڵ بۆچوونەکانی هێژا د. ڕەحیمی قازیم کە لە ژمارەیەکی گۆڤارەکەتاندا بڵاوتان کردووەتەوە(*). بەهەر حاڵ دەست خۆشانەیەکی زۆرتان لێ دەکەم و هیوادارم هەردەم قەڵەمتان لە بڕشتدا بێت .
لێرە لە سلێمانی کۆمەڵەیەکی کەلەپوورو فۆلکلۆرمان درووست کردووەو تا ئێستا دوو ژمارە گۆڤاری « کەلەپووری کورد » مان بە چاپ گەیاندووە ، ژمارە یەکم بۆتان ناردووە ، نازانم گەیشتووە یان نە؟ ژمارە دوویشم بۆ داناون و بە تەمام کەسێکی باش هەڵکەوێت بۆتانی بنێرم .

**محەمەد حەمە ساڵح تۆفیق**

**١٩٩٣/٤/١ سلێمانی**

(*) د. ڕەحیمی قازی ، خەڵکی سابلاخ بوو، لە ساڵی ١٩٤٥دا نێردرابوو بۆ ئازەربایجانی شوورەوی بۆ خوێندنی سەربازی ، بەڵام دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان لە مەهاباد ، ئیدی نەگەڕایەوەو ٤٥ ساڵی لەوە بەدوای ژیانی خۆی بۆ خزمەتی ک.گ.ب. ( دەزگای جاسووسیی سۆڤیێت ) تەرخان کردبوو.
بەڕێز مەسعوود بارزانی لە بەرگی دووەمی کتێبەکەیدا ئاوا باسی دەکات : « دەبێ ئەوە بڵێین کە بە داخەوە هەندێ کەسی دیاریکراوی خەڵکی کوردستانی ئێران ئەندامی سەرکردایەتیی سیاسیی هەڵبژێردراو بوون ، ڕۆڵێکی سەرشۆڕانەیان بینی و خۆیان بە بنەماو ڕۆڵی نیشتمانپەروەرانەوە نەبەستەوە ، بوون بە کەرەستەیەکی ملکەچ بەدەست باقرۆڤ و دەزگا نهێنییەکەیەوە ، بە ئارەزووی خۆی هەڵیدەسووڕاندن و بۆ ڕووخاندن و دووبەرەکی و ئاژاوەنانەوە بەکاری دەهێنان » .

مسعود البارزاني : البارزاني والحركة التحررية الكردية ١٩٤٥ - ١٩٥٨، كردستان ١٩٨٧، ص ٨٧.

خوالێخۆشبوو مامۆستا هەژاریش دەفەرموێ : « ڕۆژی حەڤدەی مانگی جولای ساڵی ٩٤٧ دەپەڕنەوە ( بارزانی و هاوڕێکانی ) و دەبنە پەنابەری ڕووسان ، لە شاری باکۆ دامەزران ، بەڵام لەوێش کوردی خۆیی لێ ناگەڕێ، ( ڕەحیم خانی سەیفی ـ قاضی ) کە کوردێکی مهاباتی و لە باکۆ بوو ... دەوڵەتی لێ دووڵ کردن ، هەڵیاندانە ئوزبەکستان و لەوێش لێک بلاو کران و ئاگایان لە یەکتر بڕا » .

هەژار : شەرەفنامەی شەرەفخانی بدلیسی ، چاپی دووەم ، تاران ١٩٨١، ل ٨٤٧.

– ئێمە چوار کەس بووین کە لە سەفارەتی سوێد لە ئانکارا کاتمان بۆ دانرابوو ، بۆ چاوپێکەوتن و مەسەلەی گواستنەوەی هاوسەرەکانمان ، بۆ ڕۆژانی ٢/١٨ و ٢/١٩ ـ ١٩٩٣ . سەفارەت فاکسی بۆ سەر سنووری تورکیا کردبوو کە خێزانی ئەم چوار کەسە لای سەفارەتی سوێد کاتیان بۆ دانراوەو دەبێ ئەو ڕۆژە لە ئانکارا بن . ڕزگار و کاوە زوو کاتی پەڕینەوەیان دانێ . نەمزانی ڕزگار چۆنی وەرگرت ، بەڵام داوای گەزۆی سلێمانییان لە کاوە شێخانی کردبوو . هەروەها قەمسەڵەیەکی شینی ناو سووری هەبوو ، کاک سەربەست ( محەمەد ) زاخۆیی ، نوێنەری پارتی و یاریدەدەری کارگێڕی پێوەندی ، ئەو قەمسەڵەیەی لە بەر کاوە داکەندو بردی و دزیی و بە تەنها کراسێکەوە ، ڕۆژی ٢/١٧ ، ناردی بۆ تورکیا . ئەم کاک سەربەستە بە ڤۆڵڤۆیەکی ٧٤٠ ەوە دەسووڕێتەوەو قەمسەڵە لە خەڵک دەستێنێ .

– دوو برادەر کە لە کارلستاد دەژین ، سەربەست زاخۆیی ٦٠٠ دۆلاری لێیان سەندو براکەیانی ئێوارە ڕەوانەی تورکیا کرد .

– شەوقی ، لە ١٥ / ٢ تا ٢٤ / ٢ لەو سەر سنوورە ڕایان گرت ، پاش ئەوەی ٣٠٠ دۆلاریان لێ سەند ئەوسا ناردیانە ئەو دیو .

– عیزەدینی نوێنەری یەکێتیی نیشتمانی لە بیرۆی پێوەندی لە ( ئیبراهیم خەلیل ) ، دەڵێ ئەوانەی لەدەرەوەی وڵات دەژین هەموو درزو بێئەخلاقن . ئەم قسانەی بە خۆم وت . من فاکسم هەبوو ، کەچی هەموو ڕۆژێک دەیوت نەهاتووە . بەڵام دوای نیوەڕۆی ١٩ / ٢ کە کاتەکەم بەسەر چووبوو وتی تۆ فاکست هەیە بۆچی زووتر باست نەکرد ... ؟!! ئەم کاک عیزەدینە پیاوچاک و خزمەتگوزارە بە هیچ جۆرێ وەڵامی فاکست ناداتێ ئەگەر دۆلارت لێ نەسێنێ .

– ئەو کەسانەی دەیانەوێ لە سنوور بپەڕنەوە بۆ ناو تورکیا یا لە تورکیاوە بچن بۆ ناو کوردستان ناتوانن بە ئارەزووی خۆیان تاکسی بگرن ، بەڵکە ناچار دەکرێن لەگەڵ کۆمەڵێ ئۆتۆمبیلی تایبەتی و بە دۆلار ڕێک بکەون، چونکە ئەم ئۆتۆمبیلانە هی بەرپرسانی سەر سنوورن و بۆ خۆیان « کەسابەت !! » دەکەن .

– ئەوانەی لەدەرەوەی وڵاتەوە دێنەوە بۆ کوردستان و خزم و کەس و کاری هەژاریان هەیە ، بۆچی دەبێ ٥٠٠ دینار بدەن تەنیا بۆ ئەوەی بۆ ماوەی دوو ڕۆژ هاوسەرەکانیان بگەیەننە ئانکارا بۆ چاوپێکەوتن لای سەفارەت و دوای ئەوساش ٥٠٠ دیناری دیکە ، ئەگەر بیانبەن بۆ دەرەوە ؟. بۆ دەبێ کەسێ لە سوێدەوە بچێ بۆ کوردستان نزیکەی ١٠٠٠ دۆلار بۆ تورکەکان سەرف بکات تا بتوانێ ناوی ژنەکەی لە ڕیزدا دابنێ ؟ ئەمە ڕووت کردنەوەیە و دەبێ پارلەمانی کوردستان سنوورێکی بۆ دابنێ .

ئاری فوئاد ـ ستۆکهۆڵم

# هێنینی هارالّد هانسن :

# ژنانی سەربەرزی کورد پەرۆشی ئازادیی نەتەوەکەیانن

ئەم گفتوگۆیە :

لە بەهاری ساڵی ١٩٨٥ دا کە دەستمان کرد بە بڵاو کردنەوەی ژۆرنالی سوێدی - کوردی ( گۆڤارێکی فەرهەنگیی وەرزانەی سوێدی زمان بوو ) ، یەکێ لە پرۆژەکانمان ئەوە بوو کە دۆستەکانی ئەورووپامان ، کوردناسەکان ، بەسەر بکەینەوە ، بیانهێنینە قسەو بایەخ بە کارو بیروڕاکانیان بدەین ، بەو هیوایەی بکەونە گەڕو لەسەر کاری زانستییانەی خۆیان لەمەڕ کوردو کوردستان بەردەوام بن . یەکەمین کوردناسێ کە گفتوگۆمان لەگەڵ کرد فریدریک بارثی نۆروێژی بوو . دووەم کەسیش خاتوو هێننی هارالّد هانسنی دانمارکی بوو ، لەدوای ئەوانیش کۆمەڵێ کوردناسی فرانسی و پۆڵۆنی و ڕووس . ئەمە یەکەمین گفتوگۆیەک بوو کە کوردێک لە گەڵ هێننی خانمیدا کردبێ . پێش سازدانی گفتوگۆیەکە چەند جارێ نامەمان بۆ یەکدی نووسی ، هەروەها هەردوو کتێبە بەکوردی کراوەکەیشیم بە دیاری بۆ نارد . گفتوگۆیەکە یەکەمین جار بە زمانی سوێدی بڵاو بۆتەوە لە :

Svensk - Kurdisk Journal, nr.2, juni, 1985, s.4-6.

ف . شاکەلی

پرسیار :


نزیکەی ٢٨ ساڵێک لەمەوپێش بوو کە چوویتە کوردستان . ئێستا ئەو سەفەرە ، بۆ خۆت و بۆ توێژینەوە زانستییەکانت چ دەگەیەنێ ؟

وەڵام :

زۆر ڕاستە ئەمن بیست و هەشت ساڵان لەمەوبەر وەکوو ئەندامێکی کۆمەڵناس لە پرۆژەی (دوکان)دا، خۆشیی ئەوەم پێ بڕا کە ماوەی پێنج مانگان لە کوردستانی عێراقدا بارگە هەڵدەم. مانەوەی من لە ژێرِ ناوی چاودێریکەردا مەیسەر ببوو. ئەمەیش بەو مانایە دەبوو لەو ژینگەیەدا بژیم کە لێم دەکۆڵییەوە. جا لە بەختی من ئەو ژینگەیە، دەوروبەری ژیانی ئافرەتە کوردە سوننەکانی عێراقێ بوو کە دەبا هەوڵم دایێ تیشکی سەرنج بخەمە سەر شوێنیان لە نێو خێزان و کۆمەڵدا و پاشانیش پلە و پایەیان دەنێو چوارچێوەی ئایینی ئیسلامدا قامک نیشان بکەم.

ئەگەر پرسیاری ئەوەم لێ بکرێ ؛ کە ئەو یەکەمین دیدار ( و دوا دیدارەیشم ) لەگەڵ ژنانی کوردی عێراقداچ

# هێننی هارالد هانسن



سالی ١٩٠٠ له دایک بووه . به لاوێتی خەونی بەوەوە دەبینی ببێتە هونەرمەندو نیگارکێش ، بەلام باوکودایکی ناردیان بۆ پاریس بۆ فێربوونی جلبڕین . ئەمە بووە سەرەتای بایەخدانی هێننی بە جلوبەرگ و ڕۆلێکی گەورەی لە ژیانی زانستییانەشیدا بینی . بەهۆی شووکردن و مالدارییەوە ماوەیەک لە خوێندن دوور کەوتەوە، بەلام لە سالانی چلدا دەستی پێ کردەوە . سالی ١٩٤١ لە موزەی نەتەوایەتیی دانمارک ، بەشی ئەتنۆگرافی دامەزرا . سالی ١٩٥١ کتێبێکی لە بارەی جلوبەرگی مۆنگۆلیاوە نووسی . هەر لەو سالەدا خوێندنی خۆی لە زانستگەی کۆپنهاگن وەک یەکەم ژنی ئەنترۆپۆلۆگی دانمارک تەواو کرد . سالی ١٩٥٤ گەلێریترین کتێبی خۆی لەمەڕ جلوبەرگ بلاو کردەوە . ئەم کتێبە کراوە بە یانزدە زمان. لە سالانی پەنجادا دەستی کرد بە لێکۆلینەوە لە فەرهەنگی ئیسلام ؛ ئەندامی دەستەی ئەتنۆگرافی دانمارک بوو: بۆ دوکان ( کوردستان ) ١٩٥٧ ، بەحرەین ١٩٦٠ ، لوڕستان ١٩٦٣. سالانی ١٩٦٦ ـ ١٩٦٧ لە میسر خەریکی لێکۆلینەوە بوو . هەروەها سەری یۆگوسلاڤیاو تورکیای دا. لێکۆلینەوە زانستییەکانی هێننی هارالد هانسن لە بواری ئەنترۆپۆلۆگیدا نرخێکی تایبەتیان هەیە و کار کردنی لە موزەخانەی نەتەوایەتیی کۆپنهاگن بوو بە هۆی دانانی گەلێ بەرهەمی هێژا . سالی ١٩٧٩ ، لە یادی ٥٠٠ سالەی دامەزرانی زانستگەی کۆپنهاگندا دۆکتۆرای شەرەفی پێ درا . هێننی هارالد هانسن کۆمەلێ کتێب و وتاری زانستیی لەسەر ژنی کوردو باری کۆمەلایەتیی کوردستان نووسیوەو بلاو کردۆتەوە .

بەهایەکی بۆ ژیانی تایبەتی و پاشانیش لێکۆڵینەوە زانستییەکانم هەبوو؛ ئەوە تەنیا دەکارم بڵێم : ئەو دیدارەم لەگەڵ ئافرەتانی موسوڵمان؛ ئەویش لە شێوەی ئافرەتانی کورددا؛ بووە مەزنترین بەردی بناخەو گرنگیی خۆی لە تەواوی کارە زانستییەکانی دواییمدا لە بارەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستەوە بە جێ هێشت.

وەکوو یەکەم ژنی دانمارکی، پسپۆڕ لە بواری کۆمەڵناسیدا (بەشی ئەنترۆپۆلۆژیای کولتوور)، گەورەترین حەزم بریتی بوو لە توێژینەوەی جلوبەرگی جۆراوجۆری میللەتانی جیاواز. دەنێو کوردەکانی کوردستانی عێراقدا، کە ئەز ئیمکانی ئەوەم بۆ ڕەخسابوو مانگ لە دوای مانگ لە تەکیاندا بژیم و لە بارەیانەوە بکۆڵمەوە؛ پاش ماوەیەک جۆرە پۆشاکێکم دیتەوە لە شێوەی عەباو پەچەدا کە جگە لە بەکارهاتنیان وەک جلو بەرگ ، بۆم دەرکەوت شێوەی دروومان ، پارچەو ماتریالەکانی دیی ئەم جلوبەرگە لە ڕووی فەرهەنگی و سۆسیۆلۆژیشەوە مانای تایبەتی خۆیان هەیە.

بۆ نموونە لە شارێکی وەکوو سولەیمانیی ساڵی پەنجاوحەوتدا ، بە هۆی ئامادەیـیـی سیـسـتـەمی حەریم - موە عەباو پەچە دەیانتوانی ژنانی خێزان لەو پیاوانە حەشار دەن کە پەیوەندی خوێنییان بە بنەماڵەوە نەبوو، ئەمەیش هۆیەک بوو ڕەگەزی ژن و پیاوی لێک دادەبڕی. لە لایەکی دیکەوە، ئەگەرچی عەباو پەچە لە گوندو لادێدا بەکار نەدەهێنرا؛ بەڵام لێرەیش جیاوازی دەنێو ژیانی ڕۆژانەی هەردوو لادا هەبوو. پیاوەکان دونیاییتر بوون و ژیانیان لەنێو کۆمەڵگادا دەبردە سەر ، لە کاتێکدا ژیانی ئافرەتان لە چوارچێوەی ماڵدا بوو . خۆ ئەگەر بڕیار بوو ژنانی دێ لە نزیکترین شارۆچکەی گوندەکەیان دیدەنی بکەن ؛ دەبوو ئەوانیش عەبای بە خۆدا بدەن و پەچەی بگرنەوە.

کە وا بێ مەسەلەی حەز کردنم لە ناسینی جلو بەرگ وای لێ کردم ساڵی ١٩٥٧ لە کاتی بەشداریم لە پرۆژەی دوکاندا ڕەنگ و ڕوخسارێکی سۆسیۆلۆژیانە بدەمە کارەکەم و پاشانیش لە جێگایانی دی، وەک : (بەحرەین - ١٩٦٠ ، ئێران - ١٩٦٣ و میسر - ١٩٦٧ کە ماوەی نۆ مانگی لێ مامەوە) درێژە بەو کارە بدەم.

مشت و ماڵ و کرۆکی ئەو دیدارە کۆمەڵناسانەیەم لەگەڵ ئافرەتانی کورددا لە نێو دوو بەرگ کتێبدا بە زمانی ئینگلیزی بە چاپ گەیاند : ژیانی ئافرەتانی کوردو کچانی یەزدان ( یان کچانی کورد) . ئەورۆکەیش « ئەوەتا هەر تەنیا پاش سی ساڵان » ئەو خۆشییەم پێ بڕاوە کە هەردوو کتێبەکانم بە زمانی کوردی تەرجەمەو چاپ بکرێن. ئەمە بۆ من شەرەفێکی گەورەیە کە ئێستا دەبینم ئەنجامی یەکەمین توێژینەوە سۆسیۆ - زانستییەکانم بە زمانی ئەو گەلە دەخوێندرێتەوە کە ئەز لە بارەی ئافرەتانیەوە نووسیومە.


دووبارەی دەکەمەوە ؛ ئەو گەشتەم بۆ کوردستانی عێراق و ژیان و مانەوەم دەنێو ژنانی کورددا ، کاریگەرییەکی تەواوی کردە سەر لەوە دوای کەسایەتی و سەرجەمی کارە ئەنترۆپۆلۆژییەکانم.



پ : ژنانی موسوڵمان ( بە ژنی کوردیشەوە ) لە گەلێ ڕووەوە لە یەک دەچن ، بەڵام لە لایەکی دیکەشەوە ، ژنی کورد و ژنانی گەلانی دراوسێ لە زۆر ڕووەوە لە یەکدی جیاوازن . ئایا سەرنجدانی ئەو جیاوازییانە بۆ تۆ لە سەرەتای کاری توێژینەوەکەتدا ئاسان بوو ؟

و : هەر وەکوو لە پێشاندا گوتم ، توێژینەوەکانم لە بوواری کۆمەڵناسیدا لە نێو ژنانی کوردستانی عێراقەوە دەستی پێ کردو هەر ئەو ژنانەیش لە لای من بوونە نموونە بۆ سەرجەمی ئافرەتانی موسوڵمان، واتە ئینتیزارم لە ئافرەتانی دیکەی موسوڵمان ئەوە بوو ، کە وەکی ژنانی کورد وابن . بەڵام پاشتر بۆم دەرکەوت ژیانی تراژیدیانەی کوردو مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازییان بۆتە هۆی ئەوەی بڕوابەخۆبوونێکی لە ڕادە بەدەرو ئاگاییەکی تایبەت لە لای ئافرەتانی کورد پەرە بسێنێ.

بێگومان کارێکی ئاسان نییە مرۆڤ هەمان دیاردەی سەرنجڕاکێش لە لای ئافرەتانی موسوڵمانی دیکەی کۆمەڵگا ئیسلامییەکانی دی بە دی بکات ، کە ڕۆڵ و پلەیەکی نزمتر و برێ کاری کەمتریان بە ئافرەتانیان ڕەوا دیتووەو لە چالاکیی سیاسی و کاری کۆمەڵایەتییان دابڕ کردوون. بەلای منەوە ئافرەتی کورد خاوەنی کۆمەڵێ سیفەتی جوانی بڕوا بە خۆ بوون و تۆپزییە کە ناتوانم لە لای ئافرەتانی وڵاتانی دی بەدیی بکەم.



پ : دەتوانن وەسفێکی پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی کوردستانی خواروو ( کوردستانی عێراق ) لە کۆتاییی پەنجاکاندا بکەن ، هی ئەو دەمەی کە چووبوویتە سەردانی کوردستان ؟!

و : لە ماوەی ئەو پێنج مانگەی ساڵی پەنجاوحەوتدا کە من لە کوردستانێ بووم ، بە هیچ شێوەیەک نەمدەتوانی خۆ لە حاندای سترۆکتۆر(بونیاد)ی کۆمەڵایەتیی کوردستان بدەم و ئەم بابەتەیش لە مەیدانی توێژینەوەکەی مندا جێگەی نەدەبۆوە. کارەکەی من بە زۆری و بە شێوەیەکی قەتعی تەرخان کرابوو بۆ باسی شوێنی ئافرەتان لە چوارچێوەی ئایین، خێزان و کۆمەڵگادا. ئەمەیش لەو چوارچێوەیەدا کە ئەز وەکوو ئافرەتێ بواری ئەوەم بۆ ڕەخسابوو تێکەڵ بە کۆمەڵی ژنانی کورد ببم و پێ بنێمە کەوشەنیانەوە. سەبارەت بە پرسیارەکەی ئێوە ، پێم خۆشە بگەڕێنەوە بۆ کتێبەکەی فرێدریک بارث :

Frederik Barth: Principles of social organization in southern Kurdistan,1953.

پ : گەلێ لەو ڕۆژهەڵاتناسانەی سەری کوردستانیان داوە باسی ئەوەیان کردووە کە ژنی کورد ، لە گوێرەی ژنی عەرەب و تورک ، ئازادییەکی زیاتریان هەیە . ئەم دیاردەیە لە گۆشەنیگایەکی ئەنترۆپۆلۆگی و سۆسیۆلۆگییەوە چۆن شی دەکرێتەوە .. ؟ !

و : بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە بگەڕێوە بۆ وەڵامی پرسیاری دووەم.

پ : کتێبەکانی تۆ لەمەڕ ژنی کورد ، بێگومان ، لە ڕیزی چاکترین سەرچاوەکانی ئەو بووارەن و هەروا بە گرنگیش دەمێننەوە ، مەگەر لێکۆڵینەوەی تازەتر دەرکەوێت . هۆی ئەوە چییە کە لێکۆڵینەوەی تازە بڵاو نابنەوە ؟!

و : بێگومان هۆی بە ئەنجام نەگەیشتنی توێژینەوەی تازە لەسەر هەمان بابەتی کارەکانی من و دەنێو ژنانی کورد دا ؛ دەگەڕێتەوە بۆ ئەو نائارامییە سیاسییەی لە دوای گەشتەکەی منەوە لە کوردستانی عێراقدا هاتۆتە گۆڕێ و ناوچەکەی شڵەقاندووە.


پ : لە ساڵانی پەنجادا، ژنانی کورد کچ و ژن و دایک و خوشک بوون ، بەڵام لە ساڵانی شەست و حەفتادا ، بێجگە لەوەش ، بووبوونە سیاسەتکارو خەباتکاری ڕێگەی ئازادی . پێت وایە ژنی کورد چاوەڕوانی ئەم ڕۆڵەو ئەم بەرپرسیارییەیان لێ دەکرا ؟!

و : بە بڕوای من ئافرەتانی هیچ کۆمەڵگایەکی دی وەک ئافرەتی کورد ئەرکی نوێی خۆی جێ بە جێ نەکردووە. کەس نەیتوانیوە هێندە بە پەرۆش ئازادیی نەتەوەکەیەوە بێت وەکوو ژنانی سەربەرزی کورد ؛ ئەو ژنە بڕوا بە خۆبووانەی ئەمن کامەرانیی ناسین و تێکەڵبوونیانم بە نەسیب بوو.



پ : ئایا هیچ بیرت لەوە کردۆتەوە کە لە سەر توێژینەوە لە « ژیانی ژنانی کورد » بەردەوام بیت ، بە تایبەتی وەک دەزانی گەلێ گۆڕانی بنەڕەتی لە کۆمەڵی کوردەواریدا ڕووی داوە ؟!

و : بەداخەوە ئیدی پیری( لە دایکبووی ١٩٠٠م) ڕێگەم پێ نادات بنەوبارگەی وەپێچم و ببمەوە گەڕیدەی هەندەران. دیارە دەبێ کامەران و دڵشاد بم بەوەی بتوانم زیاتر لەسەر ئەزموون و ئەو ماتریاڵ و کەرەسانەی بە تۆپزیی خۆم لە نێوان ساڵانی پەنجاوحەوتەوە تا شەست و هەشت لەسەر فەرهەنگی خۆرهەڵات کۆم کردوونەتەوە کار بکەم.



پ : ئێمە وەک کورد شانازی بە دۆستەکانمانـــەوە ( کوردناسەکان ) دەکەین ، بەڵام هەر لەو کاتیشدا بەلامانەوە سەیرە کە لەم سەردەمە دژوارەی مێژووی گەلەکەماندا ، کە هەڕەشەی تواندنەوەمان لێ دەکرێ ، بۆچی دەنگیانمان بەر گوێ ناکەوێ ؟!

و : بڕوام وا نییە و بە کارێکی ڕاستی نازانم ئەگەر هەوڵی دۆستانی کورد لە وڵاتانی دەرەوە بە کەم بگرین . با لێگەڕێین ئەو دەنگە خێرخوازانەی کە لە سوێد و نەرویج و وڵاتە یەککگرتووەکان لە پێناوی مافی کورداندا هەڵدەدەنێ هەر بەردەوام بن.

پ : هەستت بە چی کرد ، کاتێ چاوت بە کتێبەکانی خۆت کەوت کرابوونە کوردی ؟!

و : دوای ئەوەی هەردوو کتێبەکانم بە کوردی گەیشتنە دەست هەستم بە چی کرد؟ هەستم کرد ئەوە شەرەفێکی گەورەیەو کامەرانییەکی نەبڕاوەیە بۆ من. لە هەمان کاتیشدا بیرم کردەوە ، ئێستا خزمەتێکی شایانم بە هاورێ و دۆستە کوردەکانم کردووە. ئەو دۆستانەی لەبارەی کولتوورەکەیانەوە نووسیبووم و موستەحەقی ئەو خزمەتەیش هەر ئەوان بوون ، بیرم لەوەیش کردەوە کە ئێستێ دەتوانم پێشانی ئەو خەڵکانەی بدەم کە پاشان بوونە دۆست و ناسیاوی نزیکم ـ ئەودەم چۆنیان لێ تێگەیشتبووم. بیرم لەوە دەکردەوە ئێستا ئاواتی ئەوەم هاتە دی کە بە ئافرەتانی کورد بڵێم ؛ ژیانم لەناو فەرهەنگی واندا چ کاریگەرییەکی زۆری وای لێ کردم بە جۆرێ هەرگیز ئەو دیدارەم لەبیر نەچێتەوە.
لە ناخی دڵمەوە هیوادارم کتێبەکانم زمانحاڵی ئیعجاب و خۆشەویستیی نەبڕاوەم بێتن بۆ گەلی کورد.

پ : قسەو ئامۆژگاریتان بۆ گەلی کورد بە گشتی و ژنانی کورد بە تایبەتی چییە ؟!

و : هیوای ئەوە بۆ گەلی کورد دەخوازم بە ئامانجەکانی بگات و ئافرەتانی کوردیش درێژە بە ئەرکی خۆیان بدەن لە ئاست ئەو ڕۆڵەی لە کۆمەڵدا هەیانە. شتێکی ئاشکرایە هێزێکی مەزنی کۆمەڵگا لە دەستی ژناندایە ؛ بۆیە لە کاتێکدا پیاوان دژی هەموو جۆرە شێوازێکی داپڵۆسین خەبات دەکەن ، ئەرکی ئافرەتان هێندەی ئیمکان و بوار لە ئارادا بێت ، بریتییە لە دابین کردنی ژیانی ماڵ و منداڵ و گیاندارانی دیی ماڵی. کۆمەڵی خەباتگێڕ پێویستی بە بەرەی دواوەیش هەیە ؛ بەرەی ژنان . مەبەستم ڕۆڵێکی گرنگی ژیانە بۆ ئافرەتی بڕوا بەخۆبووی کورد .



## چەند وردە سەرنجێک :

داپیرە هێننی بە تەمەنی نەوەدوسێ ساڵیشەوە بە هەمان گەرمییەوە سەبارەت بە خۆشەویستیی خۆی بۆ ئافرەتانی کورد دەدوێ کە لە کۆتاییی پەنجاکانی ئەم سەدەیەدا دەدوا . بە داخەوە لە ناوەڕاستی ٩٢ ەوە پاش ئەوەی لە پلەکانی ئاپارتمانە تاقە ژوورەکەیەوە هەڵنگوتبوو و ماوەیەکیش بۆ چارەسەری ڕێی کەوتە نەخۆشخانە ؛ ڕەوانەی( بەندیخانەی پیرەکان) یاخود خانەی پەککەوتووان کرا. ئەم لە مەرگ ڕزگاربوونەیشی هەر بە قازانجی ئافرەتانی کورد کۆتاییی هات !

لەو دەمەوە خاتوو هێننی لە خانەی ناوبراودا دەژی ؛ تا ئێستا چەند ڕاپۆرتی ڕۆژنامەگەری و چاوپێکەوتنی لەگەڵدا کراوە ؛ خۆشبەختانە ئەو کاتێ باسی ئازارە لەشییەکانی خۆیشی دەکات و دەیەوێت ئێستای لەگەڵ سەردەمی لەشساخیدا بەراورد بکا ؛ هەر دەگەڕێتەوە بۆ ئەو قۆناغەی لە کوردستان بەسەری بردووە.

کوردستان و کۆمەڵگەی ئافرەتانی کورد بەلای داپیرە هێننییەوە ، هەڵێک بوو و ئەو قۆستییەوە و جەمسەری سەدەی بیستەم و بیست و یەکەمی لە سایەدا پێکەوە گرێ دان. لە نێو ئەو بەرهەمانەی لەم دوو ـ سێ ساڵەدا دەربارەی داپیرە هێننی بڵاوبوونەوە پێویستە ناوی کتێبەکەی خاتوو ( بیەگیتە غایبێک ) ببرێت کە بە هاوکاریی خودی هێننی خان و لە قەوارەی ناوەندیی ١٥٦ لاپەڕەدا، ساڵی ١٩٩٢ لە کۆپنهاگن بڵاو کرایەوە :

Bergitte Rahbek, Henny Harald Hansen, 1992,Fremad, Kobenhavn.

ئەم کتێبە جگە لەوە تواناو حەوسەڵەی پیرانەی خا هێننیمان پێ دەناسێنێ ؛ خۆی لە خۆیدا چاوگێڕانەوەیەکی وردیشە بە هەموو ژیانی ئەم ئافرەتەداو لە هەمان کاتیشدا ڕەنگ بێت دوا وەسێتنامەیش بێت . هەرکەسێک ئەم کتێبە دەخوێنێتەوە بۆی ئاشکرا دەبێت کە مەبەستی هێننی خان لە زۆر دووبارەکردنەوەی : کاریگەریی ژیان و فەرهەنگی ژنانی کورد لەسەر ژیانی وی چییە . جگە لەوەی بەشی شەشەمی ئەم کتێبە بۆ کوردستان تەرخان کراوە ، بەڵام لە سەرجەمی بەشەکانی تریشدا زوو زوو باسی هەڵەبجەو سلێمانی و تۆپزاوە و ژنانی کوردو هتد... دێتە ئاراوە.

ئەو بەشەی کتێبەکە بە سکێچەکانی خاتوو هێننی ڕازێنراوەتەوەو لەم ڕووەوە جارێکی دی ڕابردوو تێکەڵ



بە ئێستای ژیانی نێوبراو کراوەتەوە. بەڵام ئەم خۆشەویستییە جاری وا هەیە زەرەرمەندیشە : سێ ساڵ بەر لە ئێستا داپیرە هێننی لە چاوپێکەوتنێکدا باسی کۆمەڵێک نامەی بۆ کردم کە پاش گەڕانەوەی ؛ خاتوو (مەلیحە) ی وەرگێڕی لە سلێمانییەوە بۆی ناردبوون. خولیای دیتنی ئەو نامانە کەوتە سەرمەوە ؛ بەڵام داپیرە هەرگیز ڕێگەی پێ نەدام . بۆیە منیش بە نیازی ئەوەی لە داهاتوودا هەموو کەلوپەلەکانی خاتوو هێننی دەگوێزرێنەوە بۆ بارەگای مۆزەخانەی میللی لە کۆپنهاگن و دەخرێنە بواری سوود وەرگرتنی گشتەوە ، ئیدی مەسەلەکەم لا دووبارە نەکردەوەو خولیاکەم دایە دەست چاوەڕوانی. لە ناوەڕاستی ساڵی نەوەت و دوویشدا کاتێ زانیم مۆزەخانەی ناوبراو وەسێتەکەی خاتوو هێننیی بەجێگەی هەق گەیاندووە، یەکسەر نامەکان کەوتنەوە بیرم . ئەو نامانەی لە وەسێتنامەکەدا بە بێ ئەوەی ڕێگەی نوسخە لەبەرگرتنەوەیان پێ درابێ، فەرمانی سووتاندنیان درابوو .

کە پاشانیش بە تەلەفۆن قسانم لەگەڵ کرد ، گوتی : « نامەکان دەبوو بسووتێنرێن چونکە تایبەت بە من بوون و نەمدەویست بەردەستی کەس بکەون ».

بەهەر حاڵ ڕەنگە داپیرە هێننی بەم کارەی مەبەستی بووبێ جارێکی دیکەیش وەفای خۆی بۆ ئافرەتانی کورد دووبارە بکاتەوە.

ڕێبوار سیوەیلی

گفتوگۆیەکەی لە زمانی دانییەوە کردووە بە کوردی و پاشەکیی بۆ نووسیوە

# شەهیدی
# ڕێی هات و نەهات

ئەحمەد سەلام

تف لە ناچاری ! سەرت پێ ئەکا بە ماڵی دوژمنا ..
بە خۆت بووایە هەزار ئەوەندەی تر ئازار تەنگی پێ هەڵچنیتایە ئەم ڕێگای سەفەرمت نەدەگرتە بەر ، بەڵام پیاو بە دەست کرووزانەوەی ماڵ و منداڵ و خزم و ناسیاوەوە هیچی پێ ناکرێ ! بە هەر هەموویان زۆریان بۆ هێنای ناچار لە کەلی شەیتان هاتیتە خوارێ ، ئاخرییەکەی بڕیاری سەفەرت دا ، بۆ بەیانی ڕێی هات و نەهاتت گرتە بەرو کەوتیتە ڕێ. هەرچی کۆنە ڕاپۆرت و وێنەی ئەشیعە کۆن و تازەیەکی هەتبوو هەر هەمووت لە گەڵ خۆتدا پێچایەوەو بەرەو شاری ( ک ) کەوتیتە ڕێ . بە درێژایی ڕێگاکە بەوە دڵی خۆت دەدایەوەو دەتوت :
– چی بکەم ناچارم ، نەخۆشی زیفی لێ ساندووم و دەبێ بچمە لای دکتۆرێکی شارەزا، قابیلە وەک خەڵکی تر بچم بۆ سەیران و سەفاهەت !

هەر ئەو ئێوارەیە کە گەیشتیتە جێیەکە ، ڕاست چوویت بۆ لای ئەو دکتۆرەی پێشتر ناوو نیشانیان بۆ هەڵدابووی . خوا هەڵناگرێ کە سەرەت هاتە سەر ئەویش کاری مرۆڤانەی خۆی بۆ سەرو سۆراخی نەخۆشییەکەت بە جێ هێنا ، ئەوەی پێویست بوو لە داوو دەرمان هەر ئەو شەوە هەموویت کری ، هەر لەوێشدا بڕیارت دا بۆ بەیانی زوو بگەڕێیتەوە ، خۆیشت نازانی ئەو شەوەت چۆن بەسەر برد !
بەیانی هێشتا دنیا تاریک و لێڵ بوو خۆت گەیاندە گەراج ، خۆشی خۆشی ئەوا داوو دەرمان و چارەسەری خۆت پێیەو دەچیتەوە ناو خاوخێزان و منداڵەکانت و ، وا ئەمجارەیش بە بینینیان شاد دەبیتەوە . ئۆتۆمبیلەکەتان گەیشتە یەکێ لە بازگاکان (سەیتەرەکان) ، ئەفسەرێک ڕایگرتن و بە فیزێکەوە پێی وتن ئەوانەی سەر بە دەستەی ئەولان لە بەری ئەوبەرەوە بووەستن ، ئەوانەیشی سەر بە دەستەکەی ترن بێن لە بەری ئەمبەرەوە ڕیز بن ، ئەوەیش خۆی بە( پیاو !) نازانێ و بێشەرەفە ، با بێ دوای خۆم کەوێ ، سەیرت کرد هەر هەموو ئەوانەی لە ئۆتۆمبیلەکەدا لە گەڵتا بوون ملیان حیز کرد و دوای کابرای ئەفسەر کەوتن ! لە ناو هەموویانا بە تەنیا تۆ مایتەوە ، جووڵەت لێ بڕا ، هەناسەت سوار بوو ، لەبەر خۆتەوە پیشت دەخواردەوە، جوێنت بەو ڕۆژەیش دەدا کە تیا لە دایک بووی ! لە چەقی ڕێگەکەدا وەستای ، نە ئەملات کرد نە ئەولا ، دوای هاوڕێکانیشت نەکەوتی ، لە قیژەی ئەفسەرەکە بە ئاگا هاتیتەوە کاتێ بە تووڕە بوونەوە نەڕانی بە سەرتاو وتی :
– یانی چی ؟ جەنابت نە لەملایت و نە لەولا و نە لە گەڵ ئێمەیشدای گوایە جەنابی ناموشەڕیفت خۆی بە چی دەزانێ ؟!. بە شێوەیەک وەڵامت بۆ هات ، خۆت بەزەییت بە خۆتا دەهاتەوە ، سەرت هەڵبڕی و وتت:
– باوەڕ بکە سەر بە هیچ لایەک نەبووم و نیم ، بەڵام خۆم بە ( پیاو ) دەزانم .


ئەفسەرەکە ڕووی کردە یەکێ لە سەربازەکان و پێی وت:
– ئەم سەگبابە بەرن !
بە شەق و بە پاڵ بردیانی ، ئەشیعەو داوودەرمانەکانت لە ژێر پۆستاڵی سەربازەکاندا پلیشانەوە !. هەر بەبەر چاوی خۆتەوە ئەفسەرەکە بە دەم بزەیەکی ژەهراوییەوە ڕووی کردە جەماعەتەکەت و پێی وتن :
– فەرموو ئێوە مەرەخەس بن ، بڕۆن !
کە پاسەکە لە بازگەکە دەرباز بوو جەماعەت کەوتنەوە چەقەنەو فشقیاتی خۆیان ، هەر وەک نە ( با ) یان دیبێ نە ( باران ) !.

بۆ ڕۆژی دوایی ڕۆژنامەکانی ناو شار ئەم هەواڵەیان بڵاو کردەوە !
(کابرایەک باڵای وایەو ڕەنگی بەو جۆرەیەو تەمەنی ئەوەندەیە ، دوو ڕۆژە لە ماڵەوە دەرچووەو ون بووە ، تکایە هەرکەسێ هەواڵی دەزانێ بە زووترین کات پێوەندی بکا بە بارەگای ڕۆژنامەکەمانەوە) .

١٩٩٢سلێمانی
کۆتایی کانوونی یەکەم

# خالید ڕەسووڵ


* ساڵی ۱۹۵۷ لە سلێمانی ( خوارووی کوردستان ) لە دایک بووە .
* لە گەڵ پێشانگای هاوبەشدا لە کوردستان و لە دەرەوەی وڵات بەشداریی کردووە .
* ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری کەلەپوورە .



نووسینی : سەمەدی بیهرەنگی



# منالێکی چەوەندەر فرۆش



داوود جاف
کردوویەتی بە کوردی

**چەند** ساڵێک لەمەوپێش مامۆستای قوتابخانەی گوندێک بووم ، ئەویش لە دوا دوای پاییزدا بوو کە نێردرام بۆ ئەوێ . قوتابخانەکە تەنها ژوورێک بوو ، دەرگایەک و پەنجەرەیەکی پێوە بوو وە نزیکەی سەد مەترێک لە گوندەکەوە دوور ئەبوو . بە هەمووی ٣٢ قوتابیم هەبوو ، ١١ پۆلی یەکەم و ٨ پۆلی دووەم و ٦ پۆلی سێیەم و ٣یشیان پۆلی چوارەم بوون. یەک دوو مانگێک بوو قوتابییەکان بێ مامۆستا و وێڵ و سەرگەردان مابوونەوە.

لە ماوەی دوو سێ ڕۆژێکا توانیم لەملاو لەولا کۆیان بکەمەوە . ئەوەیان زۆر پێ خۆش بوو ، زۆربەیان بێئیش بوون و بەسەروەختی خوێندنەوە نەئەهاتن . ئەوانەش هەندێکیان لای (حاجی قولی) مافوورساز ، لە کارگەکەی ئیشیان ئەکرد . زیرەکەکەیان ١١ قرانی وەر ئەگرت . ئەم (حاجی قولی)یە لە شارەوە هاتبوو ، مەبەستی لەوە بوو ، کرێکارانی ناوشار هەموو ئێوارەیەک ڕۆژانەکەیان ئەویست و لە چوار تومان کەمتریش ئیشیان نەئەکرد ، بەڵام لە گوند بەرزترین ڕۆژانەی باشترین کرێکار ٢٥ ـ ٣٥ قران بوو . لەو ڕۆژانەدا بەفرێکی زۆر باریبوو ، سەهۆڵبەندان بوو ، هەوا یەکجار سارد بوو ، کون و قوژبنی دەرگاوپەنجەرەکەم بە پەڕۆ کۆنە و قاقەز پینە کرد .

ڕۆژێک بۆ قوتابییانی پۆلی سێیەم و چوارەم ڕێنووسم ئەوتەوە، قوتابییانی پۆلی یەکەم و دووەمیش لە دەرەوە بوون . لە پەنجەرەکەوە تەماشام کرد منداڵەکان لە دەرەوە گەمارووی سەگێکی بەرەڵایان داوە و بە تۆپاڵە بەفر لێی ئەدەن . هاوینان بە دارو بە بەرد ئازاری سەگی بەرەڵا ئەدەن و زستانیش بە تۆپاڵە بەفر . لەولاشەوە ، لەو دیوی دەرگاکەوە دەنگێکی ناسک بەرز بووەوە :

ـ چەوەندەری کوڵاو ، ئای منداڵەکان چەوەندەری گەرم و شیرینم پێیە .

لە چاودێری پۆلەکەم پرسی :

ئەمە کێیە ؟

(کازم) ڕاست بووەوە و وتی :

– مامۆستا لە (تارووردی) بەولاوە کەسی تر نییە. بە زستان چەوەندەری کوڵاو ئەفرۆشێت . پێی بڵێم بێتە ژوورەوە ؟

دەرگاکەم کردەوە ، بە مەنجەڵێکەوە هاتە ژوورەوە . جامانەیەکی کۆن و شڕۆڵی ئاڵاندبووە سەروگوێلاکییەوە.

لنگیکی پێڵاوەکەی کڵاشە کۆنەو ئەوی تریشی لاستیکی کۆن بوو . چاکەتێکی کۆنی لە بەردا بوو تا ئەژنۆی داپۆشیبوو، تەنانەت دەستوپەنجەکانیشی تێدا ون بووبوون . لە سەرمانا سەروروومەتی سوور هەڵگەڕا بوو ، ئەو پەڕی لە تەمەنی ١٢ ساڵیدا بوو . سەلامی کرد ، مەنجەڵەکەی داگرت و بەشەرمەوە :

– بەیارمەتیی خۆت مامۆستا ئەتوانم دەستم گەرم کەمەوە؟

بە پەلە مناڵەکان قۆڵیان گرت و بۆ لای زۆپاکەیان برد ، کورسییەکم بۆ تەرخان کرد، کە چی :

– نە مامۆستا گیان فێرم ، زەوییەکەم پێ خۆشترە .

هەندێ گەرم بووەوەو هەستایە سەر پێ :

– مامۆستا ، چەوەندەری گەرم و شیرین ناخۆیت ؟

بێ ئەوەی شتێک بڵێم سەری مەنجەڵەکەی هەڵدایەوەو چەوەندەرێکی بۆ دەرهێنام و دایە دەستم :

– وا باشە خۆت توێکی بگریتەوە، دەستەکانم... ئێتر ئێمە دێهاتیین. شاری نیین ، زۆر شت هەیە ڕێی پێ نابەین و نایزانین .

هەر وەکوو پیرێکی دنیا دیدە قسەی ئەکرد . چەوەندەرەکەم گوشی ، توێکێکی ناسکی لێوە بەدەسمەوە هات . گازێکم لێ گرت زۆر ناسک و شیرین بوو . لە پشتەوە « نەوزاد » هەستایە سەر پێ و وتی :

– مامۆستا ، چەوەندەری کەس وەکو هی « تاروودی » شیرین نییە .

« کازم » وتی :

– خوشکەکەی لێی ئەنێت و ئەمیش ئەیفرۆشێت ، دایکی نەخۆشە .

هەردەم لێو بەخەندە بوو، جامانەکەی کردەوە :

– هەرکەسێ ئیشوکارێکی هەیە، ئێمەش ئەمەمان هەیە.

پێم وت :

– نەخۆشییەکەی دایکت چییە ؟

وەڵامی دامەوە :

– ژان و بای هەیە ، هەردوو پێی ڕەق بوون . کوێخا ئەڵێت ئیفلیج بووە ، وەڵڵاهی منیش نازانم چییەتی .

دەربارەی باوکی پرسیارێکم لێ کرد :

– ئەی باوکت ؟

قسەکەی بریم :

– مردووە .

یەکێ لە مناڵەکان هەڵی کوتایێ :

– پێیان ئەوت « عەسکەر » قاچاخچی .

خۆی زۆرتری بۆ ڕوون کردمەوە :

– لە سواریدا بێهاوتا بوو، لەو شاخانەدا گوللەیەکی بەرکەوت و مرد . ژاندرمەکان کوشتیان .

سێ و چوار قرانێک چەوەندەری بە قوتابییەکان فرۆشت ، پارەی لێ وەرنەگرتم ، زۆرم لە گەڵ کرد بەڵام بێسوود بوو :

– ئەمجارە میوانی ، بۆ جارێکی تر . ئێمەی دێهاتی هەندێ شت هەیە سەرمان لێ نابێتەوە . بەرەو ناو دێ کەوتە ڕێ و بانگەوازی ئەکرد :

– ئای چەوەندەر ، چەوەندەری گەرم و شیرین .

دوو سێ سەگە بەرەڵای گوندەکە دوای کەوتن . مناڵەکان دەربارەی « تاروودی » زۆ شتیان بۆ گێڕامەوە :

– خوشکەکەی ناوی « سولماز » ە، یەک دوو ساڵێک لەم گەورەترە ، تا باوکیان مابوو کاروباریان باش بوو ، بەڵام ئێستا ئەوەندە نییە . ئەم براو خوشکە چوونە لای ( حاجی قولی ) بۆ ئیش کردن ، ماوەیەک ئیشیان کرد، بوو بە هەرایان و دەستیان لە ئیش کێشایەوە .

« ڕەزا قولی » وتی :

– مامۆستا « حاجی قولی » دەستدرێژیی خوشکەکەی ئەکرد ، بە چاوێکی خراپەوە تەماشای ئەکرد .

هەروەها « ئەبوو فەزل » یش لەو بابەتەوە هەندێکی بۆ گێڕامەوە :

– بەڵێ « تاروودی » ویستی بە « مەتە » « حاجی » بکوژێت .

« تاروودی » ڕۆژی چەند جارێک ئەهاتە قوتابخانە و جارجاریش گوێی لە دەرس و خوێندن ئەگرت . ڕۆژێکیان لێم پرسی :

– بیستوومە لەگەڵ « حاجی » دا هەراتان بووە ، پێم ناڵێی چۆن بوو ؟

– زۆر بە شەرمەوە وەڵامی دامەوە :

– ڕابوورد و چوو، مامۆستا گیان ، با سەرت نەئێشێنم ناچارم کرد بە تەواوی مەسەلەکەم بۆ بگێڕێتەوە :

– ببوورە ، من و خوشکەکەم لای « حاجی » ئیشمان ئەکرد ، ئەو پێش من وەرگیرابوو ، کە چووم لە ژێر دەستیدا ئیشم ئەکرد و سەرپەرشتیی ئیشەکەی ئەکردم. ڕۆژانەکەی دوو تومان بوو ، منیش لەو کەمتر ، ئەمە دوو ساڵ لەمەوپێش بوو ، ئەو کاتەش دایکم زۆر پەرێشان بوو ، توانای ئیشکردنی نەمابوو . نزیکەی ٤٠ مناڵێک بووین لە کارگەکەی « حاجی » دا

دەستەو ئیش بووبووین - ئەوانی تری ئێستاش ماون - سبەینان ئەچووین و نیوەڕۆ ئەگەڕاینەوە . هەردەم خوشکەکەم لەسەر ئیش عابای بەسەرەوە بوو ، کەس تەماشای نەئەکرد و ئەویش خەریکی ئیش وکاری خۆی بوو ، وەستاکانیش ئاشنا بوون ، کرێکارەکانیش منداڵ و خۆمانی بوون ، وە « حاجی » ش ئاشنا.
لەم دواییەیدا ، « حاجی »ی بێشەرەف و بێناموس ، ئەهاتە لای خوشکەکەم ڕائەوەستاو دەستی بە سەریدا ئەهێناو پێ ئەکەنی و بە دەوریدا ئەسووڕایەوە. دڵنیا بووم ، بیرم لەوە نەئەکردەوە نیازی خراپی هەبێت ، ئەوەشم بە دڵسۆزی ئەزانی . ڕۆژێک ، پێنجشەممە بوو، ئەو ڕۆژەش پارەی هەفتانە ئەدرا.
تومانێکی زیادی بە خوشکەکەم داو بە پێکەنینەوە :
- دایکتان نەخۆشە، بۆ خۆتان خەرجی بکەن.
ئەوەم زۆر لا گران بوو، خوشکەکەم وەکوو ترسابێت شتێکی نەوت . بۆ شەو دایکم زانی ، تووڕە بوو و ڕووی کردە خوشکەکەم :
- ئەمجارە هیچ ، بەڵام لەمەوپاش پارەی زیادە وەرناگریت.
بۆ سبەینێ ، لە کارگاکەدا، وەستاکان و کرێکارەکان ئەیانچپاندە گوێی یەکترییەوە. نەیان ئەویست بزانین باسی چی ئەکەن ، پێنج شەممە هاتە پێشەوە ، ئێمەیش دوای هەموو چووینە لای « حاجی » چونکوو خۆی وتبووی ، ئەم جارە پازدە قرانی زیادەی بە خوشکەکەم دا و پێی وت :
- شەوێ دێم بۆ لای دایکت قسەم لە گەڵیا هەیە .
هەندێ بە ڕووی خوشکەکەمدا پێکەنی ، ئەویش ڕەنگی زەرد هەڵگەڕا و ڕووی خۆی وەرچەرخاند ، وە من خۆم لە « حاجی » تووڕە کرد :
- ببوورە پارەی زیادەمان ناوێت دایکم پێی گرانە.
پارەکەی فڕێ دا ، « حاجی » هاتە پێشەوە و دەستی کرد بە پێکەنین :
- کەر مەبە ، بۆ تۆ و بۆ دایکت نییە ، پێتان خۆش بێت یان نەبێت .
« حاجی » ١٥ قرانەکەی هەڵگرت و ویستی دەستی خوشکەکەم بگرێت و بۆ لای خۆی ڕای بکێشێت ، ئەویش خۆی ڕاوەشاند و هەڵات بۆ دەرەوە لە داخا گریان قوڕگی داگرتبووم . « مەتە » یەک لەسەر مێزەکەی بوو هەڵمگرت و دام بە ناو چاوانیا ، بریندارم کرد ، خوێن هاتە خوارەوە ، دەستی کرد بە هاوار ، ئاهای بیگرن ، هەڵاتم ، ئیتر نەمزانی چی بوو چی نەبوو. لە ماڵەوە خوشکەکەم لە تەنیشت دایکمەوە کز کز دانیشتبوو . بۆ شەوێ کوێخا خۆی کرد بە ماڵمانداو ڕووی کردە دایکم و وتی :
- « حاجی » گلەیی هەیە ، ئەیەوێت ئاشت ببنەوە ، ئەگینا شکات ئەکات و ژاندرمە دێنێت و « تاروودی » سزا ئەدەن ، وا هاتووم خوازبێنیی « سولماز » بکەم بۆ « حاجی » ئەڵێی چی ؟
« تاروودی » مەسەلەکەی خۆی بڕی و هەندێ شتی تایبەتی ژیانی « حاجی »ی بۆ گێڕامەوە :
- مامۆستا ، ئەوەشت پێ بڵێم ، ژن و منداڵەکانی لە شارن ، تا ئێستا لە چوار گوند چەند ژنێکی بە « سیخە » مارە کردووە ، تۆیش « حاجی » ت بینیوە ، ڕیشی سپی ، ورگن ، ددانەکانی دەست کردن و « زێڕ» ی بۆ کردوون ، تەزبیحێکیشی پێیە ، هەر بە ورچی پیر ئەچێت .
دایکم بە کورتی کوێخای تێگەیاند :
- سەد کچم هەبێت یەکێکی بە « حاجی » نادەم ، ئەوی بینیومانە بەسمان بێت . کوێخا ئەم جۆرە پیاوانە نابنە خزم و دۆست .
کوێخا وتی :
- « حاجی » کچەکەی بە « سیخە » ئەوێت ، وە ئەڵێت ئەگەر نەمدەنێ ئەوە لە کارگە دەریان ئەکەم و سەرەڕای ئەوەش ژاندرمە دێنم ، ئەویش دەردەسەرییەکی گەورەتر.
خوشکەکەم لە پشتی دایکمەوە دانیشتبوو ، ئەگریاو ئەیوت :
- ئیتر ئیش ناکەم ، لێی ئەترسم ، لێم ئەدات .
بۆ سبەینێ تەنها چوومە سەر ئیش ، « حاجی » لە دەم دەرگاکەوە ڕاوەستا بوو ، ترسم لێ نیشت ، برینەکەی تیمار کردبوو و پێچابووی ، بانگی کردم :
- کوڕە وەرە ژوورەوە ئیشم پێتە ، بە ئەسپایی لێی نزیک بوومەوە و ویستم لە ژێر باڵییەوە خۆم بکەم بە ژووردا ، لە پڕ دەستی گرتم و بردمییە ژوورەوە . بە شەق و بە زلەو بە مشت تێم بەر بوو ، بە هەر حاڵ خۆم دەرباز کرد ، « مەتە »ی ڕۆژی ڕابردووم گرتە دەستەوەو قیراندم بە سەریا :
- ئەهای بێشەرەفی بێناموس ، پێت پێشان ئەدەم ، پێم ئەڵێن کوڕی « عەسکەر قاچاخچی » .
ئەوەندەی لێ دابووم هەموو گیانم ئازاری پێ گەیشتبوو، ویستم هەر لەوێ بیکوژم ، کرێکارەکان لێم کۆبوونەوە و

بۆ ماڵەوەیان بردم ، لە داخاندا خۆم ئەتلاندەوە و ئەگریام ، جلەکانم بە خوێنی برینەکانم خوێناوی بووبوون ، بێسوود بوو بەڵام ئارام بوومەوە .

مەڕێکمان هەبوو فرۆشتمان و بە پارەکەی یەک دوو مانگێک ژیاین ، خوشکەکەم چووە لای ژنێکی نانەوا ، منیش لە هەرکوێ ئیشم بووبوایە ئەمکرد .

قسەکەیم بڕی و لێم پرسی :

– بۆچی خوشکەکەت بە شوو نادەی ؟

پێی وتم :

– دەزگیرانی هەیە، کوڕی ژنە نانەواکە دەزگیرانیتی ، ئێستاش خەریکی ئەوەین جلو بەرگ و کەرەستەی زەماوەندەکەیان جێ بە جێ بکەین .

هاوین بە سەردان گەڕامەوە بۆ گوند ، بینیم «تاروودی» شوانە ، بانگم کرد :

– کەرەستەی زەماوەندی خوشکەکەت تەواو کرد ؟


وەڵامی دامەوە :

– بەڵێ ماموٚستا ، ئەوە ئێستاش خەریکم پارە کۆ ئەکەمەوە بۆ خۆم ژن بێنم . لەو ڕۆژەوە خوشکەکەم شووی کردووە دایکم تەنهایە ، ئەویش هاودەمی ئەوێت ڕاستی بکاتەوەو یارمەتیی بدات ..

ماموٚستا گیان لێم ببوورە بێئەدەبییە ...

کوردستان ١٨/٩/ ١٩٧٧

وێنەی سەرەتاو کۆتاییی وەرگێڕانی چیرۆکەکە بە دەستخەتی داوود جاف


- منداڵێکی چەوەندەر فرۆشت -

نووسینی : سەمەدی بەهرەنگی

وەڵامی دامەوە :

- بەڵێ ماموستا ، ئەوە ئێستاش خەریکم پارە کۆ ئەکەمەوە بۆ خۆم ژن بێنم . لەو ڕۆژەوە خوشکەکەم شووی کردووە دایکم تەنهایە ، ئەویش هاودەمی ئەوێ ڕاستی بکاتەوە و یارمەتی بدات ..

ماموستا گیان لێم ببورە بێئەدەبییە ...

- تەواو بوو -

داود جاف

کوردستان - ١٨-٩-١٩٧٧

# داوود محەمەد جاف

## ١٩٥٠ _ ١٩٧٧

لاوێکی خوێنگەرم و ڕووناکبیرو دڵگەرم بوو . دوای هەرسهێنانی شۆڕشی کورد ، ساڵی ١٩٧٥ ، ماوەیەک لە ئێران مایەوە و پاشان بە پێیان ، بەناو تورکیادا ، خۆی گەیاندە سووریا و چووە ناو ڕیزی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی تازە دامەزراوەوە . لە بەهاری ساڵی ١٩٧٧ دا ، وێرای کۆمەڵێ لە دۆست و هاوڕێیانی، گەڕایەوە بۆ کوردستانی عێراق بۆ بەشداری کردن لە خەباتی چەکداریدا . لە پاییزی ئەو ساڵەدا ، لە کاتێکدا بە کارێکی پێشمەرگانە ، لە گەڵ کۆمەڵێ پێشمەرگەدا چووبوو بۆ ناوچەی قەندیل ، لە گەڕانەوەدا شەوی ٢٢ / ١٠ /١٩٧٧ ڕێگایان وێڵ کردو چوونە ناو ئێرانەوەو لە لایەن ساواکەوە گیران . ڕۆژی دواتر ، ٢٣ / ١٠ /١٩٧٧، داوود جاف خۆی کوشتبوو . هاوڕێیانی تەرمەکەیان هێنابووەوە بۆ ناو کوردستانی عێراق و لەسەر شاخی کێلەشین ناشتبوویان .

داوود ڕووناکبیرێکی چاوکراوە بوو ، زۆری حەز لە خوێندنەوەو وەرگێران بوو . فارسییەکی باش فێر بووبوو . ڕۆژی ١٨ / ٩ / ١٩٧٧ ، واتە ٣٥ ڕۆژ پێش ئەوەی خۆی بکوژێ ، ئەم چیرۆکەی سەمەدی بیهرەنگیی کردبووە کوردی و لە کوردستانەوە ناردبووی بۆ سەرنووسەری ئەم گۆڤارە . ئەم وەرگێڕانەی داوودی جوانە مەرگ وەک یادگارێک بڵاو دەکەینەوەو بە باشمان زانی لە ڕووی زمان و دارشتنەوە بە هیچ جۆرێ دەستکاریی تێکستەکە نەکەین و تەنیا ڕێنووسەکەی لە گەڵ ڕێنووسی مامۆستای کورددا بگونجێنین . دەبێ ئەوەش دەستنیشان بکەین کە ناوی یەکێک لە کەسەکانی چیرۆکەکەی لە نەورۆزەوە کردووە بە نەوزاد . بێجگە لەم چیرۆکە ، داوود جاف چیرۆکی « ماسییە ڕەشە بچکۆلەکە»ی سەمەدی کردبووە کوردی و ساڵی ١٩٧٧ لە لایەن کۆنفیدراسیۆنی خوێندکارانی ئێرانییەوە(سیس) وەک نامیلکەیەک بڵاو کرایەوە. هەروەها هێندەی ئێمە ئاگادار بین دەستی کردبوو بە وەرگێڕانی ڕۆمانێکی مەنسووری یاقووتی ، « چراغی بر فراز مادیان کوه ».






ئەم دوو وێنەیەی کە بە پێشمەرگایەتی گرتوونی هی ڕۆژی ٤ / ١٢ / ١٩٧٦ ن و لە ناوچەی ( شەڕنەخ ) ی کوردستانی باکور گیراون .

زیندوو بێ یادی داوودی جوانەمەرگ .

# هەندێ لە باسەکانی بیری نەتەوایەتیی کورد

ئازاد مستەفا

خستنه سەر نێت:- چالاک
chalakmuhamad@gmail.com



ئازاد مستەفا
١٩٤٨ ـ ١٩٨٩

ڕووناکبیرو تێکۆشەرو خەباتکاری جوانەمەرگ کاک ئازاد مستەفا مرۆڤێکی دڵسۆز و کەموێنە بوو ، لە خەباتی سیاسیدا بەوپەڕی دڵگەرمییەوە خۆی بۆ مەسەلەی ڕەوای نەتەوەکەی تەرخان کردبوو . لە دڵەوە دەیویست بیروباوەڕی دیمۆکراسی باڵی بەسەر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کورددا بکێشێ . وەک ڕووناکبیرێک ، هەمیشە خوێنەرێکی ماندوویی نەناس و خاوەن قەڵەمێکی وردبێژو بەپێزو کوردانە بوو .

کاک ئازاد مستەفا سەدان وتارو لێکۆڵینەوەی فەرهەنگی و سیاسیی لە زۆربەی گۆڤارو ڕۆژنامە کوردییەکاندا بڵاو کردۆتەوە .ساڵی ١٩٨٨ کتێبی « کورتەباسێکی بەرەی کوردستانی » ی لە سوێد بڵاوکردەوە. سەرەڕای ئەو بەرهەمانەشی کۆمەڵێ وتارو بیرەوەریی لە پاش بە جێ ماون .

ئەم وتارەی کاک ئازاد ، کە ساڵی ١٩٨٥ نووسیویەتی ، لەلایەن بنەماڵەکەیەوە پێشکەش بە گۆڤاری مامۆستای کورد کراوە ، بەو هیوایەی بەرهەمەکانی دیکەشی ڕووناکی ببینن و جێگەی شایانی خۆیان لە ژیانی سیاسی و فەرهەنگیی کورددا بگرن .

ئەمڕۆ ، کە کوردستان لە سەردەمێکی یەکجار ناسک و پڕ لە هومێد و چاوەڕوانیدا دەژی کۆچی دڵتەزێنی کاک ئازاد مستەفا لە هەموو کاتێکی دیکە زیاتر هەست پێ دەکرێ .

« ١ »

# کوردایەتی

که بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی ڕەوای نەتەوەی داگیر کراو و پارچەپارچەکراو و چەوساوەی کوردە ، بزووتنەوەیەکی مێژووکردی هەقخوازی دیموکراسی ڕسکاوی قووڵاییی دەروون و ویژدان و خواست و داواکانی میللەتێکی ستەم لێکراوی ڕاپەڕیوە، کە پێی ڕەوایەو لەسەریشێتی لەو جەنگە پیرۆزەی ململانێی مان و نەمانەیدا چنگ لە هەر بنچکێ گیرکاو خۆی بە هەر بارو مەرجێکەوە بنووسێنێ و دەست بۆ هەر کەرەسەیەکی لەسەرخۆکردنەوەو بەرگری لە خۆ کردن و سەرکەوتن بەرێ ، کە کەم یا زۆر تەرازووی شانس و دەرفەتی سەرکەوتنی بە لای خۆدا بشکێنێتەوە ... هەر وەهاش دەبێ و پێویستە خۆی لە هەموو خوێن لەبەر چوون و ڕەنج بە خەساری و شەڕی ناوەخت و بارگرانی و هۆیەکی شکست و شەکەت بوون و ماکێکی ماڵی خۆ وێران کردن و خەتەری بەدوور بگرێ کە فرسەتی بەلاش دەداتە دەس دوژمنەکەی و دەرفەتی سەرکەوتن ئاڵۆز و ناهەموار دەکاو وزەو توانای لەبەر دەبڕێ و هەلی لە دەست دەدات .

کورد لە هەڵوێستەو بارو هەڵکەوتێکی هێندە سەختدایە ، ئەگەر هەموو دەرفەت و هەلەکانی خۆی بخاتە کارو هەموو بیرو بیرکردنەوەو حەواسی ببڕێتە سەر نوقتەی ئیرتیکازی ئەو خەباتە نەتەوایەتییەی و هەموو توانای خۆی ئاراستەی حەقی ئەو کاو هەرچی هەیەتی و نییەتی بیرژێنێتە ئەستێلکی کوردایەتییەوە ، ئەوسا ئیمکانی ئەوە دەبێت بە ڕاشکاوی دڵنیای سەرەنجامی ئەو جەنگە بێت ... هەر کارو کردار و بیرکردنەوەو ڕەفتارێ ، دوورو نزیک ، لەم ڕاستە حسێبەی داشکێنێ یا بە لایەکی دیکەیدا ببات یا بە شتێکی دیکەوەی بخلافێنێ یا فرسەت و دەرفەتی لێ تەسک کاتەوە ، خەیانەتێکی گەورەی میللی و ئینسانییە. لە بارو هەل و مەرجی کورددا لە تەک ڕاستەشەقامی کوردایەتیدا ، دوو چەوتیی ڕێی زۆڵەک و گومڕا - وەک دوو تەراویلکەی شەیتانیی ڕێ لێ وێڵکەر - خۆی دەخاتە بەر زیهن و هەستی ئەو خەڵکە پلیشاوە، زۆر بۆ هێنراوە، تەنگ پێ هەڵچنراوەی کە هەر بەوەندە لێی نەوەستاون ئەو مافی ( سەربەخۆیی و ئازادی ) یەی ئەو هەموو ماخەلەقوڵڵای دنیا هەیانەو بەکاری دێنن ، لێ زەوت کەن ، بێمروەتی و ناڕەوایی و ناهەقی گەیشتۆتە ئەو شوێنەی کە هەر ( کورد ) بوونەکەشیان لێ کردوونەتە بارو تاوان و دەلیلی جورمی بێجەریمەیی !... بۆیە لە مەرگەساتی ئەو (واقیع) ە و (پەلەی ژیان) و تاوی گیانی پەلە قاژێ و (رد الفعل) ی خۆ دەرباز کردنەیدا ، زۆر جار بێئاگایانەو بێئیختیار و کەم کەمەش لە گومڕاییەوە دەکەوێتە تەڵەو داوی یەک لەو دوو ڕێیە زۆڵەک و گومڕایە ، کە یەکیان ( خۆ لەبیر چوونەوە ) و ئەوی دییان ( خۆ وەتاق خستنەوە ) یە . دیاردەی ئەوتۆیی بە حوکمی واقیع و هەڵکەوت و هەلو مەرجەکە - لە گەڵ ئەوەشدا بۆ خۆی نەخۆشی و لادان و ترازانە تا ئەو شوێنەی لە سنوور و قەپێلکی تاکە تاکەی هۆشی کۆڵ و پشووسوار و تەنگەتیلەی بێدەرەتاندا بمێنێتەوە زیانەکەی لە قەدەری لەدەست چوون و بە فیڕۆ چوونی توانا و وزەو بڕشتی ئەو تاکە تاکەی کۆمەڵ تێ ناپەڕێ ، کە لە ئاست و چاو حسێبی گشتیدا زۆر کەمبایەخ و بێتەئسیر دەبێ و وەنێو حسێبی گشت ناکەوێ ... مەترسیی گەورەو کوشندە ئەوەیە کە ئەو دیاردەیە پان بێتەوەو لە بەر یەک بکێشرێتەوە ، تا دەگا بەوە ببێ بە باوەڕ و فەلسەفەو ڕێباز و ڕەوشی دەستەیەک ، بەرەیەک ، توێژاڵێ یا چینێکی گەل . لەوە مەترسیتر ئەوەیە کە لەوەوە بەچکەیەکی بێبابی زۆڵی لێ بکەوێتەوەو ببێتە ڕێباز و (نهج) ێکی سیاسی و بە خورتی و ئاشکرا ، یا وەک ماکێ خۆی لە دەروونی ڕێکخراوێکی سیاسیدا حەشار داو لە پزدانی ئەو ڕێکخراوە سیاسییەدا گەشە بکاو پاشان بزێ ، کە ئەوسا ئەو ڕێکخراوە - نەشیەوێ !- دەوری تابووری پێنجەم و پواز لە کۆمەڵدا دەبینێ و لەوانەشە کارەساتی زۆر خەتەری میللیشی لێ بکەوێتەوە. هەردوو نەخۆشییەکە وەک لادان و خلیسکانێ ، بە وچان و بە چەند قۆناغێک پێ دەگاو دەخەملێ... لەسەرەتاوە هەر وەک تایەک ، بیرو هەست و هۆش و بیرکردنەوە دەگرێ و پاشان کەمە کەمە لە ڕەفتار و هەڵسو کەوتدا ، لە چەند شێوەو شکڵێکی حەشاردراو و ئاشکرا ، خۆی دەردەخاو دواتر ڕەگ دادەکوتێ و سەقامگیر دەبێ . بۆیە دەبێ هەرچی بیرو ڕەفتارێکی بۆنی ئەو دوو ماکەی لێ بێ لەسەرەتاوە و هەر لەسەر لانکە خەفە کرێ و لەمیان گرنگترو کاریگەرتر پێویستە لە بنەڕەتەوە - وەک سەرەتای

خۆپاراستن لە چارەسەرکردن چاترە – ڕێ و دەرفەتی پەیدابوون و سەرهەڵدانی لێ بگیرێ . دەستەویەخە بوون و بە گژدا چوونەوەو ڕسواکردنی ئەو دوو دەردە لە ئاستی ( فرض العین ) دایە و هەموو تاکێک – چ جای کۆمەڵەو ڕێکخراوی سیاسی – لەسەریەتی وەک ئەرکێکی میللی و شەرەفی هاوولاتیتی بەو بەندەی دەتوانێ و بۆی دەلوێ بەری پێ بگرێ . نەخۆشیی ( خۆ لەبیر چوونەوە ) ، بە کورتییەکەی خۆدزینەوەو پێدزکێیە لە بوونی نەتەوایەتی و کوردێتی . هەر لەوەوەی کەسێ ، دەستەیەک ، کۆمەڵێ ، ئینتیمایەک – جا هەرچی پێ بێ سەروو ئینتیمای نەتەوایەتی و کوردێتیی خۆی بخاتەوە، یا بیکاتە جێگر (بدیل) و ئینتیما کوردییەکەی و خۆی بە شانازییەکی مەعنەوی و ئیعتباری و ئەدەبی غەیری شانازیی کوردێتی و کورد بوونیەوە بنووسێنێ ، تا دەگاتە پشت تێهەڵکردن و هەڵگەڕانەوە لە بوونی قەومیو خۆ دانە پاڵ قەومییەتێ یا شتێ دیکە . واتە بازدان بەسەر واقیعی نەتەوایەتیدا ، جا یا خلیسکانە دامێنی واقیعێکی نامۆ و زۆڵەکەوە ، یا خۆسووک کردن و پێ لە زەمینەو واقیعی نەتەوایەتیی تایبەتی خۆ دابڕین ... دەبێ ئەمەش لە بیرو ئەندێشەو باوەڕی مرۆڤدۆستانەو گونجاندنی بەرژەوەندی میللەتان و پەیوەندی و هاوکاریی بەرابەری نێو گەلان و میللەتان و هەر شێوەو جۆرێکی دیکەی واقیعی نێونەتەوایەتیی ڕەسەن و فەلسەفەو ئایدیالێکی شموولیی دیکە ، کە لە زەمینەی نەتەوایەتییەوە پەیدا دەبێ و دەرسکێ و ( إنطلاق ) دەکات ، جیا بکەینەوە ... ئەو جۆرە بیرو فەلسەفەو ئایدیالانە ئەگـــەر لا نەدرێن و( إستغلال ) نەکرێن و وەک هەیەو دەبێ ببێ ڕەگ و ڕیشاڵی لە جەرگەی نەتەوایەتییەوە سەر هەڵبدات بۆ خۆیان گەشەو نمای جەوهەری نەتەوایەتییە بەرەو دەرێ و بەرین بوون و فراوان بوون و دەوڵەمەند بوونی ناوەڕۆک و شکڵ و شێوەی نەتەوایەتییە ... هەرچەندە ئەو نەخۆشی ( خۆ لەبیر چوونەوەیە )بە ناو ئیدیعای ئەو شتانەوە چەوتی و سەقەتیی خۆیان دادەپۆشن و خۆی لە بندا حەشار دەدەن ، بەڵام لە ڕاستیدا ئەمە بۆ خۆی لادانە لە گیانی نێو نەتەوایەتیی ڕاستەقینەو دروستەوە و تێگەیشتنی بەراوەژووی ئەو فەلسەفانەیە . ڕێک وەک دەمارگیری و شۆڤێنیستی و ڕەگەزپەرستایەتی ، لادان و بەراوەژوو کردنەوەی گیان و بوون و هەستی نەتەوایەتیی ڕاستەقینەو ڕەسەن و ڕەوایە ...

سەرنجدانی ئەو دەوڵەتە سۆسیالیستی و حیزب و کۆمەڵە هەراش پێ گەیشتووانەی ئەنتەرناسیۆنالیست و شموولییانەی دنیا، بەتایبەتی دوای قۆناغی ستالینییەت، بە ئاشکرا ئەوە دەردەخات کە نەتەوایەتی لەوێدا پتر ڕەنگ و ڕواڵەتی بە خۆیەوە گرتووەو ئەو شتانە هەمووی ڕەنگدانەوەو تیشکدانەوەی نەتەوایەتی و تایبەتیی میللیی سەربەخۆیانە . نە رووس ، نە چین ، نە ڤێتنام...وەک هەموو نیشێمانپەروەرو نەتەوەپەرستەکانی دنیا ، بۆ یەک سات لە بنک و بنج و بناوانی خۆیان نەترازاون و بەرژەوەندیی سوودی میللیی خۆیان سەروو هەموو ئیعتیبارو شتێکەوە گرتووە ... ئەمە بۆ خۆی نیشانەی سەروەرێتی ( نەتەوایەتی ) و ڕەسەنایەتی و یەکەمایەتی و ئەساسی بوونی نەتەوایەتییە . ئەگەر لە لایەکەوە بەڵگەیەک بێ بۆ ڕەسەنایەتی و ئەساسی بوونی نەتەوایەتی و بە ئیسپات گەیاندنی ئەوەی کە ئەنتەرناسیۆنالیستی بەچکەو زادەی شەرعیی ناسیۆنالیستی ڕەواو دروستەو بێ ئەو بوونی نییە ... لە سەرێکی دیکەوە دەرسێکی گەورەیە بۆ ڕۆڵەکانی نەتەوە ژێر دەست و پارچە پارچە کراو و بەش خوراوەکەی کورد کە سەروەری و شەرافەتی شۆڕشگێری و مرۆڤدۆستیی خۆیان لە نێو چەقی خەباتی کوردایەتییەوە بدۆزنەوە و لەسەر ئەو شکڵ و شێوەکانیان هەڵچنن. ...

نەتەوایەتی ، لە خەسڵەتە تایبەتی و بێمانەندەکانی مرۆڤە ، کە بە عەمەلییەیەکی مێژووکردی دوورو درێژ لە بوون و پەیدابوونی ( نەتەوە)وە دەرسکێ و سەرهەڵدەداو ڕەنگدانەوەی ئەو بوونە مێژووییەی ژیانی کۆمەڵایەتیی مرۆڤە . نەتەوە باڵاترین شێوەکانی گەشەکردووی ژیانی کۆمەڵایەتیی مرۆڤەو دوا پلەو چڵەپۆپەی گۆڕان و گەشەی ژیانی کۆمەڵایەتییەتی ، شکڵی مێژووکردی خۆڕسکاوی ئەو عەمەلییە دوورو درێژەی ڕسکان و گەشەو نمای نەتەوەیە . نەتەوایەتیش ڕەنگدانەوەی ئەو بوون و واقیعەیە .

( خۆ وەتاق خستنەوە ) دەردو نەخۆشییەکی دیکەیە ، کە ئەمەیان لە هەست و خواستی سەقەت و لادراوی (نەتەوایەتییەکی ) زۆڵەک و بەرچاوتەنگی بینالێڵ و شەوکوێرەوە زمنە دەکات ... هەستی دوورە پەرێزی و خۆدوورگرتن و چوونەوە قاوغی بەرتەسکی

شۆڤێنیستەوەیە ، کە هێندەی دەردە کوشندەکەی (خۆ لە بیر چوونەوە) ناپەسەند و درێو و زیان بەخشە.
ئەگەر چەوسێنەران و چاوچنۆک و داگیرکەرو شۆڤێنیستی و ڕەگەزپەرستان لێ گەڕێن بەرژەوەندی و سوودی میللەتان نەک هەر دژ بە یەک و ناکۆک نییە بەڵکوو تەباو تەواوکەرو پێکهێنەری یەکیشن ... هەر ڕەوتی مێژوویی و بەرەو پێش چووی مرۆڤایەتی ئەو ڕاستییە زانستی و ( علیمی ) یەی گرنگ و پێویستی و سوودی لێکگەیشتن و دۆستایەتی و هاوکارییەی نێو گەلان و نەتەوەکان بە ئیسپات دەگەیەنێ ، هەر نەبێ لە دنیایەکی وەک ئەمڕۆدا ، ( ئازادی و سەربەخۆیی و ئاشتی و ئاسایشی ) گەلان و ژیانێکی مرۆڤانە بەبێ ئەو تەبایی و هاریکاری و گونجاندن و دۆستایەتییە ئیمکان و بەرقەرار نابێ ... ڕەوتی هاوکاریی نێو گەلان بۆ خۆی گەشەو فراژۆبوونی نەتەوایەتییە بەرەو دەرێ . سەقامگیربوونی ژیانی مرۆڤایەتییە .
بۆیە ، نەک هەر ستەم و داگیرکەری و ڕەگەزپەرستایەتی، بەڵکوو ( خۆ وە تاق خستنەوە ) و گۆشەگیریی میللی دژی ڕۆح و جەوهەری ئینسانییەت و ڕەوتی مێژوو و بەرژەوەندی و سوودی ڕەوای میللەتانە ... دیارە لەمەوە سەرەنجامێ وەردەگرین کە نەخۆشیی ( خۆ لەبیر چوونەوە ) بە دەردی ( خۆ وەتاق خستنەوە ) چارەسەر ناکرێ . بەڵای (خۆوەتاق خستنەوە) ش بە نەخۆشیی ( خۆ لە بیر چوونەوە ) لە بەین ناچێ ... هەردوویان دوو نەخۆشی و دوو مەترسیی گەورەو دوو کوێرەڕێی لادان و بەرەو هەڵدێربەرن ، کە دەبێ کوردایەتی خۆیان لێ بە دوور گرێ و بزووتنەوە ڕزگاریخوازانەکەمانی لێ بژار کەین ... و هەردەمیش چێکی بیرو کردارو ڕەفتاری خۆمان بکەین نەبادا میکرۆب و ماکی ئەو دوو سەرەتانە پێ دزکێ بکاتە هۆش و بوونمانەوە ...

« ٢ »

دیاری کردنی دۆست و دوژمن قیبلەنمای هەموو بزووتنەوەیەکە کە ڕێگەی خۆی پێ دەر دەکاو سەرەتای هەنگاوی سەرکەوتوو و درووستە بە (إتجاه) ی ڕاست و هۆیەکی گرنگ و بنچینەیی سەرکەوتن و (ضمان)ێکی لانەدان و هەڵنەگەڕانەوەو ڕۆنەچوونیشە ...
بۆ خەباتی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەی ئێمەو لە حاڵ و بار و هەلو مەرجی زۆر ناسک و سەخت و تێک قژقژاویی بزووتنەوەکەمان و ئاڵۆزی و بەگرێ و گۆڵی و تێکەو لێکەی پەیوەندی نێو دەوڵەتان و ناکۆکی و بە یەکداکەوتن و ڕێککەوتن و جووتبوونەوەی بەرژەوەندییە جۆێ جۆێکانی حوکوومەت و گەلانی ناوچەکەو دنیاو هەزارو یەک تەرحەیی و جەمسەری و حسێبی وردو درشت و ڕەواو نارەواو ناچاری و بە ئانقەستیی نیاز و خواز و طمووح و سوود و دەسکەوت و موعادەلاتی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و نەتەوایەتی و نێونەتەوایەتیی گەلان و دەوڵەتان و بەرەو دەستەکان و دەیان هۆو (عوامل) ی دیارو نادیاری مێژوویی و هی دیکەدا ، دووربینی و واقیعبینی و دڵسۆزی و ژیرێتییەکی نائاسایی‌ی پێ دەوێ . خۆ ئەگەر حسێبی بێکەسی و لارەدەستیی گەمارۆ دران و هەژاری و نەداری و لاوازیی کورد لە بەرابەر ئەم دنیا هەڵپەکەرە، بەرژەوەندپەرستە، خۆویستە، پشت لە ( مبادیء ) هەڵکەرە هەرکەس بۆ خۆو هەژار و بێدەست کوژەدا ڕاگرین ، ئەوا ئەرکەکە چەند جاران بە ئەولاترو پڕ مەسرەفترو سەختتر دەکەوێتەوە . بەتەنگ خۆوە هاتنێکی زۆری پێ دەوێ تا بتوانرێ لە ناو ئەو ئۆقیانووسە بەیەکدا چووانەو دەریا لووشانەو ئاڵۆز و بلۆزییە سەر دەرکەین و سوود و بەرژەوەندیی ڕەوای خۆمان پێک بێنین ... دیارە کار نەک هەر بەوەندە پێک نایەت بە سووک و ساناو بێ عەزێت و بە هەستی حەسانەوەو بە خۆنازینی تەفرە دەربێین ، ڕستێکی ژیکەڵەی هەزارو یەک جار وتراوەی سوواوی مەوهووم و (تجرید) ی زاراوەی نێو فەرهەنگی لە چەشنی ( ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و کۆنەپەرست و داگیرکەر و ناحەز و ئیستیعمار و ئەپارتهایدو ڕێڤیژیۆنیزم و ئیزم و ئیستە مەلعوونەکانی دیکە ) ، ڕیز کەین و بڵێین : ئەوە کوتەک و ئەوە دوژمنان برۆن بکەونە گیانیان ، تا گیانیان تێدایەو تا گیانتان لەبەر دەبرێ بیانکوتن و بیانکوتنەوە... لیستێکی دیکەی بە زرینگەو بە خرینگەی دیکەش برازێنینەوەو بڵێین ئەوەش دۆستەکان ... چران لە شەوی تاریکدا ، شێرن لە مەیدانی نەبەرددا ، هەتوانی سەربرینان و بینایی چاوان و عەسای مووساو ئەنگوستیلەی سولەیمان و حەتحەتۆکەی حەوت دەردانن! خۆیان بدەنە دەست و لێخورن دەشتە ! ... کاری ئەوتۆیی نەزەرییە بازی و چاوبەست و خیت کردن و گومڕا کردن و ڕێ لێ وێڵ کردنی جەماوەرەکەو بەرەو

هەڵدێر بردنی خەباتەکەو سەر لە خۆو لە گەل تێکدانە .. وەک هەر شتێکی سەر ئەم گۆی زەوییە ، لە یاساو دەستووراتی مادیی ڕەق و تەقەوە تا دەگاتە یاساکانی گۆڕان و کۆمەڵایەتی هەلو مەرج و بار و شەرایتی زەمانی و مەکانیی تایبەتی خۆی هەیە .. ئەو یاسایانە بەو جۆرە سادە و میکانیکیانە سەرەواو ساکارانەیە لە خۆڕا بە گەڕ ناکەون و ڕێچکەی تایبەتی و حەتمیی بە دەر لە زرووف و شرووتەکانی دیکەی نییە... تەجریدو خەیاڵی نەزەری نین ، نەگۆڕو وەستاوو هەمیشەو هەردەم ڕاست دەرچوو نین . بۆیە تەنها کێشانەو پێوانەیان « سوود و بەرژەوەندی میللیی ڕەوای خۆتە » . بە هەر تەرازوو و کێشانەیەکی بیژووی دیکە بپێورێن و تاو و تۆ کرێن لە ڕێک نەهاتنەوەو لەنگە بوون و بە دوویدا نەهامەتی و نەگبەتی بەولاوەی لێ ناکەوێتەوە ... ئەمەش مانای ئەوە نییە چ یاساو دەستوورو (ثوابت)ێ لە گۆڕدا نییە، یاسا و دەستوور و (ثوابت) واقیع و ستانداردی مەسەلەکەی خۆتە ... نوقتەی (إرتكاز) کە هەموو شتەکانی دیکەی لەسەر بەندە ، مەسەلەی تایبەتی و سوود و بەرژەوەندی دوورو نێزیکی جەماوەرەکەو داوا ڕەواکانیەتی. مەرجی دۆزینەوەو سەرکەوتنیش ( تشخيص ) ی ڕاست و دیاری کردنی (محدد) بە دیارو (مجسد)ی دوژمنەکەیە . دەستنیشانکردنی گۆڕەپان و ئەرک و کەرەسەو ڕێ و شوێنەکەیە . قوربانی نەدانە بە ڕاستی و ئەسڵی مەسەلەو واقیعەکە بۆ خاتری ڕاگەیاندن و نەزەریاتی بێگیان و دەقی مردوو . ئەوانە کاتێک بوون و نرخیان دەبێ کە گیان بکرێت بە بەریانەوەو لە مەیدانی تاقی کردنەوە و سەرسەنگی مەحەک و واقیعەکەدا بە ڕاست دەرچن ... وادەرچن و وا بن کە ڕادەگەیەنن ، وا دەرچن کە خۆ دەنوێنن و لەمەش گرنگتر جووت بن لەگەڵ مەبەست و مەسەلەو داواکەی تۆدا ...

دوو نموونەی بەرچاو بۆ ئیسپات کردنی ئەم بۆچوونانە دێنینەوە ، کە نەگبەتی نەبێ ئەمانە لە حوکمی (بديهيه)تدان و لە هیچ شوێنێکی ئەم دنیایە قسە لەسەر کردن هەڵناگرن و هەرچی ڕووداوی ڕۆژانەو مانگانەو ساڵانەی سەر ئەم گۆێ زەوییەش هەر ڕۆژێ هەزاران جار بە ئیسپاتیان دەگەیەنێتەوە ...

**نموونەی یەکەم : شەڕی عێراق و ئێرانە ...**

هەرچی دنیا هەیە ، جگە لە تەرەفێکی شەڕەکە و یەک دوو وڵاتی لێ دەرچێ ، داوای ڕاگرتنی ئەو شەڕە دەکەن ، زۆر بە عەنتیکەو سەیر کە هەرگیز وا نەبووە لەسەر شتێ بەم جۆرە ڕێککەون . لە خۆرهەڵاتەوە بیگری تا خۆراوا ، لە چەپ و سۆسیالیستەوە تا ڕاست و ئیمپریالیست ، بۆ یەکەمین جارە لەسەر خاڵێ ڕێک کەون ( ئەویش وەستانی ئەو شەڕەیە ).! هەر هەمووشی لە بەرژەوەندی و سوودی زۆر بەر تەسکی خۆیانەوە (إنطلاق) دەکەن. هیچ کامیشیان ئەو داوایەی نەبەستۆتەوە بە دابین کردنی مافە ڕەواکانی گەلی کوردەوە یا ویستی گەلەوە ! جا ئەگەر کوردێ ، سەر بە هەر بیرو ڕێکخراوێ بێ ، خۆی گێل و نەفام نەکاو بە ڕاستی سوودو بەرژەوەندی گەلەکەی خۆی لەبەر چاو بگرێ ، دەبێ هەڵوێستی چی بێ و چۆن بێ؟! زیهنکاریی زۆرو ژیرێتیی پێ ناوێ . ئەوەی یەکان دەردوو بە هەر هۆشێکی کراوە و ویژدانێکی زیندووی کوردانەو گیانێکی بە پەرۆشەوە دا دێت ئەوەیە :

ئێمە حەز بە جەنگ و ماڵوێرانی و نەهامەتیی نە خۆمان و نە کەسی دیکە ناکەین . پڕ بە دڵیش حەز دەکەین و دەخوازین ئاشتی و ئاسایش و هێمنی و برایەتی باڵی سەوزی بەسەر هەموو دنیادا بکێشێ ، چونکە هەر نەبێ لەم بووارو هەل و مەرجەدایە کە پشکی گەورە بەر کورد بکەوێ و کەمێک لە مەترسیی لەنێوچوون ڕزگار بین ... بەڵام کە شەڕێ بۆ ئەوە کۆتایی پێ بێت و ئاشتییەک بۆ ئەوە بەرقەرار بێ کە کوردی تێدا بەرن ، شاڵا تا نەفخی سوور بڵێسەی ئەو شەڕە هەر بەرز دەبۆوەو ئەو داڵە کەرخۆرەی ئاشتییە هەر باڵی لێ نەدەڕوا ..!

شەڕ بوەستێ بۆ ئەوەی ( صدام ) ئەو هەموو سوپاو لەشکرە دڕندەو پڕ چەکە بڕژێنێتە کوردستان و نەتەوەکەمانی پێ لە بەین بەرێ ! دەی هەر نەکوژێتەوە تا دوا سەربازێ کە کوردستانی پێ کاول دەکرێ لە جەهەننەم توند دەبێ ! ... دڵی کێ بەمە لێمان زوێر دەبێ ؟ کێمان لێ دەرەنجێ ؟ کام تەلاقی شۆڕشگێڕیمان دەکەوێ ؟ کامیان دەبێ بە سەقەر ... ئەوانە هەموو هەموویان !!، ئەوا دەساڵ بەسەر ڕێککەوتنە خیانییەکەی ( الجزائر ) دا تێ دەپەڕێ و لەو ماوەیەدا دوو ئەوەندەو نیوی هەموو سەرزەمینی فەلەستین کە لە ١٩٤٨ دا دراوە بە جوولەکەو چوار ئەوەندەی هەموو خاکی لوبنان لە کوردستانی عێراق دابڕاوە و خەڵکی

لێ بەدەر نراوەو ( تعریب ) و (تهجیر ) و ( تبعیث ) کراوە ... کامیان فرمێسکێکیان بۆ ڕشتووین ؟ کامیان بە قەدەر دەڵەکێ ڕێزیان لێ گرتووین و دیفاعیان لێ کردووین ؟ .. سبەی بشمان توێننەوە کێ هەیە قسنێ لەسەر گۆڕەکەمان هەڵچنێ ؟!

ئێمە لەگەڵ ئەوەداین : ڕژێمی ڕەگەزپەرستی بەعس سەرنوگوم بێ ، جا شەڕ بوەستێ و ( صلح ) ێکی عادل بکرێ و گەلی عێراق خۆی چارەنووسی خۆی دیاری کات و گەلی کوردیش بە مافە نەتەوایەتییەکانی بگات ... خۆ هەرچەندە وەستان و نەوەستانی شەڕ بە قوولەقوولی ئەم و ئەو پێک نایەت ، بەڵام ئەمە بۆخۆی هەڵوێستی ئەخلاقی و مەعنەویی دڵسۆزانەو شۆڕشگێڕانەی کوردی پێشان دەدات و لەم مەسەلەو بابەتانەوەیە عیبرەت وەردەگیرێت و ئەندازەو ڕادەی دڵسۆزی و پەرۆشی بۆ مەسەلە مەرکەزی و بنەڕەتییەکەی کوردایەتی بەدەر دەکەوێ .

## نموونەی دووەم : ویسامی خۆزە مارتێ !

پێمان وا نییە کەس لە بیری چووبێ ، هەر دوێنێ بوو !...لە کاتێکدا بەعس لە گەرمەی نەخشەو پیلان و جێ بەجێ کردنی لە نێو بردن و تواندنەوەی گەلی کوردا بوو ، ویسامی ( خۆزە مارتێ ) دەکرا بە سینگی ( صدام )دا !. ( کووبایی ) یەکان دژی کورد نەبوون و لەوانەشە لە دڵەوە ئەو کارەی ( صدام ) یان لا پەسەند نەبووبێ ، بەڵام بە دووی بەرژەوەندی خۆیاندا دەگەڕان !.. جا لە دنیایەکی وادا دەبێ نە نائومێد و بەدبین و نە قسەو ڕاگەیاندنیش بە هیچ بکرێن . خەڵکی چۆن دەکا ئێمەش وا دەکەین ... بۆیە ئەگەر واقیعبین بین نابێ بە کووبا بڵێین : " تۆ وەرە لەبەر خاتری ئێمە بەرژەوەندی خۆت تێکدە . چونکە کاری وا نە قەت کراوە و نە بەم زووانەش دەبێ چاوەڕوانی قەومانی بین..نە ئەوانیش هەقیان هەیە بڵێن : « وەرن کۆنەچاڵی ئێمە بکوتنەوەو خۆ بکەنە باڵاگەردانی بەرژەوەندییەکانی ئێمە » ... چونکە ئێمەش بەرژەوەندی میللیمان چی خواست ، ئەوە دەکەین . زۆریش قسەیان کرد دەڵێین : « ئەمەمان ... بەوەتان » !. با نموونەیەکی لاپەرەسەنگیش بکەینە پاشکۆی ئەم دوو نموونەیە : ئێوە سەرنجی هەڵوێستی ( ڤێتنامی ) یەکان بدەن چۆن لە گەرمەو جەرگەی خیلاف و تێکهەڵپرژانی سۆڤێتی و چینییەکاندا ، چونکە کاری بە هەردوویان بوو ، بە یەک وشەش هەڵوێستی خۆی بە هیچ لایەکیاندا دانەشکاندووە . کە کارەکەی پێک هات و بەرژەوەندی لەوەدا دیت پشت لە دۆست و هاوکارەکەی دوێنێی بکات ... هەر بەوەوە نەوەستایەوە : بڵێ چینییەکان ماڵتان ئاوا نەبێ و تازە کارمان پێتان نەماوە . گەیشتە ئەوەی لەشکر بکێشنە یەک و سەدان هەزاران کەس لە یەکیش بکوژن ... تەفسیرێکی هەیە جگە لەوەی کە لەم دنیایەدا ( کەس کوڕی خۆی ناکاتە قوربانی کچی خەڵکی ) ؟! ڕووگەی ئەم دنیایە سوودو بەرژەوەندی میللییە . جا لە کوێوە بوو ئەوا ڕوو دەکرێتە ئەوێ . ئەوەیە قوتابخانەی ژیان و واقیع ، دەورو بەرمان فێرمان دەکات کە دۆست و دوژمن بە کێشانەی بەرژەوەندی و لەبەر ڕۆشنایی و سوودی نەتەوایەتیماندا دیاری کەین .

## « ۳ »

هەڵکەوت و مەوقیعی جوگرافیی کوردستان وا بووە کە لە کۆن و نوێدا هەر داگیرکەرو ملهوڕێ دەستی پێدا گەیشتبێ وەک بەشە میراتی بابە تۆپیوی ، ئەوەندەی بۆی لوابێ چەقۆی تێناوەو بەشێکی لێ دابڕیوە ... هەرچەندە ئەم دیاردەیە لە مێژووی کۆنی ناوچەکەو دنیاشدا لێرەو لەوێ بەرچاوان دەکەوێ و نموونەی هەن، بەڵام بەو ئەندازەو شێوەیەی کوردستان پان و بەرین و سەر تا سەرو بەردەوام نەبووە ، یا هەر نەبێ لە دوای سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتاکانی سەدەی بیستەوە بەرە بەرە شوێنەواری بەدی ئەو داگیر کردن و دابڕین و پارچە پارچەیییە بەرەو نەمان چووەو خاوەن ماڵ بەزۆر بێ و بە خواییش بووبێ بەسەر کەلاوەی خۆیدا ڕاگەیشتووەو نیشتمانە مێژووکردەکەی خۆی دەست خستۆتەوە . کوردستان لە ساڵی ١٥١٤دا ، پاش جەنگی چاڵدێرانی نێوان دوو ئیمپراتۆرییەتی ڕەشی عوسمانیو سەفەوی خەتی دابەش کردنی کێشراوەو دواتر لە ساڵی ١٦٣٩ دا بە پێی پەیمانی ( ئەرزڕۆم ) ی نێوانیان ، کوردستان بە ڕەسمی لە نێوانیاندا دابەش کراو هەر بەشەی خرایە سەر یەکێ لەو دوو ئیمپراتۆرییەتە . ئەم سنوورانەی ئەمڕۆش بەرهەمی ئەو پەیمانە نهێنی و پیلانە گڵاوەی ئیستعماری ئینگلیزی و فەرەنسایە کە لە ساڵی ١٩١٦دا لە نێوان ئینگلیز و فەرەنساوییەکاندا ، بۆ دابەش کردنی میراتی پیاوە نەخۆشەکەی تورکیا – کە کوردستان بەشێک بوو لێی –

بەستراوەو دواتر ڕووسەکانیش خۆیان تێ ڕۆکرد ، که به پەیمانی « سایکس – پیکۆ » ی بەدناو ناوی زڕاوه ، کەواته خەتکێش و ڕەنگرێژو ( مهندس ) و بنیاتنەرو تەلبەندکەری ئەو سنوورانەی ئەمڕۆ ئیستعمار بووەو جێ بە جێ کەرو پاسەوانیشی ئەو ڕژێمە ئەڵقه له گوێ و دەسەننانەی ئیستعمار بوون و پارێزەرانی ئەمڕۆکەشی له هەر لایەک بن و بەهەر ناوێکەوه بن ، ئەو گەرا تروکاوانەی ئیستعمارن که ناوه ناوه بەرگی کوردی و ڕەنگی پێشکەوتووخوازیش له خۆ دەدەن ..!

هەموو کوردێکی نیشتمانپەروەری دڵسۆز و به شەرەف دەبێ ئەوه بزانێ که تەلبەندی نێوان نەتەوەی کورد ، ئەو سنووره دەست کرده نائینسانییانه ، ئەو تەوقی دیلێتییەی ملی کوردو چەپەرانەی نێوان کوردستان دەستکردو دەستیاو و میراتی ئیستعماره ... و هەرکەسێ بۆ ناوو عینوان و بۆ هەر مەبەستێ بەرگرییان لێ بکات یا هەوڵی داچەقاندن و سەپاندن و " تکریس " یان بکات ، یا پێیان قایل بێت ، شەریکه بەشی تاوانی ئیستعمارو پاسەوانی ئەو میراته بۆگەنەیه ... کارمان بەوەوه نییەو مەسەلەکەش ئەوه نییه که کورد دەتوانێ ئەمڕۆ ئەو سنووره دەستکردانه تێکداو ئەو تەوقه عەزازیلەی ئیستیعمار له گەردنی ئاڵاندووین و ئەمڕۆکه داگیرکەران پارێزگاریی دەکەن له ملی خۆی داماڵێ یا نه !!... قسەشمان لەسەر ئەوه نییه چۆن و به چ ڕێگەیەک دەتوانرێ ئەو شوێنەوارانه بسڕێتەوەو ئەو واقیعه سەپاوه ، ناڕەوا ، ناسرووشتییه هەڵتەکێنرێ و چی له شوێنیدا بنیات بنرێ ؟!. ئەمانه بۆ خۆیان قسەو بێنەو بەردەو تەفسیرو (إجتهاد)ی جۆراوجۆر هەڵدەگرن و قەبووڵ دەکەن ، به مەرجێ له زەمینەی ڕەفزی ئەو واقیعەوه دەست پێ بکرێت ... ئەگەر نەڵێین ئیجتهاداتی جیاجیا لەم بوارەدا مەسەلەو فیکری کوردایەتی دەوڵەمەند دەکات و ڕێگەی جۆراوجۆر دەنێته بەردەم جەماوەرو له سەرەنجامداو له خیلالی تەفاعولی ئەو ڕاو بیرو بۆچوونانه ڕێگەی هەره درووست و کەم مەسرەف مسۆگەرو گەلاڵه دەبێ ، هەر نەبێ به لانی کەمەوه نوقتەی مەرکەزیی مەسەلەکەمان و ئیرتکازی خەباتەکەمان و ئینطلاقی بزووتنەوەکەمان بۆ دیاری دەکات ... ( ئامانج و منطلق و ڕێباز ) ی دروستی کوردایەتی له تەمومژ و ئاڵۆزکاوی و تناقضات ڕزگار دەکات ... هەر ئەوساشه که دەتوانین دۆست و دوژمنی ستراتیژی و تاکتیکیی خۆمان دیاری کەین ... و ڕەنجی کوردایەتی – وەک ئەو چارەکه سەدەی ( خەباتی حوکمی زاتی !) یه – به فیڕۆ نەچێ ..! بەڵام ئەوەی له حوکمی بەدیهییەوه شەقڵی شەرەفی هەر ئینسانێکی کورده ، سەر به هەر بیرو باوەڕ و فەلسەفەو کۆڕ و کۆمەڵێ بێ ، ئەوەیه که ئەو واقیعه ناپەسەنده ، به زۆر سەپاوه ، ئیستعمارییه گلاوه به توندی و بێ چەندوچۆن وزمان گرتن بداته دواوه ، وەک پەنجاوپێنج ساڵ لەمەوبەر جەماوەری ڕاپەڕیوی شاری سلێمانی له " بەر دەرکی سەرا " ڕەتیان کردەوەو دیفاعیان له کوردستانییەتی خۆیان کرد ... ئەو ( منطق ) و مەیدان و ئەرکه له هەر بوارو مەیدانێکی دیکه له بەگژدا چوونەوەی زوڵم و زۆرو ناڕەوایی ئیستعماردا بەرفراوانترو پڕ شەرافەتترو پێویستترو گرنگتره ، ئەم مەیدانەیه که دەستەو یەخه بوونی ئیمپریالیزم و داگیرکەری له ڕووی عەمەلی و ڕاستیدا تێدا ئیمکان دەبێ و بوواری به ڕاست دەرچوونی ڕاگەیاندنه زۆرو ژیکەڵەو باوو بریقه داره هەردەم بەسەر دەمەوه بووەکەی دژایەتی و بەگژاچوونەوەی ئیستعمارو ئیمپریالیزمه ... ئەمه مەیدانی ڕاستەقینەو ڕاست و درووستیی (به درۆ یا به ڕاست دەرچوونی) شیرهەڵکێشانی دۆنکیشۆتانه یا شۆڕشگێڕانەی دژایەتیی ئیمپریالیزمه ... لێرەدا ئەو ڕاگەیاندنه تام و شام پەیدا دەکەن ، مەعناو مەبنا به خۆیانەوه دەگرن ، ئا لەسەر مەحەکی ئەم مەسەله هەره گرنگ و مەرکەزی و زیندوو و (مجسم) و (مجسد)ەیه (پیاوی دەم و بانگەشەی شەعبەدەبازی و بارەی به درۆ)و (مەردی مەیدان و هاواری دڵسۆزانەو نییەتی شۆڕشگێڕانه) تاقی دەبێتەوه ... با (بت و بتخانەی) ئەو کیانه سیاسییه داگیرکەره زۆڵەکانه لەبیرو هەست و هۆشی هەموو کوردێکدا بشکێنرێ، پەردەی بێحوورمەتیی بەسەردا کشاوی ئەو سنوورانه داکەوێ و عەیب و عاری داگیرکردنی کوردستان بەدەر کەوێ... هەر نەبێ با له ڕووی مەعنەوی و( إعتباری) یەوه بانگی ئیفلاسی نرخی ئەو سنوورانه بدرێ ... با هەمووان تێ بگەن که ئەو سنوورانه گۆلکه پیرۆزەی سامۆرا نین و ئەوەی بەلایاندا بچێ تەلاقی وەتەنییەتی خۆی و بابی ناکەوێ !...

« ٤ »

کەس وەک ئێمه بیرەوەریی کۆمەڵایەتی و مێژووی سیاسی و جووڵانەوەو خەباتی نەتەوایەتیی کۆڵ و

شێواو لێ نە ئاڵۆسکاوە ... بە جۆرێکی وا ڕۆژیی هەزار تەقڵە بە ڕاستی و واقیع و هەتا بەرژەوەندی و سوودی زۆر بەرچاوی نەتەوەکەمان دەدرێ ، بێ ئەوەی ئاوەژووکەرەوەو پاڵەوانی ئەو مەیدانە لە هیچ بارێکی ئەو تەقڵەو هەڵگێرانەوەیە پرووشەی بە خۆدا شکانەوەو حەیا بە خۆ بوون بیانگرێ یا دەنگی ویژدان و ترسی خوا لە هیچ قەباعەتێکیان بگێڕێتەوە ... ئەوەی کە زەمینەی ئەم حیلەبازی و بازرگانییە سیاسییەی بەو جۆرە بۆ هەموار کردوون ئەو عەمەلییەی « هێڕ کردنی بە کۆمەڵ » ەی جەماوەرو جەزبە گرتن و هیپۆتۆنیزەی دەروێشانەی لایەنگرانی سیاسیی کۆڕو کۆمەڵ و ڕێکخراوە سیاسییەکانە ، کە لە پێشەوە ڕەنگی ڕێژراوەو کاری تەواو کراوە . بەردی بناغەی ئەو هێڕکردنە بە کۆمەڵەش شاردنەوەی ڕاستی و هەڵگێرانەوەی واقیع و بەراوەژوو کردنی حەقیقەت و ئەسڵی مەسەلەو مەبەستەکانە ... بۆیە هەرچی لەسەر ساحەی سیاسیی کوردی ڕوو ئەداو دەگێڕدرێ لە قەپێلکی (معما) یەکی داخراوو مەتەڵێکی پێچ پێچۆکاویی وادایە کە بەر حوکمی هیچ تیۆری و پێداویستی و عەقڵ و مەنتیق و شیکردنەوەو بۆچوونێک ناکەوێ و هەر لە خەونێکی ترسناک و ئاڵۆز و سریالیی بێهوودەو بێسەروپا دەچێ !

هەر لە مێژووی ئەم چارەکە سەدەیەی خەباتی نەتەوەکەماندا تا ئێستەش جەماوەر تێ نەگەیشت :

– بۆ ئینشیقاقی ١٩٦٤ لە نێوان مەکتەبی سیاسیی پارتی و ڕابەرایەتیی شۆڕش ڕووی دا ؟ کە دەستی شکاو پاش خەسارەت و کەلێنێکی گەورە ، گیرایەوە بۆ جارێکی دیکە ملی بە مەئساتی ڕووداوەکانی دوای ١٩٦٦ تا ١٩٧٠وە نا ؟!

– ڕێکەوتنی ١١ ی ئازاری ١٩٧٠ بۆ گەیشتە ئەو ئاکامەی ئازاری ١٩٧٥ ؟

– سەدو ئەوەندە هەزار پێشمەرگەی کورد بۆ و لەبەر چی بە بڕیارێ ، بە فوویەکی سیحراوی ، وەک بەفری هاوین توایەوە ؟!

– شۆڕشی نوێی کوردستان ، براکوژی ، کورداندنی شەڕ ، لێکدابڕان و ترازان و ئەم حاڵەی ئەمڕۆی کورد ... بۆ ؟! هەزاران پرسیارو (بۆ؟)ی بە حەپەساوی و بێوەڵام ماونەتەوەو هەمووان متەقیان لە خۆ بڕیوە . ئەگەر جاروبارێکیش بێتە سەر باس و ئەو شتانە بە منگەمنگ و نیوەو نیوەچڵی بدرکێندرێن سەر تا پای دەشێوێندرێ و هەڵدەگێردرێتەوە . نیوەی ڕاستی شتەکان دەوترێت بۆ داپۆشینی نیوەکەی دیکە . یا بە مەبەستی ( قول حق أريد به الباطل ) – قسەیەکی ڕاست بۆ مەبەستێکی چەوت – دەوترێن . (لا تقربوا الصلاة)ەکەی دەڵێن و دەوەستن!!(.. وأنتم سكارى )کەی تەواو ناکەن . ئەمە سەرچاوەی گومڕاکردنی جەماوەرو ئاشەبەتەندوورەو خوم شێواویی بزووتنەوەکەمانە . هەتا واش بێن حاڵمان لەمە چێتر نابێت . مەسەلەکەو تاکە چارەش ئەوەیە . وەک برایەک بەو مەسەلەیەدا هاتووەو بۆ یەکەمین جار دەستی خستۆتە سەر ئەسڵی برینەکەمان کە :

نەتەوەی کورد نەیتوانی لە هەل و مەرجی شەڕی جیهانیی یەکەمدا بە ئامانجی نەتەوایەتیی تەبیعیی خۆی بگات کە هۆیەکی گرنگی ئەمە لە تەبیعەتی ڕابەریی تەقلیدیی کورد و (بەراورد کردنی بە ڕابەریی سیاسیی دوژمنانی ) دا پەیدا دەبێ ، نەخشەی سیاسیی نوێی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی دوای ئەو شەڕە پێک هات و واقیعێکی نوێ هاتە پێش کە لەسەر حسێبی کورد تەواو بوو . ڕێگای تەبیعیی نەتەوایەتیی کورد ئەوە بوو ئەو واقیعە قەبووڵ نەکات و سوور بێت لەسەر خەباتی تا دەگاتە ئامانجەکانی . بۆ بەجێ هێنانی ئەمەش پێویستی بە ڕابەرییەکی دڵسۆزی تر هەبوو کە لە تەبیعەتێکی پێشکەوتووتر بێ ، جەماوەرێکی کورد ڕۆژی ١٩٣٠/٩/٦ لە بەردەرکی سەرای حکوومەتی عێراقی دەستکردی ئینگلیز لە شاری سلێمانیی کوردستانی باشوور کۆبوونەوە ، مژدەی نزیک بوونەوەی پێکهاتنی پێداویستییەکانی کوردیان هێنا ، ئەو واقیعەیان قەبووڵ نەکردو سوور بوون لەسەر خەبات تا گەیشتن بە ئامانج و بۆ بەجێ هێنانی ئەمەش دوای ڕابەریی تەقلیدیی عەشایەری نەکەوتبوون . بەڵام هەر مژدە بوو.

پێداویستییەکانی پێک نەهاتن و کورد ئێستاش هەر چاوەڕوانی ئەو ڕۆژەیە . ڕابەرییەکی دڵسۆزی تر لە تەبیعەتێکی پێشکەوتووتر بێ ، واقیع لەسەر حسابی

کورد قەبووڵ نەکاو سوور بێ لەسەر خەبات تا گەیشتن بە ئامانج.. لە ١٩٣٠ ەوە تا ئەمڕۆ ، پێک نەهاتنی ئەو مژدەیە ، ساڵ بە ساڵ کارەساتی کوردی سامناکتر کردووەو ئەگەر بەم شێوەیە بڕوا ساڵی داهاتوو لەمساڵ خراپتر ئەبێ و ساڵی دوای ئەو لەو خراپتر ... تا وای لێ دێ ئیدی لەوە خراپتر مومکین نابێ ، ( دەگا بە لەناو چوونی تەواوی نەتەوایەتیی کورد ). بۆ ئەوەی ئەم کارەساتە ببڕێتەوە ، لە پێش هەموو کارێکی تردا پێویستیمان بە تێگەیشتنی مێژوو - بە تایبەتی نێوان ١٩٣٠ و ئەمڕۆ هەیە . بۆ ئەوە لە پێشدا پێویستیمان بە خوێندنەوەی تۆماری ڕووداوەکانی ئەو ماوەیە . ئەمجا لێکدانەوەیان و بەراوردکردنی ئەو وەزعەی کە هەبووە لەگەڵ ئەوەدا کە دەبوو بۆ خەباتی نەتەوایەتیی کورد هەبوایە تا وای لێ نەهاتایە . بەمە یەکەم هەنگاوی دەست پێکردنی گۆڕینی واقیعی فاسیدی ئێستاو ژیانەوەی کورد دەست پێ دەکەین . تا ئەوەمان بەدی نەهێنابێ هەنگاوی یەکەممان نەناوەو خەڵکی وڵاتەکەمان هەر حەپەساوی سەدەمەی مارتی ١٩٧٥ دەبن و وڕو کاسیی ئەو کارەساتە بەریان نادا ( یا هەر ساویلکەو نەزانانە دوو سێ قسەی هیچ و پووچی چەند سیاسەتچییەک دەڵێنەوە وەک تووتی )، تا بتوانن چارەیەک بدۆزنەوە . هەر کاتێک پیاو هەر کارێک بکاو تێیدا سەرنەکەوێ ، پێویستی بەوە دەبێ لەپێشدا ئاورێک لە کارەکەی بداتەوە بزانێ چۆن بوو ، دەبوایە چۆن ببوایەو جیاوازیی ئەم دوو ڕێیە ببینێ تا بیری بۆ چارەیەکی ئێستەو داهاتوو بچێ. دەبێ شۆڕشی ١٩٦١ - ١٩٧٥ ی سەنەکەوتووی کوردستانی باشوور لە ڕەگ و ڕیشەوە تێ بگەین تا بە تەمای شۆڕشێکی سەرکەوتوو بین ، دەبێ و پێویستە ئەوەندەی بۆمان دەکرێ بە وردی هەرچی لە ١٩٣٠ ەوە تا ئەمڕۆ ڕووی داوە وەک تەقویم و بیرەوەریی ڕۆژانە تۆمار کەین . ئەمجا بێین بە مەنتیقی عەقڵی هەڵیسەنگێنین و مەبەستی خۆمانی تێدا بدۆزینەوە . تا ئەوە نەکەین مومکین نییە بتوانین باسی گۆڕینی وەزعی ئێستا بکەین . ئەگەر وەزعی ئێستاش نەگۆڕین بێگومان بەرەو نابوودیی تەواو دەچین. بەڵام تێگەیشتنی مێژووی شۆڕشی ١٩٦١ - ١٩٧٥ ، ئەوەندەی گرنگ و ئەساسییە ئەوەندەش سەخت و دژوارە . لە وڵاتانێ کە لە مێژەوە خاوەن کیان و دام و دەزگای ڕێک و پێک بوون دەتوانی باسی ڕووداوەکانی زۆر بەر لە ١٩٣٠ یش لە ڕۆژنامەو کتێبەکانی ئەو سەردەمەو دوای ئەوەش لە کتێبخانەکان پەیدا کەیت ، بەڵام لە کوردستاندا ئاگادار بوونی ڕووداوی چەند ساڵ لەمەوبەریش هاسان نییە . گرنگترین سەرچاوەی تۆمارکردنی ڕووداوەکانی کوردەوارییی ماوەی شۆڕشی ١٩٦١ - ١٩٧٥ و پێشەکییەکانی ( ١٩٣٠ و بە تایبەتی ١٩٣٧ تا ١٩٦١ ) گێڕانەوەی دەمیی ئەو کەسانەیە کە لەو ڕووداوانەدا بەشدار بوون. کۆسپی سەرەڕێی سوود بینین لەم سەرچاوەیە ئەوەیە کە ئەو کەسانە ڕابووردوومان بۆ ناگێڕنەوە . یا بێدەنگ دەبن یا - بە داخەوە - لەوەش خراپتر ئەوەیە کە ڕاستی بە ناڕاستی دەشارنەوە ، لە هەردوو حاڵدا خەتای ئەوەیە ئەو کەسانە یا ئەو ڕووداوانە دەخەنە ڕیزی ئەو نهێنییانەی کە نابێ بدرکێندرێن ( کە کارێکی زۆر نەزانانەو زیانبەخشە ) . یا ناوێرن باسی بکەن ( لە ترسا ، نەک بە مەبەستی خراپی ) ، یا چی تر ورەو حەوسەڵەی ئەو کارانەیان نەماوە . یا کەسانێکی خراپی دوژمن بە نەتەوەی خۆیانن و نایانەوێ نەتەوەکەمان ڕاستی بزانێ.

تاکە کەرەستەو سەرچاوەیەکی کوردی بۆ تێگەیشتنی ئەو ماوەیە ، دەکرێ لە ژیننامەی سیاسیی چەند کەسانێکدا کۆکەینەوە ، کە بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن . ئەگەر ئەو کەسانە ژیننامەی سیاسییانمان بۆ بخەنە سەر کاغەز ، بەشێکی زۆر گەورەی کاری دەستپێکردنی تازەمان بۆ ڕادەپەڕێنن و پێش بە کارەساتێکی یەکجار زۆر گەورەدەگرن . بە نووسینەوەی یا نەنووسینەوەی ژیننامەیان ( بە ڕاستی و إعترافاتی ڕۆسۆئاسایی ) بەشی هەرە گەورەی بڕیاری ئەوە دەدەن کە کورد بژێتەوە یا بەرەو کارەساتی لە هی ئێستەش گەورەتر بچێ .

# وەڵامنامەیەک .. بۆ (س .ئەبووبەکر) ناوێکی ورمێ نشین

نووسینی : ح

**له گۆشەی** ( نامه ) ی ژماره (١٣)ی گۆڤاری (مامۆستای کورد)دا ، بابەتێکی (س . ئەبووبەکر) ناوێکی ورمێ نشینم خوێندەوە ، ئەوەندەی شایانی کابرایەکی کورد واتەنی بازاڕی و پەروەردەی لا کۆڵان بێ جنێوی بە مارکس و لێنین و جەمال حەیدەری و نافیع یۆنس و بەندە دابوو تیایا ، بێ ئەوەی ، من پێ بزانم ، بمناسێ و بزانێ کێم وچ کارەم و مێژووی ئێستاو ڕابردووم چییە ، هەرچەند بە ئیددیعای خۆی ئەڵێ : بۆ کەسێکی شارەزای ئەدەبی کورد ناسینەوەم زۆر ئاسانە ، گوایە خۆی یەکێکە لەو شارەزایانەی ئەدەبی کورد . بەڵام ئەگەر کەسێ بە ڕاستی شارەزای ئەدەبی کورد بێ ، بەرانبەر بە کەس ، نە کورد و نە غەیرە کورد ، ئەوەندە بێئەدەب و دەمپیس و نادیموکرات نابێ .

کاک (س . ئەبووبەکر) ئەو شیعرەمی کە لە ئەنجامی سۆز و کوڵی دەروونێکی خاوێن و لە ڕۆژانی ڕاپەڕین و سەرکەوتنی – بە پێچەوانەی فەرموودەی ئەوەوە – پڕ تەمەنی کورداو ، لە دوور لە کوردستانی ڕاپەڕیوەوە ، بەوپەڕی ڕاستی و لە ناخی دڵەوە هەڵقوڵانەوە هاتووە ، بە « ڕێپۆرتاژێکی سادەو نەفامانە » وەسپ کردووە .

ڕەخنەم لەوە نییە بە « ڕێپۆرتاژێکی سادە » ی دابنێ ، چونکە وایش نەبێ ئەتوانرێ ئەوە بە باری سەرنجێکی ئەدەبی و هەڵسەنگاندنێکی ڕەخنەیی دابنرێ و، ئەو ئەگەر ڕاست بکا من بناسێ ئەبێ بیشزانێ لە مێژە من لەو باوەڕەدام شیعری سیاسی ، تەنانەت ئەگەر کەڵەترین شاعیریش بیڵێ ، سادەیی‌یەکی هەر تیا ئەبێ، چونکە شیعر لەناو گەلێکی بەدبەخت و کلۆڵدا نەبێ نابێ بکرێ بە پێشخزمەتی سیاسەت . بەڵام وەسپ کردنی بە « نەفامانە » ، ئەوە خۆی لە خۆیا ئەوپەڕی نەفامی و پێ پەتێتییە لە سیاسەتا ، لە بەر ئەوە کە « نەفامی » لەم شیعرە سیاسییەدا بەوەدا دەسنیشان ئەکرێ ئەو ئامانجە سیاسییانەی تیایا ڕەچاو کراون نەفامانە بن و ئەو ستراتیژو تاکتیکەی تیا دیاری کراون هەڵەو سەرەڕۆیانە بن ، کە شیعرەکەی من بە هیچ کلۆجێ وا نییەو پڕ بە پێستی بارودۆخی ئەو ڕۆژانەی ڕاپەڕینەکەی کوردە.

بەڵام کاک (س) لەبەر چی و لەسەر چی ئەم هێرشە ناڕەوایە لە دوورایی‌ی هەزاران کیلۆمەتر لە من و لە (مامۆستای کورد) ەوە ، ئەکاتە سەرم ؟ ڕاستەکەی لەبەر هیچ نا تەنیا ئەوە نەبێ کە گوایە « کۆمۆنیستێکی

شوورەوی پەرست و ترسنۆک و کۆسمۆپۆلیتم » . ئەمە کە کۆمۆنیستم ، ڕاستەو لەم جیهانەدا تەنها ئەوانە مافی کۆمۆنیست بوونی کەسێک بۆ کەس ڕەوا نابینن کە یا لەبەر نەخوێندەواری ئاگایان لە دنیا نییە ، یا لە سەرچاوەی بۆگەنی فاشیزم ئاو ئەخۆنەوە . ئەگینا وا وتیشمان کۆمۆنیزم ڕێگایەکی چەوت و ناڕەوایە ، بەڵام کەسێکی تر بە چ هەقێ بۆی هەیە ڕێگا لە یەکێ بگرێ ببێ بە کۆمۆنیست ، ئەگەر ئەوەندەی سەردەرزییەک بیری دیموکراتی و ئازادیی بیروباوەڕو بۆچوون لە مێشکیا جێی بووبێتەوە ؟ ئەوانەی لەم جیهانە پان و بەرینەدا ڕێگای بە کۆمۆنیست بوون لە خەڵک ئەگرن تەنها دیکتاتۆر و فاشیست و پیاوخۆرو خوێنمژەکانن . کۆمۆنیزم لە کوێ قەدەغەیە ؟ لە عێراقی ئێمەو لە ئێران و لە هەر وڵاتێکی تری دیکتاتۆری و فاشیستی لەم جۆرانە . جارانیش لە ئەڵمانیای هیتلەری ، لە ئیتالیای فاشیستی ، لە ژاپۆنی میلیتاریست و لە وڵاتانی موستەعمەرەو شـوێنکەوتـووی دەوڵـەتـە ئیمپریالیستییەکان ..

لە مێژە هەرچی وڵاتی بۆرژوا – دیموکراتی جیهان هەیە پارتیی کۆمۆنیست و گۆڤارو ڕۆژنامەو کتێب و بڵاوکراوەی تری کۆمۆنیستییان تیا ئازادن . ئیتر ئەبێ بابایەکی کوردی پەناهەندەی بێخانەولانەی ڕۆڵەی نەتەوەیەک کەوا تازە خەریکە ئەکەوێتە گاگۆڵکەو دارەدارەکردن و ئەیەوێ بەرەو ئازادی هەنـگاو هەڵبێنێتەوە ، بۆ داکۆکی لە چ بەرژەوەندێکی گەلەکەی ، کاسە لە ئاش گەرمتر ، بکەوێتە شاڵاو بردنەسەر کۆمۆنیزم و کۆمۆنیستان و بیەوێ هەر لە ئێستاوە دادگاکانی پشکنینی ئەوروپای سەدەکانی ناوەڕاستی ژێر دەسەڵاتی پاپە ئاسۆی بیر تەسکەکانی ڕۆمایان بۆ دانرێنەوە ؟

کۆمۆنیزم نەبوو کوردستانی کرد بە چوار پارچەوەو هەموو ئاواتێکی کوردی لە سێ چوار ( ئەگەر و مەگەر )ی پەیمانی سیڤەردا کۆ کردەوەو ئەویشی لە پەیمانی لۆزاندا کرد بە قوربانی بەرژەوەندیی ڕێکەوتنی ناوخۆی بەریتانیاو فەرەنساو تورکیا .. کۆمۆنیست نەبوون شێخ سەعید و دوکتۆر فوئاد و هاوڕێکانیان کرد بە دارا .. کۆمۆنیزم نەبوو حوکمداریی شێخ مەحموودی ڕماندو شێخی ڕەهەندەو دیلی هیندستان کرد .. مەلا مستەفای بەرزان لە تاو زەبری کۆمۆنیزم لە عێراقەوە هەڵنەهات بۆ ئێران و پاشان لەوێیشەوە پەڕییەوە بۆ شوورەوی .. قازی محەمەدو هەڤاڵەکانی ، بە پەتی کۆمۆنیستانا هەڵنەواسران لە چوارچرای مەهاباد .. ئاشبەتاڵی ١٩٧٥ی لای خۆمان بە پیلانی کۆمۆنیزم نەبوو .. کۆمۆنیزم نەبوو پێنج هەزار شارو گوندو چەند هەزار باخ و باخچەو کێڵگەی کوردستانی کاول و خەڵکەکەی ڕەهەندەی کۆمەڵگا زۆرەملییەکان کرد .. کۆمۆنیستیش نەبوون هەڵەبجەیان دایە بەر کیمیاوی و ئەنفالەکانیان بۆ جەماوەری کورد ساز کرد .. ئیتر بۆ ئەبێ کوردێکی ورمێ نشین کە لەوانەشە کوردی عێراق بێ و ئەوەندە خێر بە ناو چاوانیەوە نەبێ لەم ڕۆژە خۆشانەی کوردستانی عێراقدا بگەڕێتەوە بۆ ناو گەلەکەی و ئەویش وەک ئەم هەزاران کەسە ڕەنجکێش و برسی و بێ سووتەمەنییەی میللەتەکەی بەشدارییەک لە ئاوەدان کردنەوەی وڵاتەکەیا بکاو ، لە دوورەوە دانیشتبێ و ئەوەی کردبێ بە ئەرکی « پیرۆزی » سەر شانی خۆی جنێو بە کۆمۆنیزم و بە مارکس و لێنین و بەم و بەو بدا . بەڵێ بۆ ئەبێ کوردێکی ئاوا ، شان بە شانی چەند کەسێکی تاکوتەرای تر ، بەرانبەر بە لێشاوی دیموکراتیزەکردنی ژیانی گەلان ، تازە بەندو بالۆرەی بەسەرچووی سەردەمی هیتلەری گۆڕ بە گۆڕو سەناتۆر مەکارسیی فێ لێ هاتوو لێ بداتەوە . کوڕە کابرا ! تۆ ئەگەر تەنانەت ، خوا نەخواستە ، کرێگرتەی ئیمپریالیزم و پاشماوەخۆری کۆمپانییە مۆنۆپۆلییەکانی کاپیتالیزمی جیهانیش بی ، ئەبێ هەر هیچ نەبێ چاو لە ئەمریکاو ئینگلیزو فەرەنسەو ئەڵمانیاو ژاپۆنی خاوەن سفرەو خوانت بکەی . بەڵام وا دیارە ئەوەی گای بیرو باوەڕی تۆ بۆی ئەقۆڕێنێ ، هەر هیتلەرو سەددام و خومەینی و ئەم جۆرە حوکمڕانە فاشیست و ڕەگەزپەرست و شۆڤێنی و دیکتاتۆر و پیاوکوژانەیە ، بۆیە وا سەری خۆت بە « تێکۆشان » لە دژی کۆمۆنیزم و برایەتیی گەلان و بە گژی یەکاکردنی کوردو عارەب و تورکمان و شتی واوە قاڵ کردووە و لە ئاست ئەو گشت ئەرکە گەورەو گرانانەی سەر شانت ، وەک بە خێرییەت ڕۆڵەیەکی گەلی کورد ، گوێی خۆت کەڕوکاس کردووەو هیچت لێ نەگرتووەتە ئەستۆ .

ئەمجا تۆ بڵێی کاک ( س . ئەبوو بەکر ) مەبەستی لە شوورەوی پەرستیی من چی بێ و چۆنی مەعنا لێ بداتەوە ؟

ئێمەمانان تا لامان وا بووە شوورەوی وڵاتێکی سۆشیالیستەو دەوڵەتی کرێکاران و جووتیاران تیا

فەرمانڕەوایەو دژی هەموو ئیمپریالیزم و کاپیتالیزمی جیهانی لە سەنگەری خەباتایە ، بە ئەرکی سەرشانی خۆمانمان زانیوە بەرانبەر بە دوژمنانی داکۆکیی لێ بکەین و لایەنی بگرین و ، ئێستایش من بەش بە حاڵی خۆم ، بە هەموو شانازییەکی ئەنتەرناسیۆنالیستانەوە چەند بارەی ئەکەمەوە لە هەر سووچێکی ئەم جیهانە گەورەو گوشادەدا دەوڵەتێکی وا بەرپا ببێ دەوڵەتی کرێکاران و جووتیاران و گەلی ڕەنجکێش بێ ، بە هەمان گەرم و گوڕی و دڵسۆزییەوە دۆستیمی و بەرگریو داکۆکیی لێ ئەکەم و لایەنی ئەگرم . لەو ڕۆژەشەوە کە وردە وردە بۆمان دەرکەوتووە سۆڤیەت لە گەلێ هەڵوێستیا لە هاوبەرژەوەندیی ڕەنجکێشانی جیهان و برایەتیی گەلانەوە نا ، بەڵکوو لە قازانجی تایبەتی خۆیەوە وەک دەوڵەتێکی زلهێز ، بێ ئەوەی گوێ بداتە ئەوە ئەو قازانجە تایبەتییەی لە قازانجی گەلانیشە یان نە ، هەنگاو هەڵئەهێنێتەوە و مامەڵە لە گەڵ کاروباری جیهانا ئەکا ، لە پێوەندی تایبەتیی خۆمانا لە گەڵیان و لە ناو خۆمانا ڕەخنەمان لێ گرتوون و هەڵوێستی وامان بە هەڵە و دژی بەرژەوەندی برایەتیی گەلان و سوودی ڕەنجکێشانی جیهان داناوە . بۆیە هەرگیز لەگەڵ ئەوە نەبووین کە چەکیان بەو دەوڵەتە کۆنەپەرستانە فرۆشتووە کە بۆ سەرپان کردنەوەی بزووتنەوەی گەل بە کاریان هێناوەو دژی کارو مامەڵەی وا بووین . بەڵام ئەگەر ئەم هەڵوێستەی خۆمانمان لە مەیدانی بڵاوکردنەوەدا بە زەقی ڕانەگەیاندبێ ، لەبەر ئەوە بووە وامان داناوە ئەم جۆرە ناکۆکییەی نێوان ئێمەو سۆڤێت لە چاو ناکۆکیی پێکەوەی هەردوولامان لەگەڵ ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی لە ئاستی جیهاندا ناکۆکییەکی پلە دووەو بۆیە نەهاتووین بە هەمووانیا ڕابگەیەنین تا بەو کارە ئاومان بە ئاشی ئیمپریالیزما نە کردبێ .. هەڵوێستی وا ئەگەر هەڵەش بێ هەڵەیەکی تەکتیکییە لە بۆچووندا و بە هیچ جۆرێ مێژووی خەباتمان ناشێوێنێ . ئێمە هەرگیز ڕۆژێ لە ڕۆژان نەهاتووین بۆ دەستنیشان کردنی ئامانجەکانی خەباتمان فەرمان لە هیچ لایێ وەرگرین و بیرو بۆچوونی کەسانی تر بکەین بە سەرمەشقی ژیانمان . کە ڕۆژێکیش لە ڕۆژان کەفوکوڵی دوژمنایەتیی سیاسی چ لە ئاستی ناوخۆ و چ لە ئاستی جیهاندا ئەنیشێتەوەو ئیتر مێژوو ، وەک ئێستا ، بە گوێرەی ئارەزووی لە پێشەوە دیاریکراوی کەس نانووسرێتەوەو ڕاستییەکان وەک بوون و هەن و لەگەڵ دەرخستنی زەمینەی ڕاستەقینەی خۆیانا ئەخرێنە ڕوو ، هەموو شتێ دەر ئەکەوێ و ، ئەوکاتە هەرکەسێ ئەتوانێ بزانێ کێ بە خاوێنی و دەست پاکییەوە کاری کردووە و ، کێیش بەرژەوەندی دوور لە بەرژەوەندی جەماوەری گەل ڕابەری ڕێی بووە .

ئەی ئەبێ کاک ( س. ئەبوو بەکر ) لە کوێوە ترسنۆکیی منی بۆ دەرکەوتبێ ؟ من خۆم بناسم تا ئێستا ترسنۆکییەکی سیاسی لە خۆما شک نابەم . هەمیشە هەر بیروباوەڕێکم بووبێ بە وەفا بووم بۆی و تا هەڵەیی سووچێکم بۆ دەرنەکەوتبێ لێی پاشەگەز نەبوومەتەوە و لەم ڕێگایەدا گرتن و ئێش و ئازار و بەندیخانەو بێکاری و بێدەرامەتیم چێشتووەو لە هەر کوێیەکا بە پێویستم زانیبێ بە ڕووی زۆردارا هەڵشاخاوم و داکۆکیم لە بیر و باوەڕی خۆم کردووە و ، لای کەمی هەرگیز دژی نەدوواوم . خۆ ئەگەر بەڵگەشی ئەوەیە لە جیاتی ناوی خۆم ( ح ) یەکم لەسەر شیعرەکەم داناوە ، ئەوە نابێ بە بەڵگەی ئەوە زیاتر کە کەس داوای لێ نەکردووم بە پێی خۆم بچمە بەر دەستی جەللادو ملی خۆمی لە سەر تەختەی ژێر تەورزینی بەردەستی بۆ دانێم . ئەوەتا تەنانەت کاک ( س . ئەبووبەکر ) کە هەموو ئازایەتییەکی – من پێ بزانم – ئەوەیە لە ئێرانی ئاخووندانەوە ، وەک ئەوان خۆیان ، جنێو بۆ سۆڤیەت و کۆمۆنیزم و کۆمۆنیستان بار ئەکا ، لەگەڵ ئەوەشا پرکێشی ناکا ناو و ناسنامەو کەسایەتیی خۆی دەر بخا تا بزانین چ ئازایەتییەکی تری لە ژیانیا پێشان داوە .

هەرچی مەسەلەی کۆزمۆپۆلیتیشە کە بێگومان کاک ئەبوو بەکر نازانێ یانی چی ، ئەگینا بە کۆمۆنیستێکی نەئەوت کۆزمۆپۆلیت ، کە لە فەرهەنگی چل پەنجا ساڵ لەمەوبەری کێشەی سیاسیی نێوان نیشتمانپەروەرانی ناو کوردیەوە بەکێش کردووەتە ڕۆژی ئەمڕۆمان ، ئەوە بەسەری کاک (س) ئەوەندەی عەرزو عاسمان لێوەی دوورم و دەیان ساڵە ڕۆژێ لە ڕۆژان گەرد ڕووی کوردایەتیمی نەگرتووەو بۆ دڵخۆشیی ئەویش ئەڵێم قەت بە هیچ جۆرێ لە کوردایەتیدا ، بەڵام کوردایەتیی کوردەکوژە نا، لەو کەمتر نیم . ڕۆژێ لەڕۆژان کە هەردووکمان بۆمان ئەلوێ ناوی خۆمان بێ تەم ومژ بنووسین و ئەم خەڵکەی کوردستان ئەزانن (س) کێیەو (ح) کێیە ، ئەتوانن بڕیاری بەدادی خۆیان بدەن و بڵێن

ئاخۆ من وەک ئەنتەرناسیۆنالیستێکی ڕاستەقینەم ، کوردێکی ڕاستەقینەشم یا خێر ، ئاخۆ لەو ڕۆژەوە کە خۆم وەک کوردێکی نیشتمانپەروەر ناسیوە لە ئاست پێداویستییەکانی ژیانی گەلەکەما خاوەنی سەروگیانی خۆم بووم یان نە .

خوێندەواری ئازیز ! من ، وەک کاک (س) وا ئەڵێ ، هەرگیز ئەوەندە « بێویژدان و ناڕاست » نەبووم بمەوێ بەری ڕەنج و ئازارو ماڵوێرانیی کورد بۆ خۆم و خۆمان بقۆزمەوەو بیکەمە مایەی شانازی بۆ تەنها خۆمان و بیروباوەڕی ـ بە پێچەوانەی بێجای ئەوەوە کە بــــە« چەپەڵ» ی ناو بردووە ـ خاوێن و پیرۆزمان. من تەنانەت لە شیعرەکەما شان بەشانی ناوهێنانی بارزانی و شێخ مەحموودو کاک مەسعوودو مام جەلال و چەندین پێشڕەوی تری سیاسی و دەیان گەورەپیاوی ئەدەبیی نەتەوەی کورد ، ئەوەندە – وەک هەمیشە – لە خۆ و لە خۆمان بووردوو بووم و ناوی هاوڕێ عەزیز محەمەدم نەهێناوە کە بە شایەتیی هەموو ئەوانەی لە نزیکەوە ئەیناسن یەکێکە لە سیاسییە کارامەو لێهاتووەکانی کورد و یەکێکە لەو کۆمۆنیستە عێراقییانەی بە قووڵی و بە وردی لە مەسەلەی کورد گەیشتوون و بەوپەڕی دڵسۆزییەوە بۆی تێ ئەکۆشن.

لاشم وایە هەر ئەم ناو نەهێنانەی ئەوو باس نەکردنی دەوری حیزبی شیووعی بوو لە ڕاپەڕینی کوردستان و ئامادەکردنی پێشوەختی گەلی کوردستانا بۆ ڕاپەڕین ، بووە هۆی ئەوەی برادەرێکی تا ڕادەیەک تەنگە جیکڵدانەی لای خۆمان بوو بە تەگەرە لە ڕێی ئەوەدا شیعرەکەم لە ئەدەبیاتی حیزبی شیووعیدا بلاو بکرێتەوە کە لە سکرتێرێتیی هەرێمی کوردستانی حیزبەوە نێردرابوو بۆ بلاوکردنەوە و ئەگەر گۆڤارە لیبراڵەکەی ( مامۆستای کورد ) ی کاک فەرهاد شاکەلیی برادەرم نەگەیشتایەتە فریای ، تا ئێستاش هەر وا بە ( بوخچەی نەکراوە )یی مابوو ، خوا بە فریای هەمیشەی بگا .

ئەگینا خۆ ئێمەش بە سەنگ و ترازووی خۆشمان و خەڵکیش ، بەرەیەکمان فرێ داوەتە مزگەوتی خەباتی گەلی کوردەوە و هەندێ شتی وا لە مێژووی خۆمانا شک ئەبەین بە بەشدارییەک دابنرێ لە هێنانە دیی ڕاپەڕینە پڕ شانازی و شکۆ هەرگیز لە یاد نەچووەکەی مارتی ١٩٩١ دا . ئیتر نازانم کاک (س. ئەبوو بەکر )ی بەڕێز چ قەدرو حورمەتێ بۆ کورد زیاد ئەکا وا ناڕاستانەو بێویژدانانە بە قانوونی فاشیستانەی دوژمنانی کۆمۆنیزم داوەریمان ئەکاو بڕیاری ناڕەوامان بە سەردا ئەدا ؟

من کە ڕاپەڕینی گەلی کوردم بە سەرکەوتنی بیری مارکس و لێنین و هۆشیمین و گیڤارا داناوە ، بەسەرکەوتنی بیروباوەڕی تەنها ئەوانم دانەناوە ، هەڵگرانی چەند جۆرە ئایدۆلۆژیی جیاجیام لەم مەیدانەدا شان بەشانی یەک ڕیز کردووە . من ڕاپەڕینی گەلی کوردم بە ڕاپەڕینێ داناوە بۆ هێنانەدیی ئەو ئاواتە ئینسانییە پیرۆزانەی هەزاران ساڵە مرۆڤایەتی لە هەموو گۆشەو کەنارێکی ئەم جیهانە بەر بلاوەدا بۆی تێ ئەکۆشێ ، لە پارچەیەکی تۆپی زەویدا کە لەم بیست ساڵەی دواییدا لە هەر سووچێکی جیهان زیاتر لە ژێر باری ئازارو چەوساندنەوەدا بووەو لە بارودۆخێکی وا سەختدا ژیاوە ، هیچ لایەکی تری جیهان هاوتای نەبووە تیایا . من لەوێوە تێ هەڵچووم کە مەسەلەی ئازادی لە جیهانا زنجیرەیەکە لە چەند ئەڵقەی پێکەوە بەستراو و لە یەک ئاڵاو پێک هاتووە کە لە دوا لێکۆڵینەوەدا هیچیان لەویان جوێ نابێتەوە . شۆڕشگێڕانی مێژووی مرۆڤایەتیش لە پێغەمبەرانەوە بیانگرە تا ئەگەنە قارەمانانی خەباتی نیشتمانی و نەتەوەیی و چینایەتی و کۆمەلایەتی هەموو لە جەمسەرێکی سەرەکیدا یەک ئەگرنەوە کە ئەوەتە ویستوویانە بەشێ لەو کۆت و زنجیرانە بپسێنن بە درێژاییی مێژووی جیهانی ستەم و چەوساندنەوەو خوێنمژین لە ملی ئادەمزاد ئالاون . ڕاپەڕینی گەلی کوردیش بە مەبەستی پساندنی بەشێکی زنجیری ئەو گشت جۆرە کۆیلایەتییانەیە . لەناو شۆڕشگێڕانی نەتەوەی کوردیشا ، لە هەموو پارتی و کۆمەڵ و دەستەکانیا ، کەسانی وا کەم نین کە بەچاوی ڕێزی تەواوەوە ئەڕواننە ئەو کەڵەمێردانەی خەبات کە بە درێژاییی مێژووی جیهان سەریان هەڵداوەو ، وە نەبێ بە تەنها چەند کەسێکی ئاسۆ تەسکی وەک بەڕێز ( س ئەبوو بەکر) مۆری ئەنتی کۆمۆنیزمی و نادیموکراتییەتی و تەنگەتاوی لە ئاست ئازادیی بیروبۆچوون ، وەک پەڵەی شەرم ، بنرێ بە ناوچاوانی هەموو جوولانەوەی گەلی کوردەوەو ، ئەم جۆرە بنیادەمانە بە هەرحاڵ نومایندەی خودی خۆیان بەولاوە نین ..

من لە شیعرەکەما، پاش ئەوەی ڕاپەڕینەکەم بە ڕۆژی کۆمەڵێ شوێنی پڕ شانازیی خەباتی نەتەوە داناوە و ناوی کۆمەڵێ لە کەڵەمێردانی ئەدەبی کوردم ڕیز کردووە

که هەر یەکە لە سەردەمی خۆیا دەورێکی لە بزواندنی هەستی نەتەوەیی و نیشتمانیی کورددا بووە ، وتوومە :

بۆ هەرکەسێ کە بەڕاستی موسوڵمانە
ئەمڕۆ ڕۆژی ڕاستی خوایە
ئەمڕۆ ڕۆژی پێغەمبەرە
ئەمڕۆ ڕۆژی گشت کەسێکی دادپەروەرە
ئەمڕۆ ڕۆژی ڕیشە لەبن دەرکێشانی جەوری میللی و خوێنمژینە
ئەمڕۆ ڕۆژی سەرکەوتنی بیری مارکس و لەنینە
ئەمڕۆ ڕۆژی هۆشیمین و گیڤارایە
ئەمڕۆ لە مێژووی کۆن و نوێی کوردستانا
ڕۆژێکی تاق و تەنیایە
ئەمڕۆ ڕۆژی هیوای پیرۆزی شێخ مەحموو و
قازی و مەلا مستەفایە ..
ئەمڕۆ ڕۆژی هەموو کوردێکی هەزار ساڵ دەس بەسراوە
ئەمڕۆ ڕۆژی وڵاتێکی بەش کراوە
ئەمڕۆ ڕۆژی میللەتێکی لە نیشتمان دابڕاوە ...

جا توخوا ، خەڵکینە ، من هیچ ناڵێم ، ئێوە بڵێن ئەمە ، وەک کاک ( س . ئەبوو بەکر ) ئەفەرموێ ، قۆزتنەوەی بەری ڕەنج و ئازارو ماڵوێرانیی کوردە بۆ کۆمۆنیزم و بۆ حیـــزبـــی شیووعـــی ، یان لەیەک گرێدانی هەموو خێرخوازانی میللەتی کورد و پێکەوە بەستنی ڕابردوو و ئێستاو لەمەوپاشی و ، پێوەندی کردنی خەباتێتی لە گەڵ خەباتی هەموو گەلان و موتوربەکردنی بیری کوردایەتییە بە هەرچی بیروباوەڕی ئینسانی هەیە کە لە مێژووی دوورو درێژی مرۆڤایەتیدا سەری هەڵدابێ ؟.
بۆیە ، ئەگەر نارەزایی‌ی کاک ( س ) لە هێنانی ناوی مارکس و لێنین و گیڤاراو هۆشیمین لە بابەتێکی کوردەواریدا لەوەوە هاتبێ کە هەموو شەوێ بە ئاواتی ئەوەوە سەر ئەنێتە سەر سەرین کە کۆمۆنیزم ببێ بە یادگارێکی بەسەرچووی مێژووی مرۆڤایەتی و هەر بەم ئاواتەشەوە لە ( نامەکەیا ) نووسیبێتی : « کۆمۆنیزم زۆر خراپتر لە فاشیسم و نازیسم تێک دەشکێ و پەیکەری مارکس و لێنین وەک نموونەی ڕووڕەشیی ئەو بیرە - بیری کۆمۆنیزم - دەرووخێنرێ و ڕەوانەی سەرانگوێلکەکان دەکرێ»، ئەوا هەر ئەوەندە لە پەراوێزی ئەم شاکارەیەوە ئەنووسم کە ئەم ئاواتەی تەنها ئەوەندەی لەباردایە دڵی نەخۆشی خۆی پێ خۆش بکاو ئەنجامی گرێ کوێرەی دەروونی پڕ لە زووخ و کێمی بوغزو کینەیەتی بەرانبەر بە ڕێبازی دیموکراسی و ئازادیی بیروباوەڕو ئیهانەیەکیشە بۆ هەست و بیری ملیۆنەها ئادەمزادو بە هەزاران ئادەمزادی کوردیشەوە کە لە سەنگەری خەباتا لە دژی فاشیزمی نوێ وەستاون ، لە کاتێکدا کە ئەوی بە ناو کورد لە کەناری دەریاچەی ورمێدا بێ خەم دانیشتووە خەریکی ڕاوەماسییە لە ئاوی لێخنداو خەیاڵی بەتاڵ بردوویەتیەوەو بیری پەرت بووە، ئەگینا ئەمە مێژووەو کێشەی بەردەوامی نێوان خوێنمژان و خوێنمژراوان و خەونی بەجێی مرۆڤایەتی بە جیهانێکی بێچەوساندنەوەو بەری ڕەنجی شاندزین و بێجەورو ستەمەوە، قاروونەکانی ئۆردووگای کاپیتاڵ خۆیان ئەوەندە بەم سەرکەوتنە کاتییەیان دڵخۆش نین کە کاک (س) لە پاڵەوە بۆ خۆیی ڕەوا ئەبینێ .
کاک (س) ناتوانێ تاوی کینەی دڵی شۆڤێنی و ڕەگەزپەرستیی خۆی بەرانبەر بە گەلانی هاوبەشی ژیانی گەلی کورد لە کوردستانی عێراقا نەخاتە ڕوو . بۆیە زۆری پێ گرانە من لە باسی ستەمدیدەیی گەلی کوردی کەرکووکا لایەکی برایانەو هاوخەباتیش بە لای برایانی تورکمانا بکەمەوە کە بە درێژایی ساڵانی ڕژێمی بەعس ، وەک جەماوەر ، بەر لێشاوی ڕقی ڕژێم کەوتوون و ئەوانیش تا ڕادەیەکی دوور بوون بە قوربانیی بە عەرەب کردنی شارەکەو ناوچەکەو ماڵیان وێران کراوەو زۆریان لە کەرکووک وە دەر نراون . کاک ( س ) بێ جیاوازی خستنە نێوان جەماوەری تورکمانی دژ بە ڕژێم و توێژاڵێکی خۆفرۆشی چینی سەرەوەی تورکمان کە بوون بە کلکی بەعـس ، هەمـوو تورکمـانی بە « هەلپەرست و لایەنگری ڕژێم » داناوەو ئەڵێ :
« ئەوەی ماڵی ڕووخێنراوە کوردەکە بووە نەک تورکمانی هەلپەرست و لایەنگری ڕژێم ». کەس نەیوتووە ماڵی تورکمانی هەلپەرست و لایەنگری ڕژێم ڕۆخێنراوە ، بەڵام تورکمانیش هەموو هەلپەرست و لایەنگری ڕژێم نین و وەک هەموو دانیشتووانی کەرکووک ئەزانن زۆریان لە خانەو لانەی خۆیان دەرکراون و کاربەدەستانی ڕژێم و عەرەبی سەربەڕژێم هێنراونەتە خانووەکانیان .
جا با کاک ( س ) هەر لە دوورەوە بۆ خۆی ڕمڵ لێ بداو قسەی شۆڤینستانەی بدا بە دەم باوەو بە کردەوە لە گەڵ ڕژێم بچێتەوە سەر یەک ڕێباز و یەک ئایدیۆلۆژی . هەر بۆیەش ئێستا تورکمان قۆڵێکی ئۆپۆزیسیۆنی

عێراقین و تەنانەت یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان سەردەمێک بەشێکی کاتی بڵاوکردنەوەی ڕادیۆی خۆی دابوو بە دەستی یەکێ لە پارتییەکانی تورکمانەوە بەرنامەی خۆیانی شان بە شانی کوردی و عەرەبییەکەی خۆی لێوە بڵاو بکاتەوەو لە ڕۆژانی ڕاپەڕینیشدا هەر تاوە نا تاوێ بەرنامە بە تورکمانی لە هەمان ڕادیۆوە بڵاوئەکرایەوەو هانی برا تورکمانەکان ئەدرا دەست لە ناو دەست لە گەڵ برای کوردیان بەشداری کۆڕی خەباتی ڕزگاریبەخش بن ، وەک چۆن بەرنامەی وا بۆ عەرەبی دانیشتووی کەرکووکیش بڵاو ئەکرایەوە .

ئێمە لە کاتێکا کە باوەڕمان بەو ڕاستییە هەیە کە توێژاڵێک لە ناو جەماوەری عەرەب و تورکمانی کەرکووک و دەوروبەریا ڕێگەی ڕاستیان هەڵە کردووەو دژی خواستە ڕەواکانی گەلی کورد ئەوەستن ، وەک کەسانی وا لە ناو کوردەکان خۆیشیانا هەن و کەم نەبوون و نین ، پێ لەسەر ئەو ڕاستییەش دائەگرین و بە ئەرکی نیشتمانیی خۆمانی ئەزانین کە بڵێین جەماوەری کوردوعەرەب و تورکمان و ئاسووری هیچ بەرژەوەندێکی ڕاستەقینەی دژی یەکتریان لە ناو خۆیانا نییەو تەنها ئەو کەسانە ، کوردبن یا عەرەب یا تورکمان یا ئاسووری، دوژمنی جەماوەرن کە خۆیان بە پاشەڵی ڕژێمەوە هەڵواسیوە و خۆیان پێ فرۆشتووە . ئەگەر کۆمەڵانێکی ساویلکەش لە ناو هەر نەتەوەیەکدا هەبن و دژی نەتەوەکانی تر بن ، ئەوە لە ڕاستی نەگەیشتوون و دەستێکی چەپەڵ لە خشتەی بردوون و ئەرکی سەر شانی کەسانی هۆشیاری هەرکام لەم نەتەوەو کەمایەتییانە ئەوەیە هەوڵ بدەن بۆ هێنانەوە سەر ڕێی ڕاستی ئەو کۆمەڵانەو وشیار کردنەوەیان و ناساندنی دۆست و دوژمنی ڕاستەقینەیان پێیان . لە هەموو ئەمەش بەولاوە ئەگەر تەنانەت بۆ بەرژەوەندی تەنها ئەم ڕۆژەش بێ، ئەبێ کورد هەوڵ بدا دەست لەگەڵ جەماوەری تورکمان و ئاسووری و عەرەبی کەرکووک تێکەڵ بکاو ڕێکیان بخا لە ریزی تێکۆشانا لە دژی ڕژێم و بە تایبەتی جەماوەری عەرەبی تازە هێنراو وا لێ بکا کە تێ بگەن بە ناهەق و بۆ ئاژاوە پێنانەوە هێنراونەتە کەرکووک و ڕژێم مەبەستی ئەوە نەبووە خزمەتیان بکاو یارمەتییان بداو بە تەنها بۆ سەرکوتکردنی کورد و خزمەتکردنی خۆیی هێناون . جا پاش ئەوەی کەرکووک کەوتەوە دەستی دانیشتووانی ڕاستەقینەی لە مێژی خۆی ، هەر عەرەبێکی هێنراو

بیەوێ پیاوانەو برایانە لە کەرکووک بژی ئەوە میوانی ئازیزەو لەسەر چاوان و ئەوەش وا نەبوو ، زۆر قورس نییە پێی بوترێ : ماڵاوا، ئیتر کاتی ئەوە هاتووە بگەڕێیتەوە بۆ شوێنی خۆت. ئەمەیە سیاسەتی ڕاستەقینە کە نیشتمانپەروەرانی کورد لە کەرکووک لە سەری برۆن و لەسەریشی ڕۆیشتوون و ئەڕۆن ، نەک قسەی بۆش و پف تێکراو و ڕەگەز پەرستانەی وەک ئەوەی کاک ( س ) لە دوورەوە بۆ خۆیی هەڵئەڕێژێ و بە ناهەق دەمامکێکی نەتەوەییشی ئەنێ بە ڕووەوە و لە جیاتی ئاسان کردنی ئەرکی خەباتی گەلی کورد ئاو بە ئاشی دوژمنا ئەکاو نەیاری زۆرتر لە خۆڕایی بۆ کورد ئەخوڵقێنێ .

کاک ( س ) گاڵتە بە ئەنتەرناسیۆنالیستییەتی ئێمە ئەکا چونکە گوایە وتوومانە : « عەرەباندنی کەرکووک تەنیا مەسەلەی چەند ماڵ عەرەبی بە زەبری پارە هێنراو و خەڵەتاوە » . بێ ئەدەبی نەبێ نازانم کاک ( س ) بەدەسەنقەست ئەم درۆیەی بە دەممەوە هەڵبەستووە یا بە هۆی نەخوێندەواری و تێنەگەیشتنی خۆیەوە مەعنای شیعرەکەمی وا لێک داوەتەوە . من لەم ڕووەوە بە پێویستی نازانم بۆ تێگەیاندنی کاک ( س ) و بۆ ڕاستی خستنە بەرچاوی خوێندەوارانی ئازیز لە دووبارە کردنەوەی ئەو چەند بەیتەی کاک (س ) وەری گێڕاون و لە مەعنای خۆیانی لاداون - زیاتر شتێ بنووسم ، چونکە هەرچی بنووسم لەم ڕووەوە باشتر لە ئەسڵی بەیتەکان مەعنا نادا بەدەستەوە . لەو بەیتانەدا وتوومە :

کەرکووک .. ئەو شارەی هەر ساڵی چەند جار هێرشی
بۆ دێنن
هەر هێرشێ هەزارماڵی
تورکمان و کوردی تێدا ئەڕووخێنن
لە بریتیی **هەر ماڵێکی** وەدەر نراو
**چەند ماڵ** عەرەبی بە زەبری پارە هێنراو و خەڵەتاو ،
ئەسەپێنن ..

جا ئێستا وا بۆ خوێندەوارانی خۆشەویست دەرکەوت کاک ( س ) چەند دەست پاکانە بیروباوەڕی خەڵکی تر ئەخاتە ڕوو و چەند هەوڵ ئەدا هەر بۆ دامرکاندنەوەی کرمی ناو دەروونی خۆی کەسانی خاوێن و دڵسۆز بە ناهەق بەدناو بکا !

هەرچی مەسەلەی بەزەبری پارە هەڵخەڵەتێنراویی ئەو

عەرەبە هێنراوانەشە ئەوە ڕاست و دروستە چونکە عەرەبێک لە کەرکووک نییە لەوانە بەولاوە کە دەیان ساڵ و زیاترە لەوێ ئەژین ، لای وابێ کەرکووک شاری خۆیەتی بۆیە تیا ئەژی و ، لە هەر عەرەبێکی تازەهێنراو ئەپرسی وا وەڵامت ئەداتەوە کە یا کاربەدەستی ئەمن و سوپایە و نەقڵی ئێرە کراوە یا لە شوێنی خۆیا خانووبەرەی نەبووەو میری بە تەمای پارەو خانوو و بەرە هێناویە و ئەویش دەرفەتی تری شک نەبردووەو خانوویەکی لێوە دەسگیر ببێ . کەواتە دیارە بە زەبری پارە هەڵخەڵەتێنراوەو هێنراوە . لەگەڵ ئەوەیشا زۆر لەوانەی پارەو عەردیان بۆ خانوو کردنەوە وەرگرتووە ، پارەکەیان خواردووەو عەردەکەیان بە نەکراوەیی یان خانووەکەیان بە نیوەو ناتەواوی جێهێشتووەو ڕۆیشتوون . زۆری کەشیان لە کاتی ڕاپەڕینەکەدا لە گەڵ ئەوەش کە شۆڕش بانگەوازی ئەمینی و نەترسانی بۆ هەڵئەدان ، لە یەکەم دەرفەتا کۆڵ و باریان پێچایەوەو هەڵاتن . کاک( س ) لەم بارو دۆخە ناسکەی خەباتی گەلی کورددا کە بە دوای ئەوەدا ئەگەڕێن ئەڵقەی گەمارۆی دوژمن بڕەوێنینەوە و ئەوانە پەشیمان کەینەوە کە دوژمن کردوونی بە داردەستی خۆی بۆ لێدانی گەلی کورد ، دێ وەسپی ئەو عەرەبانە وا ئەکا کە دوژمن بە فێڵ و فەرەج و تەماع نانە بەرو سەر لێشێواندن قایلی کردوون و هێناونیە کەرکووک و ئێمەش ئەمانەوێ ڕاستییان تێگەیەنین و لە دوژمنیان دوورخەینەوە ، ئەگەر پێشمان نەکرێ بیانکەین بە دۆست و لایەنگر ، هیچ نەبێ بێلایەنیان بکەین ، وایان وەسپ ئەکا کە « عارەبی دڕندەو چڵکاوخۆرو بێڕەوشت و خوێنڕێژو تالانکەر »ن. جا ئەمە لە کوێ و دڵی گەورەو گوشادی بەرەی کوردستانی و سەرکردایەتیی ڕاپەڕینی کوردستان لە کوێ، کە لە ڕۆژانی ئازاد کردنی کەرکووکا پەیتا پەیتا بەیاننامەیان بۆ دەرئەکردن و دڵیان ئەدانەوەو متمانەیان پێ ئەبەخشین کە لە سایەی کوردو ڕاپەڕینی کوردستانا ڕێزیان لێ ئەگیرێ و هیچیان تووش نابێ و با دڵیان هیچ نەکا .

کاک ( س. ئەبوو بەکر ) کە بە نیازی بەدناو کردنی شیعرەکە ، بە « شیعرێکی دوورو درێژی ( شەش لاپەڕەیی !! ) »ی وەسپ ئەکا ، لە لایەکی کەی ( نامە ) کەیا ئاگای لە قسەی دە دوانزە دێڕ لەوە پێشی خۆی نامێنێ و بە هەموو ویژدانی خۆپێشێلکردن و لە قوڕاو هەڵکێشانێکەوە ئەفەرموێ :« نموونەی نۆستاڵژیای کۆسمۆپۆلیتانەو هەلپەرستانە سەر تا سەری ( شیعرەکە ! ) ی داگیر کردووە » . من دیارە لێرەدا ناتوانم بەشی شەش لاپەڕەی ( مامۆستای کورد ) تێکست دووبارە بکەمەوە تا خوێندەواران جارێکی تر بە چاوی خۆیان ببینن چ ( سۆز و شۆر ) ێکی کوردایەتی و نیشتمانپەروەری و ئینساندۆستی و پێشکەوتنخوازی لەو شیعرەدا لێشاو ئەکا . بەڵام ئەگەر کاک ( س ) ڕاست ئەڵێ من کۆسمۆپۆلیت و هەلپەرستم و سۆز و شۆری کۆسمۆپۆلیتی و هەلپەرستی سەرانسەری شیعرەکەمی داگیر کردووە ، ئەوە خۆی لە خۆیا بەسە بۆ ئەوەی میللەت بە خوێندنەوەی شیعرەکەما بمناسێتەوەو بزانێ چ پیاو خراپێکم و هیچ پێویستییەک بەوە نەئەبوو ئەوی بەڕێز سەری خۆی بە داشۆردن و بەدناو کردنیەوە بێشێنێ . تۆ بڵێی گەلی ڕاپەڕینی مارتی ١٩٩١ و ئەم هەموو شان و شکۆ مێژوویی و هۆشیارییە سیاسییەی هەیەتی ، ئەوەندە نەفام و تێنەگەیشتوو بێ نەزانێ پڕی شەش لاپەڕەی ( مامۆستای کورد ) لە شیعری پڕ لە « نۆستالژیای کۆسمۆپۆلیتانە و هەلپەرستانە » چ واتایەک ئەگەیەنێ و نیشانەی ئەوەیە خاوەنی شیعرێکی وا چەند فری بە دڵسۆزییەوە بۆ نەتەوەکەی هەیە .

بەم بۆنەیە حەز ئەکەم لە کاک (س) ی تا ناخی مۆخی ، بە قسەی خۆی ، کورد و کوردپەروەر ، کە بەشی غەیری خۆی و هاوبیرانی لە شەرەفی کوردایەتی نادا ، نەئەبوو ئەو هەستی کوردایەتییەی ئەوەندەی بڕ بکردایە لە جیاتی دوو وشەی بە کورد نامۆی وەک ( نۆستالژیای کۆسمۆپۆلیتانە ) دوو وشەی کوردی و سادەی ڕەسەنی وەک ( سۆز و شۆری بێنیشتمانێتی ) ی لە بریتییان دانایە ، کە ئەگەر بشڵێین وشەی ( کۆزمۆپۆلیتی ) بە هەر شەڕەشەقێ بووە جێی خۆی لە ئەدەبی سیاسیی کوردیدا کردووەتەوە، خۆ تا ئێستاش ٩٠٪ ی کورد نازانن ( نۆستالژیا ) یانێ چی و تەنانەت ئەو خۆیشی بە مەعنای پڕ بە پێستی فەرهەنگیی خۆیی بەکار نەهێناوە ..

لە ڕزی ئەو فەرموودە نابەجێیانەدا کە کاک ( س. ئەبوو بەکر ) بە دەمی منیەوە هەڵبەستوون ، خوا جەزای خێری بداتەوە ، ئەفەرموێ : « هەموو سەربەرزی و شانازیی کوردانەی شاری قارەمان و خۆڕاگری کەرکووک هاتۆتە سەر ئەوەی یەکەمین مەڵبەندی نوێی

چینی کارگەر بووە ( چینی کارگەرێکی بێئاوەڵناوو بێباوک ) و شێخ مارفی بەرزنجەیی و هاورێکانی تێدا کوژراون . شێخ مارف و هاورێکانی لە گەڵ ڕێزی زۆرمدا بۆ یادیان ، لە پێناوی کورد دا نا ، لە پێناوی کۆمۆنیزم و ( یەکێتیی کۆمارە سۆسیالیستەکانی سۆڤیەت !! )دا کوژران ».

دیسانەوە لێرەشدا خوێنەواری ئازیز هەواڵەی پارچە شیعرەکە ئەکەمەوە تا خۆی بڕیار بدا ئاخۆ هەموو شانازیی کوردانەی کەرکوک کە لە شیعرەکەدا باس کراوە هەر ئەو دوو شانازییەیە ، یا ئەو دوو شانازییە تەنها دووانن لە مایە شانازییەکانی شارەکە کە باسم کردوون ؟ ئەنجا بۆچی ئەوە کەمە کە شارێ زێد و بێشکە و مەڵبەندی سەرهەڵدانی چینێکی نیشانەی دوا ڕۆژی وەک چینی کرێکار بێ ، یان کاک ( س ) حەزی لەوە نییەو بە دڵ ئەیەوێ کوردستان هەر لە چەرخی کۆیلەیی و دەرەبەگیدا بژی و ئەگەر دەسەڵاتی بوایە لە داخی کۆمۆنیزم هەرچی کرێکار هەیە سەری بە چەکوشەکەی خۆی پان ئەکردەوەو هەرچی کارگەو مەکینە هەیە هەمووی کاول و وردوخاش ئەکرد ؟ بۆچی ئەوە بە زیاد ئەزانێ بۆ لە گیان بووردووانێکی وەک شێخ مارف و شێخ حوسێن و هاورێکانیان کە لە ڕۆژانی وێرانکردنی هەزاران ماڵە کوردی کەرکووک و بە زیل گواستنەوەی هەزاران خێزانی کوردا لە لایەن فاشیستەکانی ١٩٦٣ وە بۆ سەر سنووری ناوچە ئازاد کراوەکان ، لە زیندانی کەرکووکا کران بە دارا و تەرمەکانیان لەسەر شەقامەکانی کەرکووک هەڵواسینەوە ، بە زیادی ئەزانێ مرۆ یادیان بکاتەوەو ناویان بهێنێتەوە یادو گوێی وەچەی نوێی کوردیان پێ ئاشنا بکاو بەو ڕۆڵە ڕاپەریوانەی میللەتیان بناسێنێ کە بە ڕاپەڕینەکەیان تۆڵەی ئەوان و هەزارانی تری وەک ئەوانیان لە جەللادانی ڕژێمی بەعسی فاشستی سەندەوە ؟ چی لە گیان ئازیزترە مرۆ ببیەخشێ و ببکا بە قوربانی تا شایانی ئەوە بێ ناوی لە ڕیزی ناوی قارەمانی گەورەی گەلدا بهێنرێ ؟ ئەگەر شێخ مارف و هاورێکانی لە ڕاستیدا لە پێناوی کۆمۆنیزما کرابن بە دارا ، ئەوەش هەروا مایەی شانازییانە ، چونکە لەو کاتەشدا هەرکامیان یەکێ ئەبێ لە قوربانییە فرەو فراوانەکانی بیروباوەڕو بەختەوەریی خوێنمژراوان لە مێژووی مرۆڤایەتیدا ، بەڵام ڕاستەکەی ئەوەیە شێخ مارف و ئەوانە بەشێکن لە قوربانییەکانی کێشەی کوردایەتی و ناکوردایەتیی کەرکووک ، هەر وەک بەشێکیشن لە قوربانییەکانی خەباتی هەموو هێزە نیشتمانپەروەرو دیموکراتەکانی عێراق بە کوردو عەرەب و کەمایەتییەکانییەوە بۆ دیموکراسی و بە هیچ جۆرێک ڕەوا نییە کوژرانیان ببەسرێ بە یەکێتیی سۆڤێتەوە مەگەر بە پینەو پەڕۆ و لەو ڕووەوە کە ئەمانە لە دوا لێکۆڵینەوەدا سەربازێکی ئۆردووگای گەلانن لە بەرانبەر ئۆردووگای ئیمپریالیزمدا - نازانم کاک (س) باوەڕی بە بوونی گەلان و ئیمپریالیزم هەیە ، یا ئەمەش بە ئەفسانەیەکی کۆمۆنیزم ئەداتە قەڵەم - و یەکێتی سۆڤێتیش لەو سەردەمەدا لە ڕیزی پێشەوەی ئۆردووگای گەلانەوە ڕیز ئەکرا. ئەگەر مرۆیش بە سیاسەتەوە خەریک بێ و لە ڕیزی ئۆردووگای گەلانا ڕیز نەکرێ ، ئەبێ بە ناچاری لە خانەی ئۆردووگای ئیمپریالیزم و کۆنە پەرستیی جیهانیدا دابنرێ . ئەوەش لە یاد نەکەین کە لەو ڕۆژانەدا شێخ مارف و هاورێکانی تیا کران بە دارا، لەبەر هەرچی بووبێ ، یەکێتیی سۆڤێت یەکەمین داکۆکی لێکەری مافی گەلی کوردی عێراق بوو لە ئاستی هەموو جیهانا. ئەگەر بێینە سەر باری ڕاستی بەستنی مەسەلەی کوژرانی شێخ مارف و هاورێکانی بە یەکێتیی سۆڤێتەوە هەر ئەوەندە ڕاستە کە بشیبەستین بە خەباتی گەلانێکی وەک گەلی گواتیمالاو هیندۆراسەوە ! ئەگینا بەستنی خەباتی کۆمۆنیستانی کورد، وەک کۆمۆنیستانی هەر گەل و وڵاتێ ، بە یەکێتیی سۆڤێت و بەرژەوەندییەکانییەوە ، کە بە شایەتیی هەموو چاودێرو مێژوونووسێکی بە ئینساف و ڕاستگۆ ، لە ڕەشترین ڕۆژەکانی هەر وڵاتێکا هەمیشە لە ڕیزی تێکۆشانی نەتەوەیی و نیشتمانیدا پێشقەرەوڵ و لە هەرە لەخۆ بووردووەکانی نەتەوەو گەل بوون ، بەر لەوەی درۆیەکی زەق و شاخدار بێ ، بە سووک ڕوانینە خەباتی تێکۆشەرانی ئەو گەل و نەتەوانەو ئینکاری ڕاستەقینەی بوونی مەسەلەی بە دادی نەتەوەیی و نیشتمانییە لەو وڵاتانەدا ئەو خەباتانەیان تیا کراوە .

ئەم مەسەلەی ئینکاری ڕەسەنایەتیی خەباتی نەتەوەیی و نیشتمانیی کۆمۆنیستانەو بەستنی نارەوای بە سۆڤێت و بەرژەوەندییەکانییەوە ، مەسەلەیەکە دەمێ ساڵە فاشیست و دیکتاتۆرەکان و ئیمپریالیزم و نۆکەرەکانی کاوێژی ئەکەنەوەو بەڵکوو دەمێ ساڵیشە کۆن بووەو ڕزیوەو لە سەلوێنکی مێژوودا فڕێ دراوە ، وا ئێستا کاک ( س . ئەبوو بەکر ) وەک بڵێی هەنگی لە

کلۆرە دارا دۆزیبێتەوە، وەک سیپاڵی ( لەنگە )ی لە هەندەرانەوە هێنراو ، باری کردووەو ئەیەوێ بیکا بە بەری ئێمەدا . سەد شاڵڵا کەسانێکی وەک ( س ) کە لەم سالانەی دووایدا ڕێیان کەوتووەتە دەرەوەی نیشتمان و بۆیان لواوە هەندێ شت فێربن و هەندێ شتی تریش بخوێننەوە ، شتێکیان بکردایە بە دیاری بۆ گەلەکەیان ببێ بە مایەی پتەوتر بوونی یەکێتیی ڕیزەکانی و شارەزایی پتر لە خەباتیدا بۆ ئازادی و دیموکراسی و یەک پارچەیی ، لە جیاتی ئەوەی هەوڵ بدەن بمانگەڕێننەوە بۆ سالانی پارچەپارچەیی و هەر یەک لە ئاشێ لێکردن و سەرەنجامیش شەڕی چەپەڵی خۆخۆری و براکوژی .. ئیتر ئێستا کاتی ئەوە هاتووە ئازادیی بیروبۆچوون مافێکی بەربلاوی هەموو لایەک بێ و یەکێتیی نیشتمان و گەل ، نەک جیاوازیی بیروباوەڕ ، ئەو سەنگ و ترازووە بێ هەموو لایێ مامەڵەی پێ بکەن. ئەنجا بۆ ئەبێ چینی کرێکارێ لە کەرکووک سەری هەڵدابێ « بێئاوەڵناو و بێباوک » بێ ؟ چینی کرێکارێ لە کەرکووک پەیدا بووبێ و پێگەیشتبێ ، لە شارێکا کە دانیشتووانی با زۆرتریشیان لە یەک نەتەوە بن ، تێکڕایان لە ڕۆڵەی زیاتر لە نەتەوەیەک پێکهاتبن ، نە بێباوکەو نە بێئاوەڵناو . لە هەمان کاتا کە بەشێکە لە چینی کرێکاری عێراق ، وەک یەکەیەکی سیاسی ، پێشڕەوی چینی کرێکاری کوردستانیشە . وەک چینە کرێکارێ ، لە کرێکارانی هەر لایەکی تری کوردستان زووتر هاتووەتە ڕوو و پێوەندی لە هەموویان بە پیشەسازیی نوێ و بە چەوساندنەوەی توندو تیژی سەرمایەدارییەوە زیاترەو لە هەمووشیان زیاتر لە خەباتی چینایەتی و برایەتیی چینایەتیدا قاڵ بووە . چینی کرێکاری نەوتی کەرکووک ڕۆڵەی سەرهەڵدانی نوێترین شێوەی هێنانە بەرهەمی کۆمەلایەتییە چ لە ئاستی کوردستان و چ لە ئاستی هەموو عێراقاو ئاوەڵناوی ڕاستەقینەشی ئەوەیە کە چینە کرێکارێکە دڵ و بڕبڕەپشتەکەی کرێکاری کوردەو پەلوپۆکانی فرەنەتەوەو نموونەی برایەتیی نیشتمانی و چینایەتیی دژ بە ئیمپریالیزم و خوێنمژین و کۆنەپەرستیی کرێکارانی کوردو تورکمان و ئاسووری و عەرەب و نیشانەی گەشی یەک پارچەیی‌ی سەرانسەری گەلی کوردستانە بە کورد و کەمایەتییەکانییەوە.

کاک ( س . ئەبوو بەکر ) لە بارەی هەولێریشەوە هەر وا داومیەتیە بەر شالاوی هێرشی ناهەقی خۆی و بە « نارەوایی و نمەک بەحەرامی » ی تاوانبار کردووم و بەشی هەرە زۆری ڕشانەوەکەی بە سەروڕووی جەمال حەیدەری و نافیع یۆنسی قارەمان و شەهیدی کوودەتای شوباتی ١٩٦٣دا ڕشتووەو بە هەموو بێئەدەبی و کۆنەپەرستی و کینە لە دڵ و دەروونی‌یێکەوە پێیان ئەڵێ : « جووتێ شیووعیی نارەسەن و دژ بە کوردایەتی » و بە « جووتێ بە کرێ گیراوی ڕووسیا و بورژوای داگیرکەری عەرەب – عەجایەب وتوویە : « بورژووای داگیرکەری عەرەب » و هەر نەیوتووە « عەرەب » ! تۆ بلێی زمانی نەسووتابێ کە وای وتووە ؟! – جووتێ جلخواری پشت لە کوردو ڕوو لە مۆسکۆ » یان ناو ئەباو جا ئەفەرموێ : « ئەم زاتانە خێروبێریان بۆ کورد چی بووە ؟ » . ئەمجا دوایی‌ی قسەکانی بەم شەکرشکاندنە دێنێ کە ئەڵێ : « ئەمڕۆ کەس هەر نازانێ جەمال حەیدەری و نافیع کێ بوون . ڕەنگە خەڵک هەر وا بزانن ئەمە ناوی دوو قومسێری پۆلیســـخانەی تەیراوای جارانە ».

کاک ( س ) گیان ! بەر لە هەرچی ، ئەگەر ئاستی وەبیر هاتنەوەی گەلێک بگاتە ڕادەیەک قارەمانانی مێژووی هەرلایەنێکی خەباتی نیشتمانیی خۆی نەناسێتەوە ، ئەوە مەگەر لای کەسانێکی بێبنەچەو ڕەچەڵەک و لە مێژووی گەل دابڕاو ، ئەگینا ئەبێ دیاردەیێک بێ نیشانەی پاشکەوتوویی و بەدبەختی و کلۆڵی و مایەی خەم و پەژارەو دڵگرانیی هەموو هۆشیارانی دڵسۆزی ئەو گەلە بێ . گەلی کوردیش بە شایەتیی ئەو بارودۆخە سیاسییەی تیا ئەژی و ئەو پایەی پێشەنگانی بزووتنەوە سیاسییەکانی لە زەمینەی دڵ و دەروونی جەماوەری کوردا هەیانە ، بە هیچ جۆرێ لەو ئاستەدا نییەو لەبەر ئەوە ئەو ئاواتەی تۆ لە بارەی جەمال حەیدەری و نافیع یۆنس و هەموو شەهیدانی کۆمۆنیستی کوردستانەوە لە دڵتا پەروەردەی ئەکەی ، ئاواتێکە نەزۆک و سەرەنجام بە هەناسە ساردی و نا هومێدی لەگەڵ خۆتیا ئەبەیتە گۆڕی تەنگ و تارو لەگەڵ بیرو مێشکتا ئەبێ بە خۆراکی کرم ومار !.

ئەنجا با لە وەلامی پرسیارەکەتا کە فەرمووتە : « ئەم زاتانە خێروبێریان بۆ کورد چی بووە ؟ » عەرزت بکەم : جەمال حەیدەری و نافیع یۆنس دووان لە پێشەنگە پێشینەکانی بزووتنەوەی ئازادی بەخشی کوردن لە عێراقا . لە سالانی پاش بڕانەوەی جەنگی دووەمی جیهانەوە لە پێشقەرەوڵانی خەباتی کۆڵنەدەرانەی

میللەتی کوردو تێکڕای گەلی عێراق بوون . ساڵانی دوورو درێژیشیان لە زیندانی سەردەمی پاشایەتیدا بەسەر بردووە .

ناوی کاک عاسمی برای جەمال بە باسی یەکەمین ئاهەنگی نەورۆزی ساڵانی چلی هەولێرەوە بەندە . داڕشتنی درووشمی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان لە کۆنفرانسی دووەمی ساڵی ١٩٥٦ی حیزبی شیووعیی عێراقدا، لە هەرکەسێ زیاتر ، بە ناوی جەمال حەیدەرییەوە پێوەندە . هەر وا داکۆکیی گەرم و گوڕ لە گەلی کورد لە ساڵانی هێرشی ڕژێمی قاسمدا بۆ سەر کوردستان و گرتنەبەری سیاسەتێکی چالاکانەی نوێ بۆ بەرەوڕووبوونەوەی زەبروزەنگی دکتاتۆری لە کوردستانا لە ساڵی ١٩٦٢ دوە هەر وا بە ناوی جەمال حەیدەرییەوە نووسراوە . نافیع یۆنسیش کە لە نیوەی دووەمی ساڵانی چلەوە ، شان بە شانی جەمال حەیدەری و گەلێ تێکۆشەری تر کە پاشان هاتنە ڕیزی حیزبی شیوعییەوە – هاتۆتە کۆڕی خەباتی کوردایەتی و نیشتمانییەوو لە ١٩٤٩ وە تا ساڵی ١٩٥٨ی لە زیندان و دوورخستنەوەدا بردۆتە سەر ، پاش ئازادبوونی بە چەند مانگێک ڕۆژنامەی ( ئازادی ) ی دەرکردووە کە دەورێکی باڵای لە داکۆکی و بەرگریی لە بەرژەوەندییەکانی جەماوەری کوردستانا دیوە . لەبەر ئەم هۆیانەو گەلێ هۆی تر ، خەڵکی هەولێر و نیشتمانپەروەرانی کوردستان و عێراق و هەموو ئەوانەی شارەزای مێژووی سیاسیی کوردستان و عێراقن زۆر چاک ئەم دوو تێکۆشەرە ئەناسن کە مایەی شانازیی زۆری شارە هۆلاکۆبەزێنەکەیانن و تەنانەت کاک ( س )یش وەک کینە لە دڵێکی دژی کۆمۆنیزم زۆر چاکیان ئەناسێ ، بۆیە وا گەزارەیان لێ ئەکێشێ و بێحورمەتانە ناویان ئەهێنێ .. کاک ( س ) لە دوا دێرەکانی نامەکەیا وا دائەنێ کە گوایە من ئەم شیعرەم بۆ « پاکانە » لە تاوانی ڕابردووم داناوەو داوا ئەکا کەس باوەڕ بە من و وەک منەکان نەکاو خۆم و گشت هاوڕێیانی کاروبیرم « وەک تاوانبارانی نازیستی هیتلەری حیسابمان بۆ بکرێ » کە بە فەرموودەی ئەو « خزمەتی سۆڤێت و دەزگای جاسوسیی ( کەی . گێ . بێ . )مان کردووە » کە ئەو ناوی ئەنێ ( کۆمۆنیزم ) واتا هەموو کۆمۆنیستێ خزمەتکاری ئەو دەزگایەیەو ئەڵێ نابێ « لە ناو ڕیزی کوردایەتیدا داڵدەمان بدرێ » و دوا گوڵاڵەی بۆنخۆشی

قسەکانیشی ئەوەیە کە ئەفەرموێ : « شایەنی ئەو سەربەرزییە نین کە کورد بن » ! ..
بەر لە هەرچی نە من و نە ئەوانەی وەک منن ، بە درێژایی ژیانی سیاسیمان وەک کەسانێکی نیشتمانپەروەر ، تاوانێکمان بەرانبەر گەلەکەمان نەکردووە تا پاکانەی لێ بکەین و لە سەرەتای هۆشیاریی سیاسیمانەوە لە قوربانی بۆ دان و خزمەت کردنی لە سنووری تووان و تێگەیشتنمانا ، کەمترمان بە خۆمانەوە نەدیوەو ئەگەر قسوورێکمان لەم مەیدانەدا بێ ، بەرلەوەی پێویستمان بەوە بێ کەس بیداتەوە بە ڕوومانا ، خۆمان هەر کە هەستمان پێی کرد لێی پاشگەز ئەبینەوەو داوای لێبووردنی لە دڵی گەورەو گوشادی گەلەکەمان بۆ ئەخوازین ، چونکە ئێمە ژیانی خۆمانمان بۆ خزمەتی ئەو تەرخان کردووە ، ئیتر بۆ ئەبێ کەم و کوورێتیی خۆمانی لێ بشارینەوە ؟ ئەمجا ئەگەر ئەم شیعرانەی من بۆ « پاکانە » نووسراون ، ئەم هەموو بە قسەی تۆ « تاوان » ە چی بوو لە مێژووی ئێمەتدا دەستنیشان کردبوو و ئەم گشتە شاڵاوەت بەرانبەری بردە سەر من و کۆمۆنیزم و کۆمەڵێ لە شەهیدانی حیزبی شیووعیی عێراقی ؟ بۆچی نەتتوانی هیچی لێ دەرخەی ؟ ئەمە ئەگەر لە چوارچێوەی نیشتمانیدا قسە ئەکەی . خۆ ئەگەر مەبەستیشت لە « تاوان » تاوانە بەرانبەر بە ئیمپریالیزم و فاشیزم و کۆنەپەرستی ناوخۆ ، ئەوە پێویست بە بانگەشەو هێرشی تۆ نییە . ئێمەمانان خۆمان هەر لەو ڕۆژەوە کە پێمان ناوەتە ئەودیوی دەرگای نیشتمانپەروەرییەوە و چووینەتە ناو کۆڕی تێکۆشەرانی ڕێگای ئاشتی و ئازادی و دیموکراسی و سۆشیالیزمەوە ، پڕ بەدەم بانگەوازی « تاوانباری » ی خۆمانمان بەرانبەر بە هەموو نوێنەرانی جیهانی کۆن ، جیهانی جەوری نیشتمانی و ستەمی نەتەوەیی ، جیهانی سەرکوت کردنی بیروباوەڕو کپکردنەوەی دەنگی ئازادیخوازی ، جیهانی خوێنمژین و چەوساندنەوەی مرۆ لەلایەن مرۆی برایەوە ، بە هەموو دەوروبەری خۆمانا ڕاگەیاندووە و لە کەسمان نەشاردووەتەوەو ، پێویست بەوە نەماوە کەسانێکی وەک تۆ خۆتان بکەن بە دادخوای گشتیی جیهانی کۆن و بەڵگە لەسەر « تاوانباریمان » بهێننەوە. ئەوەی لەم قسانەی تۆدا مایەی داخ و نیگەرانیی دڵە تەنها ئەوەتە لەبەر ئەوەی ئەمرۆ نازییەت و فاشییەتی کۆن گۆڕ کراوەو فڕێ دراوەتە سەرەنوێلەکەی مێژووەو،

جیهان هەمووی – چ ئەوەی بە ڕاستییەتی ، چ ئەوەی ئەیەوێ پاکانە بۆخۆی بکا – هەموو نەفرینی ئەکەن ، تۆش بۆ ئەوەی گەلاتووی سەر شوورەییت نەکەوێتە خوارو عەورەتت نەکەوێتە ڕوو ، خۆت لە پەنای درووشمی درۆزنانەی خۆ بە دوژمنی نازی و فاشی دانانا حەشار ئەدەیت و دەستە چەورەکەی خۆت بەسەر ئێمەدا ئەسوی و داوای داوەری کردنمان وەک تاوانبارانی هیتلەری ئەکەیت و ئەتەوێ ئەو شەرەفی کوردایەتییەی بە زمان بە کوردی پژانی باوک و باپیران و بە یەکەم جار لەسەر خاکی پاکی کوردستان لە کۆشی دایک کەوتنە خوارەوە وەرمانگرتووەو بە خوێن و خەباتی هەزاران ڕۆڵەی دڵسۆزمان لە پێناوی کوردو کوردستاندا مۆرمان کردووە ، بە ناهەق لێمان زەوت بکەیت . ئەمە بە ڕاستی مایەی خەم و پەژارەیە تۆیەکی سەر بە جیهانی پێشێلکردنی ئازادیی بیروبۆچوون کە بە کردەوە لە گەڵ جێگرانی سەردەمی نازیی گۆڕ بە گۆڕ لە یەک سەرچاوە ئاو ئەخۆنەوە ، لە ژێرپەردەی دژایەتیی نازی و فاشیی دوژمنی خوێنەخۆرەی ئازادیی بیروباوەڕا بە گژی ئێمەدا بچیت .

ئێمە هەر بۆ ئەوەی چاکترو لە ڕێگەی ڕیشەییترو بەر بلاوترەوە خزمەتی گەلەکەمان و نیشتمانەکەمان بکەین ، بووین بە کۆمۆنیست و لە پێناویاندا بە دەیان و سەدان و هەزارانمان ئازار و سزاو زیندان و کوێرەوەری و ئاوارەییەیان چێشتووەو ئەچێژن و شەربەتی مەرگیان نۆشیوەو ئەنۆشن و دۆستی هەر لایەک و دوژمنی هەر لایەک بووبین تەنها بۆ سوودی گەلەکەمان و ولاتەکەمان بووەو ئەگەر لە شتێکیشا بە هەڵە چووبین ، هەر ئەوانە بە هەڵە ناچن کە پاڵیان بۆ خۆیان لێداوەتەوەو هیچ ناکەن . ئێمە لە خەباتی سەخت و دوورودرێژمانا ئەگەر بە سەنگ و ترازووی حیسابی کەم خایەن بە مراز نەگەیشتبین ، لە هەموو دەسکەوت و پێشکەوتێکا گەلەکەمان وە دەستی هێنابێ بەشداری سەرەکین . هەر ڕژێمێکی حوکمڕان لە ولاتەکەمانا ناچار بووبێ مل بۆ هەر خواستێکی گەل کەچ کا ، بەشێکی ئەو ناچاری مل کەچ کردن بوونەی ئەگەڕێتەوە بۆ ئەو خەباتەی جەماوەر لە ژێر ڕابەری و چاودێری و بە کاریگەریی بیروبۆچوونی ئێمە کردوویەتی. ئێمە بووین بەر لە هەر کەس بیری دادی کۆمەڵایەتیمان هێنایە ناو مێشکی جەماوەرەوە .. ئێمە بووین بەر لە هەر کەس پەردەمان لە ڕووی دزێوی دەرەبەگی و سەرمایەداری و شۆڤێنییەت و ڕەگەزپەرستی هەڵماڵی .. ئێمە بووین بەر لە هەر کەس خەڵکمان فێری ئەوە کرد دۆست و دوژمنی ڕاستەقینەی خۆیان بناسن و بە دەمامکی ساختە هەڵنەخەڵەتێن .. ئێمە بووین بەر لە هەر کەس لە ڕیزی پێشەوەی جەماوەرەوە ڕۆیشتین و لە ڕووی شەڕی نەتەوە بە گژی نەتەوەدا کردن و خێڵ بە گژی خێڵا کردن و ئایین بە گژی ئایینا کردن و دەوڵەت بە گژی دەوڵەتا کردن وەستاین .. ئەمڕۆش کە کوردستانی عێراق هەنگاوی گەورەی بەرەو ئازادی ناوەو بەرەیەکی تێکۆشەری کوردستانی هەیە ڕێبەری و ڕێنموونیی خەباتی جەماوەر ئەکاو حیزبە سیاسییەکانی کوردستان ، چ ئەوانەی لە ناو بەرەدان و چ ئەوانەی لە دەرەوەی بەرەن ، دەستیان لە ناو دەستی یەکایەو بۆ ئازادیی کوردستان و بەختەوەریی کورد تێئەکۆشن و پەرلەمانێکی هەڵبژاردەی کوردستان هەیە بە ناوی گەلی کوردەوە بڕیار ئەداو حوکوومەتێکی کوردستانی هەیە کاروباری کوردستان بەڕێوە ئەباو فیدرالی بووە بە ئامانج و درووشمی ئەمڕۆی گەلی کوردی عێراق ، ئێمە خۆمان لە پلەیەکی بەرزی بەختەوەریدا ئەبینین و لامان وایە ئەو گشتە دەسکەوتە پاداشی بەجێی گیان بەختکردنی هەموو شەهیدانی گەلی کوردە، کە شەهیدانی ئێمەیش لایەکی گەورەی گۆڕستانەکەیانیان پڕ کردۆتەوە. ئێمە هەموو ئەمە بە سەرکەوتنی بیروباوەڕی خۆیشمان و قوربانیدانی گشت شۆڕشگێڕانی کوردو پارتییە کوردستانییەکان و هەموو جەماوەری کوردستان و لە ناو ئەوانیشا شەهیدانی حیزبەکەمان و دۆستانی حیزبەکەمان ئەزانین . جا ئەگەر کاک ( س ) و سینەکانی تر چاویان هەڵنەیێ و بەرایی نەدا ئەوە ببینن کە لەگەڵ ئەو هەڵەنگووتنە گەورەیەشدا کە کۆمۆنیزم لە ئەنجامی لە بیروباوەڕ لادان و پشت گوێخستنی قانوونە مەوزووعییەکانی ژیان ، لە لایەن زۆر لە بە ناو ئالا هەڵگرەکانییەوە ، لە زۆر لای جیهانا تووشی هاتووە ، هەر واش لە هەموو لایەکی جیهانا ، وەک فەلسەفەیەکی زیندووی لەسەر بنەمای زانست بنیات نراو ، هەر جێی باوەڕو متمانەو ڕێگا پێشاندەری خەباتی ملیۆنەها تێکۆشەری دڵگەرم و دڵسۆز و لە خۆبووردووە و لە کوردستانی عێراقی ئێمەشا کۆمۆنیستەکان و لایەنگرەکانیان ، شان بە شانی هاوڕێکانی خەباتیان لە بەرەی کوردستانیدا بۆ

چەسپاندنی ئازادی و دیموکراسیی کوردستان و بۆ لە
چاڵ نانی فاشیزم لە عێراقا ئەجەنگن .. ئەڵێم ئەگەر
کاک ( س ) و کەسانی وەک ئەو چاویان بەرایی نەدا
ئەوە ببینن و جاڕی جەنگێکی ناجوامێرانەیان بە چەکی
درۆو دەلەسەوە لە دژی کۆمۆنیزم و کۆمۆنیستانی
کوردستان دابێ ، ئەوە لای ئێمە نابێ بە مایەی هیچ
سەر لێ تێکچوون و خۆ گرژ کردنێ . ئەم جۆرە کەسانە
یەکەم کەس نین هاتبنە سەر ڕێمان و ویستبێتیان بە
هاشەو هووشە سەر لە خۆمان تێک بدەن و سەری
خەڵکیشمان لێ چەواشە بکەن . ئەم جۆرە کەسانەو ئەم
چەشنە هەڵوێستانە هەر بوون و هەن و بە درێژاییی
ماوەی خەباتیش هەر ئەمێنن..
ئەوەی ئێمە ئەمانەوێ لەم بارەوە جەماوەری لێ وە ئاگا
بێنین ئەوەیە ئەم جۆرە پیاوە وەیشوومەو سەر بە
گۆبەندانە ، ئەگەر خوا نەکەردە ڕۆژێ لە ڕۆژان
گۆشەیەکی کاروباری کوردستانیان بکەوێتە دەست ،
هەڵوێستیان ، لە سنووری تووان و دەسەڵاتی خۆیانا ،
نموونەیەک ئەبێ لەوەی هیتلەری نازی و مۆسۆلینیی
فاشی و سەددامی عێراق و خومەینیی ئێران و
پینۆشێتی شیلی و پۆلپۆتی کەمپۆچیاو
ڕەگەزپەرستەکانی ئەفریقای باشوور وەک یادگارێکی
تاڵ و سوێر بۆ مرۆڤایەتییان بە جێ هێشتووە ..
دوا وشەیش کە ئەم وەڵامنامەیەی پێ ئەبڕمەوە ئەوەیە تا
ئێمە لە خۆشی و ناخۆشیدا لەگەڵ میللەتەکەمان بین
وەک هەمیشە بووین و تا سوودو قازانجی جەماوەری
کوردو خاکی کوردستان ئیلهامبەخشی بیرو کردەوەمان
بێ ، وەک هەمیشە بووە ، هێزێکی وا لە ڕووی زەویدا
نابێ بتوانێ شەرەفی چوونەوە سەر ئەم گەلە مەزنەمان
لێ داماڵێ کە ئێستا کاک ( س ) وەک هەر کۆلکە
فاشستێکی بوودەڵە داوا ئەکا لێمان داماڵرێ و تا ئەو
شەرەفەشمان هەبێ لەگەڵ هەموو نیشتمانپەروەرانی
گەلەکەمانا خاوەنی گەل و نیشتمانی خۆمانین
وپێویستیمان بەوە نییە هیچ کەسێ لە هیچ کوێ
خۆیمان بۆ بکا بە دالدەو پەناو با ئەویش لەوە دڵنیا بێ
کە سەری دای لە سەنگ ..

# دیوانی
# شێخ ڕەزای تاڵەبانی

## سلێمانی

له بیرم دێ سلێمانی که دارولمولکی بابان بوو
نه مەحکوومی عەجەم ، نه سوخرەکێشی ئالی عوسمان بوو
لەبەر قاپیی سەرا صەفیان دەبەست شێخ و مەلاو زاهید
مەطافی کەعبە بۆ ئەربابی حاجەت ، گردی سەیوان بوو
لەبەر طابووری عەسکەر ڕێ نەبوو بۆ مەجلیسی پاشا
صەدای مۆزیقەوو نەققارە تا ئەیوانی کەیوان بوو
درێغ بۆ ئەو زەمانە ، ئەو دەمە ، ئەو عەصرە ، ئەو ڕۆژە
که مەیدانی جریدبازی له دەوری کانیئاسکان بوو .
بە زەربی حەملەیێ بەغدایی تەسخیر کردو تێی هەڵدا
سلێمانی زەمان ، ڕاستت ئەوێ ، باوکی سلێمان بوو .
عەرەب ئینکاری فەضلی ئێوە ناکەم ، ئەفضەلن ، ئەمما
صەلاحوددین ، کە دونیای گرت ، لە زومرەی کوردی بابان بوو
قوبووری پڕ لە نووری ئالی بابان پڕ لە ڕەحمەت بێ
کە بارانی کەفی ئیحسانیان وەک هەوری نیسان بوو .
کە عەبدوڵڵا پاشا لەشکری والیی سنەی شڕ کرد
( ڕەزا ) ئەو وەختە عومری پێنج و شەش تفڵی دەبستان بوو .

* * *

من دەزانم کێ لە خشتەی بردووی ئەمما چ سوود
سەییدە ، سەیید قسەی سووکی دەبێ دەرحەق نەکەم
پێی بڵێ با مونتەبیهـ بێ ، تۆیش گەن و گوو بەس بخۆ
با سلێمانی بە جارێ کافری موطڵەق نەکەم

* * *

نە وەکوو شاری سولەیمانییە ، کۆیە ، بە کەرەم
نە وەکوو طاووق و کەرکووکە ، نە وەک هەولێرە

* * *

حیزێ کە ئەگەر قسە ببەستێ بە ( ڕەزا ) وە
بێشک بە حەڵاڵی لە کوزی دایکی نەزاوە
بێ حیکمەت و بێ قیمەت و بێ جێ نییە شیعری
عومری لەهەوەڵ تا وە ئاخر تێدا ڕزاوە
شوکری گەن و گوو خۆری سلێمانییە ئەم،
هەرچەندە کە ئەمدی، وەکوو لۆتی دەگەڕاوە.
* * *

ڕقی هەستا سنەیی دێ لە سولەیمانی ئەدا
ئافەرین ئەهلی سنە ، ئەم ڕقەتان هەر لە کنە
* * *

هەر مەتاعێ کە طەڵەب کەی لە سلێمانیدا
هەیە ، ئیللا کوزی بیکرو کوونی ناموستەعمەل
* * *

سلێمانی هەتانە ، ناوی نابەم ، وەک کوونی بێچوو
وەکوو دانێی لەسەر بەرگی شەقایق جێ سمی ئاهوو
* * *

موسوڵمانان، موسوڵمانان، موسوڵمانی ، موسوڵمانی ،
هەتیوێکم ئەوێ خەڵکی سلێمانی ، سلێمانی .
* * *

مەربووطە حەیاتم بە سولەیمانی و خاکی
خۆزگەم بە سەگی قاپییەکەی ئەحمەدی کاکی

جرید بازی : جلیت بازی : گەمەی جلیت
جلیت : جریت : جرید : سووکەڵە دارێک کە سواران لە مەیداندا بە یەکتریاندا دەدا .
حەملە : هەڵمەت : هێرش .
تەسخیر کردن : گرتن ، داگیر کردن .
قوبوور : کۆی قەبر ، گۆڕ ، گڵکۆ ، دەخمە ،
کەف : ناو لەپ .
تفڵ : طفل ( ع ) : منداڵ
مونتەبیهـ : وریا ، ئاگادار .
مەتاع : خۆشی ، ڕابواردن = کاڵا ، شمەک
موستەعمەل : بەکارهێنراو ( ناموستەعمەل بەکار نەهێنراو).
شقایق : ( شقائق ) : کۆی شەقیقە : گوڵ ، گوڵاڵە
ئاهوو : ئاسک .

# ڕاکردن و گەڕانەوە

یادێکی گەرم لە هونەرمەند مووساگەرمیانی و شێوەنێکی ئەمەگ ناسانەم بۆ قەڵەمە بەتوانا و جوانەمەرگەکەی .

کوردان کەریم مەحموود

هەموویان بۆ ڕاکردن و جێ هێشتنی گوندەکەیان بە پەلە بوون . دڵەتەپەی ترس لە دەروونیاندا ، وەک پردەباز، ڕێی پەڕینەوەی بۆ هەزاران خەیاڵی ناخۆش ، خۆش دەکرد و هانی دەدان بە پەلە پێ هەڵێننەوە و خۆ بەچەمدا دەن . پەڕینەوە لە چەم ، دەرچوونێکی گەورە بوو لەحەوت خانی خەتەر بۆیان . لەوبەری چەمیش ، چڕولێڕ و لێژ و هەڵەمووتەکانی چیا ، وەک داڵدە و پەناگەی پڕ لە دڵنیایی هەمێزی بۆ کردبوونەوە و بانگی دەکردن .

جەفەنگ نەبوو ؛ کتێبی ڕاستەکی و ڕاستەقینەی ژیان بوو لە بەردەمیان ، مان و نەمان بوو. ئەم بەری چەم و ئەوبەرەکەی ، دوو ڕووی لاپەڕەی چارەنووسێک بوو کە ئەم بەرە تێدا چوون بوو و ئەو بەرەکەی تری دەرچوون . دەبوو بەرێکی هەڵبژێرن ؛ یان بمێننەوە و بکەونە بەر هێرشی ڕەش ، یان ڕاکەن و ڕوو بکەنە چۆڵ و هەردان . هێرشی ئەمجارەکە هێرشێک نەبوو کە نەکرێ لێی نەترسن ، هێرشێکی بەرین و هەمەلایەنی بوو . دەیان چەشنە وەچە و بەچکە و توخم و تۆوی جۆر بە جۆریان لە ژوور و دەرەوە بۆ بانگ کرابوو و لێیان دەنگ درابوو. دەیان سەرداری شەڕکەری شۆڕشگێریش گیانبازانە تێکەڵی قوات خاسە کرابوون و بۆ ئاوەدان کردنەوەی لمزارە گەرمەکانی زۆر دوورەدەستان ، ڕێی کوێستانیان خرابوویە بەر ؛ هێرشێکی قورس رووی لە کوێستان کردبوو . لەهێرشی ئەمجارەکەدا گەلێک تاکتیکی عەسکەری و زۆر فەند و فێڵی نیزامی لەچەک و چۆڵ بەسترابوون و بەرەو شار و گوندەکان دەهاتن . شار و گوندەکانیش چۆڵ دەکران و خەڵک بە تێکڕا ڕایان دەکرد . ڕاکردن هەموو شتێک بوو بۆیان ؛ دەربردنی ماڵ و منداڵ بوو ، ڕاگرتنی ژین و ژیان بوو ، مانەوەی هیواو هومێد بوو . سەرووتر لەهەمووی ئەمانە، پاراستنی حەیا و شەرەف و نامووس بوو. گەر ئەویان لە دەست چووبایە، ئیتر ژین و ژیانەکەیان نەیدەهێنا بیبەن بە ڕێدا و گران دەبوو بەشانیانەوە .

دوو ڕۆژ بوو لەدوورەوە شەڕ دەستی پێ کردبوو . پێش ئەم دوو ڕۆژە ، پێشمەرگە لەمەڵبەندێکی بچووکدا سەرگەرمی شەڕێکی چەور و نەرم کرابوو ؛ چەند داشێکیان پێ درابوو و پاشەکشەیەکیشیان بۆ کردبوون . بەڵام لەدوو لایانەوە هێرشێکی خزۆکی کوتوپڕی بێ تەقەیشیان بە دوو لاشانیاندا هەڵکێشابوون و، مەڵبەندێکی پان و بەرینیان خستبوویە نێوان دووباسکی ئاسنینی مەقاشی نیزامییەوە . ئینجا لە هەر دوو باسکەکانەوە ، لە هەرد و حەواوە ، شەڕی بێ دەرفەت و بێ ئامانیان بەسەر گوند و شاردا کێشابوو و بەرەو پێش هاتبوون و دەهاتن .

دوو ڕۆژ بوو دوورەدەنگی هەمە چەشنە تەقینەوە بە دڵی چیاکەی ڕوو بە دێیەکەیاندا دەگەڕا و گوندەکەیانی ڕادەژاند . لەهەموو دەنگەکانیش بەسامتر بۆیان ، شریخە و ناڵەی فڕۆکەی شەڕکەر بوو. دەنگ بە دوای دەنگدا دەهات و یەک دەم سرەوت و ئارامیان نەبوو .

دوو ڕۆژ بوو چاولەڕێی بیستنی خەبەرێکی خۆشی ئاسمانی ، چاوەڕوانی تەتەری پێشمەرگە بوون کە بێ و هەواڵی سەرکەوتنیان بۆ بێنێ . دوو ڕۆژ بوو دوو دڵ و دڵ پڕی خورپە ، لە دێدا خۆیان ڕاگرتبوو ؛ دڵیان نەدەهات گوندەکەیان چۆڵ کەن و پەنا بۆ چیا بەرن . بەڵام نێوانی شەو و ڕۆژانی هەرئەو ڕۆژە ، هەواڵی تاڵی تێکشانیان پێگەیشت و جێیان لەدێدا پێ لێژ بوو . گوندەکەیان بە سەرپشت و داوێنی گردەوە جێ هێشت و

ڕۆیشتن . خۆیان ، ئاژەڵ و پاتاڵەکانیان و هەرچی کە هەیانبوو ، بە دەشتایی‌ی نێوان دێ و چەمی خوارمالاندا  هاتنە خوار و ڕوویان لە چەم کرد . هەناسە توند و پەسا پەساکانیان تێکەڵی یەک کرد . خۆ بە خۆ و ڕێک نەخراو ، دەست و مست و پێی هەڵاتنیان بە یەک دا.  ماڵ و سامان دەربردن ، گا و گۆل دەرکردن و پیر و پەک کەوتە هەڵگرتنیان پێکەوە دەس پێکرد . زارۆک و منداڵەکانیشیان تێکەڵی یەک کرد و هەر ئافرەتەی کۆشێکی منداڵ بەرەو چەم دەبرد . خۆیان و ئاژەڵ و پاتاڵەکانیان و هەر ژینەوەرێکی کە لەدێدا بوو، هەر هەموویان بەرەو چەم دەچوون ؛ ئەوبەری چەم هەموو شتێک بوو بۆیان . ــ ئەرێ ئاژەڵ و پاتاڵ لەم چرپان چرپانە ترسیان ڕێ نیشتبوو کە ڕەویبوونەوە و بەرەو چەم ڕایان دەکرد؟ یان ڕەگەکرداری هەستیان ، هەستی ترسی بە دڵدا کێشابوون و ڕایان دەکرد؟ــ ئەمە نادیار بوو ، بەڵام ئاژەڵ و پاتاڵ ڕایان دەکرد و بەم ڕەوین و ڕاکردنە ، باوی هەنگاوی ئادەمیزادیشیان تین پێ دەدا . هەڕەمە و هەڵپە هەموو لایەکی گرتبۆوە . ورد و درشت ، پیر و جوان ، پڕفام و نەفام ، هەموو هەستیان دەکرد کە دایکی زەمان ئاوسی بەسەرهاتێکی قورس و گرانە و هەرەس لە ڕێدایە و دەبێ ڕابکەن و ڕایان دەکرد . ئەم ڕاکردنە  هەر بە بەژنی ئەم تاکە گوندە نەبڕابوو . هەموو گوندەکانی ئەم مەڵبەندە ڕوو بە چیا هەڵدەهاتن . چیاکانی ئەوبەری چەم داڵدە و هومێدی گشتیان بوو . سەر و سیمای ئافرەتەکان ڕەنگێکی زەردی ئاماڵ زەعفەرانیی لێ نیشتبوو ؛ منداڵەکانیشیان تەمی ترس و خەمی جێ هێشتنی گوندیان لەڕوو نیشتبوو. پیاوەکان لەدوو لایانەوە ، دووبەری گوندیان گرتبوو و کاروانی دوور و درێژی ماڵ و منداڵ و ئاژەڵ و پاتاڵیان بەچاو بەڕێ دەکرد . کوڕە گەنجەکانیشیان چەک بەشانانەوە ، لە بواری چەمەکە دا وەک دوو ڕیزە چناری پنج داکوتاوی لەمێژینەی دوو بەری جادە ، لە چۆمدا چەقیبوون و ئەم کاروانە بەلەنگازەیان لە بوار دەپەڕاندەوە . بواری چەم لە ژێر پێ و پەلی ڕێبوارانی بە پەلەدا شڵقەی دەهات و دەشڵەژا . لیتە و لمێکی ڕەنگ خەنەیی بە ژێر پێیاندا دەهات و بەرەو خوڕێنکی خواروو دادەکشا . وردە ماسیی برسی ، بۆ خۆ تێرکردن و ملو مۆ ، لەخوار بەرەو سەر دەهاتن .
هەموویان پەلەیان بوو ، بەڵام کەس نەبوو بەپێی خۆی و بە پێی توانای خۆی بە ڕێدا بڕوا. لە پشتەوە ، لە لاشانەوەو لە هەرچوار کەنارانەوە پاڵ دەهات و پاڵی پێوە دەنان و بەرەو چەمی دەخزاندن .
کاتژمێری نۆی بەیانی بوو کە ئاخر پیاوی دێ ، بواری چەمی بڕی و گوندە خنجیلانەکەیان بە نابەدڵی بۆ دوژمن جێ هێشت و بە یەکەمین شیو و دۆڵی ئەوبەری چەمدا هەڵکشان .
کوێستان ، ئەم مەڵبەندە پان و بەرینەی لە باوەش گرتووە وگوڵمێخی هەزاران لک و لزگە کێوی لە دڵی مەڵبەند داکوتاوە . یەک گەوە و دە ترۆپک و سەد ڕژدەقەد و هەزار یاڵ نییە کە بنەی بێ . هەڵدێرگەکانیان حەستەمن . ئاودرگەکانیان پڕی تاشەبەرد و تیژە بەردن . کەمەرە و داوێنەکانیشیان دارو دەوەن و کورتەڵەدار گرتوونی و ڕێی ڕۆیشتن و پێداهەڵچوونیان سەخت و دژوارە . لێرەوە ، زیندەوەر و خەڵک بەپێی خۆیان و بەپێی توانای خۆیان پێدا هەڵدەچن . ڕەتاندن و پاڵەپەستۆ لێرە ، کز و کەمەر شکاوە . هەر بەس ڕێچکە باریکەکانن کە بە پێچ وخەم لەچیا هالاون  وجلەوکێشی کاروانن . ئیتر لێرەوە ، پیرو پەک کەوتە و زارۆک و منداڵی کاروان کەوتنە سەرپشتی بارەبەران ، ژن و ژاڵ کەوتنە پێش ، پیاوەکان دوا بەدوای ژناندا و ، هەموویان سەر بەشوێنی ئاژەڵ و پاتالاندا  ڕێی گەوەکانیان گرتەبەر . کاروان دوو پێچ هەڵکشا و لەئاخر نیگای مالاواییدا ئاخر فرمێسکی لەدیدە هەڵوەراند و گوندی لەبەر چاوان نەدیو بوو.
لە پاش سەری کاروان چی جێ بمێنێ کە نمی ئەسرینیان لەچاو برژێنێ ؟ ئەرێ جگە لەگوند و مەزرا و دێبەرە پڕسەوزەڵانەکانی وجگە لەدەنگی هاشە و نەرمە شڵقەی وردە شەپۆلی چەم ، کە بە بارستایی هەموو تەمەنی زەوی وەک ڕایەڵ لە پۆی ئەم چۆل وچیایە هالاوە، دەنگ و ڕەنگێکی دی هەیە کە دڵیانی بۆ بکورکێنێ ؟ بەڵێ ... بەڵێ چووکەڵە یادگارێکی وردیلانە لەپاش سەری کاروان جێ ما ، کە کەس پێی نە زانی ؛ پێیان نەزانی و ڕۆیشتن و جێیان هێشت .
کە ئاخر دەنگی کاروان لە دۆڵدا خەوت و دنیا بێدەنگی دایگرت ، تووڵ و پەلک و گەڵای تێک بەزیوی مێوەکەی نێوچاوانی ڕەهۆڵە بەردەکە جووڵەی تێکەوت . لە بن تاشە بەردەکە سەرێکی خرکەڵە هاتە دەر . بەدوو چاوە زیتەکانی دەور و بەرێکی ڕوانی و کەمووسکێکی دیش

بەرەو دەر خزی و چوار چنگ خۆی کێشایە دەر . ئەوسا دەست بە سێبەندەی پشتەوە ، خۆی لەهەرد جیا کردەوەو هەستا سەرپێ . چاوێکی بەدەشتی ئەوبەری چەمدا خشاند . هەتا ژێر دارەتووەکانی سەرەوەی دێیشی ڕوانی . هەستێکی وردی ڕاگرت . تەنیا دەنگێکی کە بەگوێی دەگەیشت ، هەر بەس هاشەی چەم بوو کە بەدۆڵدا دەهات و بەرەو ژێروو دەچوو ، گوتی :
« لەم هەڕەمە و هەڵات هەڵاتەدا کەس لێم خورد نەبۆوە کە بزانێ چی دەکەم و بۆچی خۆم حەشار دەدەم ؛ کەس پێی نەزانی . ئیتر هەتا کاروان لە شوێنێکی ئەهوەندا دەمێخا و هەتا دایک منداڵی خۆی بەسەر دەکاتەوە ، هەیهوو !! من کاری خۆم جێ بە جێ کردووە وکاروانەکەشم گەڕاندۆتەوە . کۆسپی هەرە گەورە و گرانم هاتنی لەناکاوی دوژمنە . نازانم کەی دێن و کەنگێ دەگەنێ . خوای کردبایە هەتا لەچەم و لەم دەشتە پانە دەپەڕیمەوە ، نەهاتبایەن . هەر پێم بگاتە ژێر دارەتووەکانی سەر دانگەی دێ ، بەسمە . ئەو دەم دوژمن بگاتە سەریشم ناترسم . دەستم بە یادگارەکەی خاڵۆم ڕابگا، کار تەواوە . »

کەمێک داخزی . ورد چاوێکی لە دەور و بەر کرد . کەمێک خواروەتری ڕەهۆڵەی ژێر گابەردەکە، پیرەمێوێکی کۆنەساڵ ، قەدی خوار و خێچ و پێچەڵ پێچی بەرەو سەر ڕاکێشابوو و لە شانی چەپەوە ، هەرچی لک و پۆپی کۆن و نوێی کە هەیبوو ، بەسەر شان و ملی گابەردەکەیدا کێشابوو و زارکی تەنگی ڕەهۆڵەی ژێر گابەردەکەشی بە تەواوی داپۆشیبوو . سەیرێکی دۆڵ و دەرەی کرد و چاوێکیشی بە قەد و ڕەوەز و هەڵدێرەکانی کوێستاندا کێشا. هەموو شتێک لە جاران زلتر و بەسامتر بوون لەبەر چاوانی . کە جاران بەم چیایە هەڵدەگەڕا، خۆی تەنیا نەبوو؛ باوکی بوو ، مامەکانی بوون و شەش خاڵۆی بوون . بەڵام ئێستا تەنیایەکی وردیلانەیە و ، لە بەرامبەر چیایە مەزندا خاڵێکی وردەی بێ غایەتە . گوتی :
« بۆیە لە ڕۆژی تەنگانەدا ڕوو بەم چیا و جەوەڵە ڕادەکەین . سەیریکە چەندە بەسامە . بە ڕۆژی ڕوون ئاوا بە سامە ، ئەی دەبێ بەشەو چۆن بێ ؟ ئەرێ بڵێی شەو زاتی ئەوەم هەبێ شەوی تێدا بە ڕۆژ بگەیەنم ؟ ...» کەمێک ترسا . بەڵام زۆر زوو گوتی :
« ئا ، ئا ... هەرکە پێم بگاتە ژێر دارە تووەکانی سەرەوەی دانگەی دێ ، کار تەواوە . ترسم نامێنێ . یادگارەکەی خاڵۆ حسێنم ... »
بە توندی بەرەو چەم داگەڕا. کە گەیشتە لێوی چەم ، ترس گرتی . قەتی گوند بە چۆڵی نەبینیبوو . لە لاشانی ڕاستی گردی گوندەوە ، گۆڕستانەکەی دێی لێ دیار بوو. ئەو دەم کە دێ ژاوەی دەهات و پڕی حەشیمەت بوو، لە وارشە و پاردەی گۆڕستانەکەی شانی ڕاستی دێ دەترسا . ترسی سەردەمی ساوایی بوو، ترسێکی تێکەڵاو بە ڕک و کین بوو. هەر لەو ڕۆژەوە کە تەرمی شەتڵان بە خوێنی خاڵۆ سمکۆیان لێ خستە ناو قەڵشی وشکی ئەم گۆڕستانە و دایانپۆشی ، ئیتر گۆڕ و گۆڕستان و عەسکەر و سەرباز و سەربازگەی لێ بوون بەدوژمن . گریانی دایکی و چوار پلکەکانی هاتەوە بیر کە لە بان گۆڕ و گڵکۆی پێشمەرگە شۆخ و شەنگەکەی « پارتی » دەگریان . سام گرتی و چەند هەنگاوێک کشاوە دواوە . ڕاوەستا و سەری هەڵبڕی . چوار دارە تووەکانی سەرەوەی دانگەی دێ سێبەرەکانیان لێک هاڵاندبوو . زەردەیەکی بە دەمدا گەڕا . هاتەوە بیری کە خاڵۆ حسێنی پێی گوتبوو :« پیاو خاوەنی دوژمن بێ ، دەبێ زانا و توانا بێ . » گوتی :
« هەر دەستم بە یادگارەکەت ڕابگا خاڵۆ گیان ، توانا دەبم و ترسم نامێنێ . زەحمەتەکەم هەر پەڕینەوەیە... »
ژێر سێبەری تۆخی دارە تووەکانی سەرەوەی دانگەی دێ بانگیان دەهێشت . ورە و ئازایەتی دەهات لە دەروونیدا بپشکوێ و ڕێی پەڕینەوەی چەمی بۆ بکاتەوە . بەڵام لەپڕ ڕاچەنی . خۆ دواندنەکەی لە دەمیدا وشک بوو . ئەژنۆکانیشی چەشنی داری وشک هەڵاتوو، جووڵەیان لێ بڕا . دنیاکەی پڕ بوو لەدەنگ . دەنگەکانیش یەک و دوو نەبوون . دەگەڵ هەر زرمەیەک ، بەشێک لە زەرعاتی دێبەری دێ و لایەک لە دار و دیوارو نێو ماڵەکانی بە حەوادا دەچوون و گڕ و ئاگر جێی دەگرتنەوە .
تەواو تاسا . داهاتەوە و لاوێچێکی ئاو لە چەم هەڵگرت و بۆ دەمی برد. لێوەکانیشی وشک هەڵاتبوون و توانای هەڵمژینی ئاویان تێدا نەمابوو . لەپڕ دەنگێکی بەسامتر ڕایچڵەکاند و تاسانی لە بیر بردەوە . دەنگەکان بە گوێی ئاشنا بوون ؛ دەنگی میگ و سۆخۆی بوو . لە جێ هەستا و بە هەموو توانای پێ و پەلانی غاری دا . دوو هەنگاوی کردە یەک . پشت سەری پڕ لە ئاگر و، ئاسمانی پڕی شریخەیشی سەیر نەکرد . زرمەی چوار

کەنارانیشی گوێ نەدایە و خۆی گەیاندەوە گابەردەکە و هەر ئەو جۆرەی کە باوکی ، دایکی ، مام و خاڵۆکانی و هەموو خەڵک لەترسی تەیارە دەیانکرد ، کردی و هەتا ئاخر بنەبانی ڕەهۆڵەکە گیر نەبوو . فڕۆکەکان ، دەنگیان ڕک و نفرەتێکی ڕەشتر لەجارانی لێ دەباری . دەرگا و دەربیجەی دەنگیان کردبۆوە و تۆپی دەنگیان دەتەقاند . هاشە و شیرە و شریخەیان زۆر توند بوو ، توندتر لەجاران . لەژێر ڕەهۆڵەی گابەردەکە دا بە هەموو تواناوە دەمی کردبۆوە . بەڵام لە ناوەوە دەهات پەردەی گوێچکەکانی شەق بکەن . پەڕەی لووت و چەرمی ورگی بە دەنگ دەلەرزین . ئازای ئەندامی مێروولەیان دەکرد ، دەتگوت وردە شەپۆلی خوێن بە ژێر پێستی لەشیدا دەگەڕێ و قەنە قدیلەی دەدا .

دەگەڵ هەر زرمەیەک ڕادەچەنی و دەست و پێی پتر کۆ دەکردەوە و کەمووسکێکی تریش بۆ بنەبانی ڕەهۆڵەکە هەڵدەکشا. دەهات بگری ، بەڵام گریانی نەدەهات . چەند جاران ویستی لە ئەشکەوتەکە دەرپەڕێ و بە چیادا هەڵگەڕێ . بەڵام مەیلی گەیشتن بە ژێر دارە تووەکانی سەرەوەی دانگەی دێ ، لە ترسی تەیارە بە تینتر بوو . دانیشت و سەبری گرت و گوتی :

« کار و پیشەی خۆیانە . گرم و هۆڕ و زرم و کوتێک دادەنێنەوە و دەڕۆن . هەرچی بەمب و دەرمانی کە باری تەیارەکانیانە بەسەر وڵاتی ئاوەدانی ئێمەیدا دەکەن و دەڕۆن ... دەڕۆن و منیش دەچم لەچەم دەدەم و یادگارەکەی خاڵۆ حسێنم ... »

زرمەیەک لەپشت سەریەوە ، دار و بەرد و هەرد و مەکانی لەرزاندەوە . یەک بوو بە دوو ، بوو بە سێ و بوو بە چوار . فڕۆکە دەنگی نەدەهات ، بەڵام زرمە و شریخە لە دۆڵدا قیامەتی دەکرد . شانەوشانێکی کرد و کەمووسێک لە زارکی ڕەهۆڵەکە نزیک بۆوە . بە نیاز بوو لە ژێر گابەردەکە دەرپەڕێ و بەرەو سەر هەڵبکشێ ، بەڵام هەستی کرد بۆنی دووکەڵ دێ . گەرمایەکی بڵێسەداریش لەسەر بەرەو خوار دەهات . بەرەو دوا داکشایەوە و گوتی :

وڵاتیان لێ سووتاندووین . دار و بەرد و هەرد و مەکانمان لێ دەسووتێنن . هەر خوا بکا ئەم دار و دەوەنەی دەوری ئەشکەوتەکەی من نەسووتێنن و نەمبرژێنن ... چی بکەم ! کوێراییم دایە چی بکەم کە دوازدەساڵانەم و گوتیان بۆ چەک هەڵگرتن و پێشمەرگایەتی نابی و چەکیان پێ نەدام ؛ ئەگینا دەمهێشت چیا و بەندەن و ماڵ و ئاوەدانیمان ئاوا لێ بسووتێنن ؟ خۆزگە چوار دارەتووەکانی سەرووی دانگەی دێیان لێ نەسووتاندبایەین. لێمانی بسووتێنن، دایکم دیسان جەرگی دەسووتێتەوە . چواردرەختەکان بۆ ئەو ، یادگاری چوار خاڵۆکانمن . مەزنەکەیان خاڵۆ حسێنمە . دووی تریان خاڵۆ مەجید و خاڵۆ سەعدەن و ، هەرە گچکەکەیان ، خاڵۆ سمکۆمە بۆی . نازانم مەیلی چوار خاڵۆی شەهیدمی بۆچ بەم درەختانەوە گرێ داوە ؟ زۆرجاران دەچتە ژێر سێبەرەکەیان و لەوێوە بۆ شێرە کوڕەکانی کۆمەڵە و پارتی و شیووعی و پاسۆک ، یەک جێ دەپاڕێتەوە ... خۆیشم یادگارەکەی خاڵۆ حسێنم هەر لەژێر چوار دارەکاندا حەشار داوە ... لێمانی بسووتێنن ، تێدا دەچین ... »

دەنگی گرمە و تەپە تەپی ماشێن و ترۆمبیلان بە دەشت داگەڕا . ئەویش لە زارکی حەشارگەکەی نزیک بۆوە . زارکی ئەشکەوتەکە ڕوو بەدێ نەبوو . دەبوایە تەواو بێتەدەر و وەرچەرخێتەوە و ئەمجا دێ بە چاو ببینێ . هاتە دەر . بە شانی ڕاستی گابەردەکە دا وەرچەرخایەوە و چاوێکی لەو بەری چەم کرد . لە پشت سەری ، واتە لەداوێنی چیا، دووکەڵ وکوڵ و بڵێسەی ئاگر بەرەو چەم دەهات . لەو بەری چەمیشەوە هەمە چەشنە ماشێنی عەسکەری ڕاوەستابوون و چەک بەدەستەکانیانی لێ دەردەپەڕی و گوندیان پێ گەمارۆ دەدرا . ئەوەندە هاتن و هێندە دابەزین ، کە دەشت و دێ جێگای دەرزی هەڵاویشتنی نەما . گوندیان گرت و لەسەر تەپکی سەرەوەی ماڵان خێوەتەکانیان هەڵدا . تانکەکانیشیان لەدەوری خێوەتەکانیان کردە پەرژین و زارکی تۆپە قورسەکانیان بەرەو چیا ڕاگرت . دەستێکی لەدەست کوتا و گوتی :

« لای سەرەوەم ئاگربارانە و ڕوو بە ڕوویشم ئەم هەزارەزیلەی لێ دامەزراوە . سەیرکە زارکی ئاگردانی تۆپەکانیشیان ڕوو بەچیاکانمان ڕاگرتووە . لێمان دەترسن . لەخۆیشمان و لەچیاکانیشمان دەترسن . لێ بگەڕێ با تاریک دابێ ؛ هەر تاریک دابێ ، لە چەم دەدەمو بەم دەشتەدا هەڵدەکشێم و دەچمە ژێر دارەتووەکانی سەرەوەی دانگەی دێ و یادگارەکەی خاڵۆ حسێنم دەست دەدەمێ و سا ئەو دەم خۆم دەزانم چی پێ دەکەم . »

پۆلێک نیزامی لەسەر گرد دامەزران و ئەوانی تریان لە دەشتاییەکەی خوار ماڵاندا بەخەت کردن . بەخەت

ڕاگیراوەکان سواری ماشێنەکانیان بوونەوە و بەرەو گوندەکانی سەرووتر هەڵکشان . هاشەی ڕاخوشینی ڕەکێت ، زرمە و گرمەی لێک بڵاوبوونیان بەرەو سەر چوو و هەموو دنیای ئاخنی .

لە ڕەهۆڵەکەدا هەستا و لەسەر چۆک دانیشت . دەستی خستە گیرفانی پانتۆڵەکەی و چی لە باخەڵانیدا بوو هەڵیرشت . لێکی جیا کردنەوە . شەش لەتکە کەشک و سێ پەنجایی و کۆنە سەعاتێکی لە باخەڵدا بوو . لەتکە کەشکێکی خوارد و ئەوانی تری خستەوە باخەڵ .

تیشکی ڕۆژ هێدی هێدی کلی کرد و ژووری مێنگەکەی تەواو تاریک بوو. لە ئەشکەوتەکە هاتەدەر . لە پەساری پەلک و گەڵایاندا چاوێکی بە ئەوبەری چەمدا خشاند . بەر ڕوانگەی پڕی تاو بوو . بەشێکی هەرە زۆری گوند و شەشدانگی دەشت و جێ دانگە و چوار دارەتووەکانی شانی چەپی دێی لێ دیار بوو . دوژمن دەوری گردی دێیەکەیانی گرتبوو . دوو مەکینەی لەمبۆزدرێژ بەدەوری خۆیاندا هەڵدەسووڕان و دەوران دەوری داوێنی گردەکەیان دەکۆڵی . قەتی شتی وا نەبینیبوو، زۆری پێ سەیر بوو . دەور و بەری گۆل وکانیاوی خوار ماڵانیشیان دادڕی ؛ سەرەوەی دارەتووەکانیش هەرواتر. هەر مەتەرێز وچاڵ و قوڵکەیەک کە کاری تەواو دەکرا ، لە هەمەچەشنە چەک دەئاخنرا وچەند چەکدارێکیشی تێ دەخزان . بۆ مەتەریزەکانی سەرەوەی دارەتووەکانیش پۆلێک چەکدار ، بەکەرەسەی شەڕەوە هەڵکشان . شەشیان جلکەکانیان عەسکەری نەبوو . یەکێکیان ، بە بەژن و باڵا و بە ڕانکو چۆغەی شینکی و چەکی لاشانی چەپیەوە ، شێوەی خالۆ حسێنی دەدا . بەڵام خالۆ حسێنی پێشمەرگە بوو . کۆمەڵە بوو . ئێستا لەگۆڕەخانەکەی ماوەت سەر لەسەر نۆێنی سەنگ بۆی خەوتووە وهەر یادگارەکەی ئەوی بەلاوە ماوە . لە ترسی هەرەس شاردوویەتەوە . شەو دابێ و هەوا تۆزێ تاریک بێ ، بۆی دەچێ و دەگەڵ خۆی دەیبا و دەڕوا . ئیتر ئەودەم لە هیچ ناترسێ .

بەرە بەری چواری پاش نیوەڕۆ بوو . ئاگردانی تانکەکانی دەوری خێوەتەکان دیسان چیایان داگرتەوە . لە سەر و ژێرانیشەوە دەنگ هەر ئەو دەنگە بوو کە دەهات . هەموو سەربازگە و پایگە تازە دامەزراوەکان بۆ یەکتریان دەگێڕایەوە . ترۆپکەکان ، داوێنەکان ، یاڵ و بستووەکان ، تەنانەت لێوارە و لێواری چەمەیشیان بەئاگر داگرت . ڕەوەزە بەردی زەرد و ماهان تۆز و دووکەڵیان لێ هەستا . دەوەن و کورتەڵە داری داوێنان سووتان . پنجە قامیش و جەگەن و گوڵە پونگەی قەراغ ئاوان ئاگریان گرت و پووش و قانگەلاشیش بوون بە تۆزو بە هەوادا چوون . کەم شت هەبوو کە لەم وەیشوومەیە بێ بەری مابێتەوە ، بەڵام چیا نەڕووخا و هەر لەسەر جێی خۆی ما .

خۆر لە پشتی گردی دێدا ئاوا بوو. سێبەرێکی ساردی قورسی خەمبار بە سەر دێدا هات و گوندەکەیانی ڕێک گوشی . هەتا تاریکتر دەبوو، چیا لەناو ڕەهۆڵەی تاریکی گابەردەکەدا پتر وێک دەهات و ترپەی دڵی گرانتر دەبوو. پێی خۆش بوو هەنگوستیلەکەی سلێمان پێغەمبەری دەست کەوتبایە و پەنجەی پێدا خشاندبایە و ئەم داوایەی لە دێوەزمەکە بکردایە کە : «گورج هەڵم بگرە و بمبەرە ژێر چوار دارەتووەکانی سەرەوەی دانگەی دێ . » دایکی زۆر شەوان بۆی دەگوتن کە باوکی باوکی باوکیان ، هەر لەژێر دارەتووکانی سەرەوەی دانگە دێدا ئەم هەنگووستیلەی دۆزیبۆوە و ماوەی حەوت ساڵان دێوەزمەی بەستەزمانی لەجووت بەستبوو . بەڵام چیا ، دێوەزمەکەی بۆ جووت و داشت وکشت و کێڵ نەدەویست . پێی خۆش بوو ببێتە ژێردەستەی و، سواری پشت ملی بێ و بە ژێر دارە تووکانی سەرەوەی دانگەی دێی شاد بکا . یادگارەکەی خالۆ حسێنی پێ لە هەموو شتێک باشتر بوو . هاتبا و دەستی کەوتبایەوە ، گوندەکەیانی پێ دەستاندەوە .

تەواو تاریک ببوو . لەتاریکیدا سەر دوندی زنجیرەی شاخەکانی چیا زلتر و بەسامتر دەهاتنە بەرچاوی . ئەم بەرەی چەمیشی لەوبەر پێ تاریکتر بوو . بەبێ چرپە بەنێو تیژەبەردەکانی نێو دۆڵدا داکشا و هاتە سەر چەم. ئیتر لە ڕمبە و زرمەی تەقینەوە ترسی نەبوو ؛ گوێی ئاخنرابوو، بەڵام لە چەخماغە توند و پەسا پەساکانیان دەترسا . دەترسا لەدەشتی بێلەمپەردا بە چەخماغەی ئاگردانەکانیان کەشفی بکەن و بە تیر هەڵیگرنەوە . بەترسەوە پێی دە ئاوی چەمەکە نا . دەنگی توێژێکی قورس ، دڵی چیا و دڵی چەم و دڵی وردە ماسییەکانی چەمی یەک جێ داچڵەکاند . لە چەمی دا و کەوتە سەر لم و نەرمە چەوەکەی ئەو بەری چەم . توند بە نێو قەدی دەشتەکەدا هات و کەوتە سەر دانگەی دێ . بۆنی وردە کشپەڵ و میزی کار و بەرخان بە ژێر پێڵاوە تەڕەکانیدا هەڵکشان و یادی دێ و یادی شەوان و ڕۆژانی پڕ لەژاوەی دێیان خستەوە بیری . ڕانەوەستا. بەهێمنی و

بە هێوری بەرەو سەرتر هەڵکشا . دەنگی بەردەوام ، هەر بەس دەنگی هاشەی چەم و شڵپەی وردە شەپۆلان بوو کە لە خوار بەرەو دێ دەهات . لە سەرووی دێشەوە دەنگی کزی ڕاژانی گەڵا بەدەم شنەی شەوبا دادەکشا و زوو دەخەوتەوە . زۆر نزیک ببۆوە . چواردارەکانی بە ئاشکرا دەبینی . چڵ و پۆپەکانیشیانی دەدیت . گەشکەی دیتنەوەی دارەکان ، دوژمن و تانک و ئاگردانی بان تانکەکانیانی لەبیر کرد . دەخۆی نووسا و بە پەلەتر پێی هەڵێنایەوە . لەپڕ شریخەیەک لە هەردی ڕنی و دە پەین و پاڵی گەوزاند . دنیاکەی بوو بە دەنگ و خۆی هەروەک گڵمتکێک لە دەنگدا تلیساوە . ئاگردانی بانی هەموو تانکەکان یەکجێ کەوتبوونە کار. یەک بەهەموو دنیا دەنگیان بە چیا دادەگەڕاند و پڕ بە باوەشی گردی بەرماڵان ئاگریان لێ دەردەپەڕی . دەشت و دانگەی شانی دێش بە شۆق و شەبەقی ئاگردانەکانیان وەک ئاوێنەی بەر هەتاویان لێ هات و تروسکانەوە .

چیا بەسەر تەختی دانگەکەوە خۆی بەهەردەوە مەڵاس کرد . پێڵاوە تەڕەکانی بە چەخماغەی ئاگردانەکان دەتروسکانەوە . سووکێک لە پێی دەرهێنان و کێشانییە ژێر سنگ و بە سنگەخزە بۆ سەر چوو . گەیشتە ژێر یەکەم دار و دانیشت . ئاگردانەکان ، هەروا گوللە و گڕو گەرمایان بەرەو چیا بەڕێ دەکرد و تروسکەی چەخماغەکانیان سێبەری سەماکەری بەژێر درەختەکاندا دەسووڕاند . لە بن یەکەم دار هەستا سەرپێ . هەستێکی ڕاگرت و چاوێکی بە دەورانبەردا خشاند ، گوتی : « ئۆخەی بە فیدای سێبەرەکەت بم خاڵۆ سمکۆ ؛ ئەوە منم گەیشتمەوە لاتان ؟...» ڕانەوەستا. گورج بۆ ئەو جێیە چوو کە یادگارەکەی خاڵۆ حسێنی تێدا حەشار دابوو . لە پای دارەکە ڕاکشاو دەستی خستە قەڵشی هەڵۆڵی دارەکەوە . دەست و باڵی هەتا نزیک بە ئانیشک بردە ژوور و دەستی بۆ لای ڕاست وەرسووڕاندەوە . نووکی پەنجەی کەوتە سەر پەتی پڕێسکەکە و هەتا بەر زارکی قەڵشی دارەکەی کێشا . گوتی : « ... سا ئێستا من دەزانم و ئێوەی حیزبابی داگیرکەر !... » پشت ملی تەزی . بەدەمدا کەوت و جومگەی دەستی لە قەڵشی دارەکەدا سووڕا . خۆدواندنی لەدەم داکەوت و چی نەما لەهۆش بچێ . قورسایی یەکی زۆر گرانیشی نیشتە نێوشانی و بە هەردەوەی مەڵاس کرد . ویستی سەرێک هەڵبێنێ و

قورسایی یەکە وەلابەرێ ، بەڵام دەنگێکی درِی تووڕەی بەگوێ غەریب ، دەست و پەلی سارد کردەوە . هەڵیانسووڕاندەوە و لە سەرپشت ڕایانگرت . تیشکی چرا لایتەکەی دەستی یەکیان وەک سەرە ڕم لە چاوی هەڵچەقی . قاچیان گرت وبەرەو سەر کێشایان . ڕایان کێشا و ڕەشایی‌ی خڕکەڵەی دارەکان بەپەلە بە بەرچاویدا ترازان و ئەستێرە زیتەکانی ئاسمانی گوندەکەیان چاویان لێ داگرت . هەروا بە ڕەکێش کردن بردیان وهەتا نێو مەتەرێزەکانی سەرەوەی دارەکان ڕایاننەگرت . لەوێش لەسەر پشت ڕایانکێشا . شەش کەس بەدەورییەوە بوون ؛ جلک و بەرگی بەری هەر شەشیان پڵنگی وخاڵ خاڵ بوو . هەرە تووڕەتریان ، پرسیار بە دوای پرسیار بە دەمیدا دەهات ، بەڵام چیای مات و بێدەنگ چی تێ نەدەگەیشت و لەژێر دەستیاندا وەک تەرمی بێگیان لە خۆیدا تلیسابۆوە . چاوە خڕەکانی بەنۆبە پێیاندا دەگەڕا و بە هیوای بینینی خاڵۆ حسێنێک ، چاوە چاوی بوو . دیسان بە سەریاندا شریخاند و پرسیاریان تێ گرت ، بەڵام دەمی چیا چی لێ نەهاتەدەر . سەرپەل ملی کێشا و بانگی کرد :

« حسێن ! ... حەمزە !... لەطیف !... عەبدی ! ... »

چوارکەسی دی هاتن . یەکیان بە بەژن و باڵا و بەجلک و لیباسەوە ، خاڵۆ حسێنی بوو . ئەوانی دیش جلکی خۆماڵییان لەبەردا بوو . چیا بەدیتنی چوار هاوولاتی، کوڵ گرتی . وەک منداڵێکی وردیلانەی دایک لێ بزر بوو لچی کرد و گریا . خاڵۆ حسێنی گوتی :

« مەگری بەرخم ... مەگری ! چییە ، بۆچ تەنیا ماویتەوە؟ جێیان هێشتووی؟...». سەرپەل تووڕەتر لە پێشوو قسەی لە دەمدا بری و رووی چەند پرسیارێکی لە چیا کرد و خاڵۆ حسێنی بۆی هەڵگێڕایەوە :

« مەترسە ڕۆڵە ... ئەم زەلامە دەڵێ ، بێت و وەڵامی پرسیارەکانم بدەیتەوە ، ئێمە هیچ ئیشێکمان پێت نییەو چیت پێ نابێژین ... ئەم زەلامە ناوی « ئەبوو جەعفەر»ە . ئەبوو جەعفەر دەڵێ ، تۆ بۆچ لەو بەری چەمەوە هاتیتە ئەم بەرە و لەژێر ئەم درەختانەدا خەریکی چی بوو ؟ » . چیا بە گریانەوە گوتی :

« من خۆم ، بۆ خۆم ، خۆم لەکاروان جێ هێشت . دەمەویست یادگارەکەی خاڵۆ حسێنم هەڵگرم و کاروان بگەڕێنمەوە دێ ... خاڵۆ حسێنیشم هەر وەکی تۆ پێشمەرگە بوو ... کۆمەڵە بوو ... کە تۆم لە دوورەوە

بینی ، پێم وابوو خاڵۆ حسێنم لە گۆڕستانەکەی ماوەت سەری هێناوەتە دەر... شەرتە دایکم چاوی پێت بکەوێ هەزارجارانت دەبەر بەژن دەمرێ ... »

ــ بەسکە هەتیو! بەس !

سەرپەل چەند کەسی نارد و یادگارەکەی خاڵۆ حسێنیان هێنا . بارەگای فەرماندەی مەزن بە تەلەیفوون لە دەسکەوتەکەی پرسی و خەبەردار کرا . هەر ئەودەمیش فەرماندەی مەزن داوای کرد کە میوانەچکۆلە بەدەسکەوتەوە ڕەوانەی بارەگا بکرێ و بردیان . حسێن و هەمزەش ڕەگەڵ کەوتن . حسێن لەم دەسکەوتە گرژ و تووڕە بوو ، هەمزەش خەمێکی لە سیمادا دیار بوو . هەر ئەو دەم کە بە لاشانی گردەکەدا هەڵدەکشان ، حسێن بەئەسپا بەهەمزەی گوت :

« بسپێرە بە میرحاج و بەنگین ... بیرت نەچێ هەمزە ... بسپێرە و پێیان بڵێ کە چاو لەم هەتیوە خافڵ نەکەن ... فەرماندەی مەزن داوێنپیس و بێناموسە ... ئەمە بەرگەی ئەو دێوەزمەیە ناگرێ ... »

هەمزە ڕاچڵەکی . ئەویش هەر بیری لەمە دەکردەوە . هاتبۆوە بیری کە «خەزاڵۆک »ی پلکە نازداریش هەر لەتەمەنی ئەم چیایەدا بوو . ئەویش هەر وەک ئەم چیایە ، لە هەڵاتە هەڵاتەکەی چوارساڵ پێشی گوندەکەیان وەک دەسکەوت ، کەوتبوویە دەسی سەرپەلی (قوات خاصە) و پاش هەفتەیەک مردبوو. خوێنێکی زۆری لەبەر چووبوو . خوێن ڕژانەکەیشی بەری پێ نەگیرابوو . دەیانگوت بەرگەی نەگرتبوو . هەمزەش فەرماندەی مەزنی دەناسی ودەیزانی کە چ جانەوەرێکە . هەمزە لە جێ چەقی . هەنگاوەکانی لەژێر لەشیدا وشک هەڵاتن . هەموو جەستە و گیانی بوو بە بێزاری وگوتی :

ــ « ئەمەش بەرگە ناگرێ .

ــ نەخێر بەرگە ناگرێ هەمزە !... بیرت نەچێ هەمزە ، بسپێرە بە میرحاج و بەنگین ... هەڵکەوێ بە فیشەکێک بیکوژن و مەهێڵن تووشی ئەم ... »

ــ بیرم ناچێ حسێن ... من خۆیشم دەمێنمەوە ... خۆیشم بەچوار چاوان چاوەدێری دەبم و چوار گوێچکەی تریشی بۆ بەلابار دەخوازمەوە و ئاگام لێی دەبێ .... ناهێڵم ..... خەزاڵۆکێک بۆ هەزار پشتمان بە سە ...

کە چوونە ژووری خێوەتەکە ، چیا بە دیتنی فەرماندەی مەزن بێزرا ، ترسا و دڵی کوڵی . ترس و قێز و بێزاری هەناویان گوشی و ئەگەر هیچی لە دڵ و دەروونڈا بوایە، بەیەک قڵپە هێڵنج هەمووی هەڵدەڕشتەوە .

فەرماندەی مەزن لەسەر کورسییەکەی هەستا و لێی نزیک بووەوە . ورد چاوی تێ بڕی و سەرتابەپێی هەڵسەنگاند . شاڵاوی ڕوانینەکەی هەروەک دەرزی تیژ بوو . لەپێست وگۆشت و ڕەگ کاری دەکرد و لە ئێسقان هەڵدەچەقی . هێدی و نەرم بۆی هات . هەمزەی کردە هەڵگێڕ وەرگێری قسە و لێی پرسی :

ــ ناوت چییە بچکۆڵ ؟

ــ چیا !

ــ ئەم دەمانچە بچکۆلانەیە کێ پێی داوی و دەتەویست چی پێ بکەی ؟

ــ خاڵۆ حسێنم پێی دابووم . دەمەویست کاروانی پێ بگێڕمەوە .

ــ خاڵۆ حسێنت چی دەکا ، چکارەیە ؟

ــ خاڵۆ حسێنم نەماوە ... پێشمەرگە بوو، کۆمەڵە بوو ... خاڵۆ سەعدە و خاڵۆ مەجید و خاڵۆ سمکۆشم نەماون و هەر هەموویان شەهید بوون .

ــ ئەوانیش کۆمەڵە بوون ؟

ــ خاڵۆ مەجیدم شیووعی بوو ... خاڵۆ سەعدەم پاسۆک بوو و خاڵۆ سمکۆم پارتی بوو ... هەموویان شەهید بوون و هیچیان نەماون ...

ــ ئێ باشە ... خاڵۆکانت هیچیان پێ نەکرا و پێمان نەوەستان ، تۆ دەڵێی چی بچکۆڵ ؟!

ــ خاڵۆکانم نەماون ، بەڵام هەر لە بیرمان ماون . من شەوان ، لە خەویشدا خاڵۆ حسێنم بە خەون دەبینم . پێم خۆشە بچمەلای و کێلی مەزارەکەی بگرمە باوەش ... گوندەکەشمان بۆ خەڵکەکەمان دەگری . من نامەوێ گریانی گوندەکەمان ببینم ...

فەرماندەی مەزن پێکەنی .

ــ برسیتە ؟

ــ نا... کەشکم پێیە... دوانم خواردوون و چوارانم پێ ماون ... بەڵام توونیمە ... زۆرم توونییە ... ڕێم بدەن بچم لە کانیاوەکەمان ئاوێک بخۆمەوە ...

ــ نا ، نابێ بچکۆڵ ! تۆ نابێ خۆت بچیتە دەر ، حەیفەیە ... من ناهێڵم تۆ زەحمەتی ڕاکشانی دەم کانیاو بکێشی ... من خۆم لێرە لە ئەم دیوە گەرمەدا ڕاتدەکێشم و ئاوت دەدەمێ ... ئاوێکی باش ! ئاوێکت پێ بدەم کە قەتت بە دەمدا نەچووبێ و هەرگیز لەبیری نەکەی ...

ــ تۆ ، پڕ بە هەموو لمزارە بۆگەنەی وڵاتە بۆگەنەکەتت گوو خوارد کە ئاو دەدەیت بە ڕۆڵەی کورد ... بێشەرەف

بگره با من ئاوت بدەمێ !...

هەمزە قامکی لەسەر پەلەپیتکەی کلاشینکۆفەکەی هەڵنەگرت و سی فیشەکی لە قەلافەتی فەرماندەی مەزندا چاند . ژووری خێوەتەکە بۆنی میز و بۆنی خوێن و بۆنی بارووتی تێگەڕا . فەرماندەی مەزن بەبێ لنگەفرتە بەدەمدا کەوت و بە قەڵپە خوێنی بەدەمدا دەرپەڕی . حسێنیش لەچەخماغی دا و ڕیزێکی بە چوارەکانی ئەولاتردا ڕشاند و بە هاوارەوە گوتی : « دەستەکەت خۆش هەمزە ، حسێنت دە سەر گەڕێ ... ئەگەر بەحەلاڵی لەدایکمان بووبین و شەرەفمان هەبێ ، خەزاڵۆکێک بۆ هەزار پشتمان بەسە ... ببزوو با ڕایاندەین و ڕەپاڵیان دەین ... من دەچم میرحاج و کوڕەکانی ژێروو هەڵدەگرم . تۆیش دەست و بردێک بکە وعەمباریان لێ بتەقێنەوە ... با نەیانهێڵین . با ئاسەواری ناپاکیان لەم هەردە پیرۆزە بسڕینەوە ... ئیتر بەسمانە بۆ هەتا هەتایە ...

شەڕەتفەنگ لە دوو بەری مەتەرێزەکانی داوێنی گردی بەرماڵان دەم بەدەم توندتر دەبوو . لە قوڵکی سەرووی دانگەی دێدا ، حسێن و هەر هەشت هاوڕێکانی کەوتبوونە نێو بازنەی تەنگی گەمارۆی ( قوات خاصە )و تەقەی بان سەریان نەدەبڕایەوە . چوارەم ڕەکێت کەوتە شانی چەپی مەتەرێزەکەیان و بەشێکی هەرە زۆری لێ هەڵتەکاندن . لەپڕ هەمووگوند و تەپک وچیا و چۆڵ و چەم پێکەوە ڕاژان و دەنگ دنیای ئاخنی . حسێن هاواری کرد: « حسێنت دەسەر گەڕێ هەمزە ... دەستەکانت خۆش برا ! ... دەبەر دەستەکانت مرم کاکە بۆ عەمبار تەقاندنەوەت ! ... »

دەنگ خەوتەوە . شەو ، بێدەنگی و مەنگی و ماتیی جارانی گرتەوە . نمی ئاونگی گۆڕستان وگردەکەی ئەودیوی دێ ، تۆزی پێتاوی ڕاکردووانی بەسەردا دەوەری . ڕاکردووان ڕایان دەکرد و هانکەی تاک و تەرایان تێکەڵی یەک دەکرد .( قوات خاصە ) بوو ڕای دەکرد . بەسەر گردەکەی گوندیشەوە هەر پازدە کەس مابوونەوە ؛ پازدە هاوڕێی هەمزە . ئەوانیش بەرەو دانگەی شانی چەپی دێ داگەڕانەوە و تێکەڵ بە دەستەی خاڵۆحسێن لە چەمیان دا و سەر بەشوێن کاروانی کۆچ کردوو ڕێی چیایان گرتەبەر .

ئەو ڕۆژە ، هێشتا زەردە زێڕینەکەی بووکی ئاسمان لە گەردنی شووشی چیا نەهالابوو ، بەلام وردە پەلەوەر ، وەک تیشکی نادیاری خۆریان بەچاو دیتبێ ، بە پۆل بە دێبەر و نێو زەرعاتی گوندەکەدا دەفڕین و دەنگیان ڕەنگی ژینی بە دێ دەدا. بوارەکەی چەمی خواردێش ، لـم ولیتەی ڕەنگ خەنەیی بە خوڕێنکی ئاودا دەدا و ماسیی برسیی بۆ مڵ و مۆ بەرەو سەر بانگێشتن دەکرد. کاروان بە لەز خۆی بە دێدا دەکردەوە و گوند بە دیتنی خەڵکەکەی زەردەی بە دەمدا دەگەڕا . لەژێر گڵکۆی کەندە تێک تەپیوەکەی عەمباری تەقەمەنیشدا ، تەرمی ساردەوە بووی حەسۆ و هەمزە و چیاش لەم زەردەیە بێ بەری نەبوون . هەموو شار و گوندەکانی ئەم هەرێمە چۆڵکراوەش ، ئەم زەردەیەی بە دەمدا دەگەڕا . ئیتر هیچ سەربازگە و ڕەبیە و مەعەسکەرێک بەسەر پێوە نەمابوو کە گوڵی خاوێنی خەزاڵۆکێکی کورد بە بای هەوەس هەڵوەرێنێ . خەزاڵۆکێک بۆ حەفتا و حەوت هەزار پشتی هەموو هەباس و هەمزە و خاڵۆ حسێنەکانی ئەم گەلە بەس بوو .

زستانی ۹۲

## باڵندەباران

پێشانگایەکی هونەریی سێ هونەرمەندی سێ نەتەوەی جیاواز : ڕێبوار سەعید ( ی کورد ) ، ئێدیت هێنری ( ی فرانسەیی ) و کارینا واشکۆ ( ی پۆلۆنی ) ، لەناوەڕاستی مانگی ئاپریلی ۱۹۹۳ دا لە پاریس ڕێک خرا . باسی سەرەکیی پێشانگاکە باڵندە بوو ، کە هەر سێ هونەرمەند بە بیری ناسک و پەنجەی داهێنەرانەیان خستبوویانە سەر پەلەهەوری ئاڵووالای خەیاڵ . سەرەتای بیرەکە لە سەرگەڵووی کوردستانەوە دەستی پێ کردووە ، بە مەرگی باڵندە ( وێرای مرۆڤ !)، لە گەرمەی شاڵاوی داگیرکەرانی بەعسیدا .

ئەم پێشانگایەی پاریس بەشێکە لە پرۆژەیەکی گەورەتر ، کە وا نیازە لە ٥ / ٦ / ۱۹۹۳ لە فێستیڤاڵی سانت ئاندرێ و لە ٥ / ٨ / ۱۹۹۳ لە فێستیڤاڵی دوو شاری پۆلۆنیا ( لەهستان ) دا پێشکەش بکرێت ،

# شێت بوون

مەهاباد قەرەداغی

١

هەر وەکوو سووتانی ناو بەفرو
تەزینی ناو کڵپە !
ناوەوەم پرسە بۆ ئارەزووم دائەنێ و
رووالەتم سترانی نەمری
بۆ عەشقی گڕئاساو ئەبەدیم ئەچڕێ

تا ساوای ناو لانکەی ئومێدیش دوورووەو
بەرانبەر بە مەمک
جارجارێ وەڕزە .. و
جارجارێ دەتریقێ .

هەر سەراب تینوێتیی قیرتاوی دوو رووبی دەشکێنێ !
روویەکت ئەتکاتە فریشتەی بەفرئاساو
رووەکەی تریشت
دەمامک لەسەر ئەدگاری خۆڵەمێش ئاسات دادەگرێ
تۆ بەفری ؟!
یان خۆڵەمێشی ئاگردانە خامۆشەکان ؟

لە مەودای رەنگی سەهۆڵ و خاکستەردا
دوو ڕوخسار و
دوو ناوەڕۆک لە یەک جەستەدا دەبینم

٢

هەتا ئێستا وام ئەزانی هەر من شێتم
بە تەنها من !
نا .. ناسکم هەتاڕادەی دێوانەیی !
دڵ ناسکم تا ڕادەی فێ لێ هاتن و شێت بوون و
سەرخۆ هەڵگرتن
ناسکم تا ڕادەی خاوبوونەوەو مردن
پردێ لەنێو من و شێتیدایە
« هۆش » لە گەرووی شەپۆلە بێهۆشەکانا دەخنکێنێ
هۆشیاری لە ژێر پێڵووی خەواڵووی ؛
سەرخۆشەکانا ون ئەکا
پردێ لە نێوانی من و شێتیدایە
لە تاڵە مووی « سیرات » ئەچێ و
دەریای ژێری ، کەوسەری عەشق و
زەمزەمی سووتاندنە
هیچ لە تووڕەیی شاعیر هێمنترو
لە شێتیی شاعیر بە لەرزەتر نییە .

٣

نیگەرانی سیپاڵێکی شڕەو
لەبەر ساڵەکانی ڕەنجبەریما هەڵئەوەشێ
ئەمڕۆ لە تەرمی سبەینێ و
سبەینێ لە تەرمی دوێنێی هاوارەکانما ڕائەکشێ
تێکەڵاویم لەگەڵ هەناسەی شەپۆل و
چرپەی « با » و
هەنسکی هەورا
لە بازنەی سووتاندن و هەڵومرینا دیلم ئەکەن
دابڕانم لەگەڵ جەستەو ڕۆحی خۆما
لە بەر کرێوەی ئاگرو
نێڵەی بەفرا سۆماییم گرێ دەدەنە تاریکایی و
نابیناو زەلیلم ئەکەن
چی لە تینوێتیی کەنارو گاشە بەردی ناو
دەریاکان ستەمترە ؟!
کامە ئاسمان لە تەنگیی دڵی شاعیرێ بەرینترە ؟!

٤

ساڵەکان تەمەنێکی بێبیلبیلەن و
هەڵلەرزینی ساتەکانی شێت بوونی من بە دی ناکەن
کام گاشەبەرد لە کەناری خەمی منا
خۆی بە مەزن و زل ئەزانێ ؛
دەنکە لمێکی بێڕەنگەو
لە تنۆکێکی ئەسرینی شەپۆلدا ئەتوێتەوە
کاکێشانی ئەندێشەو
تاسەی نەمری
لەم سەرەوەی دنیای سەرما دەست پێ دەکا و
لەو سەرەوەی دەبڕێتەوە
ئای .. دیواری ئەم سەرەی من چەند تەنگەو
چ زوو نهێنییەکانی ناخەوەم ئاشکرا ئەکا و
بۆ ئەهرەمەنی بڕوام ئەیگێڕێتەوە .

٥

ئاوێنە ئەگەڕێ
بۆ شتێ سیمای خۆی پێشان دا
کێلان ئەگەڕێ بۆ قوژبنی خەنجەرێ و
خۆرە بەفرینەکان
لە ئاسۆی دێبەری وێرانما دەڕووخێن
جیاوازی چی هەیە ، ئەگەر
قەرەداغی بم یان قەرەج
خۆ سووتانی گوڵەگەنم هەر ئەو ئێشەم پێ دەبەخشێ و
تا سەر ئێسقانی غەریبی و ئاوارەیی رام ئەپێچێ
دەوارنشینێکی سەهەندە
لە پای چی باسی عەشق بکاو
سروودی نەبەزین بۆ کام لووتکەو دوندی ڕووخاو بڵێ ؟
دەرکراوێکی ڕەهەندە
کەی ئەتوانێ گۆرانی بۆ تەمەنێکی سووتاو بڵێ !
ئەم بارێزمیە بەرەو کام هەڵەتی گومانم دەبا ؟!
ئەم باهۆزە لە کوێ ئەمگیرسێنێتەوە ؟

٦

لە ئاستانەی وەرزی سەرهەڵدانی « با » وە
هێشتا نە لە سکی دایک و
نە لە پشتی باوکا بووم
زەمەنێکی هار ئەم پشتوێنی شیعرەی لە کەمەر نام و
لەوساوە لە بەرەی جەنگی ڕەشەباو درەختەکانا
سەربازێکم
قەڵەمێکی بێکیف لەسەر شانی پەنجەکانما ئەڕوێ و
باڕەش ئەکاتە کۆتەرەی دۆزەخێکی بێناونیشان !
قەڵەمێکی
سەرسەخت ،
چاوقاییم ،
سەهەندە
لە باوەشی گەرمی حەزەکانم ئەژی و
گەردوون لە دیدەی شیعرێکما ئەکاتە تەنها وڵاتێ
بۆ ملیۆنەها بێزەوی .. بێنیشتمان

٧

عومرێکە ،
لە تاپۆی جەستەی من ڕەشترەو
ئەسکڵی زەمەنیش هەر پیایا ئەچزێ
عومرێکە ..
سەرزەنشتی کات و شوێن ئەکاو
لەبەردەم هەڵەمووتی یەقین ئەلەرزێ
عومرێکە ..
ئەمکوژێ و نامکوژێ
چی ئەبوو ، کەنیشکێ بوومایە شەوانە
بە گوارەو بە مووروویی قرمزی زەمەنم
دەستەمۆ کردایەو
ڕۆژێکیش بێئاگا تارایەک وەک چەتر
سەری داپۆشیبام
لەبەردەم کەسێکی نامۆدا
ژینێکی ئاسایی و بێلەززەت
ژینێکی بێخەفەت چاوەڕێی کردبام !
چیم دابوو لەم جەنگە ؟!
لە کتێب ؟!
عومرێکەو
ئەمکوژێ و نامکوژێ !؟
عومرێکەو
لەبەردەم هەسارەی کەنەفتی بوونما زگارە !
زەردەپەڕ لە زەریای ئێوارەی ڕۆحما دیل ئەکاو
شەپۆلی گیانی خواش ئەدا لە سێدارە .

کفری ١٣/ ٨ /١٩٩١



مەهاباد قەرەداغی

ساڵی ١٩٦٦ لە کفری ( خوارووی کوردستان ) لە دایک بووم . ساڵی ١٩٨٧ ئەنیستیتووتی هونەری کارگێڕی - بەشی ژمێریاریم تەواو کردووە . لە ساڵی ١٩٧٩وە دەستم بە شیعر نووسین کردووە . ساڵی ١٩٨٠ ، ماوەی یەک ساڵ لە زیندانی تاکە کەسی ( إنفرادی ) ی ڕژێمی بەعسی عێراقدا بووم لە زیندانەکانی بەعقووبە ، بەغداو زەعفەرانییە . شیعرەکانم لە زۆربەی گۆڤارو ڕۆژنامە کوردییەکانی کوردستان و عێراق و ئەوروپادا بلاو کردۆتەوە . چەند کتێبێکم بۆ چاپ ئامادەن : ( دیوانی شیعر ، ڕۆمان ، لێکۆڵینەوە ، وەرگێران ). ئێستا لە سوێد دەژیم .

# نالی
# لە کڵاوڕۆژنەی
# شیعرەکانیەوە

عەبدولڕەحمان زەنگنە

زۆر جار لەگەڵ چەکەرەکردنی کازیوەی بەرەبەیانی شەودا ، لە دەنگی نزاو پاڕانەوەو گریانی باوکم بە ئاگا دەهاتمەوە ، خەو لە چاوم دەزڕا ، زۆرم لا سەیر بوو ، زانایەکی ئایینی و دەستڕۆیەکی ئەوتۆ کە زۆربەی خەڵکی گەڕەک و تەنانەت دۆستانی دوورو نزیکی شاری کەرکووکیش ، دەس بە سنگەوە بۆی دەوەستن ، شەوانە بە دەست کێوە ئاوا داماوو بێدەسەڵات و زەلیلە ؟ زیاتر گمەی ئاوازە نەرمەکەی بەدەم شکۆفە کردنی شیعری کوردی ئاوێتەکراوی شیعری عەرەبی و فارسی ، تەزووی بە هەموو لەشمدا دەگوزەراند :

فەییاضی ریاضی گوڵ و میهر و مول و لەعلی
ئەی شەوقی روخ و ذەوقی لەبت ذائقە بەخشا

تەنانەت لە مونازەرەو کۆڕو بەزمی حەفتانەی نێو مەلایاندا ، باوکم شۆڕەسواری گۆڕەپانی شیعرەکانی سەنائی ، جەلالوددینی ڕۆمی ، هوما ، نالی ، مەحوی ، بێخود و مەولەوی بوو. داخەکەم تەمەنی ساڵانی شێستی ئەو سەردەمەم ، لە ئاستی ئەم تەرزە شیعرانەدا کەم مەوداو کوڵەوار بوون.

ساڵ هات و ساڵ چوو ... تا لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٦ی زایینیدا ، بە یارمەتیی مامۆستای ئازیزم شوکور مستەفا ، لە گۆڤاری کۆڕی زانیاریی کورد لە بەغدا ، بە (مصحح ) دامەزرام . ئەو ڕۆژگارە ئەدیب و زانای پڕ شانازیی میللەتی کورد ، مامۆستا مەسعوود محەمەد ، سەرۆکی کۆڕی زانیاری بوو. هەلێکی دیکەی بەنرخیشم بەوە بۆ ڕەخسا ، کە ماڵەکەی من و ماڵی دۆستی هەمیشە لە یادم ، دکتۆر ئەورەحمانی حاجی مارف ، لە گەڕەکی مەنسووری بەغدا بووین و سۆزی لە خزمەتی مامۆستا مەسعووددا بە یەک ئۆتۆمبیل بۆ کۆڕ دەچووین‌و بە تانوپۆی ڕێگادا زانیاریمان لە زەریای بیری ئەو مامۆستایە هەڵدەهێنجا. ئەوەی زیاتر سەرنجی ڕادەکێشام ، بارانی هەورینی بە خوورەمی ئەو زاتە بوو سەبارەت بە جیهانی شیعری (نالی) . هەر ئەو کاتەش زایەڵەی مونازەرەکانی پێشووی باوکم زیاتر لە مێشکمدا ڕەنگی دەدایەوەو دەخارا . بۆچوونەکانی ئێستاشم لە مەڕ جیهانی شیعری نالی، زادەی بیری ئەو دوو سەردەمەن .

بێگومان « زیرەکی » و « ژیری » دوو بەهرەی لە یەک جودان ، هەر کامێک لەم دووانە لە یەکێکدا خۆی بنوێ،



ئەو یەکە بەهرەوەرو خاترجەم دەبێ ، خۆ ئەگەر هەردوو بەهرەکە پێکەوە لە کەسێکدا سەر هەڵدەن ، ئەوا ئەو کەسە بلیمەت و زاناو داناو فەیلەسووف و شاعیرێکی وەک حەزرەتی « نالی » ی لێ هەڵدەکەوێ.

دیوانی نالی ، زەریایەکی بێبن و پۆی ئەوتۆیە ، تەنانەت مەلەوانی کارامەش خۆی لە شەپۆلی ڕازی مانای نێو شیعرەکانی دەرباز ناکات . بۆیە تا ئێستاش چەندین دیوان لەسەر دیوان(١) و ڕەخنە لەسەر ڕەخنەی بێئاکام و بۆچوونی جۆراوجۆری لە سەر بڵاو کراوەتەوە(٢)و بێهوودە کەس پەی بە مەبەستی شیعرەکانی نەبردووەو تا ئێستاش هەر لە سمکۆڵانی خۆی نەکەوتووەو بۆ کەس ڕام نەکراوە .

شیعرە خۆڕسکەکانی نالی دیاردەیەکی نوێ و کیشومرێکی بەرین و ڕێباز و فێرگەیەکی سەربەخۆی ئەوتۆن ، بوونەتە مایەی مقۆمقۆو گۆڕەپانی ململانێی سەر زارو کۆڕی شاعیر و ئەدیب و لاپەڕەی گۆڤارو ڕۆژنامەکان و خەڵکێکی زۆری گیرۆدەی داوە ئاشکراو پەنهانەکانی خۆی کردووەو تا ئێستاش کەس نەیتوانیوە شوێن پێی هەڵگرێ :

نەظمی « نالی » میثلی ئاو و ئاوێنە ڕەنگی نییە
دوو ڕووە بۆ سەیری خاطر : یەک خەفی یەک ئاشکار

مەبەستی باسەکەمان دوا دیوانی « نالی » یە ، بە لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەی مامۆستا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس و فاتیح عەبدولکەریم و پیاچوونەوەی محەمەدی مەلا کەریم .

ئەم دیوانە تا ئێستا سێ جار لە چاپ دراوەتەوە ، ئەگەریش لە گەڵ دیوانە چاپکراوەکانی دیکەی نالیدا بەراورد بکرێ ، ئەوا بە چاکترین و بە پێزترین دیوانی

نالی دەژمێردرێ ، سەرەڕای ئەو هەڵەو کەم و کوورییەی کە تێیدا بەدی دەکرێ ، چ لە ڕووی ساغکردنەوەو مانا لێکدانەوەی وشەکان و چ لە ڕووی بۆچوونی تایبەتی خۆیانەوە .

من لەگەڵ کاکە حەمەی مامۆستا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس پێکەوە بە دوو قۆڵی لە سالی ١٩٧٦ دا یەکەم چاپی دیوانەکەی( نالی )مان (تصحیح) کردووە ، لە نزیکەوە ئاگاداری زۆربەی لایەنەکانی چاپکردنی ئەو دیوانەم . کاکە حەمە چەندین جار لای من و لای ئەو مامۆستا بەڕێزانەی کۆڕی زانیاریی کورد، ئەوەی درکاندووە کە باوکی بەڕێزیان واتە مامۆستا ( عەبدولکەریمی مودەڕڕیس ) تاقەتی ئەو جۆرە کارانەی نەماوەو بە لایە زۆریی (کاکە حەمەو کاک فاتیح) ی برای ئەگەر مانای شیعرێکیان بۆ ساغ نەکرابێتەوە ، هانایان بۆ مامۆستا بردووە و ئەویش دڵی نەشکاندوون و سەری شتێکی بۆ دەرخستوون . ئیتر نازانم چۆن ئێوی ئەو زاتەیان بە نارەوا کردۆتە قەڵغانی بیروباوەڕو بۆچوونە تایبەتییەکانی خۆیان ؟ کە بە دڵنیایییەوە دەڵێم مامۆستا لێی بێئاگایە ! با ئەو هەورە چڵکنە بێسەروبەرییەی باڵی بەسەر هەموو لایەنەکانی ژیانماندا کێشاوەو پێوەی دەتلێینەوە ، هەر نەبێ با ئەدەبەکەمانی بە پاراوی لێ بپارێزین و بە دەردی ئەوانی دیکەی نەبەین . ئەوەی لە دوورو نزیکەوە مامۆستای ناسیبێ زۆر چاک دەزانێ ئەو زاتە پیرۆزە موریدی ڕێبازی تەریقەتی خواپەرستی و خۆی بە خزمەتکاری مەدرەسەی حەزرەتی شێخ عەبدولقادری گەیلانی دەزانێ(٣). جارەها خۆم لە خزمەتی مامۆستا شوکور مستەفاو مامۆستا هێمن و باوکی ڕەحمەتیمدا ، چوومەتە زیارەتی مامۆستا ، لە خەڵوەتخانەکەی خۆی لە مزگەوتی شێخ عەبدولقادری گەیلانی لە بەغدا ، کە لە حەفتەیەکدا شەش شەوی لەو خەڵوەتگایەدا دەگوزەرێنێ و تاکە یەک شەوێ دەچێتەوە ناو ماڵ و منداڵ . مامۆستا لەنێو داب و نەریتی خواپەرستی و ڕموزاتی تەسەوفدا ، فەرهەنگێکی بێخەوشی نێو کتێبخانەی کوردییە. ئیتر چۆن ڕێی تێ دەچێ ، زاتێکی ئەوتۆ هێرش بباتە سەر ئەو چینەی کە خۆی بە بچووک و خزمەتکاری ئەو ڕێبازە بزانێ ! . لە کاتێکدا شێخ عەبدولقادری گەیلانی (غەوثی ئەعظەم) هەمیشە قیبلەگای هەموو ئەهلی دڵ و ئەویندارانی ڕێگای خواپەرستی بووە ، بە هەموو توێژو چینەکانیەوە ، بۆ

یەڵگەیش با بڕوانینە بەیتی (١٤)ی لاپەڕەی(٥٥٤)ی ئەم دیوانە ؛

صۆفی ڕیایە خەڵوەتی ، بێنی بەهاری کرد
هاتە دەرێ لە سایەی چایەر ، حەسایەوە

ئەو دوو برایە لە لێکدانەوەی مانای شیعرەکەدا دەڵێن : [چایەر : بەهاربەند ، تەویلە .. واتە : سۆفی بۆ ڕیا خۆی لە خەڵوەدا حەشار دابوو . هەرکە بۆنی بەهاری کرد ، هاتە دەرو خۆی لە سێبەری تەویلە ڕزگار کرد .....هتد ](٤).

کێ لەو بڕوایەدایە مامۆستا، خەڵوەتی سۆفی بە تەویلەی ئاژەڵ ناو بردبێ ؟!. بە مەرجێ سەرجەمی شیعرەکە نە باس و نە خواسی وشەی «تەویلە»ی ، نە لە دوورو نە لە نزیکەوە تێدا نییە . ئەو برا بەڕێزانە بۆ شوێن گومکێ کردن، هەر بۆ ئەوەی مانای شیعرەکە لە گەڵ بیروباوەڕو بۆچوونە تایبەتییەکانی خۆیاندا بگونجێنن ، وشەی ( چایەر ) یان بە بەهاربەندو تەویلە مانا لێکداوەتەوە ، کە ڕوون و ئاشکرایە ( بەهاربەند ) و ( تەویلە )ش دوو شتی لێک جودان و نە لە دوورو نە لە نزیکەوە پەیوەندییان بە وشەی ( چایەر)ەوە نییە . کێ بێ نەزانێ وشەی ( چایەر ) مانای فریز و هەرێز و چیمەن .... هتد دەگرێتەوە ؟.

با بڕوانینە مانا لێکدانەوەی بەیتی شەشەمی شیعری ل : (٤٥٧) کە دەڵێ :

بە نەهری کەوثەرو شیرو عەسەل چەند تینووە صۆفی
لەبی (نالی) دوچەندان بۆ لەبانی لەعلی موشتاقە

ئەو برا بەڕێزانە دەڵێن :

[... صۆفییەکان هەرچەند بە دیمەن خواپەرستن ، بەڵام لە ڕاستیدا بە دوای مادەدا ئەگەڕێن و دڵدارانیش هەرچەندە بە دیمەن وێڵی دوای هەواو ئارەزووی نەفسن، بەڵام لە ڕاستیدا بە دوای ڕەحەتیی ڕۆحدا ئەگەڕێن ، کەواتە عیشقی ڕاستەقینەو خوایی لای ئەمانە ، نەک لای صۆفییەکان ]. تەنها پرسیارێک ئاراستەی ئەو دوو برا بەڕێزەو خوێنەری ئازیزی دەکەم : بە پێی کام پێودانگ و نەریتی کۆمەڵایەتی و بە گوێرەی کام ڕێبازی فەلسەفی ، کەسێ لە دووی هەواو ئارەزووی نەفس و دەروون بگەڕێ ئەو کەسە شەیدای ئارامی گیان و ڕەحەتیی ڕۆحەو چۆن چۆنی ئەو جۆرە کەسانە عاشقی

ڕاستەقینەی خوایین ؟! . لەو بڕوایەشدا نیم مەلاو زانایەکی وەکوو نالی مانای ئایەتی « إن النفس لأمارة بالسوء إلا ما رحم ربی » ی نەزانیبێ !.



با بزانین مەبەستی نالی لە مانای شیعرەکەی پێشوو چییە ؟. نالی دەڵێ : سۆفی بە نەهری کەوثەرو شیر و عەسەلی نێو بەهەشت تینوێتیی ناشکێ ، چونکە لە بنەڕەتدا ئەو جۆرە شتانە ، مەبەست و ئامانجی سۆفی نین ، بەڵکوو دووهێندە تامەزرۆو موشتاقی پاداشتی چێژی لێوی وەک لەعلی خۆشەویستەکەیەتی ، کە خۆشەویستییەکی مەجازی و دوورە لە هەموو هەواو ئارەزوویەکی دەروونی و گشت جۆرە مادیاتێکەوە ، مەبەستیش لەو سۆفییە لە هەردوو شیعرەکەدا خودی ( نالی ) خۆیەتی ، نەک کەسێکی دیکە ، کە تێکڕای شیعرەکە باسی ئەوینی خۆی و ئەویندارەکەیمان بۆ دەکا. ئەگەر نالی لە سەرەتای شیعرەکەدا لە بری (بە) وشەی (بۆ)ی بەکار بهێنابایە واتە : بۆ نەهری کەوثەرو شیرو عەسەل چەند تینووە ...هتد ، لەوانە بوو مانا لێکدانەوەکەی ئەوان برێ ڕاستیی تێدا بووایە . دەبێ ئەوەیش لە یاد نەکەین کە جیاوازیی سەرەکیی نێوان ئەوینی مەجازی و ئەوینی حەقیقی بە یەک گەیشتنە ، ئەوینی مەجازی بە پێچەوانەی ئەوینی حەقیقییەوە ، بە هیچ کلۆجێک بە یەک گەیشتنی تێدا بە دی ناکرێ و ئەویندار چاوەڕوانی هیچ پاداشتێک نییە ، تەنیا خودی خۆشەویستەکە خۆی نەبێ ، کە دەیەوێ وەکوو دڵۆپە ئاوێک لە نێو زەریای ئەوینی خۆشەویستەکەیدا بتوێتەوە، وەکوو بەسەرهاتی ئەو سێ پەروانەی کە جاری یەکەمیان دەبێ ڕۆشنایی و گڕی مۆم بەدی بکەن و دەس بەجێ شەیدای دەبن و یەکێکیان دەنێرن کە هەواڵی ڕاستییان بۆ بهێنێتەوە ، ئەویش دەڕواو لە دوورەوە نیگایەک لە مۆمەکە دەکاو پاشان هەست و نەستی خۆی بۆ هاوەڵەکانی دەگێڕێتەوە ، ئەوانیش بەو سەرگوزەشتەیە قایل نابن و پەپوولەی دووەم دەنێرن ، ئەو دەڕوا لە نزیکەوە بە دەوری مۆمەکەدا دەخولێتەوەو تینی مۆمەکە بە دڵە خورپێ دەیگێڕێتەوە ، بەم وەڵامەش ئارام نابنەوەو پەپوولەی سێیەم دەنێرن ، ئەمیان دەڕوا لە دەوری مۆمەکە دەگەڕێ و سوور... سوور... تا خۆی ئاوێتەی گڕی مۆمەکە دەکاو دەسووتێ و دادەمرکێتەوە ، بووڵ و لاشەکەی لە نێو گڕبەی ئاگرەکەدا سوور دادەگەڕێ و ڕەنگی ئاگرەکە دەگرێ ، کە هاوەڵەکانی چاویان بەم دیمەنە دەکەوێ ، دەس بە جێ دابین دەبن و دەڵێن: پەپوولەی سێیەم هەواڵی ڕاستەقینەی بۆ هێنناینەوە ، ئیتر بە تەواوەتی ئۆقرە دەگرن و ئارام دەبنەوە . ئەمەیە ئەو ئەوینەی کە حەزرەتی نالی باسی لێوە دەکا . ئەوینی نالی هێند ساکارو سادە نەبووە تا ببێتە بنێشتەخۆشەی دەمی ئەم و ئەو ، ئەوینێکە هەر وەکوو خودی شیعرەکانی نالی وایە :

یەک ڕەنگم و بێڕەنگم و ڕەنگین بە هەموو ڕەنگ
بەم ڕەنگە دەبێ ڕەنگ ڕژیی عیشقی حەقیقی

نەدەبوایە کاکە حەمەو کاک فاتیح کارێکی ئەوتۆ بکەن تا دڵی زاتێکی وەکوو مامۆستای بەهەشتی « سەیید تاهیری هاشمی » لە خۆیان بڕەنجێنن تا بڵێ : مامۆستا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس بەخۆڕایی شەرحی لە (نالی) کردووە ..»(٥). هەزار سڵاو لە گیانی پاکی مامۆستا هێمن بێ ، کە ئەویش لەمەڕ دیوانەکە نارەزاییی خۆی دەردەبڕێ و دەڵێ : «... حەیفە ئەو کەسەی لە (نالی) ناگا، تێی بگا ، لێی گەڕێ با تێی نەگا ... »(٦).

بۆ سەلماندنی بۆچوونەکەم و بۆ زیاتر دڵنیابوونیش ، با بڕوانینە مانای لێکدانەوەی بەیتی (٣٦)ی لاپەڕە (٤٣٢)ی دیوانەکە کە هەر خۆیان ماناو بۆچوونەکەی پێشووی خۆیان پووچەڵ دەکەنەوە :

حیفظت شەبان و ئێمە رەمەو ئەو لەعینە گورگ
ئەم نەفسە گورگەمێشە لە گەڵ ئەو بەد ئەختەرە

ئەو برایانە دەڵێن :[ شەبان : شوان . رەمە : ڕەوەک،گەلە. گورگەمێش : گورگ لە پێستی مەڕدا (٧). هەروەها دەڵێن : ئەی پێغەمبەری خودا ! پارێزگاریی تۆ شوانی ئێمەیەو ئێمەش مێگەلین و شەیتانیش وەک گورگ لە مەلاسدایە و نەفسی بەدکرداریش کە وەک گورگە لە پێستی مەڕدا، بووە بە دزدەسەکی شەیتانی شووم ... هتد ].

باشە ئەمەیان چەنی بەچەنە ؟ لە لایەکەوە دەڵێن ئەوەی دوای هەوای (نفس) کەوتبێ ، هەر ئەو عاشقی ڕاستەقینەی خواییە ، لەملاشەوە بۆچوونەکەی پێشوویان بیر دەچێتەوەو (نفس) بە بەدکار و گورگی نێو مێگەل و دزدەسەکی شەیتانی شووم نێو دەبەن . نەک هەر ئەمە بەڵکە دەیان بەڵگەی لەم بابەتانەی تێدایە. ئەم دوو برا بەڕێزە ، هەوڵ و کۆششێکی زۆریان داوە کە بە پێی بۆچوون و بیروباوەڕێکی تایبەتی (نالی) بە خەڵکی بناسێنن. لە لایەکی دیکەشەوە دەیانەوێ ئەوە بسەلمێنن کە (نالی) ئەو شیعرە بەرزانەی ، بەسەر ( حەبیبە ) و (محبووبە) ناوێکدا هەڵداوە (٨). هەر بەمەشەوە نەوەستاون ، لەملاشەوە ( ئایشە ) ناوێکیان بۆ قوت کردۆتەوە ، کە گوایە دڵی بەویشەوە بووە (٩). تۆ بڵێی زانایەکی ئایینپەروەرو پایەبەرزێکی وەکوو (نالی)



کە ناوبانگی هەموو ولات و تەنانەت دەرەوەی وڵاتیشی گرتبێتەوە ، ئەوەندە ڕەوشت نزم بووبێ بە ئاشکراو بە ڕۆژی نیوەڕۆ شیعری بەسەر کیژە کوردێکی کوێرە دێیەکی وەکوو (ماڵیاوا) دا هەڵدابێ . « ئەگەر ڕاست بێ ماڵیاوا گوندێکی ئەو دەوروبەرەی شارەزوور بووبێ » کە خەڵکی گوندەکە موو بە موو یەکتریان ناسیبێ و خۆیشی مەلای ئەو گوندە بووبێ ؟! ئەمە کەی لە کۆمەڵگەی کوردەوارییی ئێستاو بەر لە سەدوپەنجا ساڵی پێش ئێستادا باو بووە؟. ئەم تەرزە ڕەفتارانە لە لە زاتێکی ئایینپەروەرو سۆفی و ئەدیب و فەیلەسووفێکی وەکوو حەزرەتی (نالی) ناوەشێتەوە ، ئێمەش دووچاری هەڵەیەکی گەورە دەبین ، ئەگەر (فاسۆن) و (جاو) ی بەر لە سەدو پەنجا ساڵە ، بە گەزو مەتری ئێستا بپێوین. نەک هەر نالی ، بگرە هەموو کەڵە شاعیرەکانی کورد لەسەر ڕێبازی سۆفیگەری و بە تایبەتیش لە سەر تەریقەتی نەقشبەندی بوون . مەلای جزیری ، نالی ، مەحوی ، قانیع ، بێخود ، مەولەوی ، ڕەنجووری ، زەبوونی ، شێخ ئەحمەدی شاکەلی ، مەلا ئەحمەدی قازی ، ... هتد. نەک هەر کورد بگرە گەورە شاعیرانی عەرەب و فارس و تورکیش موریدو عارف وسۆفیی تەریقەتی خواپەرستی بوون . بۆ بەڵگە بڕوانە شیعرەکانی جەلالوددینی ڕۆمی ، شێخ موحێددینی عەرەبی ، مەنسووری حەللاج ، فەریدەددینی عەتتار ، حافظ و سەعدیی شیرازی ، دەدە حەمدی ، هوما ... هتد .

لە لاپەڕە (٦٠٠) ی دیوانەکەدا ، (نالی) بە ئاشکرا ، ڕێبازی تەریقەتەکەی خۆیمان بۆ دەستنیشان و دەکات و بانگی نەقشبەندێتی خۆیمان بە گوێدا دەداو دەڵێ :

لە عەکسی زاتی بێڕەنگت ، هەتا کەی دیدە ڕەنگین بێ
جنوونی لەیل و مەیلی نەقشبەندی ، عەکسی ئەسما بێ؟
مەگەر هەر یاری نەقشینم ، ببێتە نەقشبەندی دڵ
کە نەقشی ڕەنگی غەیری ئەو بە ئاوی دیدە شۆرابێ(١٠)

با پێشەکی بزانین کاکە حەمەو کاک فاتیح چی دەڵێن :
[.... شێتیی مەجنوون دراوەتە پاڵ لەیلاو ئەڵێن بە هۆی لەیلاوە شێت بووە ، بە پێچەوانەی ناوەکەیەوە شێتی نییە ، عاقڵییەو دڵدار شێت نابێ ، ئیددیعای مەیل و خۆشەویستیی نەقشبەندیش بۆ خواو بۆ پیر کە ناوەکەی وا ئەگەیەنێ وێنەو یادیان لە دڵیا نەقشە ، بە پێچەوانەی ناوەکەیەوە ، درۆیەو ڕاستیی تیا نییە ].

با بزانین مانای شیعرەکە وایەو نالی لە دژی نەقشبەندی دەدوێ ( وەکوو کاکە حەمەو کاک فاتیح باسی لێوە دەکەن )، یان بە پێچەوانەوە بە نەقشیدا هەڵیداوە ؟!:

وشەی (عەکس) لە بەیتی یەکەمدا بە دوو مانا بە کار هاتووە ، (عەکس)ی دێری یەکەم بە مانای وێنەو (عەکس)ی دێری دوەم بە واتای(پێچەوانە)وە هاتووە. پێچەوانەی وشەی( مەیلی نەقشبەندیی) دەبێتە (بێمەیلیی نەقشبەندی) و پێچەوانەی (جنوون) واتە شێتی ، دەبێتە (مرۆڤێکی ئاسایی). ئەگەر قەیسی سیاستارەی عامری ( مەجنوون ) وەک هەر مرۆڤێکی ئاسایی ، دڵدارییەکەی لە گەڵ لەیلادا بە ژن و مێردایەتی و هاوسەری کۆتایی‌ی بهاتبایە ، هەڵبەتە شێتو شەیدای لەیلا نەدەبوو و ناوی نەدەمزراو نەدەبووە مایەی شیعری شاعیران و قیبلەگای ئەوینداران و دەبوونە ژن و مێردێکی ئاسایی. بۆیە فەیلەسووفێک دەڵێ : « الحب الفاشل هو ذلك الحب الذي ينتهي بالزواج ». واتە دڵداریی سەرنەکەوتوو، ئەو جۆرە دڵدارییەیە کە بە هاوسەری و ژن و مێردایەتی کۆتایی‌ی دێ . سەرجەمی مانای شیعرەکەی وای لێ دێ : نالی دڵی بۆ مورشیدەکەی جۆش دەسێنێ و تاسەی بینینی دەکاو دەڵێ چۆن ( مەجنوون ) لە دووریی لەیلا شێت و سەرگەردان بوو ، منیش لە بێمەیلیی



زاتێکی وەک تۆ ، پیشەم شین و گریان و چاوم بە فرمێسکی خوێنین ڕەنگینەو خەریکە بە دەردی ئەو دەچم. بەڵام هیواو ئاواتم یاری نەقشبەندیمەو چاوەڕێی لوتفی ئەوم ، کە بە نەقشی خۆی دڵم نەقشین بکات و بە خۆشەویستیی خۆی بیڕازێنێتەوە ، ئەگەر پێشتریش دڵم بە هەر گوناه و ڕاڕایی‌یەکیش تەنرا بێ ، ئەوا بە ئاوی دیدە دەیشۆم ، تا بە جوانیی نەقشی خۆشەویستیی ئەو برازێتەوەو هەمیشە سەرگەرمی خۆشەویستیی ئەو بێ .

با وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانەو چەندانی دیکەش ، بە خوێنەری ئازیزی بسپێرین . ئەوەش لە یاد نەکەین کارەکەی کاکە حەمەو کاک فاتیح، لە بەراوردکردنی دیوانە چاپکراو و دەسنووسەکانی (نالی) دا ، کارێکی دانسقە و بێوێنەن و جێدەستی ماندووبوونیان بە هەموو لاپەڕەیەکەوە دیارو ئاشکرایە ، هەر ئەم بەراورد کردنەش برەوی بە کارەکەی ئەم دوو برا بەڕێزە داوە و لەوانی دیکەی جودا کردۆتەوە. تەنانەت هەر ئەم لایەنەش بوو بە هەوێنی توێژینەوەی ئەم باسەو زادەی بیروبۆچوونی ئەم لێکۆڵینەوەیەم لە مەڕ دیوانی (نالی) . گومانیشم لەوەدا نییە ، کە هەویری شیعری نالی ئاوی زۆر دەکێشێ و تەنانەت لەگەڵ ڕەوتی ڕۆژگاردا ، بۆچوونی فراوانترو مانای قووڵتری لێ دەردەکەوێ . بێگومان لەوانەشە بۆچوونەکانی منیش پڕ بە پێستی مەبەستەکانی (نالی) نەبن و لادان و کەم و کووڕییەکی زۆری تێدا بن . دەبێ ئەوەش لە یاد نەکەین کە نالی وشەی ئەوتۆی بەکارهێناوە کە زۆر مانا هەڵدەگرن ، گرنگیی لێکۆڵینەوەو توێژینەوەش لەوەدایە کە مانا تێرو تەسەل و پڕ بە پێستەکەی خۆی بۆ بدۆزینەوە کە نالی مەبەستی بووە ، ئەگەر نا ، ئەوە دووچاری داوی خەیاڵی شیعرەکانی دەبین و لە جیهانی نالی دادەبڕێین:

(نالی) بە داوە شەعری دەقیقی خەیاڵی شیعر
بۆ ئەوکەسەی کە شاعیرە سەد داوی نایەوە

توێژینەوەش لە مەڕ دیوانی نالی ، وێڕای زمانی کوردی ، پێویستییەکی تەواوی بە زانینی زمانی عەرەبی و فارسی و بگرە تورکیش هەیە ، تەنانەت پێویستی بە شارەزایی‌یەکی فراوانی ڕەموزاتی ( تصوف) و ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانی پێغەمبەر

هەیە . هەر هەنگاو هەڵهێنانێکیش لە مەڕ دیوانی نالی لە زادەی بیری ئەم بۆچوونانەوە هەڵنەقوولابن و ، ڕەچاوی ئەو لایەنانەیان نەکردبێ ، لە جیهانی نالی دادەبچڕێن و کارەکەش لاسەنگ وکورت دەهێنێ . مەرجی سەرەکیش لەم تەرزەکارانەدا ، ئەوەیە کە دەبێ مرۆ لەگەڵ خۆیدا ڕاستگۆو دڵ و دەروون و زمانی لە یەکەوە نزیک بن و خەڵکی نەکاتە بەردەباز و دەسکەلای بیروباوەڕو بۆچوونە تایبەتییەکانی خۆی ، ئەگەر نا ، کارەکەی بێبایەخ دەبێ و ڕەنجی بە فیرۆ دەڕوا.

سوێد

١٩٩٢/١٢/١٢



## پەراوێزەکان

١- چاپی یەکەمی ئەم دیوانە لە ساڵی (١٩٧٦)دا و چاپی دووەم لە ساڵی ١٩٨٥ و چاپی سێیەم لە ساڵی (١٩٨٩) لە چاپ دراهوتەوە .

٢- دیوانی « نالی » وکێ ڕاستە ؟ عەبدولخالق مەعرووف ، بەغدا ، ساڵی ١٩٨٤ ، ( نێوی چاپخانەکەی دیار نییە ).

٣- بروانە پێشەکیی کتێبی « چەپکە گوڵێ لە گوڵزاری عوثمانی » لە نووسینی مامۆستا عەبدولکەریمی مودەڕریس ، لە هەڵبەستە بەسۆز و خۆش و پڕ واتاکانی حەزرەتی شێخ محەمەد عوثمان سیراجوددینی نەقشبەندی ، لە کۆکردنەوەو ئامادەکردن و لەسەر نووسینی عەبدوڵڵا مستەفا سالح (فەنایی) ، چاپخانەی ئەلحەوادث ، بەغدا ١٩٩١.

٤- (بەهاربەند ) و (تەویلە) هەردووک جێی حەسانەوەی وڵاخ و ئاژەڵن ، تەنها جیاوازییەک لە نێوانیاندا ئەوەیە کە ( تەویلە ) بۆ سەرماو سۆڵەی زستان و (بەهاربەند)، ناوەکەی ها بەخۆیەوە ، تەویلەیەکی سەرکراوەو ئاوەڵایە ، بۆ بەهار و هاوین و سەرەتای پاییز ، کە دنیا گەرم دادەگەڕێ ، بە کار دەهێنرێ .

٥- مامۆستای کورد ، ژمارە ( ١٥ ) ی پاییزی ١٩٩٢ ، لاپەڕەی ( ١١ ) .

٦- هەمان سەرچاوەو ژمارەو لاپەڕەی پێشوو.

٧- مانای وشەی (گورگەمێش ) بە هەڵە لێکدراوەتەوە ، کە دەڵێن : [ گورگەو لە پێستی مەڕدایە ]. ڕاستییەکەی بەو سەگە دەوترێ کە فێری دزی دەبێ و وەکوو گورگ دەمی چەشە دەبێ و بەرخ و قەل و مریشک دەخواو بریندداریان دەکا ، بەوەشا دەناسرێتەوە ، چونکە گورگ ملی چەند ئاژەڵێ دەشکێنێ و یەکێکیان دەبا ، ئەمیان وا ناکا ، ئیتر خەڵکی ئاوایی دەکەونە پارێزی تا دەیدۆزنەوەو بە گەلەکۆمە دەیکوژن .

٨- بروانە لاپەڕەی (٣٤ و ٣٥ )ی دیوانەکەی نالی.

٩- هەمان سەرچاوەی پێشوو ، لاپەڕەی (٣٢).

١٠- لە دیوانەکەدا بە هەڵە نووسراوەتەوە ، لە بەر ڕووناکیی پەراوێزەکەی خوارەوە ، سەرلەنوێ دامرشتووەتەوە .

Prince Sharfkhani Badlisy
1543-1603



# BADLISY CENTER FOR KURDISH STUDIES, INC.

## بەدلیسی : ناوەندی لێکۆڵینەوەی کوردی

کۆنفرانسی نێونەتەوەیی ،
کورد : باری سیاسی و مافی مرۆڤانە
واشینگتۆن ١٧ـ ١٩ مارتی ١٩٩٣

ناوەندی بەدلیسی لە بەهاری ساڵی ١٩٩١ دا لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دامەزراوەو بۆ پەرەپێدانی لێکۆڵینەوەی باسوخواسی سەر بە کوردو کوردستان ، لە چوارچێوەیەکی زانستی و ئەکادێمیدا ، کار دەکات .

یەکێ لە کارە گرنگەکانی ناوەندی بەدلیسی کۆنفرانسێک بوو کە بەهاری ئەمساڵ لە واشینگتۆن رێک خرابوو. لە کۆنفرانسەدا ، کە سێ رۆژی خایاند ، کۆمەڵێ لێکۆڵینەوە لە بارەی هەلومەرجی فەرهەنگی و سیاسیی کوردستانەوە پێشکەش کران و بەشداران و میوانان بە تێرو تەسەلی لە گفتوگۆو دەمەتەقێکاندا بەشدارییان کرد .

ناوەندی بەدلیسی لە ئێستاوە خۆی ئامادە دەکات بۆ رێکخستنی کۆنفرانسێکی دیکەی نێونەتەوەیی لە مانگی ئاب ( ئاگوست ) ی ١٩٩٥ دا ، کە بەناوی « کورد بەرەو ساڵی ٢٠٠٠ » دەبێ

Badlisy Center For Kurdish Studies, Inc
2413-A Willow Ave,
Tallahassee, FL,32303, USA,
Tel: (904)386-6573, Fax:(904)386-6757



# گونەه

قەدریجان

جارەکێ من د کتێبەکێدە خوەندبوو : « سەرهاتی‌یێ مەرڤ چقاس کەڤنار بە ، د مەژی‌یێ مەرڤدە هەوقاس شوٚپێن کوور دهێلە ... »

راستژی وسانە ؛ تشتێن کوٚ من دبچووکییا خوەدە دیتنە ، سەرهاتی‌یێ وێ گاڤێ ئیروٚ پڕ قەنج ، گەلەک ب زەلالی تێن بیرا من .. لێ تشتن هەنە کوٚ دهی ، پێر من دیتنە ، ئان بهیستنە ، ئانژی هاتنە سەرێ من ب خوە ، ئیروٚ زوو ب زوو نایێن هەشێ من ...

قەی گاڤا مەرڤ زاروٚ بە ، مەژی‌یێ مەرڤ هێژ بێتر نەرم و تازەیە ؛ ژ لەورا بیروٚک و سەرهاتی‌یێ مەرڤ ب هێسانی تێدە جە دگرن و هەرکوٚ زەمان دەرباس دبە شوٚپێن کوور دهێلن ..

ئەڤ ، یەک ژ سەرهاتی‌یێ بچووکی :

بهار ، دقەدییا . هاڤینێ ، نهـ دەست پێ دکر . ئێدن هەرکەس ژ گەرما روٚژێ درەڤییان ؛ خوە داڤێتنە بن سها دارەکێ ئان دیوارەک ...

پشتی خوەندنەک هەشت مەهان ، دبستانا مە ژی دەرێ‌یێ خوە ل مە دگرت ... ئەز ، ب خوە پڕ کێفخوەش بووم ؛ هەشت مەهـ خوەندن ، د ناڤ وێ گرگێچ و های و هوویێدە ، د ناڤ وان دیوارێن تەنگ و تاریدە ، نە تەنێ جانێ من ، رحێ من ب خوە ژی باوی بووبوو . دلێ من کوفک و زنگار گرتبوو ...

گاڤا ماموٚستەیێ مە مزگینا بەلاڤکرنا دبستانێ یا هاڤینێ دا مە ، نە تەنێ ئەز ، هەمی سوختەیێن دبستانێ مینا چڤیکێن ژ قەفەسێ ئازاد دبن ، چرەڤیتک ددان خوە ، کومێن خوە بەر ب ئەزمانان داڤێتن و دگوٚتن: هەر بژی ماموٚستا ! هەر بژی ماموٚستا !...

تەنێ سێ، چار زاروٚکێن ترال دگریان ، د سنفا خوەدە مابوون و ل بەر ماموٚستە و هەڤالێن خوە رووسار دمان: ترسا دێ و باڤێ وان ژی دابوو سەر دلێ وان ، بێحەمد ژ چاڤێ وان هێستر دحەرکێن . گری‌یێ ڤان زاروٚکان هنەک کێفا من کێمتر دکر ، دلێ من ب حالێ وان دشەوتی ...

* * *

پشتی گرتنا دبستانێ قەدەرەک دەرباس بووبوو ؛ رند نایێ بیرا من ، خوەدێ زانە مەهەک ئان مەهـ و نیڤەک . ئەز و چەند هەڤالێ خوە ژ سەر زنارەکی دەرباسی سەر لاتەکێ دبوون ، کاش ب کاش ، نەوال ب نەوال ل هێلینێ چووکان دگەڕیان ؛ ب ساعەتانڤە ب دوو چێلکێ وان یێن نهفری دکەتن ؛ مە ئەو دگرتن ، ئەو

حەیوانێ بێ زارو زمان حەتا د ناڤ پەیکێ مەدە بمرانا ، مە ب وان دلیستن ....

ئەم ، جارنا سەرقوت ، جارناژی پێخواس دگەرییان و ژ ڤی حالێ خوە بێتر شا دبوون . کوم و سۆل و جلێ مە ژ مەرە تەنگ دهاتن ، ب هەر هاوایی مە دخوەست ئەم سەربەست بن ... چقاس جار هستری‌یێ کاشان لنگێن مە دقەلاشت و کەلەمێن دار و دەڤییان لنگێ مە خوین دکرن . دیسا نە خەما مەبوو . هایا مە ژ مە تونەبوو ؛ لیسک ، سەربەستی ، ئازادی ، ئەم سەرمەست و سەرخوەش دکرن ... چەند جاران مە ژ دێ و باڤێ خوە گۆتنێن تال دبهیستن ، دیسا مە گوهـ نەددا وان ...پشتی هەشت مەهـ خوەندن و ئەو ژینا زیندانی ، سێ چار مەهێن هاڤینێ سەربەستی پارا مەبوو ، هەڤێ کەس تونەبوو مە ژ ڤێ ئازادیێ بێپار بکە .

رۆژەکێ من و سێ چار هەڤالێن مە گۆتنا خوە کرن یەک : ئەمێ بچوونا شکەفتا برخێرێ ، نێچیرا چێلکەوان ... شکەفت ژ گوندێ مە ب سێ چار ساعەتان دوور بوو . ژبەر گەرما هاڤینێ ، کەوان تەڤا چێلکێن خوە ، خوە داڤێتن بن سها ڤێ شکەفتێ . د شکەفتێدە کانییەکژی هەبوو ، لێ شکەفت نە خالی بوو ، جهێ پیرەبۆک ، جن و پەرییان بوو . هەتا من ژ پیرکا خوە جارەکێ بهیست کۆ شکەفتا برخێرێ پاییتەختێ پادیشاهێ جن و پەرییانە ، کەس نەوێرییبوو هەرە هوندرێ ڤێ شکەفتێ . حەتا پەیایێن مەزن ، ب خوەژی تاقەت نەدکرن . لێ زارۆتی ، بۆنا نێچیرا چێلکەوان ، نە جن ل بەر چاڤێ مە خویا بوون، نە پەری ... ژ خوە مە دخوەست جارا ئەوەلێ ئەم ڤێ مێرانی‌یێ نیشان بدن ؛ د شکەفتا جن و پەرییاندە نێچیرا چێلکەوان بکن.

رەشۆ و رەمۆ ل بەر دەری مان ، ئەز و جەمۆ ژی کەتن هوندرێ شکەفتێ ؛ ها ل ڤر ، ها ل ور مە سێ چار چێلکەو گرتن . ئەو پڕ بچووک بوون ، نکارییبوون بفڕییان . د وێ گاڤێدە دنیا ب گەنج و خەزینێ خوەڤە بدانا مە ، ئەم هەوقاس کێفخوەش و دلگەش نەدبوون . لێ ئەم حەبەکێ وەستیان ؛ ل بەر دەرێ شکەفتێ دارەک تویێ هەبوو ، ئەم ل بن سها وێ روونشتن ، مە هم خوە رەحەت دکر ، هم ژی ئەم ب نێچیرێن خوە شا دبوون ... هنگی جەمۆ تی بووبوو ؛ دخوەست هەرە هوندرێ شکەفتێ ئاڤێ ڤەخوە ، لێ ب تەنێ نەوێرییبوو . من دزانیبوو ل خوە دانینە ژ کەسیرە بێژە : ب منرە وەرە هوندرێ شکەفتێ ، ئەز نەوێرم ب تەنێ هەرم . من ، بێگومان دزانیبوو ئەوێ ب تەنێ هەرە... د وێ گاڤێدە شەیتانییەک هاتە بیرا من . من خوەست کۆ مێرانییا جەمۆ بجەرِبینم . من خوە ژ وان ڤەدزی و کەتم هوندرێ شکەفتێ . نە جەمۆ ، نەژی تو هەڤالان چوویینا من ئا شکەفتێ نەدیتن . من د قونجکەکێدە خوە ڤەشارت . من دیت جەمۆ هێدی هێدی ، ب ترس لنگێ خوە داڤێژە و تێ . شکەفت تاری بوو ، هێژ ئاڤ ڤەنەخواربوو ،گاڤا نێزیکی من بوو ، ژ نشکاڤە ، ب دەنگەکی بلند من گۆ : پخ ... پخ ! هەیهات !... جەمۆ ، د دلێ خوەدە گۆت قەی جنە ، ب ترسەکە مەزن ڤەجنقی و کەت عەردێ ؛ دەڤ و درانێ وی کەتن هەڤ . چقاس من دەنگ لێ کر قەت ل من ڤەنەگەڕاند . ب تەنێ چەند جاران چاڤێ خوە ڤەکر و ب ترس ل من نێڕی . چاڤێ وی یێ کەسک د ناڤ تارییا شکەفتێدە مینا دوو جنجقان دچرسین ... هنگێ من فام کر کۆ من قەباحەتەک ، ئان هێژ بێتر ، گونەهەکی مەزن کر . ئەز چووم جەم هەڤالان من ژ وانرە گۆت : وەرن بێ چ ل جەمۆ هاتییە ؟

ئەم هەر سێ چوون جەم وی ، چقاس مە کر نەکر ، مە نکارییبوو ئەو ژ جهێ وی بلڤاندا . ژ خوە ئەم گش زارۆک بوون ، ئەم هەر سێ چار ژی ، حەفت هەشت سالی بوون ... هنگێ دەنگێ بلوورەکێ ژ دووڕڤە حەزین حەزین دهات . مە دزانیبوو خوەدی‌یێ ڤێ بلوورێ شڤانەکە . رەشۆ و رەمۆ ل بەر جەمۆ مان ، من خوە ل دەنگێ بلوورێ گرت . پشتی قەدەرەکێ من خوە گهاند شڤێن و من سەرهەتییا مە ژ ویرە گۆت . شڤان ، ژ دووڕڤە ، مەرڤێ جەمۆ دهات ؛ پەزێ خوە سپارت هەڤالەکی خوە و ب منرە هات شکەفتێ ؛ جەمۆ ل پشتا خوە کرو ئەم ب هەڤرە ڤەگەڕیان گوند . هێژ زمانێ جەمۆ نەدگەڕیا ، من ژی ژ ڤەدییان ، قەباحەتا خوە ڤەدشارت ، هەتا من ژ هەڤالێن خوەرە ژی راستی نەدگۆت .

ئەم چاوان ڤەدگەڕیان گوند ؟ دێ و باڤێ جەمۆ ئەوێ ژ مەرە چ بگۆتنا . مە یێ ژ دێ و باڤێ خوەرە بگۆتا چی ؟! چار نەچار ئەم دچوون .

چیرۆکا مە زوو ل ناڤ گوند بەلاڤ بوو . باڤێ من ، د مالدە ئەز حەپس کرم . من بهیست کۆ هەڤالێن من ژی مینا من حەپس کرنە . هێژ ژی زمانێ جەمۆ ڤەنەبووبوو

. هەر کەس دگۆت : جنی‌یێ وی شەیتانییە ، نە رەحمانییە و گشان ، ژ داوییا جەمۆ دترسیا ، تەنێ شێخ سەدەق ...

شێخ سەدەق ، ب جن و پەرییان دزانیبوو . ئەڤ کالێ ریسپی کۆ زەمان پشتا وی خوار کربوو ، ب ناڤ و دەنگ بوو ... ئەسلێ وی یان ژ مەکێ بوو یان ژی ژ مەدینێ ... من بهیست کو شێخ ، ژ باڤێ جەمۆرە گۆتییە : « هەکە تو دەھ زێڕان ( پێنج پێشین ، پێنج پاشین ) بدی من ئەزێ کورێ تە رەحەت بکم ... » باڤێ جەمۆژی قایل بووبوو و گۆتبوو « تو کورێ من رەحەت بکە مال وملکێ من گشت ژ تەرە پێشکێشن ...»
ئێدن هەرکەسی هێڤی دکر کۆ شێخ ئەوێ جەمۆ رەحەت بکە ... تەنێ من باوەڕ نەدکر . من دەرد و ئێشا جەمۆ ژ شێخ بێتر و چێتر زانیبوو ...

گاڤا جەمۆ برن جەم شێخ ، شێخ ئەز ژی خوەستم نک خوە ، و ژ من چەند پرس کرن : « وەختا کۆ جەمۆ چوو شکەفتێ ، جهێ کۆ لێ کەتبوو خوار ، و چقاس نێزیکی قۆزییا چەپێ بوو ، چقاس دووری قۆزییا ڕاستێ بوو ؟؟» و ب کتێبا خوە دنێڕی و ب قەلەما خوە ئا قێژۆتی ل سەر کاغەتەکێ چەند خێز و نخت چێدکر و سەرێ خوە دهەژاند و دگۆت : « من فام کر ... من ناس کر کیژان جنە ... ئەڤ جنەکی شەیتانییە ، ژێرە دبێژن : پۆلۆتۆخ ...» پاشێ ل سەر نەینووکێن دەست و لنگێ جەمۆ ب قەلەما خوە تشتن نقیساند و گۆت « من جنی د لاشێ ویدە حەپس کر ، هەتا ئەز وی نەکوژم ، بەرا نادەم ، کا ژ منرە دەستەک شڤێ تەڕ بینن » .

خولامێ وی دیلۆ ، گورزەک شڤێ هنارێ ژێرە ئانین و ب لنگێ جەمۆ گرت و بلند کر ، شێخێ ویژی ، شڤ ب شڤ د لنگێ وی زارۆکێ رەبەن دشکاند ...جەمۆیێ کۆ هەتا وێ گاڤێ زمانێ وی نەدگەڕیا قیرینا وی دچوو ئەزمانان . لێ شێخ دگۆت « ئەڤ نە دەنگێ جەمۆیە ، هێژ زمانێ وی گرێدایییە و دەست ب لێخستنا خوە دکر و دگۆت : عەفریت ... شەیتان ... ما تو ژ دەستێ من ب کوودا برەڤی » و ب زمانێ جنان چەند پرس ل سەر دکرن: تێماتم ... تەناتن ... شن ... شن ...
خوین ژ بن لنگێ رەبەن دحەڕکی ، گاڤا هەر دارەک ل بن لنگێن رەبەن دکەت ، تیرێن برووسکێ ل دلێ من دخست ... من نکاریبوو راستی بگۆتا . ئەو رۆژ نەبوو ئێڤار ، جەمۆیێ رەبەن ژ بەر دارێن وی زلامێ غەدار مر.

* * *

ئەڤ بوون بیست ، بیست و چەند سال ... ئەڤ چیرۆک ل سەرێ من قەومییە . هێژ ژ بیرا من نەچوویە . ژ منرە بوویە دەردەک ، د هوندرێ مندە بوویە گرێکەک ، د دلێ مندە بوویە برینەک ... برینەکە پڕ کوور . سال ب سال نێم و کێما وێ بێتر ، ئێشا وێ زێدەتر دبە . گیانێ من ژ بەر دهەژە ... گەلەک جاران ، جەمۆ د خەونا خوەدە دبینم ؛ ل هەمبەر من مەلوول دسەکنەو ب گلی و گازن ژ منرە دبێژە ، بێبەخت ... بێبەخت !

ئا - زیوان : ٢٨/١/ ١٩٤٢

هاوار ، هەژمار ٣٩ ، سال ١٠
یەکشەمب ١٥ شبات ١٩٤٢
رووپەل ٦ - ٨ ( ٦١٤ - ٦١٦ ).

## وەرامی دۆستان

بۆ خاوەنی ئەم بەرهەمانە:
- هێڵە ڕەشەکانی شەو (شیعر)
- دەمەتەقەیەک لە گەڵ خۆمدا(پەخشان)
- م.ق. و شیعر و تاراوگە(گفتوگۆ)

ببوورن کە ناتوانین
بەرهەمەکانتان بڵاو بکەینەوە

# یەکێتی پەنابەرانی کورد
# UNION OF KURD REFUGEES

یەکێتیی پەنابەرانی کورد لە پاکستان ، لە ١٧ / ٤ / ١٩٩٣ دا نامەیەکیان بۆ ناردووین و داوایان کردووە ناوەڕۆکەکەی بڵاو بکەینەوەو بە خوێنەرانی ڕابگەیەنین .

یەکێتی لە نامەکەیاندا باسی هەلومەرجی ناخۆشی خۆیان و هەڵوێستی ناشیرین و نامرۆڤانەی کۆمیسیۆنی بەرزی پەنابەرانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان UNHCR دەکەن . هاوکات باسی ئەوەش دەکەن کە چەندین ڕێکخراوو لایەن و کەسانی مرۆڤدۆست لە ڕووی مادی و مەعنەوییەوە پشتگیرییان کردوون .

یەکێتیی پەنابەرانی کورد ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە « کەسانێکی هەلپەرست و بۆگەن هەستاون بە ناوی پەنابەرانەوە و بەسوود وەرگرتن لە باری نالەبارو سەختگوزەرانیی پەنابەرییەوە نامەو ڕاپۆرتیان بۆ ئەملاو ئەولا ڕەوانە کردووە بە مەبەستی کۆکردنەوەی پارەو یارمەتی و بەم شێوەیە توانیویانە لە چەند شوێنێک پارەو پیتاک کۆ بکەنەوەو لە بەینی چەند کەسانێکی دیاریکراودا دابەشی بکەن بەبێ ئەوەی تێکڕای پەنابەران پێی بزانن » .

بە پێی نامەکەی یپک لە ئەڵمانیاو ئیتالیاوە ( لەوانەیە لە جێگای دیکەشەوە ) پارە نێردراوە بۆ تاکە کەس و سەرجەم پەنابەران ئاگایان لێ نییەوە هیچیان بەر نەکەوتووە . برایانی یپک داوا دەکەن کە هەر لایەن و کەس و ڕێکخراوێک کە دەیەوێ کۆمەکیان پێ بکات ، پێوەندی لە گەڵ یپک بکات و یارمەتی بۆ تاکەکەس ڕەوانە نەکات .

ئێمە ، لەگەڵ دەربڕینی هاودەردی و دڵسۆزیدا بۆ ئەو خوشکوبرایانە ، ئەم جێگەیە بە هەل دەزانین داوا لە هەموو ڕووناکبیران و نووسەران و گۆڤارو ڕۆژنامە کوردییەکان بکەین لە ڕووی فەرهەنگیشەوە یارمەتیی پەنابەرانی کورد لە پاکستان بدەن و هەموو جۆرە چاپەمەنی و بڵاوکراوەیەکیان بۆ بنێرن ، بۆ ئەوەی پێوەندییان لەگەڵ فەرهەنگ و زمانی نەتەوەکەیاندا نەبڕێ . ئێمە لە لایەن خۆمانەوە لە ماوەی پێنج شەش ساڵی ڕابردوودا بەسەدان دانە لە گۆڤاری مامۆستای کورد و کتێب و نامیلکەو چاپەمەنیمان بە دیاری بۆ ناردوون . بەو هیوایەی هەموو لایەنێک ئەم کوردە ئاوارانەیان لەبیر بێت و لە خەم و پەژارەو ئازاریان کەم بکەنەوە .


ناونیشانی یەکێتیی پەنابەرانی کورد لە پاکستان :

Union Of Kurd Refugees
G. P. O.
P. O. Box,1723
Islamabad, Pakistan
Fax:92-51-216380,217450




# چوار پارچە شیعر

مووسا گەرمیانی

## هەور

ببارە ، ببارە
باران
بە تاو ، بە خوڕ
پاراوکە جەستەی گیاو دار ،
ببارە پڕ
ئەی ئەسرینی پەڵە هەور
ئاوێتە بە ، ئاوێتە بە دەگەڵ فرمێسکی گریاوان
ئاوێتە بە
دەگەڵ زمنەی نیوەگیانی
چاوەکانی
تۆی رووناکی
تۆی خاوێنی
ببارە ، ببارە
باران .

کرماشان ١٣٦٥

## هاوار


هاوار ، هاوار سەد جار هاوار
شۆخ و شەنگ و ئەندام لەبار
لە دەستی تۆ سەد جار هاوار
دڵی بیمار
دڵی زامار
بە داوی پرچت گرفتار ...
مەنعم دەکەن لە عیشقی تۆ
خەڵکی ناو شار
مەست و هۆشیار
دارا و نەدار
باری خەفەتم گرانە
زۆری هێنا تاسەی دیدار
چاو نەکەم من
لە چاومەستان
شەرتە ئەو جار

بێ تۆ نازدار
چۆن تەسکێن دەم قەلبی خەمبار
هاوار ، هاوار
لەدەس زوڵمت سەد جار هاوار

## ڕچەشکێنەکان

بە یادی شەهیدانی ڕچەشکێن : مینەشەم ، سولەیمانی موعینی ، مەلا ئاوارە ، مراد شیرێژ و سمایلی شەریفزادە وهاوەڵەکانیان .

وەبیرم دێ ڕۆژێکی ڕەش
خەڵک سەریان نابوو لە هەش
شاری سابلاغ خرۆشابوو
دڵ سووتابوو ، پرووکابوو .
کیژو لاوی شاری مەردان
ئەژنۆیان دەکوتا لە بەردان ،
خۆشی لە شار باری کردبوو ،
خەم لە دڵان کاری کردبوو ،
گزیری شای هاری تاران
خوێنیان دەڕشت لە دێ و شاران
لاوچاکی کوردیان دەگرتن
خوێنی زارۆکیان دەمشتن ...
فرمێسک دەڕژا لە چاوان
بۆسۆ دەهات لە هەناوان .
چەند لاوی ژیری هەڵکەوتوو
ئاڵای خەباتیان هەڵگرتبوو
شەڕێکیان کردبوو شێرانە
دەستیان وەشاندبوو مێرانە
حەماسەیان خوڵقاندبوو
تۆوی تۆڵەیان چاندبوو.
بەڵام داخم ئەوان کەم بوون
وەکوو دوندی نێوان تەم بوون
وێک دەهات جەغزی گەمارۆ
لاڵ بم نەبوو ڕێگاو دەرۆ
هەرچەند کە مەرگیان دەباراند
دوژمنیان لە خۆ دەتاراند



تا دوا گولله ، تا دوا پشوو
گلاندیان دوژمنی بێژوو.
ڕۆڵەی نەبەردی لێڕوچەم
قوربانی گەل بوو « مینە شەم »
تەقە برا لە دۆڵ و کێو
سامی لێ نیشت ڕازو نشێو ،
دوژمن دەڕاسا لە تەرمیان
نەوێرانە چەکی گەرمیان .
ئێستا لەسەر هەر شەقامێ
نەردیوانێکەو ئەندامێ
تەرمی لاوانە بە پێوە
پێکەنینیان لەسەر لێوە ،
چەند ڕەشیدو چەندە تەڕزن
وەک خێوی خەبات سەربەرزن

توخوا ڕێبوار ! بێنە لایان
با دڵ پرکەین لە هیوایان ،
ڕۆڵەی ڕەنج بوو « مراد شیرێژ »
زەردەوانی هەورازو لێژ
لە بیرمە جەستەی ڕەنجاوی
ڕوومەتی بە تاو قەڵشاوی
کەڵەگەت و بە شان و پیل
کاکۆڵ کرمانجی وەکوو قیل
بە تای پانتۆڵ و کراسی
دەستی قەڵشاو ، پێی پێخواسی ...
« کاکە سمایل » ڕۆڵەی ئازا
ئارام بە لە کۆشی ڕازا
ئێستا گەلێکن یاری تۆ
دەستیان داوەتە کاری تۆ
« سولەیمانن » بۆ ڕێبەری
بۆ گەل و بۆ بەختەوەری
شەیداو « ئاوارە »ی وەڵاتن
یا شەهید بوون و لە لاتن.

## چرای ئیمان

شەوەزەنگە لێرو چرە
مرۆیەکی ناشارەزا ، بە تەنیایی ،
ئەلەو شەوە تاریکەدا
بە ئەسپایی
بۆ سەر دەڕوا ، بۆ خوار دەڕوا
بۆولا دەڕوا ، بۆولا دەڕوا
بۆو تەنیشت و بۆو تەنیشت و هەرلا دەڕوا..
دەڕوا لارێ دەڕوا چەپرەک
ترسی کەندالّ ، ترسی خوشین
لە پێشیەتی سەد مەترسی ،
دەڕوا ماندوو
بە زگی برسی
مارو دووپشک ، مام گورگ و ورچ ،
درندەی دی

چاوەڕوانن ،
لە قوژبنان ، لە سەر داران
لێی دەڕوانن
دەور دەدا ، وەک خولخولە
وەکوو دەستاڕ
لە ڕاست بۆ چەپ ، لە چەپ بۆ ڕاست
لە خوار بۆ سەر ، لەسەر بۆ خوار
ئەگەر چی سەر لێشێواوە
باوەکوو ڕێی لێ گۆڕاوە
دەستی لە هومێد بەرنەداوە
لە نێو دڵیدا داییسێ شەو چرایەک
چرای هومێد ، چرای ئیمان
ئاخری ڕێگەی دەدا نیشان
دەگا بەو شوێنەی بۆی دەچێ ،
لە تاریکی و لە پەژارە ، لە ئەنجاما ، ڕزگار ئەبێ .

# کتێبخانەی مامۆستای کورد

هەر بەرهەمێک ( کتێب و گۆڤارو ڕۆژنامە ) بە دیاری بۆ ئەم گۆڤارە نەنێردرابێ ، بە ئەرکی خۆمانی نازانین لەم بەشەدا تۆماری بکەین .

## کتێب

* گۆتفرید یۆهانز میوولەر : لە ڕۆژ هەڵاتی گرگرتوودا ، نێردەی بە مەترسیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ١٩٤٣ ، بەدران ئەحمەد حەبیب لە ئینگلیزییەوە کردوویە بە کوردی ، دۆکتۆر مارف خەزنەدار پێدا چووەتەوە و پێشـــەکی و تێبینیی لەسەر نووسیوە ، چاپی یەکەم ( بەکوردی ) ، هەولێر ١٩٩٢ ، ١٤٤ل.

* دوو چاوپێکەوتنی ڕۆژنامە نووسی لە گەڵ بەڕێزان د. عیسمەت شەریف وانلی و د. ئیسماعیل بێشکچی ، هێنانە سەر شێوەی کرمانجیی خواروو و وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە : مەهاباد کوردی ، وەشانێن ڕەوشەن ، بۆن، ئاڵمانیا ١٩٩٢ ، ٧٩ ل .

* محەمەد فەریق حەسەن : باپیرە کوردۆ ( حەوت چیرۆکی منداڵان ) ، نیگار : فوئاد ڕەسووڵ ، ستۆکهۆڵم ١٩٩٢ ، ٥٤ ل .

* شێخ مهەمەد جان : لەیل و مەجنوون ، وەرگێڕ ژ تیپێن ئەرەبی : زەینەلابدین زنار ، پەنجینار ، وەشەنخـانەیا چاندا کوردی ، سـتۆکهۆلم ١٩٩٢، ٣٥٢ ل.

* کوردۆ عەلی : نووسەری هێژای تورک سمایل بێشکچی و تیروانینێکی زانستانە لە مەسەلەی کورد ، سالزبۆرگ ١٩٩٢ ، ٦٦ ل.

* محەمەدی مەلا کەریم : بیری کۆمەڵایەتی و سیاسیی پیرەمێرد لە کەلێنی « پییەسی تەمسیلێکی راستی تەئریخی » یەوە « لە وڵاتی خۆماندا ڕووی داوە » ، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی ، بەغدا ١٩٩٢ ، ١٢٨ ل .

* ئەحمەد تیگریس و ب . وەلاتئەڤین (ئامادە کردن ) : کورتەیەکی جوغرافیا بۆ خوێندنگە ، ناسری ڕەزازی لە کرمانجییەوە کردوویە بە سۆرانی ، چاپخانەی ئاپێک ، ستۆکهۆڵم، ١٩٩٣ ، ٤٧ ل.

* خەمگین تەمێ : وەلاتێ بێ خودی ( شیعر ) ، کراگ ٣٩ ، سۆفیا ، بولگاریا ١٩٩٢ ، ٣٢ل .

* دڵشاد عەبدوڵڵا : جوانییەکان و چەند لاپەڕەیەکی ژیانی بەفرنووس یا باوباڵەکان ( شیعر ) ، هەولێر ١٩٩٢، ٧٩ ل .
* حیکمەت محەمەد کەریم (مەلا بەختیار ) : شۆڕشی کوردستان و گۆڕانکارییەکانی سەردەم ، خەباتی شاخەکان یان ڕاپەڕینی شارەکان ؟ ، سوێد ١٩٩٣ ، ٢٨٦ ل .
* کمال معروف : الحرکة التجدیدیة فی الشعر الکردی الحدیث ١٩١٤ - ١٩٦٥ ، الجزء الأول ، ستوکهولم ١٩٩٢ ، ٣٠٥ ص.
* مەحموود تۆفیق خەزنەدار ( ئامادە کردن و کۆکردنەوە ) : بەرهەمی کۆکراوەی عەبدولواحید نووری ، پێشەکی و سەرپەرشتیی ئامادە کردن دوکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ ، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی ، بەغدا ١٩٩١ ، ٣١٢ ل .
* خەبات عارف : گوڵەکانی پاییز ( شیعر ) ، ستۆکهۆڵم ١٩٩٣ ، ٦٢ ل.
* ئومێد مەهدی ( هەندرێن ) : دوا نوێژەکانی چیاو سەفەری مەحاڵ ( شیعر ) ، چاپی یەکەم ، ستۆکهۆڵم ١٩٩٣ ، ١٠٠ ل .
* ئەکرەم عەلی : بازنەی خۆر ( کورتە چیرۆک ) ، سوێد ١٩٩٣ ، ٨٨ ل.
* کردها : نویسندگان : کندال ، عصمت شریف وانلی ، مصطفی نازدار ، مترجم : إبراهیم یونسی ، إنتشارات روزبهان ، تهران ١٣٧٠ ، ٢٧٦ ص .
*محمد قاضی : خاطرات یک مترجم ، تهران ١٣٧١ ، ٤٥٠ ص .
* د . شاکر خصباک : الکرد والمسألة الکردیة ، الطبعة الثانیة ، المؤسسة العربیة للدراسات والنشر ، بیروت ١٩٨٩ ، ١٠٤ ص .
* روجیه لیسکو : ثورة جبل الأکراد ضد الإستعمار الفرنسی فی سوریة ، ترجمة وتعلیق : بلسم کامل ، تقدیم : خالد عیسی ( تأریخ ومکان الطبع : بلا ) ، ٩٤ ص .
* م . س . لازاریف : المسألة الکردیة ١٩١٧ - ١٩٢٣ ، ترجمة : د . عبدی حاجی ، الطبعة الأولی ، دار الرازی ، بیروت ١٩٩١ ، ٣١١ ص.
* الشیخ عمر غریب : ردا علی مقال « القضیة الکردیة والمخطط الغربی لتقسیم العراق ) » ، من مطبوعات الحزب الإسلامی الکردستانی ( پاکستان ) ، الطبعة الثالثة ، شباط ١٩٩٣ ، ٢٥ ص .
* الشیخ عمر غریب : جنوب کردستان أم شمال العراق ؟! ، من مطبوعات الحزب الإسلامی الکردستانی . ( پاکستان ) ، الطبعة الثالثة ، شباط ١٩٩٣ ، ٢٦ ص .
* ئۆ . ل . ڤیلچێڤسکی : نەژادی کورد ( ڕەوتی مێژوویی ی دروستبوونی میللەتی کورد ) ، ڕەشاد میران لە ڕووسییەوە کردوویە بە کوردی ، ستۆکهۆڵم ١٩٩٣، ٤٩٠ ل.
* عەلی حەسەنیانی ( هاوار ) : بزەی زەمەند ( شیعر ) ، ئاڵمان ١٩٩٣، ١٩٤ ل .

International Interparliamentary consultation on the Ku rdish,Question Washington DC.,27 Februari1991, Kurdish institute of Paris,1992,153p.

Mem och Zin, i tolkning och oversattning fran engelska av Robert Alftan, med en inledning av Gisbert Janicke, Sara forlag , Stockholm,1992,116s.

Malmisanij:Abdurrehman Bedirhan Ve ilk Kurt Gazetesi Kurdistan Sayi:17 ve18, Spanga1992,138s.

The Kurds of Turky: Killings, Disappearances and Tortur, Helsinki Watch:A Division of Human Rights Watch, USA, March,1993,59p.

# ڕۆژنامەو گۆڤار

* برایەتی ( التاخی ) : ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە پارتی دیموکراتی کوردستان – عێراق – دەری دەکات ، ژمارە ( ١٦١٧) ، یەکشەممە ١١/ ٤/ ١٩٩٣ ( کوردستان ) .

* ئاڵای ئازادی : ڕۆژنامەیەکی سیاسیی حەفتانەیە حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان دەری دەکات ، ژمارە(٦٨) ، خولی دووەم ، یەکشەممە ١١/ ٤/ ١٩٩٣، هەولێر(کوردستان ).

* هەرێم : ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە وەزارەتی ڕۆشنبیری دەری دەکات ، ژمارە ، (١٦) ، پێنجشەممە ١٨ /٣ / ١٩٩٣ ، ژمارە(١٨) پێنجشەممە ٤/٨/ ١٩٩٣(کوردستان ) .

* کوردستانی نوێ : ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەری دەکا ، ژمارە (٣٦٠) ، یەکشەممە ١١/ ٤/ ١٩٩٣ ( کوردستان ) .

* القافلة : [مجلة فصلية ] تصدرها وزارة الثقافة ، إقليم کوردستان – العراق – العدد الأول ، السنة الأولى ، شتاء ١٩٩٣ .

* سەرهلدان : کۆڤارەکا سیاسی ، روشەنبیری و گشتییە مەلبەندێ چارێ ئێکەتی نیشتمانی کوردستان دەردئێخت ، ژمارە (١) ، شوات ١٩٩٣ ( کوردستان ).

* لاوک : گۆڤارێکی فۆلکلۆریی وەرزییە کۆمەڵەی فۆلکلۆری کوردی – مەڵبەندی گشتی دەری دەکات ، ژمارە(١) ، ساڵی (١) ، هەولێر ١٩٩٢ ( کوردستان ) .

* مەتین : کوڤارەکا هەیڤانەیە یا لقی (١) پارتی دیموکراتی کوردستان – عێراق – ژمارە (١٧) ، خولی سێ ، شباط ١٩٩٣ ( کوردستان ) .

* پەرلەمان : ڕۆژنامەی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عیراقە ، ژمارە (٧) ، ساڵی دووەم ، کانوونی دووەم ١٩٩٣ .

* دلانپار : دەنگی کۆمیتەی ئاشتی و پشتگیری نیشتمـــانی کوردســـتان (فینلاند) ، ژمــــارە (٤)، ٢٥/١٢/ ١٩٩٢ ، ژمارە (١) ، ٢٥/٣/ ١٩٩٣.

* خەرمانە : گۆڤارێکی وەرزیی ئەدەبیی ڕۆشـــنبیرییە ( سەرنووسەر : حەمەسەعید حەسەن ) ، ژمارە ٨ ، ساڵی ١٩٩٣ ( سوێد ) .

* کۆمار : گۆڤارێکی گشتیی ڕۆشنبیری – کولتوورییە ، ژمارە : ١٣ ، ساڵی دووەم ، ئاپریلی ١٩٩٣ ( سوێد ).

* بارزان : ڕۆژنامەیەکی گشتییە لە ئەمریکا دەردەچێت ( سەرنووسەر : عەبدولقادر محەمەد ئەمین ) ، ژمارە : ١٣ – ١٤ ، نەورۆزی ١٩٩٣ .

* پەیامی ڕاستی : گۆڤارێکی ڕۆشنبیریی مانگانەی گشتییە ، کۆمەڵی نووسەر و ئەدیبانی موسوڵمانی کورد ، سلێمانی ، ژمارە : ١١ ، ساڵی دووەم ، کانوونی دووەمی ١٩٩٣ / ڕەجەبی ١٤١٣ / ، ژمارە : ١٢ ، ساڵی دووەم ، شوباتی ١٩٩٣ / شەعبان و ڕەمەزانی ١٤١٣ ( کوردستان ).

* هەڵەبجە : گۆڤارێکی ڕۆشنبیرییە بە زمانی کوردی و عەرەبی دەردەچێت ( سەرنووسەر : موحسین جوامێر ) ژمارە : ١٢ – ١٣ ، ساڵی چوارەم ، نیسانی ١٩٩٣ ( سوێد ) .


* پرۆژە : کتێبێکی ڕەخنەییە / وەرزییە ، بایەخی سەرەکی بە ڕەخنە ئەدات ، ژمارە : ٢ ، ٣ ، پاییزی ١٩٩٢ ( سلێمانی – کوردستان )

* ئاڵا : ئۆرگانی پارتی سەربەخۆیی کوردستان ، ژمارە : ٥ ، ساڵی حەوتەم ، ڕەشەمەی ١٩٩٣ ( سوێد ) .

* گۆڤاری هەنگ : گۆڤارێکی مانگانەی منداڵانە ، وەزارەتی ڕۆشنبیریی هەرێمی کوردستان دەری دەکات ، ژمارە ( ١ ) ی ئەزموونی ، نەورۆزی ١٩٩٣ ( کوردستان ).

* ڕووناکبیری : گۆڤارێکی کولتووریی گشتییه ( سەرنووسەر : ئەنوەر قادر محەمەد ) ، ژمارە : ٢ ، دێسەمبەری ١٩٩٢ ( سوێد ) .
* دیمانە : گۆڤارێکی وەرزیی لاوانە ، لە لایەن دەستەیەک لاوی ئاوارەی کوردەوە دەردەچێت بە سەرپەرشتی و هاوکاریی گۆشان سەرکۆ ، ژمارە پێنج زستانی ١٩٩٣ ( سوێد ) .
* یەکگرتن : ئۆرگانی ناوەندی حیزبی یەکگرتنی کوردستان ، ژمارە (٧) ، سالّی یەکەم ، پێنجشەممە ١/٧/ ١٩٩٣ ، ژمارە (٨) ، سالّی یەکەم ، پێنجشەممە ١٤ / ١ /١٩٩٣ ( کوردستان ) .
* شەهادە : ڕۆژنامەی ئیسلامی ڕامیاری هەفتەیی ، ئۆرگانی ئەنجومەنی بالاّی شۆڕشی ئیسلامی عێراقە ، ژمارەی ٤٣٣ ، ١٨ ی کانوونی دووەم ١٩٩٣ / ژمارەی ٤٣٤ ، ٢٥ کانوونی دووەم ١٩٩٣ ( ئێران ) .
* ئاوێنە : ئەدەبی ، فەرهەنگی ، کۆمەلاّیەتی ،ژمارە (١١) ، سالّی ١٣٧١ ( ئێران ) .
* کوردستان : ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ، ژمارە (١٩٣) ، بەفرانباری ١٣٧١ ، ژانویەی١٩٩٣ ، ژمارە ( ١٩٤) ، ڕێبەندانی ١٣٧١ ، فیوریەی ١٩٩٣.
* سروە : گۆڤاری فەرهەنگی ، ئەدەبی ، ناوەندی بلاّوکردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی ، ئینتشاراتی سەلاحەدینی ئەییووبی بلاّوی دەکاتەوە ( ورمێ - کوردستانی ڕۆژهەلاّت ) ، ژمارە : ٧٥، ٧٦، ٧٧، ڕەزبەر، خەزەلّوەر ، سەرماوز ١٣٧١ .
* نوودەم : کۆڤارا هونەری ، ئەدەبی و چاندی ( خوەدی و بەرپرسیارێ گشتی : فرات جەوەری ) ، هەژمار : ٥ ، ئادار ١٩٩٣ ( سوێد ) .
* ڕۆژا نوو : کۆڤارا هونەری ، چاندی و ئەدەبی ( خوەدی : کۆمکار - سوێد )، ٣٦ ( ١٩٩٣ )، (سوێد ).
* وان : گۆڤاری یەکێتیی نووسەرانی کورد - سوێد ، ژمارە : ٢، ٣، ٤، / ١٩٩٢ ( سوێد ) .
* أصوات : مجلة فكرية مستقلة ، رئيس التحرير الدكتور حسين هنداوى ، العدد ١٣، نيسان ١٩٩٣.

Kurdistan today: An organ of Kurdistan Democratic Parti, Iraq, in the USA.Vol.1,Issue1 (January1993)Vol,1 Issue3 (February 1993).
Kurdish life: A publication of the Kurdish Library (USA), Number,5 Winter1993.
Proceedings of the fifth Annual Conference of Kurdish National Congress of North America, United Free Kurdistan,Volume,5 No.1, December,1992.
Namah: is a newsletter publishd bi-annually by the Badlisy center for Kurdish Studies, inc. (USA), Volume1, Number1, Spring,1993.
Hawkar: Newsletter of Hawkarani Kurdistan (United Kingdom), Issue No.4(January), No.5 (February), No.6 (March)1993.No:7(April).
Kurdernas vanner Sverige:4/92, Argang,5, December, 1992,1-2/93, Argangen,6, April,1993.
Kurdistan in the Media: Publcation of Kurdish National Congress of North America, Vol,4, No.1, January, Februari and March1993.




گوتمێ زانستی بەئاگا
کورد لە فەرموودەی تۆ ناگا
کوردی وا هەژاری کێوی
نازانێ تۆ چ داخێوی

لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی فەرهەنگیی سوێد ـ کوردستان ، چەپکێ لە شیعرە بڵاونەکراوەکانی مامۆستا هەژار ، لە کتێبێکی جوان و ڕێک و پێکی ٧٤ لاپەڕەییدا چاپ کراوە .

بۆ وەدەستهێنانی ئەم کتێبە دەکرێ لە کۆمەڵەی فەرهەنگیی سوێد ـ کوردستان یا گۆڤاری مامۆستای کورد داوا بکرێ . نرخی کتێبەکە (بە پارەی پۆستیشەوە ) بەم جۆرەیە : سوێدو وڵاتانی سکاندیناڤی ٤٠ کرۆن ، وڵاتانی دیکە ٧ دۆلار .

دەکرێ نرخی کتێبەکە بخرێتە سەر حیسابی گۆڤاری مامۆستای کورد :

Postgiro nr:435559-0.



# زایەڵەی کۆچ

گۆران قەرەداخی

ئەو دەمانەی ..
کە ئاگری هیجرانی تۆ ،
کوورەی ناخم ..
بۆ شیوەنێک دەدەمێنێ ،
یا کە تاسەی ..
خەنینەکەی جارانی تۆ ،
مەلی خەوی شەوگارێکم دەتەرێنێ .
ئیدی هەرچی ژان و زامە ،
کام خۆزگەیەی بێئارامە ،
خەونی ناکام ..
خەمی دێرین ،
ساڵ بە ساڵی تەمەنێکی ..
پڕ گریان و کەم پێکەنین
بۆ سەرخۆشیم ..
بۆ سەبووریم ..
بۆ هەتوانی دەردی دووریم
دێتە لام و لە دەروونما ..
کۆ دەبنەوە ،
بە تاریکیی ناخی من و ..
بێسۆراخیی کۆچی تۆدا
شۆڕ دەبنەوە.

فریادرەسان .. دێنە لام و
لە تاریکیی دەروونمدا
قووڵ ڕۆ دەچن ،
بۆ سۆراخێ ..
دەتلێنەوە
لە گێژاوی ئەندێشەما
دێن و دەچن ،
بۆ قولاخێ ..
دەخولێنەوە.


سەوداسەرن :
لە زایەڵەی ئەم کۆچەدا ،
بەبێ ئۆقرە ..
هەنگاو .. هەنگاو
دێن و دەچن .
خولیای سەرن :
لە دۆزەخی ..
سۆراخێکی بێقولاخا ،
تا دەتوانن ..
دەتوێنەوە و
تنۆک .. تنۆک
قووڵ ڕۆدەچن.

کە تێ دەگەن
کاروانسەرای زامی خەمم
وەک ماڵی خوا فراوانە ،
بۆ ناسۆری گشت تەمەنم
دایک ئاسا ..
ئامێزێکی میهرەبانە :
تروسکایی سەبووریی من
لە دڵیاندا دەکوژێتەوە .
دڵدانەوەی فریاکەوتن ..
بە ئاهێکی نائومێدی و
ڕێژنەیەکی ئەسرینی خەم ..
دەشکێتەوە.
فریاڕەسان ،

له تاریکیی دەروونمدا
سەر دەرناکەن ..
دەتلێنەوە .
له گێژاوی ئەندێشەما
رێ دەرناکەن ..
دەخولێنەوە .
ئەنجام بەرەو تەنکاییی خەم
دەکشێنەوە .
دەکشێنەوە و ..
هەر وەکوو خۆم
بە دەنگێکی مات و خەمین
زایەڵەی کۆچ ..
بۆ تەنهاییم ،
بۆ نامۆییم ،
دەڵێنەوە .
دەکشێنەوە و ..
له هەمبەری بێسۆراخی و لاساریتا
دەستەووەستان رادەوەستن ،
نوێژی رێز و کڕنۆش بردن ..
بۆ داستانی .. ئەم کۆچەی تۆو ،
غوربەتی من دادەبەستن.

سوێد ١٩٨٨

خستنە سەر نێت: چالاک
chalakmuhamad@gmail.com



گۆران ( عەبدوڕڕەحمان ) قەرەداخی
ساڵی ١٩٤٨ له قەرەداغ ( باشووری کوردستان ) له دایک بووه . له تەمەنی حەڤدە ساڵییەوە شیعری نووسیوه . ساڵی ١٩٧٧ بە هۆی چالاکیی سیاسییەوە رووی کردۆتە شاخ و له کۆتایی ساڵی ١٩٧٨ دا وەک پەنابەری سیاسی هاتۆتە سوێد . شیعرێکی درێژی له نامیلکەیەکدا بە ناوی ( ڕاستییەکی سادە ) وە بڵاو کردۆتەوە .

# خوایە لە دۆستانم بمپارێزی دژمنانم لەسەر خۆم

حەسەن گەرمیانی

بەڕێز، نەجمەدین عەزیز بیانی ، لە گۆڤاری « مامۆستای کورد » دا ، بە سەردێڕی « مۆمێکی نیوە تەمەن و وەڵامی مێژوو » هێرشێکی نارەوای بردۆتە سەر بنەماڵەی جاف و ئەوەی نەشێ پێی کردوون. ئەمە حیکایەتی قەلەڕەشکەو کڵێساکەی خستەوە بیرم . هیوادارم بە تەواوی لە بیرم مابێ...

ئەگێڕنەوە: گوایە قەلەڕەشکەیەک فێری کڵێسایەک ئەبێت ، چون ئەیزانی کووپە شەرابێکیان لە نزیک ناقووسی کڵێساوە شاردۆتەوە ، هەموو ڕۆژانی شەممە خۆی ئەگەیاندە کووپە شەرابەکەو تێروپڕی لێ ئەنۆشی و دوای سەرگەرم بوون جوان و زەریف ئەیفیڕاندە سەر ناقووسی کڵێساکەدا. ماوەیەک هەر بەو جۆرە مایەوە .

قەشەی بێچارەی کڵێساکە هەرچیی دەکردو دەکۆشا ، قەلەی بەگیر نەئەکەوت ، ئەویش ئەوەندە نەگریس بوو، دەستی لە ئەتواری خۆی هەڵنەئەگرد . سەرتان نەیەشێنم ، هەرچۆنێ بوو کابرای قەشە هەستا داوێکی بۆ نایەوە ، خواو ڕاستان قەلەی پێوە بوو، گرتی، پێی وت : « قەلە ، پێش ئەوەی سزات بدەم ، زۆر بە پەرۆشەوەم بزانم تۆ لە سەر چ دین و ئایینێکی ؟ جوولەکەی ، جوولەکە نیت ، چونکە جوولەکە ڕۆژی شەموانی لا پیرۆزەو لەم ڕۆژەدا ناماقوولیی وا ناکا . بێگومان موسوڵمانیش نیت ، چونکە موسوڵمان شەراب ناخواتەوە ، بڵێم خاچپەرستی ، خاچپەرستیش نیت ، چونکە خاچپەرست پۆتی وا ناشکێنێ و بەسەر ناقووسی کڵێسادا نافیڕکێنێ » .

جا برا ، سوێندتان لەسەرم نییە ، ئێستاش نەمزانی ئەم برا نووسەرە لەسەر چ ئایین و مەزەبێکە ؟! ویستم نووسینەکەی هەڵسەنگێنم و لە خانەیەکدا داینێم ، هەرچەندم کرد نەگەیشتمە ئامانج ... ناچار ، بۆ پاڵپشتی قسەکەم ، ئەم پرسیارانەم لە خۆم کرد : ئاخۆ ئەم کاک نەجمەدینە چەپە ، ڕاستە ، نەتەوەپەروەرە ؟ نووسینەکەی بابەتی مێژووە ، ئەدەبە ، ڕامیارییە چییە؟ ئەیەوێ هەڵوێستێکی چەوت ڕاست کاتەوە ؟! بەداخەوە،

ئەوی ڕاستی بێ هیچ کالاًیەکم پڕ بە بالاًی ئەم برایە بۆ سەروبەر نەنرا..... نووسینەکەی لە هیچ خانەیەک لەوانی ناوم بردن ، جێی نابێتەوە . کاتێ ئەچیتە ناوەڕۆکی باسەکەیەوە ، بە ئاشکرا بۆت دەر ئەکەوێ ، کە باسەکەی بۆ مەبەستێکی تر خۆی ئەکوتێ و هەر ئەڵێی لە لایەن دژمنانی ناوخۆو دەرەوەی بنەماڵەی بەگزادەی جاف ڕێگەی بۆ خۆش کراوە. دژمنانێ کە هەرگیز نەیانتوانیوەو ناشتوانن پا بە پای ڕەوتی مێـــژوو هەنگاو هەڵێنن...

با بگەڕێینەوە سەر دەقی باسەکەمان ، ئەم پرسیارە لە ڕووی جەدەلەوە بکەین : ئایا کاک نەجمەدین لە ڕوانگەی ماتریالیزمەوە ئەڕوانێتە باری کۆمەلاًیەتیی کوردەواری و لەسەر ئەو فەلسەفەیەوە هەڵی ئەسەنگێنێ ؟ من نامەوێ خۆم لەم بووارە بدەم ، کە ئایا لەو فەلسەفەیەدا واقیعێکی ئەوتۆ دەبینین سەرو کاری بە باری ماددی و مەعنەویی ئێستاکیی کوردەوە هەبێت ، چونکە من لەو بڕوایەدام نەجمەدین بەم قسانەیدا هیچ فرێکی بەسەر چەپەوە نییە ، تەنانەت لە خانەی چەپی ساوایشدا جێی نابێتەوەو ئەوانی لە بابەتی ئەو ، توانستی هەڵگرتنی شەرەفی بیروباوەڕێکی ئەوتۆیان نییە ، هەر بۆیەش لەم بارەوە ناچمە ناوەڕۆکی باسەکەوە ... بەلاًم بۆ ئەوەی خوێنەری بەڕێز تووشی سەرەخولێ نەیەو سەربەنی باسەکەی بە دەسەوە بێ ، ئەڵێم ئەو برایانەی کە لە ڕوانگەی چەپەوە لە مێژووی ڕامیاری و ئەدەبی و کۆمەلاًیەتیی کوردیان ڕوانیوە ، بە چاوێکی ڕێزو دان بە هەقا نانەوە باسی خەباتی بێوچانی شەهیدی جوانەمەرگ ئەحمەد موختار بەگی جافیان کردووەو نرخێکی شایانیان بۆ بەرهەمە ئەدەبییەکانی ئەحمەد موختار ، چ شیعر ، چ چیرۆک ، داناوە . وەک وتراوە ، مشتێ نموونەی خەروارێکە : د . عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ نووسیویە ، ئەڵێ : « .... کە لە ڕووی سرووشتو بیرەوە تەماشای ڕەفتاری ئەحمەد موختار جاف ئەکەین ، ئەبینین ئەم چەشنە پایەو کورسیانەی لەلا بێبایەخ بووە . ئەحمەد موختار ، لە ڕۆژی خۆیدا چ لە بارەی پلەی خێزانەکەیەوە ، چ لە ڕووی لێهاتوویی و خوێندەواریی خۆیەوە ، باشترین کەسی عەشیرەتی جاف بووە ، کە سەرانی ڕژێم پشتی پێ ببەستن و پێشی بخەن و چرای سەوزی ئەو چەشنە بەرز بوونەوەیەشی بە ئاسانی بۆ هەڵ ئەکرا ، بەلاًم ئەحمەد موختار پشت ئەکاتە ئەم سەرکەوتن و پێشکەوتنەو تەواو لێیان یاخی ئەبێت ، چونکە بەرزی لە پایەو پێشکەوتنێکدا نابینێ ، کە لە سایەی دژمندا بە مەرایی و سەرشۆڕی و ملدان بۆ بەرتیل و ڕیایی دەسی کەوێ. ئەوەتا ئەحمەد موختار لە چیرۆکی ( مەسەلەی ویژدان ) دا گاڵتە بە کەسێک دەکا ، کە ئەو چەشنە ڕێگەیەی گرتووە وەک ئەم بووە بە قائمقام و نائب و بە تەمای کاری گەورەتریشە . دیارە مەبەستی ئەحمەد موختار ئەوە نەبووە لەو ڕێیەوە بگاتە پلەوپایەی بەرزتر. خۆی لە زمانی خەڵکەوە لەو چیرۆکەدا هیوای خۆی دەرئەبڕێ و ئەڵێ : چونکە ئومێدیان وایە بە تەحقیق ئەزانین کە حەقی مەزلووم لە زاڵم ئەسێنرێ (١) .

حوسێن عارف دوای هەڵسەنگاندنی مەسەلەی ویژدان ، لە چەند دێڕێکدا بەم جۆرە نرخ لە بەهرەی ئەحمەد موختار ئەنێت : « ئەحمەد موختار هەرچەندە ئەو کاربەدەستەی ڕژێم و شازادەی کوردان بوو ، کە باسمان کرد ، بەلاًم ئەدیبێکی خاوەن هەست و ویژدانپاک بووە » (٢). د. مارف خەزنەدار لە هەڵسەنگاندنی هەڵوێستێکی ئەحمەد موختار جافدا دەربارەی لیژنەی دەس بەسەر گرتن « الإنتداب » ی سەر بە کۆمەڵەی نەتەوەکان « عصبة الأمم » ئەڵێ : ئەوەی ئاشکرایە کە کۆمەڵەی نەتەوەکان ، داروەستەی دەوڵەتە ئیمپریالیستییەکانە، ئەحمەد موختار هەستی بەمە کردووەو لەم بارەیەوە وتوویەتی :

دێتە گوێم دەنگێ بە سۆزو شیوەن و گریانەوە
ناڵەیی دڵمە لە حەسرەت خاکی کوردستانەوە
ئەم قەراری عوسبەیە وا خەڵک ئەڵێن بۆ کود ئەبێ
هەر قسەی ڕووتە ، قسەی ڕووت ناچێتە ناو گیرفانەوە

ئەم چەند دێڕە ئاه و ناڵەی شاعیرێکی نیشتمانپەروەری کوردە ، بەرانبەر وەزعێک وتراوە کە لە ئەنجامی یەککگرتنی چاکەی دەوڵەتە ئیمپریالیستەکان و بورجوازییەتی نەتەوە هاوسێکانی کورد دروست بووە . ئەمانە پەیمانی دیلکردنی نەتەوەی کوردیان بەستبوو، شاعیریش بۆ ئەوە چووە کۆمەڵەی نەتەوەکان هەنگاوی وا ناهاوێ ، کە سوودی کوردی تیادا بێ ، بەلاًم باوەڕی بە دوواڕۆژی کورد هەیە :

ئەمرۆ با وابێ ، بەلاًم ڕۆژێ ئەبێ ئەولادی کورد
دێنەوە مەیدان بە عیلم و سەنعەت و عیرفانەوە (٣)

نووسەرو ئەدیب و شاعیرو بلیمەتەکانی پێشوومان ، بە جوانی باسی هەڵوێستی ڕاستی و پاکیی کوردایەتیی ئەحمەد موختار جافیان کردووەو لەم بارەوە پەنجە بۆ خوالێخۆشبوو ڕەفیق حیلمی بەگ ، عەلائوددین سەججادی ، عەلی کەمال باپیرو هتد..... ڕائەکێشم : ڕەفیق حیلمی لەم بارەوە سەبارەت بە شیعرە بەناوبانگەی ئەحمەد موختار جاف :

لە خەو هەڵسن ، درەنگە میللەتی کورد ، خەو زەرەرتانە
هەموو تاریخی عالەم شاهیدی فەزڵ و هونەرتانە

ئەڵێ : « ئەم شیعرانەی ئەحمەد موختار بەگ ، نیشتمان خۆشەویستی و خەمخواریی میللەتەکەی نیشان ئەدا . بە ڕاستیش ئەحمەد موختار بەگ دڵی بە وەتەن و نیشتمان‌و زانستەوە بوو . لە لایەن پایەی ئەدەبیاتیشەوە ، ئەم شیعرانە ، بە تایبەت هەندێ لە بەیتەکانی ، نرخێکی بە ڕاستی هەیە .» هەروەها لەسەر ئەم باسە ئەڕواو سەبارەت بە شیعرێکی تری ناوبراو بەم شێوەیە باس ئەکا : « چونکە تەماشا ئەکا پەردەیەکی تر بەسەر عالەما کێشراوەو بە ڕەنگێکی تر ڕەنگ کراوە ، جارجارێکیش لە سووچێکەوە دەنگێکی نهێنی بەر گوێی ئەکەوێ و لە دەروونی دەردێت و باسی ئەو ناڵەناڵە ئەکات ، کە لە جگەری هەڵکرووزاوی دایکی نیشتمانەوە دەنگ ئەداتەوە ، کە ئەم دەنگەی گوێ لێ ئەبێت ، تاسەیەک ئەیباتەوە ، بیرێک ئەکاتەوە ، لە جۆشی سەرخۆشیی گەنجێنیدا دەمارەکانی تەکانێ ئەخواو پەردەی پێشووی دائەداتەوەو پڕ بەدەم ڕوو ئەکاتە ئەو شاعیرە کوردانە کە خۆیشی یەکێک بووە لەوانە ، بە حەوت پێنج خشتەکییەکی تر قاپییەکی تر ئەخاتە سەر گازی پشت و ئەم یەکەیان ، کە یەکێکە لە جووتەکە ، ئەڵێ :

شاعیرانی کورد بەسە بەس باسی زوڵف و چاو بکەن
کەم خەیاڵی پەرچەم و کاکۆڵی ئاڵۆزاو بکەن
لابدەن ، کەم باسی سونبول ، یا لقی لاولاو بکەن
ئێوە تەدبیرێکی حاڵی قەومی دڵسووتاو بکەن (٤)

خوالێخۆشبوو ، پیرەمێردی مەزن ، کە خەبەری شەهادەتی ئەحمەد موختار جاف بڵاو ئەکاتەوە ، بەم جۆرە نرخی لێ ئەنێ و ئەڵێ :

« ناسوورێکی تازە بۆ دڵی کوردەواری » . بێگومان پیرەمێرد لەناوچوونی ئەحمەد موختار جاف بە کارەساتێکی دڵتەزێن و ناسۆرێکی تازە ئەداتە قەڵەم . شاعیری خوالێخۆشبوو ، عەلی کەمال باپیری بەرچاوو توانا ، بەم شێوەیە ئەحمەد موختار جاف ئەلاوێنێتەوە :

دیسان فەلەک ئەم داخە چ بوو نای بە جگەردا
ئەم ئاگرە چی بوو لە دڵی عالەمی بەردا
دیسان چییە ئەم شۆرە لەناو میللەتی کوردا
عالەم هەموو غەرقە لە قوڕو شین و چەمەردا (٥)

هەروەها مامۆستا عەلائوددین سەججادی ، دوای هەڵسەنگاندنی شیعرەکەی « لەخەو هەڵسن » ی ئەحمەد موختار جاف ، کە ئەگاتە ئەم بەیتەی :

بە بێ قەدری بە سەریا ڕامەبوورن ، حورمەتی بگرن
گوڵاڵەی سووری ئەم سەحرایە خوێناوی جگەرتانە

ئەڵێ : « ئەبێ ئەحمەد موختار بەگ لە چی قوتابخانەیەکی فەلسەفە دەرچووبێ ، وا لە شیعری شەشەمدا ، ئەو فەلسەفە بەرزە دەرئەبڕێ ؟ ئەو فەلسەفەیە دەرئەبڕێ کە خاڵی زەوی و زاری ئەم وڵاتانە ئێسکی پواوەی باوباپیرتانەو گوڵاڵە سوورەکەیشی خوێناوی جگەرتانە ، کە وابوو ، نەکەن بە بێ پەروایی بەسەریا بڕۆن و بە سووکییەوە دەستی بۆ بەرن . ئەحمەد بەگ لە هیچ قوتابخانەیەک دەرنەچووە ، بەڵام ئەو خاکە ، کە ئەو گوڵاڵەی ڕواندووە ، هەر ئەو خاکە ئەویشی پێ گەیاندووە ».

هەروەها لە شاعیران و ئەدیبان و زۆر لە خوێندەوارانی تریش ، بە ڕێزەوە باسی ئەحمەد موختار جافیان کردووەو ڕێزیان لێ ناوە . بۆ نموونە : ناوی ئەم بەڕێزانە دێنم : خوالێخۆشبوو شاکیر فەتاح ، محەمەدی مەلا کەریم ، ئیحسان فوئاد ، دوکتۆر کەمال مەزهەر و عەبدوڵڵا دەباغ ، ئەنوەر قادر جاف و عادیل گەرمیانی و جەمشید حەیدەری و دڵشاد عەلی و خوسرەو جاف و خوالێخۆشبوو نەبەرد جافی جوانەمەرگ .. بێگومان ، بۆ نموونە ، باسی ئەم برادەرانەم کرد، مەترسیم لەوەش هەیە ، کە کاک نەجمەدین ئەمانیش بە سیخوڕی ئینگلیس بداتە قەڵەم ،

هەر لەبەر ئەوە چون بە باشی باسی ئەحمەد موختاریان کردووە ...
ئەمجا با بێینەوە سەروکاری هەڵوێستی ئەحمەد موختار جاف بەرانبەر بە خوالێخۆشبوو شێخ مەحموودی نەمر و شۆڕشە پیرۆزەکەی . وەک هەموو سەرچاوە مێژووییەکان دەری ئەخەن ململانێیەک لەسەر دەسەلاّت و سەرۆکایەتی لە نێوان بنەماڵەی بەگزادەی جاف و بنەماڵەی شێخاندا هەبووە ، بە تایبەت لەسەردەمی شێخ سەعیدو شێخ مەحموودی کوریدا، کە ویستوویانە دەس بەسەر هۆزی جافا بگرن و بیانکەن بە هێزێ بۆ پاڵپشتی دەسەلاّتی خۆیان ، ئەمەیش دوای ئەوەی کە دەسەلاّتی شێخایەتییان چەسپیوەو لە ڕووی ئاینییەوە ڕەگی داکوتاوە خۆی لە ناو دڵ و دەروونی کوردەواریدا جێگیر کردووەو شێخان بوون بە خاوەن زەوی و زار و خاوەن زەوێتییان بە ڕەسمی بۆ ساغ بۆتەوە ، ئەبینین کە شێخ مەحموود هەر کە بە پلەو پایەیەکی بەرچاو ئەگات لەم دەسەلاّتەدا، بە گژ عەشرەتی گەورەی جاف و عەشرەتی ئازای هەمەوەندا دەچێ (٦). ئەم هەڵوێست و دووبەرەکییە خێڵەکییە شتێکی لە قۆناغ بەدەر نەبووە و لە گەڵ سرووشتی ئەو سەردەمەدا گونجاوە ، بەلاّم سەرەڕای ئەم دووبەرەکییە کار نەگەیشتۆتە ڕادەی لەیەک ڕاپەڕین و شەڕو خوێن ڕشتن . بێگومان ئەحمەد موختار جاف لەم هەلو مەرجەدا، هەرگیز دژی شۆڕشی شێخ مەحموود ڕانەوەستاوە ، بە پێچەوانەوە هاتووە بە پیرۆزبایی‌ی شێخی حوکمدارەوەو کاتێ شێخ لەگەڵ هەمەکارانی ئینگلیزدا تێک چووە ، ئەحمەد موختار لەگەڵیا داویەتییە شاخ و هاوسەنگەری بووە . ئەگەر شێخ لەسەر قسەی دووزمان و مایە فیتنەو درۆزن و ڕاپۆرتنووس ، کە لەو قۆناغەدا کەم نەبوون ، ئەحمەد موختار جافی زیندان کردبێ ، بەلاّم پاشان بۆی ڕوون بۆتەوە ، کارێکی درووستی نەکردووەو هەمیشە بە باشە ناوی بردووە . ئەحمەد موختار بەگ ، لە گەرمەی توانست و دەسەلاّتیا ، نە بە قسەو نە بەخامە خراپەی بەرانبەر بە شێخی نەمر لێ نەوەشاوەتەوە . تەنانەت ئەگەر لە ناهەقیش زیندانی کردبێ ، خۆ شێخ هەر بە تەنها ئەوی زیندان نەکردووە ، بگرە زۆربەی ڕۆشنبیرانی لەبەر چاو ڕەش کرابوون ، هەر ڕۆژە لەیەکێکیان بە گومان ئەکەوت و لە زیندانی توند ئەکرد . ئەوەتا شێخ سەلام و چەند ڕۆشنبیرێکی تری وەک ساڵح زەکی بەگ و ئەمین ڕەواندزی و عەزیز قەزاز و فایەق کاکەمین و... هتدیشی لە هەورامان زیندان کردوون (٧)
کاک نەجمەدین بیانی لای وایە یاخی بوونی ئەحمەد موختار جاف بۆ قایمقامێتی و نوێنەرایەتی و پلە و پایەی دەسەلاّتی شەخسی و بنەماڵەکەی بووە ، بەلاّم ڕاستییەکەی ئەمە بە درۆ ئەخاتەوە ، چونکە ئەحمەد موختار بە هۆی دەسەلاّت و دەسڕۆیی‌ی بنەماڵەکەیەوە هەرگیز پێویستی بە پلەوپایەی میری نەبووەو قایمقامێتیی لەلا زۆر شتێکی کەم بایەخ بووەو تەبیاتی عەشایەریی جاف ، کە لەگەڵ پابەندی بە میرییەوە نەگونجاوەو پتر هەوای ئازادی و سەربەخۆیی‌یان لە کەللەدا بووە ، کەڵکەڵەی نیشتمانپەروەری و کوردایەتی باڵی یاخێتی و سەرهەڵدانی پێ گرتووەو داویەتیە شاخ ، چونکە گروبڵێسەی نەتەوەپەروەرییەکەی زۆر ڕوون خۆی لەم چەند دێڕە شیعرەیدا دەنوێنێ کە دەڵێ :

جەژنی قوربان ساڵی جارێ خەڵکی قوربانی ئەکەن
بۆ وەتەن من ڕۆژی سەد جار ڕۆحی خۆم قوربان ئەکەم

جا توخوا ڕەوای عەقڵە ، کاکی بیانی پیاوێ بەم خەرمانە هەست و جۆش و گروگڵپەوە، بەرێزتان بێ سێ و دوو و زۆر بە ئاسانی بیخەنە خانەی خائین و خۆفرۆش و سەراوکەوتووەوە ؟!
سەیر ئەوەیە ئەم کاکی بیانییە هەر بە ئەحمەد موختارەوە نەوەستاوە و شالاّوێکی نارەوای کردۆتە سەر دایکیشی . با لەسەر ئەم تۆمەتە نارەوایەتان بڕۆین و بڵێین عادیلە خانم ژنێکی باش نەبووبێت ، ئایا ئەمە ئەوە ئەگەیەنێت کە کوڕەکانیشی وەک خۆی دەرچن ؟ جەناب ، تۆ ئەم فەلسەفە پووچە ڕەشبینە لە زانست بە دەرەت لە کوێ هێناوە کە ئەم « گـرگ زادە گـرگ شود »ت کردووە بە تان و پۆی ؟ برا ، ئەمرۆ سەردەم سەردەمی زانستەو قۆناغ قۆناغی ( جین ) گۆڕینی و بە پێی خوایشت زیندەوەر درووست کردنەو مرۆڤایەتی لەدەست نەزانی و ڕەشبینی و یەک ڕەوتی و نەگۆڕان ڕزگاری بووەو مێژوو یەک تووڵەڕێ نییە ، هەزار شارێ و شەقامی تری لێ جیا ئەبێتەوەو هەموو سوارکارێ ئەتوانێ ئەسپی خۆی تیا تاو بدا . جگە لە ڕەنگی ڕەش و سپی چەندین ڕەنگی تریش هەن و ڕاستی هەر بەو ئاسانییە ناکرۆژرێت و پاشێل ناکرێت ....
کاک نەجمەدین نووسیوتە ، « مەسەلەی ویژدان » ە کەی

ئەحمەد موختار لە چوارچێوەی بەزمیی بە خەڵکا هاتنەوە نەچۆتە دەرەوە . من لام وایە سەرەتای هەموو بزووتنەوەو هەڵوێستێکی سیاسی لە بەزمیی‌یەوە دەست پێ دەکا ، ئەمجا وەکوو مادییەکان دەڵێن ، لە قۆناخی وشیاری (وعی) و لێکدانەوەی بەرژەوەندی چینایەتیدا ڕەنگی مێژوویینەی خۆی وەردەگرێ و ئەبێ بە بیروباوەڕو ئایدۆلۆجیا . ئەحمەد موختار بەگی جاف بەزمیی‌یەکەی لە بەزمیی پۆشکین و تۆلستۆی و گۆران و تۆفیق فیکرەت و میخائیل نعیمە جیا ناکرێتەوە، چون ئەوانیش هەر لە نیگای بەزمیی بە خەڵکی زۆر لێ کراوەوە لە ناهەقی و زوڵم و زۆرداریی‌یەوە تووڕە بوون و بە گژ خراپەدا چوون . ئەحمەد موختار جاف بەزمیی‌یەکەی هەر لە دڵیدا نەماوەتەوەو تەنها هەر فرمێسک بۆ باری ناهەنجاری خەڵک و کوێرەوەریی کوردەواری برێژێ ، بەڵکوو ، بە پێی مەنتیقی شۆڕشگێڕێتیی مێژوویینەی ئەو قۆناغە هەستاوە ، لە گەڵ جەماوەرەکەدا ، لەگەڵ دەستەی ئینتلیجێنسیای نەتەوەکەیداو بۆ بە دەنگ هاواری جەماوەرەوە چوون ، داویەتیە ئەو کێوە ، نەک بۆ قایمقامێتی و پلەوپایە ، چون پلەوپایەکە خۆی لە خۆیا ئەوەندە دڵخۆشکەرە نەبووەو بە بێ دانە کێو و چەک بەکار هێنان فەراهەم ئەبوو و زۆر بە ئاسانیش (٨) .

کاک نەجمەدین نووسیویە « خەڵکی کوردستان تووشی گۆتاوەڕۆی شەڕی یەکەمی جیهانی ببوو و قات و قڕی و برسێتی و ماڵوێرانی وای نەفسی وای لێ کردبوون ، کەس بیری لەوە نەئەکردەوە دوای میرێکی جاف بکەوێ و لە دژ داگیرکەرانی ڕێ بە دێیی بکاو شۆڕشی نەتەوەیی پێ هەڵگیرسێنێ ». جارێ ، گۆتاوەڕۆکەی شەڕی جیهانیی ناوبراوو کوێرەوەریی خەڵک ، خۆی لەخۆیدا یەکەم مەرجی سەرەکیی ( موضوعی ) ی یاخی بوون و لە تاو زوڵم و زۆر ڕاپەڕینی میللەتەکان بوو ، ئەگەر ئەو خەڵکە بارودۆخێکی وەک بارودۆخی شەڕی جیهانی ، کە هەرچی بەدبەختیی مرۆڤایەتی هەیە خەست بووبۆوە ، نەبووایە ، هەرگیز بیریان لەوە نەئەکردەوە دوای شۆڕشی شێخ مەحموودی نەمر بکەون . لەو بارودۆخەدا نەتەوەی کورد دوای هەر میرێ، هەر ئاغایە ، هەر شێخێ ، هەر مەلایە ، هەر کەسێکی تر بە نەبزی ئەو بجووڵایەتەوە ، دوای ئەکەوت و نەشی دەپرسی پێشەواکەی ، شێخە یا دەرەبەگە یا هەر بابەتێکی ترە ... کاک نەجمەدین ! کەس لە (هویة)ی چینایەتیی هیچ پێشەوایەکی شۆڕشەکانی کوردی نەپرسیوەو ئەو جۆرە ( هویة )یەش بە خەیاڵی شۆڕشگێڕانی ئەو سەردەمانەدا نەهاتووەو هەرگیز بە مەرجی چوونە مەیدانی شۆڕشیان لە قەڵەم نەداوە ....

لام وایە قۆناخەکە لە بارودۆخێکدا بوو ، هەر دەسەڵاتدارێکی کورد ، چ شێخ ، چ مەلا ، چ ئاغاو بەگ، ئاڵای شۆڕشی کوردی هەڵکردایە ، خەڵکەکە دوای ئەکەوت . ئەگەر شۆڕشەکانی کورد چەند پێشەوایەکی وەک شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری و قازی محەمەد و شێخ مەحموود و شێخ سەعیدی پیران و شێخ ئەحمەدی بارزانی و مەلامستەفای بارزانی ، سەرلەبەر ، لە خانەی ئایینیدا بووبن ، سەرکردەی وەک بەدرخان پاشا و یەزدان شێرو سمایل ئاغای شکاک و ئیحسان نووری و هتدیش نوێنەری بنەماڵەو هۆز و عەشرەت بوون و خەڵکی کوردستانیشیان دوا کەوتووە ، چونکە لە دژ زاڵم و داگیرکەرانی وڵاتەکەیان ڕاپەڕیون . شۆڕشە کوردییەکان و سەرکردەکانیان نابێ بەو بیروباوەڕە تەسکە تەقلیدییە وشکە لێک بدرێتەوە . لێکدانەوەی واقیعی پاش ئەم دە پازدە ساڵانەی دوایی گەلێ ڕاستیی وای لێ ئاشکرا کردووە ، کە جاران هەر باسکردنی پەتیی بە کفری سیاسی دائەنرا ، جا لەبەر ئەوە ئەحمەد موختار جاف ، هەر شتێکی نیاز بووبێ ، بەرژەوەندیی شەخسیی خۆیشی و بنەماڵەکەشی لە بەرژەوەندیی نەتەوەکەی جیا نەکردۆتەوە . ئەی ئەگەر وەک تۆ دەڵێی ، خەڵک لە تاو کوێرەوەری و بەدبەختی ، حەوسەڵەی بە دوا کەوتنی میرێکی جافی وەک ئەحمەد موختار یا شێخ مەحموودی نەمری بەبەرەوە نەبوو ، خەڵکەکە چۆن ئەم هەڵبەستانەیان لە پەسن و ستایشی ئەحمەد موختاردا هەڵئەبەست ؟ :

شازادەی دەوران ئەحمەد موختارەن
پەی ڕۆژی دەعوا ئەسفەندیارەن
هەر پەی وێش خاسەن جە ڕۆژی هەیجا
چەنی دوژمنان بکەرۆ هەیجا
دایم لە خەیاڵ حاڵی کوردانەن
بۆیە ئەراگێڵ خاکی ئێرانەن
ئومێدش ئێدەن وە لوولەی تفەنگ
ئیستیقلالمان بگیرۆ وە چەنگ

نەخێر کاکی بیانی ، ئەحمەد موختار جاف بۆ کوردو

کوردستان ژیاو ڕۆحی کوردایەتی لە هەموو ڕەگ و شادەماریدا لە جونبوشدا بوو و لە هەموو چامەیەکیدا ئەم ڕاستییە وەک خۆر ئەدرەوشێتەوە :

خوێنی چاوی کوردەکانە ، بۆ وەتەن شیوەن ئەکەن
بۆیەکا وا لێڵ و سوورن تانجەڕۆو سیروانەکەی

یا :
خوێنی پاکی لاوی کوردانە ڕژاوە کێوو کەژ
بۆیە وا ئێستاکە سوورە ڕەنگی گوڵناری هەیە

لە هەموو کارەساتێکی نەتەوەکەشی بەدەنگ هاتووەو ئەڵێ :

شەشی ئەیلوول ئەزانن ئێوە ئەی قەومی وەفا کردار
ئەوە ڕۆژێ بوو ، دوژمن قەتڵ و عامی کوردەکانی کرد



بێگومان ، هەر وەک وتم ، ئەحمەد موختار لە نیشتمانپەروەریدا گەیشتبووە ڕادەی تووانەوە ، فەرموو بزانە چی ئەڵێ :

مەزهەب و دینی لە قەبرا لێ بپرسن وا ئەڵێت
خاکی کوردستانە ئەحمەد مەزهەب و ئیمانەکەی

با بێینەوە سەرەو کاری عادیلە خانمی خێزانی وەسمان پاشای جاف ...
برا ، عادیلە خانم نە جاسووس بووەو نە کاربەدەستی ئینگلیس ! دوای کۆچی دوایی وەسمان پاشای جاف ، کە بۆ ماوەیەک لەلایەن دەسەلاتی عوسمانییەوە سەرۆکایەتیی هۆزی جافی بەدەستەوە بوو ، عادیلە خانم بەوپەڕی لێوەشاوەیی و شایستەگییەوە جێگای پڕ کردۆتەوە . ئەم ئافرەتە هەڵکەوتووە بە چاوتێری و دڵاوایی و دەسبلاوی و دەهەندەیی کاروباری هۆزەکەی بە ڕێوە ئەبرد . دیوەخانەکەی دەرگای بۆ دەسەڵاتدارو بێدەسەڵات و هەژار و لێقەوماوان هەمیشە لەسەر پشت بوو . عەلی ئەکبەر خانی سنجاوی ، لە یادداشتە دەستنووسەکەیدا کە لە کتێبخانەکەی ( د . کەریمی سنجاوی )دایە ، لە باسی سەربوورەی لە ڕەزاشا یاخی بوونەکەیدا ، نووسیویە ، ئەڵێ : « بە سێسەد سوارێکەوە چوومە ماڵی وەسمان پاشای جاف ، عادیلە خانم ، بەوپەڕی چاوتێری و دڵاوایییەوە پێشوازی و میوانداریی لێ کردین . سەخاوەت و دەهەندەیی و جوامێریی ئەم کەڵە ژنەم هەرگیز لەبیر ناچێتەوە » . لام وایە ژنێکی وا هەڵکەوتوو ، ئەگەر فەرمانڕەوایانی حکوومەتی ئینگلیس ، کە ئەو سەروبەندە کوردستانیان لەژێر دەستا بوو ، بە سەنگ و بەردی سیاسییان کێشابێ و بایی ئەوەندەی هەڵیگرتبێ و شایستەی بووبێ ڕێزی لێ نرابێ ، ئەمە جێی شانازییە ، نەک مایەی سەرشۆڕی ... ئینجا ئەگەر ئەم مەسەلەیە بخەینە بەردەم حوکمی مێژوو و گوێ بۆ بەرژەوەندیی عەقڵ و مەنتیق شل بکەین :

یەکەم : عادیلە خانم ، خۆی لە هیچ بنەماڵەیەکی بە دەسەڵاتی کورد کەمتر نەزانیوە ، لەبەر چی ؟ چونکە ، لە سەرێکەوە ئەردەڵانییەو لە سەرێکی ترەوە جێنشینی وەسمان پاشای جاف ، کە سەرۆکی هۆزێکی هەرەگەورەو بەدەسەڵاتی کوردە .

دووەم : ئەگەر مەسەلەی دوو هەڵوێستی ( سازش = مساومة ) و ( برایی = حدی ) لە ڕووی بەرژەوەندیی چارەی خۆنووسینەوە بەراورد بکەین ، یا بیانخەینە دوو تای تەرازووی سوودی نەتەوەکەمانەوە ، بە پێی ئەزموون و ڕووداوی واقیعی سیاسیی ڕۆژگار ، کامیان - بۆ ئەو سەردەم و ڕۆژگارەش و ئەم سەردەمەی ئەمڕۆش - بە لای مەسڵەحەت و بەرژەوەندیی نەتەوەی کورددا ئەلەنگێ ؟!.

من پێم وایە شێخ مەحموودی نەمر ، ئەبوو لە جیاتی :

نامەوێ ژینی ئەسارەت بەسمە عومری گومڕەهی
نایکەمە سەرخۆم بە دەستی موددەعی تاجی شەهی

کەمێ سازشی بەکار بهێنایەو بۆرە ( تاجێکی ) هەر لەسەر کردبا ... تەنانەت بایی قەڵەمڕەوێکی کەم و بەرتەسکیش بووایە دەبوو قبووڵ کرایە ، وەک زۆر لە نەتەوەی تر ، بنەڕەتێکی سیاسیمان بۆ دابین کرایە ... بۆ بەڵگەیش ، ئەوەتا ئەمڕۆکە ئەم واقیعە لەوەدا بە دیار ئەکەوێ کە بە زمانی خۆمان هاوار ئەکەین ، کوڕینە نەکەن ئەم جارە هەلەکە لەدەس خۆتان بدەن.... سا بەڵکە ئەم جارە نیشان بپێکین !

کاک نەجمەدین ئەبوایە تۆش هەر هیچ نەبێ ، وەک م. ڕ. هاوار لەگەڵ ئەو هەموو کەم و کورتییەدا ، کە لە کتێبەکەیدا بەرچاو ئەکەوێ ، نەختێ ئینسافت بە خەرج بدایە و ئەو ئاسایی بتوتایە : « ئەو کوردەی بە چاوێکی سووکەوە بڕوانێتە گەورەپیاوانی میللەتەکەی خۆی ، وا بزانم زۆر بەهەڵەدا چووەو ڕیشگاوو لە خشتە براوە ، چونکە ئەوەی ڕێز لە گەورەپیاوانی نەتەوەکەی نەنێ ، درۆزنەو بەهیچ جۆرێ شۆڕشگێڕو خەباتگێڕانی میللەتانی تری خۆش ناوێ . لە وڵاتێکی وەک سۆڤێتدا ، (ڕووسیای ئەمڕۆ بە هەموو کۆمارەکانی ئەمڕۆوە - نووسەر ) لە گەڵ ئەوەشدا کە ئەزانرێ کاترینا کۆشک و قەڵاکانی سەردەمی خۆی لە ئێسکی کەللەسەرو بربڕاگەی پشت و خشت و دیوارەکانی بە خوێنی چەوسێنراوانی ئەو سەردەمەی ئەو ، لە وڵاتی ڕووسی ئەمڕۆ ، ناوی کاترینا بە خراپ نابرێ و زۆر جار یادی ئـەو بـەرهـەمـانـەی ئەکـرێتەوەو بە ڕێزلێنانـەوە ناوی ئەبرێ » (٩).

لە بارەی خوالێخۆشبوو ، مەحموود پاشای جافیشەوە ، پێش ئەوەی بچمە ناو باسی دەوری ناوبراوەوە ، با پێکەوە بگەڕێینەوە سەرەتای دەقی وتارەکەت کە فەرموووتە : « نووسین لەسەر هەر بابەتێکی سیاسی ، کۆمەڵایەتی ، زانستی ، پێویستیی بە چەند هەنگاوێک گەڕانەوەیە ، بەرەو دواوە بۆ بنەوانی مەسەلەکەو ڕای مێژوو و بەڵگەی باوەڕ پێکراوی نووسراو ، یان قسەی ڕیش سپی و پیاوە بە تەمەنەکان »، بەڵام بەڕێزتان هیچ جۆرە هەنگاوێکتان لەم بوارەدا هەڵنەهێناوەو هیچ جۆرە زانیارییەکتان لە بارەی مەحموود پاشای جافەوە نییەو سەروبنی قسەکانت بگری ، لە یادداشتەکانی ڕەفیق حیلمی و « شێخ مەحموودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان »ی م . ڕ . هاوار بەولاوە ، هیچی ترتان بەدەستەوە نییە، کەچی خۆت داوای سەرچاوەی بەپێزترو پانوپۆڕترو زۆرترت بۆ نووسین و لێکۆڵینەوە داوا کردووە ... نازانم جەنابتان چیرۆکی بۆقەکەی بیستووە یان نە ؟

ئەڵێن : بۆقێ هەبوو ، لە کەناری زەریایەک ئەژیا ، ڕۆژێ ڕێی کەوتە ناو بیرێک ، نوواڕیی بیرەکە بۆقێکی تری تیایە ، بۆقی ناو بیرەکە لێی پرسی :

- لەکوێوە تێی ؟
- لە کەناری زەریاوە .
- کەناری زەریا ئەوەندەی ناو بیرەکەی من پان وپۆڕە ؟
- سەڵڵا لە ئەقڵت ، بیرێک بەم تەسک و تروسکییەو زەریایەک بەو پان و بەرینییە ، قەت لە گەڵ یەک قیاس ئەکرێن ؟!
- باوەڕ ناکەم ، شوێنێکی تر هەبێت لەم بیرەی من پان و بەرینتر (١٠). جا براکەم ، تۆ لە بەر پای خۆت زیاتر ، لەوە ئەچێ ، هیچ کوێیەکی تر نابینیت . کاک نەجمەدین ، مەحموود پاشای جاف یەکێ بووە لە پیاوە هەرە گەورەکانی کورد. ئەو پیاوە لەگەڵ وەسمان پاشای برایدا دەستەجەڵەوی عەشرەتی جافیان گرتبووە دەست و هەڵیانئەسووڕاندن ، ئەو عەشرەتەی کە خاوەن چل هەزار خێوەت بوون و لە شاکەل و شێروانەوە دایان گرتبوو ، تا مەولاناوا (١١).

بڕوانە میرزا ئیحتشام السلطنە لە یادداشتەکەیدا چۆن لە مەحموود پاشا ئەدوێ : « عێلی جاف عێلێکی کۆچەرەو ئەگەنە وڵاتی کوردستانی ئێران . تا دوو فەرسەخ لە نزیک سنەوە، ئەم جافە مالک الرقاب و موختارن بەسەر وڵاتا . هەرچی بیانەوێ ئەیکەن و کەس ناتوانێ بەرانبەریان ڕاوەستێ . فەوجی سوارەی زەفەر ، کە گوایە بۆ پاسەوانی کردنی خەڵکی ناوچەکە

نێردراون ، بۆ ئەوەی نەبادا جافە کۆچەرییەکان دەستدرێژییان بکەنە سەر، جافەکان سەربازەکانی ئەم فەوجەیان بۆ کردنەوەی ئالیک بۆ وڵاخەکانییان و لەوەڕ بۆ ئاژەڵەکانیان و خواردەمەنیی زستانەی خۆیان بەکار دێنن . وک بڵێی فەوجی ناوبراو بۆ خزمەتکاریی ئەو جافانە نێردرابن . بێگومان فەوجی زەفەر ، کە لە ٣٠٠ نەفەری لێکەوتوو و بێهێز پێک هاتبێ ، ناتوانێ بەرانبەر هێز و توانستی جافەکان ڕاوەستێ ، کە بریتییە لە ٥٠٠٠ خێزانی چەک بەدەست لە ژێر فەرماندەی مەحموود پاشادا ، کە نە مل بۆ عوسمانییەکان کەچ دەکەن و نە بۆ قاجارییەکان ».


مەحموود پاشای جاف بە بەرگی پاشایەوە

هەر لەم ڕووەوە پیرەمێرد ئەڵێ : « جاف ، کە مەحموود پاشا ڕەئیسیان بوو ، تا پشتی سنە ، کە هاوینان عێڵ دەچووە کوێستانی تەگرمەو بەرانان ، خاکی ئێران لە بەردەمیان ئەلەرزی . والیی کرماشان ، کە پرنسێ بوو ، داری سووتەمەنیی بۆ ئەنارده شێروانەو کانی چەقەڵ .» (١٢) مێژوو نووسی ڕووس ، باسیل نیکیتین ، هەر لەم ڕووەوە ئەڵێ : « مەحموود پاشای جاف ، کە سەرۆکی هۆزی جافە، ئەتوانێ ٤٠٠٠ چەکدار لە زەرفی چەند سەعاتێکدا کۆ بکاتەوە » (١٣) .

ئەوەی شایانی باسە ، دەوڵەتی عوسمانی و دەوڵەتی قاجار بۆ ئەوەی ناوچەی جافەتی ، کە ناوچەیەکی گرنگو ستراتیژی بووە ، بگرنە دەستی خۆیان ، هەرکام لە هەمەکارانی هەردوو دەوڵەتەکە تێکۆشاوە ، دڵی سەرۆکەکانی جاف بۆ لای خۆی ڕابکێشێت ، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە مەحموود پاشای جاف لەبەر ئەوەی پیاوێکی زیرەک و هۆشیار بوو پێش سەروەخت و زەمانەی خۆی کەوتبوو و لە ناوەڕۆکی سیاسەتی هەردوو دەوڵەتەکە گەیشتبوو ، هەمیشە هەوڵی ئەدا ناوچەی جاف لە ژێر دەستی کەسدا نەبێت و جۆرە سەربەخۆیی‌یەکی لە کار بەڕێوە بردنی خۆیدا هەبێ ، نەک هەر سەربەخۆیی بۆ قەڵەمڕەوی جاف ، بگرە بۆ هەموو کوردستانی عێراق بەدەست بێنێ.

محەمەد ئەمین زەکی بەگ لەم بارەوە ئەڵێ : « مەحموود پاشای جاف ، لەم دوایی‌یەدا تۆمەتی هەندێ مەسەلەی نەتەوەخوازیی درابووە پاڵ و دەوڵەتی عوسمانی لەم بارەوە ، دڵی لێ کرمێ ببوو » (١٤).

لە سەردەمی سەرۆکایەتیی مەحموود پاشادا، هۆزی جاف هاوپەیمانی ڕاپەڕینەکەی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری بووە (١٨٨٠) (١٥).

مەحموود پاشا هەمیشە لەو خولیایەدا بووە ، شتێ بۆ کورد دروست بکا . لە ساڵی ١٨٩٢دا لە زیندانی ئەستەمووڵ هەڵدێ و خۆی ئەگەیەنێتەوە کوردستانی عیراق و ئەداتە شاخی بەمۆ . کۆنگرەیەکی گەورە لە سەرۆک هۆزەکانی کورد کۆ ئەکاتەوە ، پیرەمێرد لەم بارەوە ئەڵێ : « هەر سەبارەت بە کوردو ئەو کۆنگرانەی بۆ دەست خستنی مەوجوودییەتێک ، بۆی بەستراوە ، کۆبوونەوە گەورەکەی کەناری ئاوی زەڵم و هەوڵی مەردانەی مەحموود پاشام لەم ڕووەوە تێتەوە بیر (١٦) .

جا ئەمانە هەمووی وەڵامی نادرووستیی ڕای کاک نەجمەدین ئەداتەوە ، کە ئەڵێ : « لێهاتووەکانی جاف لەگەڵ حوکوومەت و ڕژێمە داگیرکەرەکانی کوردستاندا خۆیان گونجاندووەو لە نێوان دوو هێزی دەوڵەتەکانی عوسمانی و فارسدا دەست بە سینگەوە خزمەتگوزار بوون و لەو سەردەمەیشدا هەستی نەتەوایەتی نەگەیشتبووە ڕادەی درووست بوونی ڕێکخراو و گرۆی سیاسی ، کە ئەمان کاری تێدا بکەن ، ئەگەر هەشبووبێت ، هیچ کات ئامادەی ئەو کارە نەبوون ... ».

من نازانم کاکی نووسەر بە چ بەڵگەیەک بەو قەناعەتە گەیشتووە ، کە لەو سەردەمەیشدا هەستی نەتەوایەتی نەگەیشتبووە ڕادەی درووست بوونی ڕێکخراوو گرۆی سیاسی ؟ هەستی نەتەوایەتیی گەلی کورد هەر

لەسەدەی شازدەهەمەوە چەکەرەی کردووەو مەم و زینەکەی ئەحمەدی خانی و شەرەفنامەکەی شەرەفخانی بەدلیسی و پاشان شۆرشەکانی کورد، سەرلەبەر و رێکخراوەکانی ( ١٩٠٨ ) لە ئەستەموول و دەرچوونی چەندین رۆژنامەو گۆڤاری کوردی و تورکی . رۆشنبیری و سیاسی و کۆمەڵەی خۆیبوون و.. هتد(١٧) هەموو بەڵگەی چەوتیی ڕاکەی نووسەری بەڕێزەو، قابیلە مەحموود پاشای جاف لەم ئاخرو ئۆخرەدا لە مەریخ ژیابێ ؟ بەڵام سەیر ئەوەیە برای نووسەر، پاشان ئەڵێ : « هەشبووبێت » واتە : ئەگەر هەستی نەتەوایەتی هەشبووبێت ، ئەمە ئەو پەندە فارسییەم بە بیر دێنێتەوە، کە ئەڵێ : « چشم بستە غیب میگوید » . کاکە دیارە تۆ تفەنگ بە تاریکە شەوەوە ئەنێیت. لە لایەکەوە ئەفەرمووی « نەگەیشتۆتە ڕادەی درووست بوونی ڕێکخراو و گرۆی سیاسی » و ئەمجا مەسەلە ئەخەیتە بابی ئەگەرو نەگەرەوە و ئەڵێیت « هەشبووبێت » ئەمە لە رووی زانستەوە (جدل) ەوە ناخوا، شتێ( جارێ هەیەو جارێ نییە ) واتە : لەو سەردەمەدا بوون و نەبوونی درووست بوونی ڕێکخراو و گرۆی سیاسی نابێ بچێتە بابی « إحتمال » ەوە ، چۆن بەڵگە لەسەر ئیحتیمال هەڵناسێت .... پاشان ئەڵێیت « ئامادەی ئەو کارە نەبوون » واتە : ئەگەر کاری سیاسی ( حیزبێ ، شۆرشێ ، بزووتنەوەیەک ) هەبوایە ، کاریان تێدا نەئەکرد . من نازانم ئەم فەرزی مەحاڵەت لە چ شەرایتێکی زاتی و مەوزووعیی قۆناخەکەوە هەڵێنجاوە ؟ فەرمووتانە : « یەکێکی وەک مێجەر نۆئێل و کێ و کێ ، ئەوان خۆیان گەرای ئەو سیاسەتە چەپەڵانەیان لە کوردستان بڵاو کردۆتەوەو لەسەریان بووە بەو جۆرە ستایشی مەحموود پاشاو کەسانی لەو جۆرە بکەن »، برا ، جارێ مێجەر نۆئێل و هەر (کێ)یەکی تر، درووستکەری هیچ خاوەن دەسەڵاتێکی نە دەرەبەگایەتی و نە شێخایەتی نەبوون و ئەگەر بیسەلمێنین ، نەتەوەی کورد وەک نەتەوەکانی تر قۆناخی کۆمەڵایەتیی بڕیبێ ، ئەبێ بڵێین : باری کۆمەڵایەتی و هەلو مەرجی قۆناخی مێژووینە درووستی کردوون ، وەکوو ڕەفیق حیلمی بەگ ئەڵێ : « مێجەر نۆئێل ئەیویست شێخ مەحموود پێ بگەیەنێ و بۆ حوکومداری دوارۆژی ئامادە بکا ، زەمان بە دڵی نۆئێل بچوایە بە رێوە ، شکم لەوەدا نییە ، کە بناغەی کوردستانی گەورەی دائەمەزران » (١٨).

من لام وایە پێش ئەوەی مێجەر نۆئێل بیر لە پێگەیاندنی شێخ مەحموود بکاتەوە ، قۆناخی مێژوو شێخی درووست کردبوو ، نۆئێل هەنگاوی لەگەڵ پێی مێژوودا هەڵهێنابووەوە ، بۆیە بیری لە یەکێکی وەک شێخ



MRS. SOANE. ADELA KHANUM. MAJOR E. B. SOANE. CAPTAIN LIES. AHMED BEG.

TAKEN AT HALABJA, OCTOBER 1919.

کردبۆوە . ئەمە یەک ، هەروەها بە پێچەوانەی ڕای بەڕێزتانەوە ، مەحموود پاشا هەرگیز ڕۆحی سازشی (مساومة) نەبووەو ئەم ڕووداوە زۆر بە ئاشکرا ئەم ڕاستییە دەر ئەخا : مێجەر نۆئێل ، کە ئەچێ بۆ دیدەنیی مەحموود پاشا ، لە دووئاوانەکەی زەڵم ، مەحموود پاشا بە قیافەتی پاشایەتیی عوسمانییەوە پێشوازیی لێ ئەکاو لە وتووێژی نێوان هەردووکیاندا نۆئێل ئەپرسێ: - پاشا ئەزانی من بۆ چی هاتووم ؟

پاشا لە وەڵامدا ئەڵێ :

- بشزانم حەز ئەکەم لە زمانی خۆتانەوە ببیەم .

نۆئێل ئەڵێ :

- حوکوومەتی ئینگلیس ئەیەوێ خزمەتی ناوچەی کوردستان بکاو یارمەتیی میللەتی کورد بداو مافی نەتەوایەتیی بۆ دانێ و لەدەس زوڵم و زۆری عوسمانییەکانی ڕزگار بکا . بۆ ئەم نیازەش چاوەڕوانی ئەمسالی جەنابتانە ، کە سەرکردەی هۆزێکی ناسراوو گەورەی کوردن ، هاوکاریمان لەگەڵدا بکەن .

مەحموود پاشا لە وەڵامدا ، بێ پێچ و پەنا گرتن ، یەکسەر ئەڵێ :

- بە داخەوە ، لەبەر سێ هۆ من ناتوانم هاوکاریتان لە گەڵدا بکەم :

١) باوەڕم ئەوەندە بەهێز نییە نیازتان ڕاست بێ . ئەگەر ئێوە بەڕاستی بتانەوێ خزمەتی میللەتی کورد بکەن ، هەزاری وەکوو منیشتان لە گەڵدا نەبێت ، هەر ئێوە سەر ئەکەون .

٢) من کە موسوڵمانم و بیرو باوەڕی ئایینیم یەکجار بە هێزە ، ئەو بیروباوەڕەم ڕێگای ئەوەم نادا هاوکاریتان لەگەڵدا بکەم .

٣) پیر بووم و تاوی هەڵس غو کەوتم لێ بڕاوە و بۆ کاری وا دەس نادەم (١٩).

هەرچی خەڵاتکردنی حەمە پاشاو مەحموود پاشایشە لە لایەن بابولعالییەوە و قەڵا بۆ درووست کردنیانە لە لایەن شای قاجارەوە ، ئەوە منیش هەر ڕووی پرسیارەکەم لە کاکی نووسەر خۆی ئەکەمەوەو ئەڵێم ، ئەی دەسەڵاتی بێگانەی ئەو سەردەمە ڕووی لە کام سەرۆکی سیاسیی ئەو سەروەختەی کورد بکردایە ؟ ئەو سەردەمە لە شێخ و ئاغاو بەگ و سەرۆکی بنەماڵەی جێ متمانەی گەل بەولاوە نەک دەسەڵاتی بێگانە ، بۆچی کوردەکە خۆی سەری لەمانە زیاتر بۆ کەسی تر دائەنواند ؟! ئەی زۆربەی کارامەی سەرۆکەکانی ئەم سەردەمەی ئێستامان کێن ؟ ئایا هەر یەکە لە بنەماڵەیەکی ناسراوی بەڕێزی کورد نین ؟ جا ئەگەر کاک نەجمەدین ڕقی لە دەسەڵاتی حەمە پاشا ، یا مەحموود پاشای کوڕی ، لە بەر ئەوە بووبێتەوە ، چونکە قەڵاو کۆشک و تەلاریان بۆ درووست کراوە ، ئەوە تووشی نەخۆشییەکی بێدەرمان هاتووە ، کە ئەویش ڕق هاتنەوە لەسەرکردەکانی نەتەوەکەی خۆی ، کە دەورێکی مێژووینەیان لە مانی نەتەوەکەیاندا هەبووە . لەم ڕووەوە من تا ڕادەیەک لەگەڵ کاک مەسعوود محەمەد دام کە ئەڵێت : « ڕۆشنبیری کوردی سەردەم وەها لەبەر زمانی خۆش دێت هەڵدانەوەو ڕێزلێنان بۆ مرۆی نەدارو بێسامان و ڕووت و قووت بێ ، ڕقی لە شۆڕەتی پیاوانەی خاوەن سامان هەڵدەستێ . ڕەنگە لەو گەنجانە پتر حەز بکەم ، کە لە چینی هەژارو ڕەش و ڕووتی کورددا قارەمانی وەها بدۆزمەوە لەسەری بنووسم ، بەڵام ئەم تاوانە بە ئەستۆی خۆمەوە ناگرم ، بە ساختە قارەمان درووست بکەم بۆ هەژار یاخود بۆ ساماندار... ئەمجا برا سەیرێکی دڵ و دەروونی خۆت بکەو خورتەی هەناوت بە عەیارە دابنێ بۆ بەرتەک ( رد فعل ) ، ئەو خەبەرەی کە لەبارەی داخوازیی مەردایەتیی دەرەبەگێکی ٢٠٠ - ٣٠٠ ساڵ لەمەو پێشت بۆ باس دەکرێ ، تا ئەگەر خەبەرەکە بە لای تەبیاتەوە تاڵ و تفت بوو ، خێرا بڕۆ لای پزیشکێکی نەفسی و لێی مەگوێزەوە هەتا ئەو بێزۆکە دەمارەی هەناوت لە ڕەگەوە هەڵدەبڕێتەوە . تۆ ئەگەر ئەو نەخۆشییەی دەروونیت چارەسەر نەکەیت ، هەمیشە ئامادە بیت لە بۆ بڕێ بەرژەوەندی خۆت با بێتە سەر دۆست و هاوڕێ و هاو مەزهەب و هاوئامانجەکانت و تەپڵی تۆپانیان پێ بکەیت و بۆیاخێکی درۆزنی( تأويل ) لە کارەکەت هەڵسووی و بیکەیت بە فەرمانی خەبات ... مێژوو ... چاکەی گەل ... چارەنووس ... » (٢٠) .

برای بیانی لە وتارەکەتدا ، هێرشێکی ناڕاستەوخۆت بردۆتە سەر کاک مەسعوود بەرزانیی بەڕێز ، کە چۆتە ماڵی مستەفا بەگی جاف و برێ کۆنە (مستەشار)ی لە گەڵدا بووە کە ئێستا هەموویان چوونەتە پاڵ شۆڕشی کورد ، مستەفا بەگیش بەناوی گاڵتەوە بە کاک مەسعوود دەڵێ :« قسەیەکم هەیە ، حەز دەکەم بیکەم ، ئەویش دەڵێ : فەرموو . مستەفا بەگ دەڵێ : کاک مەسعوود هەرچی سەیر دەکەم هەر فەتە ( فتاح ) ی برامتان ناتەواوە » . وا دیارە ئەم کاک نەجمەدینە ، بە

خوایشتی خۆی خەڵک ئەکا بە نیشمانپەروەرو بە خاین و بە سەراو کەوتوو و مێژوویشی ( نازانم مەبەستی کام مێژووە ؟ ) کردووە بە لیتەو قوڕاو و هەرچی ئەو دەفەرموێ ، هەر وا بووەو هەر وا ئەبێ ، بەڵام نازانێ کە هەقی ئەم قەزاوەت و حوکم دانە بێبەڵگەو دەساوێزانەی نییەو ئەگەر یەکێ ڕەخنەی لەسەر ئەم قسانە لێ گرت ، ئایا چ بەڵگەیەکی بەدەستەوەیە ، کە سنگ دەرپەڕێنێ و بڵێ من بۆ نەتەوەکەم ئەمەم کردووەو ئەوەم کردووە ....

جا بە ڕاستی منیش هەر ئەم پرسیارەت لێ دووپات ئەکەمەوە ، ئەڵێم ، تێم ناگەیەنی تۆ چیت کردووە بۆ نەتەوەکەت ؟ ئەگەر ( یاوەرەکانی ) کاک مەسعوود بە پیاو خراپ ئەزانی ، ئەوە نەتەوەی کورد خۆی مافی حوکم دانی هەیە ، نەک تۆو من و یەکێکی تر . ئەمانە بە بیروبڕوای خۆم ، مادام ئێستا لەگەڵ نەتەوەکەیاندان ، زۆر لەوانەی کە لەملاو لەولا لرف لێ ئەدەن ، بەڕێزترن .

ئیتر بەم جۆرە لە کۆتاییدا وتارەکەم بەم شیعرەی ئەحمەد موختار بەگی جاف دوایی دێنم :

جاهیلان بۆ ئیستیفادەی زاتی خۆیان ڕۆژوشەو
لەم موحیطە مەنعی علم و سەنعەت و عیرفان ئەکەن
ڕووڕەشی دونیاو قەیامەت ئەو نەفامانەن کە وا
هەجوی قەوم و میللەتی خۆیان بە پارەو نان ئەکەن
عاسمان ئێستا وەها چەرخاوە جاهیل غالیبە
گوربەوو ڕێوی خەیاڵی مەرتەبەی شێران ئەکەن
چەند کەسێکی تازە پیاکەوتوو لە کوورە دەرچوون
پیاو کە چوو بۆ ئیش لە پێشا یۆقلەمەی گیرفان ئەکەن.

## پەراوێزەکان

١- دیوانی ئەحمەد موختار جاف ، بەغدا ، ساڵی ١٩٨٦ ل ١٣

٢- چیرۆکی هونەریی کوردی ، حوسێن عارف ، بەغدا ، ساڵی ١٩٧٧، ل ٣٧ .

٣- لە بابەت مێژووی ئەدەبی کوردییەوە ، بدغدا ، ١٩٨٤، ل ١٢٥.

٤- شیعرو ئەدەبییاتی کوردی ، ڕەفیق حیلمی ، بەغدا ١٩٨٨ ، ل ١٥ - ١٦ .

٥- عەلی کەمال باپیر ئاغا : دیوان .

٦ - یادداشتەکانی ڕەفیق حیلمی ، بەشی یەکەم ، بەغدا ، ساڵی ١٩٨٨ ، ل ٦٨ .

٧- دیوانی شێخ سەلام . بەغدا ، ١٩٩١ : ل ٣٧ .

٨- مسألة الضمیر ، ترجمة عادل گرمیانی ، بغداد ١٩٨٩ .

٩- شێخ مەحموودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان ، لەندەن ، ١٩٩٠ ، ل ١٧ .

١٠- راما کریشنا ، الحقائق الروحیة الکبری ، مختارات من راما کریشنا ، ترجمة مصطفی الزین ص ٧٣ - ٧٤ .

١١- ڕشتەی مرواری ، عەلائەددین سەججادی ، بەرگی دووەم ، ل : ١٢٠ - ١٢١ .

١٢- ژیان ، ژ : ٤٩٩ ، تشرینی یەکەم . س : ١٩٣٦ .

١٣- الأکراد ، باسیل نیکیتین ، بیروت ، ل : ١٦٧ - ١٦٩ .

١٤- مشاهیر الکرد وکردستان ج ٢ ، بغداد ، ١٩٤٧ ، ص ١٨١ .

١٥- ڕاپەڕینی کوردەکان ، د. جەلیلی جەلیل ، وەرگێڕ د. کاوس قەفتان ، بەغدا ، س : ١٩٨١ ، ل : ١٢٥ .

١٦- ڕۆژنامەی ژیان ، ساڵی ١٩٣٦ ، ل : ٤ . بەغدا .

١٧- بڕوانە : د . شمسی محەمەد ، شەرەفنامە وەک بەڵگەیەکی زانستی لە مێژووی کورددا . وەرگێڕانی شوکور مستەفا . گۆڤاری کۆڕی زانیاریی عێراق / دەستەی کورد .

١٨- یادداشتەکانی ڕەفیق حیلمی ، بەشی یەکەم ، ل ٦٩ .

١٩- نەخشی هۆزی جاف لە مێژووی کورددا ، حەسەن جاف ، گۆڤاری کۆڕی زانیاریی عێراق / دەستەی کورد، بەغدا ، ژ : ٢١، ٢٢ ، ل : ٦٣ .

٢٠- حەمە ئاغای گەورە ، مەسعوود محەمەد ، بەغدا ، ١٩٨٦ ، ل : ٥ - ١٠ .

# مۆدێل

سابیر سدیق

لە کوێوە دەست پێ کەم ؟
بە چەند هێڵ « کانفاس » ی دەروونم دابەش کەم ؟
ئەی چەند ڕەنگ پێویستە
تا ژان وناڵینی مرۆڤێک دەرببڕن !
فڵچەکەم چۆن بگرم ؟
بۆ ئەوەی ڕەنگەکان یەکتری سەرنەبڕن !

لە کوێدا کۆتایی پێ بێنم ؟!
سەرەتام
« سکێچ » ی سیماتە و
کۆتاییم « مۆدێل » ی باڵاتە .
ئەو ڕەنگەی کە ژانم دەداتە بەر تیشکی ڕووناکی
« هارمۆن » ی پاییزی و هەنگوینی چاوانتە .
ئەی کێشە سادەکە
ئەی بێشە چڕەکە
ئەی گۆمە مەنگەکە
ئەی چۆمە خوڕەکە
ئەی ئافرەت ...
کاشکا بمتوانیبا
جگە لە جوانیی تۆ
هیچی دیم نەدیبا .

کلیلی ... شەپۆلی « هیستیریا » ی ئەم چاخە
چریسکەی نیگاتە
مۆسیقای چرپەشت
« موعجیزە » ی جیهانی عەشقێکە
وەک « مۆرفین » دەرژێتە خوێنمەوە .
ئەفسوونی لەنجەشت
چێژێکی بزر بوو تێکەڵی دڵتەنگیی ئێواران دەکات و
گیانێکی بزۆزیش دەدا بەئارەزووی مەڵاس بووی
ناخی من ،
بۆ ئەوەی لە چڕیی دیمەن و لە قووڵیی هەناسەی
شیعرما
گەرمایی لەشی تۆ ببینرێت .
کەچی تۆش دەترسیت

تیرۆژی موفەڕکە ماچێکت
بخەیتە سەر سیمای زەبوونی ڕۆژنامەی عومرێکی
چەواشەو
لەزەت ومانایەک
بە شەوی دەیجووری شاعیرێک ببەخشیت .
لە کوێدا کۆتایی پێ بێنم ؟
گوێم لێیە
تۆ بانگم دەکەیت و داخ ... ئەفسووس
هەندێ جار لە « تێمپۆ » ی ژێکانی ناختا
نەشازی غووورت وەک چڵ سەر دەکا بە مۆخما ڕۆ
دەچێت
ناهێڵێت ...
لە زەریای هەنسکی قافییەی ئەم شیعرە سەوزەدا
تابلۆی جاویدی جوانیی تۆ وەک یاقووت دەرکەوێت ،
ناهێڵیت ..
ئەم ڕۆحە دانسقەو ساکارە
ڕەنگی پشت دەنگەکان ببینێت
ناهێڵێت ...
ئەم ڕۆحە شەکەت و زگارە
دەنگی پشت ڕەنگەکان بژنەوێت .

سەرەتاو
کۆتایی
ئەم شیعرە ، شیعر نا
وڕێنەی لەرزوتاو لەسەرخۆ چوونێکی پڕ مانای دەردێکی
کوشندە
تۆ بوویت و
تۆش نەبوویت ،
تۆ بیت و تۆ نەبیت ، تۆ دەستم دەستۆکە
با منیش مردنم ببێتە داستانی موحیببەت
مردنێ وەک « کۆڤان »
بە سام و ویقار و بە هەیبەت ..
ئەی ئافرەت
ئەی هێمای تەم و مژ
دەزانی !!
مردن و ... داستان و ... موحیببەت یەعنی چی ؟!

پاییزی ١٩٩٠ / سلێمانی

# گلەیی لە خوێشان و ... لە جێی پێشەکی

نووسینی : ئیبراهیمی یوونسی

ناسری ڕەزازی کردوویە بە کوردی

ئەم وەرگێڕانە، پێشەکیی کتێبی Les Kurdes et le Kurdistan (کورد و کوردستان)ە، کە لە پێشدا لە لایەن (شەهید دوکتۆر قاسملوو و کەندال نەزان و عیسمەت شەریف وانلی و مستەفا نازدار)ەوە بە فرانسەیی نووسراوەو دوای ئەوە کراوە بە ئینگلیسی و پاشان کاک (ئیبراهیمی یوونسی) کردوویە بە فارسی، بەڵام کۆماری ئیسلامیی ئێران، ئەو بەشەی کە سەبارەت بە کوردستانی بندەستی ئێرانە و دوکتۆر قاسملوو نووسیویەتی، لێی دەرهێناوە و ئەوسا ئیجازەی بڵاوکردنەوەی داوە. دیارە ئەو سانسۆرکردنەشی لە بەر دوو تاوانی گەورە بووە: یەکەمیان دوکتۆر قاسملوو نووسیویەتی، دووهەمیشیان باسی کوردەکانی بندەستی ئێرانە .

من نامەوێ بۆ پێشەکییەک، پێشەکی بنووسم، بەڵام ئەم کتێبە، کتێبێکی زانستییە و باسی (مێژووی کۆمەڵایەتی- ئابووری - سیاسی)ی کوردستان دەکا و هەر کوردێک لە سەریەتی بیخوێنێتەوە هەتا لە فێڵ و تەڵەکە و خەیانەتەکانی داگیرکەرانی کوردستان تێ بگا و نەتەوەکەی خۆی باشتر بناسێ. بێجگە لەمەش هەرچەند من خۆم، هەندێ لایەنی ناواخنی ئەم پێشەکییەم پێ ڕاست نییە، بەڵام بۆ ئەوە دەشیا کە بکرێتە کوردی.

وەرگێڕ

« بە ڕواڵەت کوردەکانی بندەستی حکوومەتی ئێران، زۆرتر لە کوردەکانی دیکە، باوەڕیان بە ڕەسەنایەتیی زمانی زگماکی خۆیان هەیە و، ئەمە قسەیەکە کە کوردەکان خۆیان دەیکەن و ئێمەش لە بەشی دەیەمی ئەم کتێبەدا نووسیومانە. ئەوان گوتوویانە: ئەگەر زمانی فارسی بە جارێ لە ناو بچێ و نەمێنێ، دەتوانین لە ڕووی وشە ئێرانییە پەتییەکان، کە هەمان زمانی کوردییە، دیسان زیندووی بکەینەوە».١

ئەم قسەیە کە نیکیتین کردوویەتی، تەنیا هەست و دیتنی کوردەکانی ئێران نییە، بەڵکوو بڕوای هەموو کوردەکانە. لە گەڵ ئەدیبانی فارسیش کە دادەنیشی و باسی لە سەر دەکەی، کەم تا زۆر لەم دیتنەوە نزیکن. بە قسە، بێگانەیی‌یەکی ئەوتۆ هەست پێ ناکرێ و تەنانەت هەستی پێ دەکەی و دەبینی کە، قورسایی باری فەرهەنگی فارسی لە کاتی ئێستادا، وا بە سەر شانی ئەو کەسانەوە کە کوردن. ڕاستی هیچ لە خۆتان پرسیوتانە (علیمحمد افغانی نووسەری شوهر آهو خانم،

احمد محمود، نووسەری همسایەها و داستان یک شهر و زمین سوخته، نصرت‌الله نویدی، نووسەری شانۆنامەکانی سگی در خرمن جای و تام آرزوها، مامۆستا هەژار، علی اشرف درویشیان، شهرام نازری، خانم معتمدی، محمد قازی و زۆری دیکە بێجگە لە لاهوتی و عشقی و یاسمی) کێن و لە چ رەگەزێکن؟! دەوڵەتمیرانی ئێرانیش بێجگە لەمە دیتنێکی دیکەیان نییە، بەڵام داخەکەم قسە و کردەوە، نێوانیان دوورە!

«هەر وەها لە ئێرانیشدا بە داخەوە، هیچ هەنگاوێکی لێزانانەی باش، بە سوودی کورد هەڵنەگیراوە کە بتوانین ئاماژەی پێ بکەین، ئەمەش خۆی شایەت یەکێ لە تراژیدییە گەورە و ئەسەفهەڵخرێنەکانی مێژووی کوردە، کە فارس و کورد، سەرەڕای ئەوەی لە یەک رەگەزن و رەدووی یەک دینن و لە میراتێکی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی تاک بەهرەمەندن، هێشتا نەیانتوانیوە بنەڕەتی ئەو دژایەتیە پووچ و بێ مانایەی، کە بە هۆی جیاوازی مەزهەبەوە لە نێوانیاندا هەیە، پڕ بکەنەوە ...»٢.

لێرەدا دەبێ دوو خاڵ وەبیر بێنینەوە : یەکەم ئەوەی کە گوناحی ئەم دووری و بێگانەیی‌یە، بە یەکجاری ناکەوێتە ئەستۆی مەزهەب؛ رەزا شا، یان حەمە رەزا شا، سووتاوی مەزهەب نەبوون، کە لە گەڵ کوردەکان وا هەڵسو کەوتیان دەکرد. دووهەم ئەوەی کە ئەم تراژیدییە تەنیا تراژیدیی مێژووی کورد نییە - نەخشی لایەنی دیکەش هەر تراژیدییەکە، تەنانەت تراژیدی - کۆمێدی. ئینسان لەمە تێدەگا کە، ئیمپراتۆریی بەریتانیا و رووسیا، نایانەوێ دەوڵەتێکی ئێرانیی بەهێز، لە ناوچەکەدا هەبێ. ئەمەش هەر جێگای تێگەیشتنە کە، سەرمایەدارییەکانی دوای شەڕی دنیادگری یەکەم، کە جارێکی دیکە، بۆ دابەشکردنەوەی جیهان، مرخیان لە تالانی کانەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست خۆش کردووە، لە شتێکی وا بترسن. بەڵام ئەمە ناچێتە مێشکەوە کە دەوڵەتمیران (دەسەڵاتداران)ی ئێران، خۆیان لە شتێکی وا بترسن، مەگەر ئەوەی کە بڵێین: ئەمانە نۆکەرانی دەرەوە بوونە، یان گێل و حۆلن، یان هەردووکی.

(مصور رحمانی) لە بیرەوەرییەکانیدا گوتەیەک لە شێخ مەحموودی نەمر دەگێڕێتەوە کە بۆ گێڕانەوە دەشێ: «... شێخ مەحموود بڕوای وا بوو کە ئێرانییەکان، وەک دەڵێن سەری دەزووەکەیان ون کردووە و، بە هەڵە چاو لە مەسەلەکە دەکەن، چونکە کوردەکان لە بنەڕەتەوە، لە گەڵ ئێرانییەکان هاورەگەزن و، حەز دەکەن هاوکاریی ئێرانییەکان بکەن. کە وابوو دەوڵەتی ئێران، دەرەتانێکی زۆرتری بۆ راکێشانی هاوکاریی کوردەکان، بۆ پێشچوونی سیاسەتی نەتەوایەتیی خۆی لە بەرانبەر دوژمنەکانیدا هەیە، هەتا دەوڵەتەکانی دیکە. ئێستا ئەگەر دەوڵەتی ئێران بە دەست خەڵکێکەوە، کە لە بناغەوە مەیلی هاوکاریی هەبووە لە گەڵیانا، تووشی زەرەر بێ، جگە لەوەی کە لە سیاسەتدا لاواز، یان بێئاگا بێ، بە شتێکی دیکەی نابێ دابنێی.

«پرسیارێک کە هەمیشە لە ئێراندا دەبێ لە راسەدا بێ، ئەمەیە کە: بۆچی دەوڵەتی ئێران لە دنەدانی کورد بە دەستی **هەندەری** (خارجی)یەکان دژ بە خۆی، دڵپەریشان بێ. ئەگەریش ئێستا دەوڵەتی ئێران، پێشدەستی بکا و، بۆ نموونە کوردە ناڕازییەکان دژ بە عیراق بەهێز بکا، دەوڵەتی عیراق زۆرتر و سەختتر لەو دڵپەریشانییەی کە خۆی لە گەڵیا بەرەو رووە، تووش دەکا. ئەوکات عیراقییەکانن کە بۆ کوژاندنەوەی شەڕ، داوای یارمەتی لە ئێرانییەکان دەکەن، نەک بە پێچەوانەوە»٣.

«ئەوەی کە دەڵێن کورد و فارس لە یەک بنە و بنەچەن و، نەبوونی دەلیلی باش و پەسن بۆ دوژمنایەتیی دوو میللەتی خزم، پەیتا پەیتا لە بەیانییەی رەسمی و بڵاوکراوەدا دووپات دەبێتەوە، راستە. کتێبە فارسیەکەی (رەشیدی یاسەمی)ش هەر وا دەڵێ. بەم حاڵەشەوە، تاران بۆ سەرکوتکردنی کورد و راپەرینەکانیان ... دەسکەمێکی لەوانی دیکە نییە»٤.

دوای شەڕی دنیادگری یەکەم، چەندین راپەڕین لە کوردستان رووی دا و، ئامانجی هەموو ئەو

راپەڕینانەش، رزگاری بوو لە نێڵەی حکومەتی تورکان. (یەکێ لە گەورەترینی ئەم راپەڕینانە، راپەڕینی شێخ مەحموودی نەمر بوو، کە گوتەکانیمان گێڕایەوە). شێخ مەحموود، شەش ساڵی رەبەق لە گەڵ بەریتانیا، کە ببوو بە میراتگری حکوومەتی عوسمانی لە بەشێکی کوردستان، شەڕی کرد. بەڵام لە تەواوی ئەم ماوەیەدا – تا ئەو جێگەیەی کە خوێندوومانە – لە ئەدەبیاتی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئێراندا، کەسێک لە گەڵ ئەم میللەتە هاوڕەگەزو ستەمدیوە، تەنانەت هەستی بە هاودەردییەکی سادەش نەکرد، دەوڵەتمێرانیش بە جێگای خۆیان. ئەمانە لە دامرکانی ئاگری شەڕی (کورد و مجتهدان)، لە گەڵ دەسنێژەکانی ئینگلیس و بەڕێوەبەرانی سیاسەتی بەریتانیا، هاودڵ و هاوڕا بوون. قەبووڵە، میللەت نائاگا بوو، جەماوەری خەڵک نەخوێندەوار بوون و ئەو زەمانەش، ئەو پەیوەندییانەی بەو مانایەی کە ئێستا هەیەو دەیناسین نەبوو؛ لە گەڵ ئەمانەش پچڕ پچڕ خەبەر دەگەیشت، لە ڕێگای حەجاج و ڕێبواران و گەڕۆکانەوە ... لە جیهانی نوێشەوە خەبەر دەهات. کوردستان ئیتر بە جێگای خۆی.

سەرەڕای ئەمە لە شاعیران و نووسەران، کەسێک شک نابەین کە لە وەسفی رەنج و دەردی ئەم خەڵکە و ستەمێک کە لێیان کراوە، بەندێک یان رستەیەکی نووسیبێ. قەیسەرنامەیان دەهۆنییەوە، سەرکەوتننامەی (نایبی)شیان دەهۆندەوە ... بەڵام شێخ مەحموود کە قەیسەر نەبوو و، گەلی کوردیش گەلی ئاڵمان نەبوو، لایەنگریش لە میللەتێکی ستەمدیو و چەوساوە و هۆنینەوەی کارەسات و بوویەرەکانیان، بێژگە لە سەرکۆنە و لۆمە، پاداشێکی دیکەی پێوە نەبوو. بەڵام لە باتی، لە پەیماننامەکاندا، قسە بەرز و دەربڕینی نیگەرانی توند و تیژ بوو: «رەعیەتەکانی اعلیحضرت، سلطان‌السلاطین القاهر الباهر ...»، ئەم میللەتە بوو، کە جاروبار «رەعیەتی اعلیحضرت شاهەنشا»، یان «سلطان‌المسلمین»، یان «خەلیفەی موسڵمانان» بوو. بە هەرحاڵ رەعیەتیش بوو و، نێویشی لە دەفتەرەکانی ماڵیاتدا بوو، بەو شا، یان ئەو خەلیفە، یان بە هەردووکیان باجی دەدا و، بۆ شەڕی ئەم لە گەڵ ئەو و، شەڕی ئەو لە گەڵ ئەم، چەکداری دەدا و، لە هەردوو سەرەوە دەکوژرا. واتە لە ڕێگای شا و، لە ڕێگای خەلیفەدا، بەو بەڵێنەی کە لە هەردوو سەرەوە دەچێتە بەهەشت، ماڵی وێران دەبوو. لەوانەیە بڵێن ئەمە درووستە، بەڵام بار و دۆخی فارسەکانیش لەمە بەدەر نەبوو. دەڵێم، لەوانەیە، بەڵام رەزاخان بە فارسی قسەی دەکرد و، بە نێوی فارس دەیچەوساندەوە. ئەو کاتەش کە لە خوێندنگە بووم، لە پۆلەکەماندا تابلۆیەکیان بەرانبەرم هەڵواسیبوو کە، فەرمانی پێ دەدام بە «پارسی قسە بکەم»، ئەگەر بە کوردی قسەم کردبا، تەمێیان دەکردم، دیارە بە پارسی دارکارییان دەکردم و، بە کوردی هاوارم دەکرد. بەڵام تۆ، برای فارس، لانی کەم ئەم تابلۆیە و، ئەم دارکاری و سووکایەتییەت نەبوو. لە گەڵ رەزا خان چیم کردبا کە کڵاوی پەهلەویی هێنابوو و لە سەر دێنشینی کوردی نابوو. ئەگەر ئەم ئینسانە گوندییە، کە دەگەیشتە قەراخ شار، لە بیری کردبا پێنج یان شەدە سوننەتیەکەی لە سەر هەڵگرێ و، لە باتی کڵاو پەهلەوییەکی شل و شەوێنچ، کە خۆی بە مەقەبا درووستی کردبوو و لە توورەکەکەی نابوو، لە سەر نێ، بە «فارسی» پێنج تمەن و دوو قەران جەریمە دەکرا، لە حاڵێکدا نرخی دوو سێ کووڵەکە و هاروێ، کە هێنابوویە شار بیفرۆشێ و، بیدا بە قەند و شەکر بۆ ژن و منداڵەکەی، لە دوو قەران تێپەڕی نەدەکرد. لە گەڵ سەرۆکی دادگا و سەرۆکی جەندرمە و لێپرسراوانی جۆربەجۆر، کە بە فارسی پێیان رادەبواردو، فرووج و بەرتیلیان دەویست و، لە شفا و لالەی پیرەژن و پیرەپیاوی کورد، تێنەدەگەیشتن و لە بەر چاوی بووک و نەوە و نەبیرەوە لە بەر ئەم «لێکحاڵینەبوون»ە، لێیان دەدا، چیم کردبا؟ دەڵێی لە مازندەرانیش بەم چەشنە هەڵسوکەوتیان دەکرد، دەڵێم قبووڵم نییە، چونکە بە هەر حاڵ زمانەکەیان دەزانی و لە یەک تێدەگەیشتن و لە دارکاری بۆ تێ نەگەیشتنی مەبەست، دەرباز دەبوو. بە هەر حاڵ لێپرسراوەکان، فارس بوون.

ڕەزا خان دەیگوت ئێرانییە، پەهلەوییە و، بە پشت خۆی دەگەیاندەوە شاکانی هەخامەنشی و، ئێرانی «سەت جار باشتر لە سەردەمی کەونارا» کردبوو، بەڵام بە نێوی هەر ئەم ئێرانیگەرییە، بوونی خزمی هاورەگەزی خۆی، ڕەد دەکردەوە و، بۆ لە ناوبردنیان، لە گەڵ بێگانان دای دەبەست!

ڕاپەڕینی ساڵی ۱۹۳۰ی ئارارات، بە ڕێبەرایەتیی ژەنەراڵ (احسان نوری پاشا) جێگای باسە: ڕەزاخان بەڵێنی دابوو، لەم ڕاپەڕینە کە دژی دەسەلاتی مستەفا کەمال و، ئامانجی ڕزگاریی کوردان لە نێڵی حکوومەتی میراتگری خەڵیفەکان بوو، پشتیوانی بکا. بەڵام دوای ماوەیەک، لە گەرمەی شەڕدا، هەر ئەم (ڕەزا خان)ە ڕێگای گەیاندنی چەک و تفاقی لە شەڕکەرەکان بەست و، بە لەشکرەکەی مستەفا کەمال ئیجازەی دا، بێنە خاکی ئێران و، شۆڕشگێڕەکان سەرکوت بکەن. ئەمە، نۆکەری بوو: ئاخر مستەفا کەمال و ڕەزا خان هەردووکیان لە ژێر دەست، یەک وەستا هاتبوونە دەرێ و، بۆ ئەنجامدانی گوماشتەگەرییەکی وەکوو یەک، درووست کرابوون. کردەوەکانیان گوتەی یەک ئوستاد بوو: کڵاو پەهلەوی، کڵاوی قەراخداری کۆماری، کوشتنی ئازادیخوازان، سووکایەتی بە کەلەپوور، لابردنی ڕووبەند و چارشێو (کشف حجاب) و، لاسایی عەنتەرانە لە ڕواڵەتی شارستانییەتی ڕۆژهەلات. گرنگتر لە هەر شتێکیش، دەبوو بە درووستکردنی «کەمەربەندیکی خاوێن» بە دەور ولاتی تازەپێگرتووی شوورەویدا و، بە دامەزراندنی ولاتانیکی دژ بە کۆمۆنیست، بە ڕێبەرایەتیی پیاوگەلێکی «بەهێز»، مێرخاسانیکی وەکوو مستەفا کەمال، ڕەزا شا، مانرهایم، پیلسۆدسکی و هی دیکە، لە هاتنی نەخۆشی بەڵشەڤیزم، بۆ شوێنەکانی دیکە، بەرگری بکەن.

بەر لەوە، وەک باسم کرد، ڕاپەڕینی شێخ مەحموود ڕووی دا. بەریتانیا، بەو جۆرەی کە یەکێ لە کاردانەرەکانی بە نێوی ( ئەدمۆنز)٥ باسی دەکا، ولاتی عێراقی دامەزراند: کوڕەکانی (شریف حسین)ی مەککەی هێنا و، یەکێکیانی لە سەر کورسیی حکوومەت دانا و، ئەوی دیکەیانی کرد بە فەرمانڕەوای ئەوپەڕی ئۆردن و سێهەمیانی کرد بە پاشای عەرەبستان. لە عیراقیشدا دیسان هەر کوردەکانن کە دەبنە گاوگەردوون. کتێبەکەی ئەدمۆنز پڕە لە ستەم و گێچەڵ و مەکر، کە بۆ پاژی ئاکاری سەرەتایی ی دەوڵەتمێران و کاردانەرانی ئیمپەراتۆریی گەورە.

بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کە ولاتی تازەپێگرتووی شووراکان (جێگەنشینی ئیمپەراتۆریەتی تەزاری)، بەو بەرۆکەوە کە بۆ پەرچە لە چەوساوەکانی جیهان دایدەدڕێ، بۆ خەمی ستەمێک کە لە کورد کراوە، پرسە و سەرەخۆشیی گرتووە. نە، حکوومەتی تازەپێگرتووی شوورەویش، یارمەتیی مستەفا کەمال دەدا بۆ سەرکوتکردنی بزووتنەوەی کوردان، لەشکرەکانی تەیار دەکا، قەرزی دەداتێ، لە حاڵێکدا خۆی بۆ نانی ڕۆژانەی داماوە و، لە عورفی سیاسەتی حیزبی و جاڕەدرانەی خۆشیدا، نێوی ئەم کردەوەیە دەنێ: زەمینەسازی بۆ بەهێزکردنی بۆرژوای میللی و هەڵدانی چینی کرێکار لە تورکیە، بە تۆفیقی خودا، بۆ بەهرەهەڵگرتن بە خێری زەحمەتکێشانی سەرتاسەری جیهان، لە داهاتوودا!

لە حاڵێکدا هەر ئەم تورکیەیە، لە هەمان کاتدا ڕێبەرانی بزووتنەوەی کرێکاری لە سێدارە دەدا. ئەم کردەوەیە نێوێکی دیکەشی هەیە: **پێکەوەژیانی ئاشتییانە** «زندگی مسالمت آمیز» لە گەڵ ولاتانی دراوسێ، بە سنووری سوڵح و ئاشتییەوە. حکوومەتی شووراکانیش ئەوەندە بەرە و پێش دەڕوا کە، سنووری سوڵح و ئاشتی لە سەر ئەو ژن و منداڵانەی، لە بەر کوشتاری مستەفا کەمال هەڵاتوون، دا دەخا. لە ئێرانیشدا بەم نیەتەوە پشتی بزووتنەوەی گیلان بەر دەدا. لە هیچ شوێنێکدا نابینی کە یەکیەتیی شوورەوی لە کۆمەڵگای نەتەوەکاندا لە زوڵم و ستەمێک کە لە کوردی عێراق و تورکیە کراوە، وشەیەکی بە زاردا هاتبێ، یان ئیعترازێکی کردبێ. ئێستاش نابینی.

بە هەر حاڵ، دەبێ بە دەستی بێگانەشەوە بناڵێنین هەتا خزمەکە تێ بگا کە لە بەجێهێنانی ئەرک و ئۆباڵیدا

بەرانبەر بە خزمەکەی، کەمتەرخەمیی کردووە؛ هەتا خزمەکە تێ بگا کە هەڵسو کەوتی لە گەڵ خزمەکەی، لە هەڵسو کەوتی بێگانە دەچێ، سا بەڵکوو ئەم نموونانە، ببێتە عیبرەت بۆی و بە خۆیدا بێ؛ لە گەڵ ئەوەشدا بێگانە تێ بگا کە تێدەگەین و عەیاری ئەو درووشمانەی کە بەڵێنی درۆن، بە مەحەکی کردەوە هەڵدەسەنگێنین.

عێراقی پاشایەتی - لە راستیدا بەریتانیا و هێزە هەواییەکەی -، بزووتنەوەی کوردەکان، تێک دەشکێنێ؛ بەریتانیا دەستی مستەفا کەمال بۆ سەرکوتکردنی بزووتنەوەی شێخ سەعیدی پیران و بزووتنەوەکانی دیکە ئاوەڵا دەکا، بۆ ئەوەی پەیماننامەی لۆزان بەڕێوەیە و، دەبێ دژی تورکەکان کە داوای وەرگرتنەوەی ویلایەتی کوردنشین و نەوتەڵێنی مووسڵ دەکەن، «بەڵگەنامە»ی دادگەپەسەندی لە دەستدا بێ، هەتا بتوانێ بە شوورای کۆمەڵگای گەلان نیشانی بدا و، بیسەلمێنێ کە کوردەکانی مووسڵ لە تورکیەی (مستەفا کەمال)دا، گیانیان لە خەتەردایە و بنەمای ئازادی و بەرانبەری حوکم دەکا کە بخرێنە سەر عێراق و، بە سەرپەرستیی دەوڵەتی گەورەکان، لە ئازادی و مافی ئینسانی بەهرە وەرگرن. لەمە گرنگتر، لە بنەمادا ئیمپەراتۆریی بەریتانیا، تەنیا بۆ پەرچە لە ئازادی و، بەرینکردنەوەی بەرانبەری لە جیهاندا بوو، کە چووە ناو شەڕ و ئەو بارە قورسەی شەڕی لە کۆڵ کرد. ئەگەرنە خۆ سێبەڕۆی نەبوو! بەرینکردنەوەی بەرانبەری و دیمۆکراسی لە بنەما بنەڕەتییەکانی سیاسەتی ئیپەراتۆرییەتە!

ئاکامی کاری (کومیسیۆنی کۆمەڵەی نەتەوەکان) کە نێردرابوونە مووسڵ و گوماشتەی ئەوێ بوون دەبینین. دەشبینین کۆمەڵەی نەتەوەکان، کە کارگێڕەکانی بەریتانیایی و فەرانسەیین، چلۆن عەداڵەتخوازی هەردوو ئیمپەراتۆریی فرانسە و بەریتانیا بە باش و بێخەوش دادەنێن و، دیسان دەبینین کە چۆن هەر ئەم دوو هێزە هەڵکەوتووەی زەمان، هەر یەکە لەم دوو سفرەی تاڵانە، بەشی خۆیان هەڵدەگرن و، چۆن دیمۆکراسی (فەیسەل و نووری سەعید و مصطفا کەمال) لە کوردستانی عێراقدا بڵاو دەبێتەوە. ئەم ئاوەڵزاوایەی سازمانی نەتەوەکان، ئەمڕۆ نە تەنیا کوژرانی هەزاران کورد و ئەرمەنی و، وێرانکردن و سووتاندنی سەتان گوندی کوردستان بە هیچ دەگرێ، بەڵکوو لە دابینکردنی مافی ئەم میللەتە ستەمدیوە، وەها گڕ و تین لە خۆی نیشان دەدا، کە بۆ وەرگرتنی سکاڵاکانی شێخ مەحموود و ڕێبەرەکانی دیکەی کورد، لە ژێری دەردەچێ، بەم بیانووە کە عێراق و تورکیە سەربەخۆن و، خۆهەڵقورتاندن لە کار و باری ناوخۆی وڵاتان، ئەرکی ئەوە. هەر ئەو بەڵگەو دەلیلەی کە جێنشینەکەی، ئەمڕۆ بۆ پاساودانی لاوازی و داماویی خۆی، دەیهێنێتەوە. بەڵێ، ئەرکی ئەو بەرینکردنەوەی بەرانبەری و پەرچە لە مافی مرۆڤ و، دۆعای خێرکردنە بۆ گەلان!...

دواتریش دەگەینە پەیمانی سەعداباد «سعدآباد». کە لایەنە دژ بەکورد بوونەکەی لە بەرچاوە و، بە ناوەڕۆک پەیمانێکە لە نێوان دەوڵەتەکانی تورکیە و ئێران و عێراق، بۆ هاوکاری لە سەرکوتکردنی کوردەکاندا. وڵاتێک کە هاورەگەزی ئەم میللەتەیە، لە گەڵ دوو وڵاتی تورک و عەرەب، دەبێتە هاوپەیمان، تا پێکەوە هاوڕەگەزەکانی سەرکوت بکەن، تا نەڵێن ئێمە لە رەگەزی ئێرانییەکانین، ئێمە عەرەب نین، ئێمە تورک نین! ئەگەر حکوومەتی رەزاخان، حکوومەتێکی میللی دەبوو، رەنگە مێژوونووس کە دەگەیشتە ئێرە دەینووسی: «ئەمە یەکێ لە شتە سەرسوورێنەکانی مێژووە...» بەڵام لایەنی کۆمێدیی قەزیەکە ئاشکراترە: لە هەمان حاڵدا کە پەیمانی سەعداباد واژۆ دەکرێ، کتێبی (کورد و پێوەندە رەگەزی و دێرینکیەکانی) رەشیدی یاسەمی، بڵاو دەبێتەوە. قسەکانی من لێرەدا بەرەو ناوەڕۆکی کتێبەکە نییە، مەبەستم زەمانی بڵاوبوونەوەیەتی. بەرهەمەکە بەرهەمێکی زۆر بە نرخە*، بەڵام لە حکوومەتی رەزاخاندا و، بە رەزامەندیی دەزگای حکوومەتەکەی و، هاوکات لە گەڵ واژۆی پەیمانی سەعداباد، بڵاو دەبێتەوە، لە حاڵێکدا ئەگەر هەر ئەو کاتە، کوردێک وێرابای بیگوتبا کوردم و، دەمەوێ بە کوردی بنووسم و بدوێم، جێگەی

ئەگەر سەر سێدارە نەبا، لانی کەم زیندانی قەسر بوو. بەڵام بە بڵاوبوونەوەی ئەم کتێبە، رەزا شا بە هەمووانی دەگوت کە ئێرانییە، هاورەگەزەکانی خۆی خۆش دەوێ و، چاکەیان لە گەڵ دەکا، زمانیان ئێرانی پەتییە، بەڵام بە بەرژەوەندی نازانێ کە بە نووسین و گوتن بیپارێزننەوە، باشترە بیهێڵن بۆ رۆژێک کە، خوانەکردە زمانی فارسی بە تەواوی لە ناو چوو، لە رووی زمانی کوردی بیبووژێننەوە. زۆر سپاس، خودا سەبر بە ئێمە بدا و تەمەن و پلەو پایەش بە ئێوە!

سەردەمی حەمە رەزا شا لە ئێمەوە نزیکترە. رۆشنبیران و خوێندەوارانی وڵاتەکەمان، لانی کەم شۆڕشی بارزانییان لە بیرە و ئەگەر خوێندبێتیانەوە، دەزانن کە ئامانج و مەبەستی ئەم شۆڕشە بە کاکڵ، بۆ وەدیهێنانی راسپێرییەکانی کۆمەڵەی گەلان و زەمانەتکردنەکانی بەریتانیا بوو، سەبارەت بە خودموختاریی کوردستانی عێراق. کوردەکانی عێراق و بارزانی هەر هەمان بابەتی ناسراویان دووپات دەکردەوە کە: ئێمە کوردین، لە رەگەزی ئێرانیین و عەرەب نین. کۆمەڵەی نەتەوەکانیش قبووڵی کردبوو، بەریتانیاش راستبوونی ئەم بەڵێنانەی زەمانەت کردبوو. رۆشنبیرەکانی ئێمە، باش لە بیریانە کە، حەمە رەزا شای «ناسیۆنالیستی موسبەت»، - هەتاوی رەگەزی ئاریا - چی بە سەر ئەم شۆڕشە و ئەم گەلە هاورەگەزەی هێنا، کە خۆی بە رواڵەت هەتاویان بوو. لە «راپۆرتی پایک Pike Report» بۆ کۆنگرەی ئامریکا و، ئەو بەڵگەنامانەی کە لەبارەی تێکۆشانەکانی پاشپەردە، لەمەڕ ئەم شۆڕشە بڵاو بووەوە، دەیخوێنینەوە کە ئیرادەی بەرزەفڕی «شاهەنشای ئاریامیهر»، لە سەر ئەوەیە کە ئەم راپەڕینە، بە هەر نرخێک بووە، دەبێ لە خشتە ببرێ. - دیارە پێشتریش بە چوونە ناو پەیمانی بەغدا -، کە دواتر بوو بە پەیمانی سێنتۆ، لە ئەستۆی گرتبوو کە، رێچکەکەی باوکی تاجداری بەر نەدا و، جێگە تەوری ئەو کوێر نەکاتەوە. بە هەر حاڵ، شاهەنشا بۆ لە خشتەبردنی بزووتنەوەی کوردەکانی عێراق، لە سەرەککۆماری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئامریکا - ئامریکایەک کە خۆی بە پێشەوای دیمۆکراسیی جیهان نێو دەبا - هەروەها وەزیری دەرەوەشی جەنابی کیسینجێر، یارمەتیی ویست و، بە کۆمەکی ئەو و هەر ئەم جەنابی کیسینجێرە، کە ئاوارەبوونی هەزاران ساڵەی گەلی یەهوودی لە پشتەوە بوو، کوردەکانی لە شا دڵنیا کرد و، بەو چەشنە خستنیە داوی سیاسەتی پیس و دزێوی خۆی. ئینسان کاتێ ریزپازانەوە «صف‌آرایی»ی هێزەکان دەبینێ، بێ دەسەڵات، بۆ حاڵی خۆی و وڵاتەکەی خەم دایدەگرێ، هەر لەو کاتەشدا، چونکە چاو لە ئاسۆیەکی دوورتر دەبڕێ، پێکەنینی دێ: لە لایەکەوە جەنابی نیکسۆنە لە گەڵ کیسینجێر و شاهەنشای ئاریامیهر، لە لایەکی دیکەشەوە بارزانییە و هاو رەگەزەکانی شا، لە لایەکی دیکەش سەدامە لە گەڵ یەکیەتیی شوورەوی. جا تۆش گاڵتەی تاڵی رۆژگار ببینە کە لە بزووتنەوەیەکی نەتەوایەتی و دژ بە ئیمپریالیستیدا، سەرکوتگەر لە پێشەوای سۆسیالیسم چەک و تەقەمەنی و یارمەتی داوا دەکا و، سەرکوتکراویش لە نیکسۆن و شاهەنشا! ئەوسا شنەی گاڵتەی سیاسەتمەداری زەبەردەست چاو لێ بکە: شا لە هەمان کاتدا لە تاران، رۆژنامەیەک بە نێوی کوردستان، نزیک بە ٢٠٠ کۆپی چاپ دەکا و، لە دەرەوەی وڵات بڵاوی دەکاتەوە! بە تەواوی ئەم شێر و رێوییە و ستەم و ساختەیەک کە لە دەوڵەتمێرانی پێشوو دیتوویانە، ئەم کوردانە چونکە دەبینن لە هەر لایەکەوە تەنگەتاو دەکرێن، ناچار پەنا دێننە بەر ئێران. لەم دواییانەدا لە رۆژنامەکاندا خوێندوومانە کە چلۆن ئاوارەکانی کوردستانی عێراق، لە ئۆردووگاکانی تورکییەوە هەڵدێن و دێنە ئێران. راستی لە خۆتان پرسیوتانە کە بۆچی و لەبەرچی و بە پەیرەوی لە چ هەست و غەریزەیەکە کە ئەم خەڵکە، لە ناو بەفر و بۆران و خەتەردا، لە ئۆردووگایەکەوە هەڵدێن، هەتا بگەنە ئۆردووگایەکی دیکە؟

بە هەر حاڵ ... درێژەی کایەکە چاو لێ دەکەین، کارەساتی بۆمبارانی کیمیاویی هەڵەبجە و خورماڵ و،

شوێنەکانی دیکەی کوردستانی عێراق، هێشتا تازەن و کەڵەک و فێڵی دنیای ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوامان بە جوانی پێ نیشان دەدا: ڕۆژێ دوای بۆمبارانی هەڵەبجە، سەنای ئامریکا، – ئەم دڵی دێمۆکراسییەی جیهانی ڕۆژاوا –، پێکەوە بە یەک دەنگ، یاسایەک پەسن دەکەن و بە پێی ئەو یاسایە و لە سزای ئەو تاوانە، عێراق لە باری ئابوورییەوە تەنگەتاو دەکەن، بەڵام بیست و چوار سەعات دوای ئەوە، ئەم یاسایە هەڵدەوەشێننەوە و، بەم کردەوەیەیان بە هەمووان ڕادەگەیەنن کە ئامریکا وڵاتێکی پۆشتەیە و، بەئەمن‌وئاسایشە و، دەوڵەتمیرەکانیشی وەکوو هەموو خەڵکی کۆک و پۆشتەی جیهان، ڕقیان لە گاڵتە بە خەڵکی هەژار و، پێکەنین بە (بێبەختی)یان نییە، چ باشتر کە گاڵتەی پاش نانی نیوەڕۆ بێ، چونکە بۆ هەزمی نان زۆر باشە! ئێستا ئیتر ئامریکا باوەڕی بە قسەی سەددامە ... نە ئیتر، سەددام بەڵێنی داوە، کە بیرای‌بیڕ لەم کارانە نەکا؛ منداڵێکی باشە، منداڵێکی میهرەبانە – بەڵام بڕێک چەتوونە ... باشە، منداڵە ئیتر، تازە ئیتر بەڵێنی بە (پاپا گیان)ی داوە، چیتر لەم کارانە نەکا. تازە لە سەرەتاشەوە ئەوەندە دیار نەبوو. ئامریکا گوتبووی بەڵگەنامەی قەتعیی بە دەستەوەیە کە عێراق بۆمبی کیمیایی بە کار نەهێناوە و گوتبووی کە دەزگای **کوڵەگر** (استراق سمع)، گوت و بێژی فرۆکەوانەکانی عێراقی تۆمار کردووە ... بەڵام کێ بزانێ درووست تۆماریان کردووە! پاشان، (تورگوت ئۆزال)ی دۆستیەتی، – بەو ردێنە سپییە و ئەو ڕواڵەتە بەڕێزەیەوە – کە درۆ ناکا. تورگوت ئۆزال گوتی (**دیارە بە گۆڕی باوکی سوێندی نەخوارد**)، گوتی «لە نێوان پەنابەرە کوردەکاندا، تەنانەت یەکێکی نەدیوە کە شوێنەواری گازی ژاراویی بە لەشەوە بووبێ. ئێستا ئەگەر دوو سێ زیپکە، یان خوریکەی پێوە بووبێ، ئەمە شتێکی ئاساییە. لەوانەیە بیبەر، یان خورمای زۆریان خواردبێ‌و، گەرماژۆ بووبێتن. چونکە کورد بوونەوەرێکی سەرسووڕێنەرە، لە ساردی و گەرمی نازانێ، وەکوو ئێمە تورکەکان نین، ئێمە تورکەکان دەزانین کە لە هاویندا نابێ بیبەری زۆر بخۆین!» .

ئێستا تۆ دەڵێی ئامریکا دەبوو دابی دۆستی و عورفی سیاسیی وە لا نابا و، بەم دۆستە بەڕێزەی گوتبا – ئەســتەغـفـیـروڵــڵا – تۆ درۆ دەکەی، دوکتۆرەکانی من کە برینداره‌کانیان دیوە و چاویان لێ کردوون، درووست دەڵێن! نە، ئەمە درووست نییە، ئەمە پێچەوانەی ڕەسمی دۆستایەتی و هیمی دیپلۆماسییە. پاشان لە گەڵ عەرەبستان چی بکا، لە گەڵ میسر، لە گەڵ مەراکش، لەگەڵ ئەلجەزیرەی شۆڕشگێڕ؟ نە، هیچ کام لەم کارانە ناکا. ئینسانی ژیر، بێخۆ لە بەر تاقمێک خەڵکی پێپەتی، دڵی دۆستەکانی نارەنجێنێ.

سوڵتانی سوعوودی دەستێک بە ردێنیدا دێنێ و، بە عەرەبی پێدەکەنێ. حوسنی موبارەک و سەرۆکەکانی دیکەی ئەلجەزیرەیش لە بەر خاتری ئاسوودەیان، هەناسە هەڵدەکێشن و بۆ ئەو «سەرکەوتنەی عێراق»، شایی دەگێڕن و، بەڵێنی یارمەتیی ماڵیی زۆرتر دەدەن بە سەددام، بۆ دیسان چاکردنەوەی وڵات. پاشان، فەرانسەیە کە بۆ کۆڕبەستن بانگهێشتن دەکا و، کۆنفرانسێکی جیهانی بۆ باس و گوتو بێژ سەبارەت بە چەکی کیمیایی، پێک دێنێ. بەڵام پێشمەرجی بەشداری لەم کۆنفرانسەدا ئەوەیە کە، نێوی کەسێک، یان دەوڵەتێک نەیەتە سەر زار: هیچ کەس نەڵێ سەددام هەزاران کەسی لە هەڵەبجە و شوێنەکانی دیکەی کوردستان کرد بە کەباب و خواردنی، کەس نەڵێ عێراق بۆمبی کیمیاویی دژ بە گەلێکی بێدیفاع بە کار برد، یان ئەوەی کە دێمۆکراسییەکانی ڕۆژاوا، یارمەتییان داوە و، ئەم چەکانەیان درووست کردووە. وەک دەرکەوت، دەستووری کاری کۆنفرانس، گوتو بێژ سەبارەت بە خوریی پەز و، ڕێگای خەبات بۆ لەناوبردنی خورکەی خوری بوو! سوپاس بۆ خوا کە گەلێکیش سەرکەوتوانە بەڕێوە چوو، گەلێک باش. یەکیەتیی کۆمارەکانی شووڕەوی لە هەموویان گوێڕایەڵتر بوون. ئەوان پێشتر ئەم پێشمەرجەیان، بەوپەڕی وردییەوە لە بەرچاو گرتبوو. تەنانەت باسیشیان نەکرد و، خەبەرەکەشیان بڵاو نەکردەوە. لە کۆنفرانسیشدا تەنانەت مەزەندەی نرخی

بازاڕی گۆشتی پەزیشیان نەکرد و، نەیانگوت ئەم هەموو پەزەیان کە کوشتەوە، چۆن بوو گۆشت هەرزان نەبوو! دەتگوت نە خانێ هاتووە و نە خانێکیش تێپەڕیوە. چەند مانگێ پاش ئەوە کە ئاو لە ئاش کەوتبوو، ئەو کاتەی کە دەستەیەک لە کۆماری ئیسلامی، لە ئێرانەوە چوونە یەکیەتیی شووڕەوی، گۆڤار و ڕۆژنامەکانی ڕۆژاوا، هاواریان لێ بەرز بووەوە و گوتیان کە لەوانەیە بۆ کڕینی چەک و تەقەمەنیش، گوتو بێژێکیان لە گەڵ سۆڤیەتییەکان کردبێ و، پێشبینییان کرد کە دواڕۆژی ئەم مامەڵەیە لەوانەیە جیهان لە گەڵ (کارەسات)ێک بەرەو ڕوو بکا. گۆڤار و ڕۆژنامەکانی عێراق ڕەگەڵیان کەوتن و، سەدام و وەزیرەکانی هەڵزرنگان و هەڕەشەیان کرد کە، هەر وڵاتێک چەک بە کۆماری ئیسلامی بفرۆشێ، پێوەندی لە گەڵ دەپچڕێنین و، یەکیەتیی سۆڤیەتیان گرتە بەر برکەی ڕەخنە. ئەو کاتە بوو کە یەکیەتیی سۆڤیەت لە پڕ تێگەیشت کە ئەی دەستی شکاوم، خۆ ئەمە سەدام لە بۆمبارانی هەڵەبجەدا بۆمبی کیمیاویی بە کار بردووە! لە گۆڤاری شیلاتی سۆڤیەتیشدا بازرگانانە، سەبارەت بەمە گازندەی کرد کە «... ئەمە نەیگرت، ئەم کردەوەیە لەوانەیە دژ بە مرۆڤایەتی بێ، جەنایەت بێ؛ عێراق نەدەبوو لە گەڵ کەمایەتیی کورد، بەم چەشنە هەڵسووڕێ!». سەدام حسەین پێکەنینێکی ژاراویی هەڵداو گوتی: «ساموعەلەیکوم، (تەڤاریش)#، چۆنی چاکی، تەڤاریشیش گوتی: «دا، دا!»##

بەر لەوەش دەستەیەک لە لایەن یەکیەتیی نیشتمانییەوە بۆ گەڵە و بناشت لە مەڕ بێدەنگیی یەکیەتیی سۆڤیەت و وڵاتە سووسیالیستەکانی دیکە، چووبوونە مۆسکۆ و تێگەیشتبوون کە هەڵەیان کردووە و هەڵەیەکی ناقۆلا! بە هاوڕێیانیان گوتبوو: کە بە ڕاستی بۆ ئەم ڕووداوە خەمبارن... هاوڕێیانی یەکیەتیی نیشتمانیش دڵنەوایییان کردبوون و گوتبوویان «خودا سەبووریتان بداتێ!» پاشان تێگەیشتبوون کە یەکیەتیی سۆڤیەتی کۆن لە ژێرەوە – لە کەناڵێکی دیپلۆماتیکەوە – لە دەوڵەتی عێراق گلەی کردووە؛ بە نهێنی پەیمانی دۆستایەتیی بەرانبەری بە ڕوودا دابوون. لەم بارەیەشەوە نیگەرانیی خۆی دەربڕیبوو کە بۆچی دەبێ لە ڕۆژاوا یارمەتی وەربگرن. چ باش بوو کە شک و گومان لە نێواندا نەمایە و، لە ئاکامدا بۆ ئەمیر ئەرسەلانی ڕۆمی دەرکەوت کە شەمسی وەزیر لە ژێرەوە موسوڵمان بووە و ئەو نەیزانیوە! بەڵێ، سکاڵای دۆستانە و مەحرەمانە، شەوتی هەزار جار لە جەنجاڵی ڕۆژنامەیی و ڕادیۆیی زۆرترە، دەنا هەر بەو چەشنەی کە بۆ دەرکردنی هەشت فەلەستینی لە خاکی داگیرکراو، ئاشکرا ئیعترازی کرد و، کردەوەی ئیسراییلی مەحکووم کرد و، ڕەگەڵ پێکهێنانی کۆبوونەوەی ناچارانەی شووڕای ئەمنییەت کەوت، بۆ کوشتار و هەڵداشتنی سەدان هەزار کورد و، وێرانکردنی هەزاران گوندی کوردستانیش، ئیعترازی دەکرد. درۆ نەبێ جارێکیان لە وەڵامی ئەم ڕەخنەگەلەی، کە بۆ ئەم ڕووداوە بێدەنگیی لێ کرابوو، گوایە ڕادیۆی **ئاشتی و پێشکەوتن** «صلح و ترقی» گوتی کە: «پەکوو لەو خەڵکە بێشەرمە! – ئەو کاتانە کە مصطفا کەمال خەڵکی کوردی قەلاچۆ دەکرد، ئەم دەوڵەتانەی ڕۆژاوا لە کوێ بوون، بۆچی ئەو کاتە ئیعترازیان نەدەکرد و ئێستا کردوویانە بە قاووقیژ! ئەم قاووقیژە تاکتیکێکی ئیمپریالیستییە ...» ڕاستیشی دەگوت، ئەو کاتانە خۆی بۆ ئیعتراز بە کوشتاری مصطفا کەمال لە تورکیە و، کردەوەی بەریتانیا لە عێراق، لە کۆمەڵەی نەتەوەکاندا بە تەنێ مابووەوە! لە گەڵ ئەوەشدا دەبێ لە بیرمان بێ کە، نوێنەری دەبیری گشتی سازمانی نەتەوەکان، کە بۆ دەرکردنی هەشت فەلەستینی، شووڕای ئەمنییەتی بۆ کۆبوونەی ناچاری بانگ دەکرد، لە هەمان کارەساتی هەڵەبجەدا دەریبڕی کە، سازمانی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پێڕاگەیشتن بە بار و دۆخی کوردەکان، کاتی نییە ...!

لە دیتن و چاوپێکەوتنەوەدا، هەر کەسێک دەبینی و بە هەر کەسێ دەگەی ... دەردت زۆرتر دەبێ. سادات دەبینی، دەڵێی حاڵی دیارە و جێگەی خۆیەتی کە وابێ، بەڵام کاتێ جەمال عەبدولناصر دەبینی کە ئەویش لە پیلانی زوڵم و زۆر لە کوردان، بەش و نەخشی هەبووە،

واقت وڕ دەمێنێ. ئای کە دەنگی دەهۆڵ لە دوورەوە چەند خۆشە!

بە بڕوای من دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی ئێران، ئەگەر هیچ کارێکی دیکەی نەکردبێ، یەک کاری زۆر گرنگی کردووە: ئەم دەوڵەتە بە ئێمەی نیشان دا کە بانگاشەی دێمۆکراسیی ڕۆژاوایی و سۆسیالیستیی ڕۆژهەڵات، لە بنج و بناغەوە درۆیە؛ نیشانی دا کە پەرچەکردنیان لە ئازادی و مافی مرۆڤ درۆیە، شارستانییەتیان درۆیە و عەدالەتیان درۆتر. ئەگەر شتێکت هەبێ کە پارووپەکیان بۆ باوێژی، ئەوی دەتهەوێ بیکە ... کاتێکیش کارەکەت کرد، پارووەکەیان بۆ باوێژە و بڕایەوە. ئەم خەڵکە بەڕێزە، بزانن و دڵنیا بن لە بەرانبەر قەبووڵکردنی سووکی و ڕیسواییدا، پاداشی باشیان دەست دەکەوێ، بۆ هەر سووکایەتییەک شان شل دەکەن. سەر بە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئامریکا و دۆستەکانی بی، بهێڵی کە کانەکانی وڵاتەکەت تاڵان بکەن و، لە سەرکوتکردنی هاوڕەگەزەکانت و هی دیکەدا داردەستیان بی، دێمۆکراتی، ئازادیخوازی، خاوەن ژیاری. ئەگینا دواکەوتووی، دیکتاتۆری، دژ بە ئینسانی. یەکیەتیی سۆڤیەتی کۆنیش، بە دەستێک بنەمای سیاسەتی پەرچەکردن لە زەحمەتکێشان و، چەوساوەکانت پێ نیشان دەدا و، بە دەستێکی دیکەش، تۆپ و تانک و مووشەک و فڕۆکە دەدا بە سەددام. لە گەڵیا بی، دیکتاتۆریش بی دێمۆکراتی و کارنامەی کرداری باش وەردەگری. دیارە بەم مەرجەی کە سووکێ پارووشی بۆ هەڵدەی. لە گەڵیا نەبی، دێمۆکراتیش بی دیکتاتۆری. تێگەیشتن و دەرکی ئەم خاڵە، بەم شێوەیە زۆر دژوار و، ڕەنگە مەحاڵیش دەبوو. ئێمەش بۆ ئەم تێگەیشتنە، قەرزداری کۆماری ئیسلامیین .

دەردەدڵ زۆرە؛ لە ڕابردوو، لە هەر جێگەیەکەوە دەست پێ دەکەی، دەردە؛ بەڵام دەردی زمان و فەرهەنگ و ستەمی فەرهەنگی، پیسترین دەردە. ئینسان دەتوانێ لە گەڵ دەردی نەبوونیدا هەڵ بکا، بەڵام قسەنەکردن بە زمانی زگماک - کە کوردەکانی بندەستی حکوومەتی تورکیە تووشیان بووە - و نەنووسین و فێرنەبوون بە زمانی زگماک، شتێکە کە لە گەڵیا هەڵناکرێ: لە لایەکەوە دەردە و لە لایەکی دیکەوە ستەم - ستەمی فەرهەنگی. شاعیران و نووسەران دەزانن ئەمە چ دەردێکە، بە تایبەت ئەوانەی کە زمانەکەی خۆیان نازانن و ناچاربوونە بە زمانێکی دیکە شیعر بڵێن یان بنووسن. ئەمە ستەمی نەتەوایەتییە و، لە پێوەری بەرینتردا، ستەمی فەرهەنگی - ئینسانی. ئاخر هەر کەسێ هەستێکی هەیە کە دەربڕینی ڕاستەقینەی تەنیا بە زمانی زگماک دەبێ و، ئەم هەستەش چونکە لە زمانی زگماک دابڕاوە، بێشک زیانی پێ دەگا. هەستێک کە بە زمانێکی دیکە بڵاو دەبێتەوە، ئیتر ئەو هەستە پەتییە نییە کە لە بیرکردنەوە و وردبوونەوە بە زمانی زگماک دێتە بەرهەم، بۆ ئەوەی لە پاڵفتێنی زمانێکی دیکەوە تێپەڕیوە و، دەربڕینی لە گەڵ داخوازییەکانی زمانێکی دیکە ساچاوە و، لەم هات و چوونەدا خوار و خێچ بووە. یارمەتی بۆ بووژانەوە و هەراشبوونی زمان و فەرهەنگی (تیرەیەکی قەومی)، نابێتە هۆی جیایی و بێزاربوونی ئەو تیرەیە لە زمانی ئەسڵی قەومەکە، کە یارمەتییە بە پتەوکردنی پایەی فەرهەنگی نەتەوایەتی. ڕاستی چ کەسێ لە شاعیرانی کورد، کەسانێکی وەکوو نالی، مەولەوی تاوگۆزی، شێخ ڕەزای کەرکووکی و هی دیکە، ویستوویەتی، یان ناچار کراون بە فارسی شیعر بڵێن؟ چ کەسێ فارسیی پێ فێر کردبوون؟ من لە پەراوێزی ئەم نووسراوەیەدا شیعرێکی (نالــی)تان بۆ دەنووسمەوە ### تا بزانن کە شاعیری کورد چەندە خولیا و پەشێوی لقی زۆرتر گەشەکردووی زمانی خزم واتە فارسی بووە. ئەم شیعرە بەرووبۆی زڵ (طبع)ی شاعیرێکی کوردە و، کەمن لەو شاعیرە فارسانەی کە لەم زەریفکارییانەدا، شان لە شانی بدەن. بەڵگەی ناوێ کە هەڵدانی خولیایەکی ئەوتۆ، نیازی بە زۆر شتە و تازە هەمووان شاعیر نین. یارمەتی بۆ بووژانەوە و هەراشبوونی زمان و فەرهەنگی ئەو تیرەگەلەی کە خزمی یەکن، بە ناوەڕۆک کۆمەکە بە لابردنی ساردی و جیایی، چونکە بە دەرمانکردنی ئەم دەردە، لە ڕاستیدا بەستێنی ساردی و جیایی لە ناو

دەچێ و زەمینەیەکی نوێ بۆ نزیکی و خزمایەتیی زۆرتر دابین دەبێ ...

خۆشبەختانە لەم دواییەدا بۆ چارەسەرکردنی ئەم دژوارییە و بۆ وەدیهێنانی زەمینەی دۆستایەتی و خزمایەتیی زۆرتر، هەنگاو هەڵگیراوە کە هیوادارین پەرە بگرێ و بگاتە بەر - بە هیوای خودێ.####

ابروان تــــو طـبيـبـان دل افگـارانـنــد
هر دو پيـوسـتـه از آن بر سر بيمارانـنـد
نرگسان تو كه خواب از همه عالم بردند
خفـتگانـنـد ولـی رهـــــزن بيـدارانـنـد
گـنـج رخسـار تو ديـدن نبود زهـره مرا
كه ز زلف تـو برآن خفته سيه مارانند
ما هـزاران ز غمت خسـتـه و ناكام، ولی
كامياب از گل روی تو خس و خارانند
تو نه تنها به غم عشق دچاری «نالی»
هر كـجا مینگــری جمع گرفتـارانـنـد

## پەراوێز

١- کورد و کوردستان، نووسینی ڤاسیلی نیکیتین، وەرگێڕانی محمد قاضی لاپەڕەی ٥٣٣.

٢- کورد و کوردستان، نووسینی ڤاسیلی نیکیتین، وەرگێڕانی محمد قاضی لاپەڕەی ٤٠٤

٣- بیرەوەرییە سیاسییەکانی غلامرضا مصور رحمانی، لاپەڕەکانی ١٥٤- ١٥٥.

٤- کورد و کوردستان، نووسینی ڤاسیلی نیکیتین، وەرگێڕانی محمد قاضی لاپەڕەی ٤٢٣.

٥- Edmonds نووسەری کتێبی کورد و تورک و عەرەب، وەرگێڕانی إبراهیم یونسی.


# ڕەشیدی یاسەمی، هەر چەند خۆی کورد بووە و ئینسانێکی پایەبەرز بووە، بەڵام لەو کوردانە بووە کە وێنەیان لە دەربارى تورکییە و عێراق و ئێراندا زۆرن. لە ڕاستیشدا ئەو کتێبەی ڕەشیدی یاسەمی لە سەر کورد، وەلام یان ڕەدی ئەو کتێبی (کورد و کوردستان)ە ی زانای پایەبەرزی کورد «محمد امین زەکی بەگ»ە، نەک دڵسۆزی بۆ کورد. (وەرگێڕ).

## (تەڤاریش) وشەیەکی ڕووسییە واتە: هاوڕێ، ڕەفیق حیزبی.(وەرگێڕ).

##«دا» ش هەر وشەیەکی ڕووسییە واتە: بەڵێ (وەرگێڕ).

### نالی (مەلا خدری شارەزووری)ی، ساڵی ١٢١٥ی کۆچی مانگی، لە گوندی خاک و خۆڵی شارەزوور، لە کوردستانی باشوور لە دایک بووە و، ساڵی ١٢٣٧ی کۆچی مانگی، کۆچی دوایی کردووە.(وەرگێڕ).

#### دیارە ئێمە لەوە تێدەگەین کە وەرگێڕ، لە بەر ئەوەی لە ئێران دەژی، ناچارە وای نیشان بدات کە کۆماری ئیسلامی شتێکی بۆ کورد کردووە، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی لە بواری ناسینی گەلی کورد و مافە نەتەوایەتییەکانیدا هیچ هەنگاوێکی هەڵنەهێناوە و، ئێستاش لەسەر سیاسەتی شۆڤێنیستانەی خۆی دژ بە گەلی کورد بەردەوامە .(وەرگێڕ).



خستنه سەر نێت:- چالاک
chalakmuhamad@gmail.com

# جاڕی مەرگ

جەلیل کاکە وەیس

هەمیشە ئەم وتانە لەسەر زاری باوکم بوون :

– خەمت نەبێ دەستێکت پێدا دێنم و بیرازت دەکەمەوە، تا ئەو کورەم لە خەم دەرەخسێ تۆش باڵا دەکەیت و سەرت دەگاتە پەڕەی ئەو پەڵە هەورانە . دەتپارێزم ، وەک هەردوک چاوم دەتپارێزم ، وەک کورەکەم ؛ لە دڵۆپە، لە بۆران و وەیشوومە دەتپارێزم ، لە ناخورەو ئاوی شلەتێنی گەرماوەکانی ئەم کۆڵانە ، لە غوسلاو و تاراتاوی ئەم کۆڵانە دەتپارێزم . کە پۆشتەو پەرداخ بوویتەوەو دەستت بە خۆتدا هێنا ئەوجا منیش لێی دەوەستمەوەو جوانترین و قشتترین بووکی ئەم دنیایەت دەکەمە میوان ، میوانێکی یەکجار ئازیزو بە سۆز . ئێ هەموو کون و کەلەبەرێکیشت پڕ لە بۆن و بەرامی خۆش دەکەم و بووکەخانت لە نێو دادەنێم .

خۆ بینیتان باوکم چ پابەندی ئەو خانووەیە ، ڕەگوریشەیەتی ، خشت خشت بە دەستی ئەو هەڵچنراوە ، بە بیرەوەریی من نییە ، چونکە من لە نێو چوار دیواری ئەم خانووەدا چاوم هەڵێناوەو لە هەناوی دایکم بەربوومەتەوە ، بۆیە نازانم تەمەنی چەندە ! بەڵام یەکجار پرزە لێ براو و پەڕپووتەو لەو کۆڵانەدا بەو منداڵە هەژارە دەچێ کە لەبەر شرۆڵەیی هەر لە دوورەوە هەڵکورمێ ولە هیچ بۆنەیەکدا بەشداریی هاوتەمەنەکانی خۆی نەکات.

باوکم زۆر کاروفرمانی دەزانی و تاقیی کردبۆوە ؛ ڕێنوێنی شەمەندەفەر ، وەستای بیناکاری ، تەنەکەچێتیو شتی تریش ، کەچی هەر ڕزقی قووت بو، تاکە دەسمایەی هەر خانووەکە بوو ، بۆیە هەردەم لەسەر زاری بوو :

– مرۆی لانەواز بێ زێدو نیشتمانە ، ئەم خانووە زێدو نیشتمانی منە ، گەر خوا دەستم بدات هاکا زانیت کردم بە کۆشک و تەلارێک هەر بە تۆ بێ تەماشای بکەیت ! ئێ ئەوساش نۆبووکەکەم دەبێتە خانمی نێو کۆشک و سەراکەم و کوڕە تاقانەکەشم پیاوی نێو پیاوان...

دەیەویست بە هەر تەرحە دەستی لە کراژێک گیر بێ و کۆشک و تەلارەکەی پێ دابمەزرێنێ ، بەڵام ئەوەی یەکجار هەراسانی کردبوو ئەو خانووە قووچەی بە ناو ( یانەی لاوان ) بەرانبەر خانووەکەی ئێمە قوت کرابۆوە، ئاخر خانوو نەبوو ، کەرتە چیایەک بوو بۆ خۆی ، هینەکەی ئێمەیش لە چاویا بێچوویەکی ئا ئەوەندە بوو ! هەمیشە سێبەرێکی خەستی خستبووە سەری و پشوویری کردبوو . هەموو دەمەو عەسرێکیش خەڵکانی هەمەچیزە ڕوویان تێ دەکردو دەرەوەو ناوەوەی جمەی دەهات. لە هەندێ پەناو پاساری دەرەوەمیرا نووسراوی ناشایستەی وەک ( شوێنی میز بۆ کەران ) و ( نەوتی عەرەب بۆ عەرەب ) دەبینرا . ئەم بەزمە زۆر کەسی وەک باوکمی پڕ کردبوو . بلە گورگەش کە بە ناوە دەمڕاستو کوێخای گەڕەک بوو هەموو ڕۆژێک سەرێکی لە یانەکە دەداو لەوێشەوە دەهات گێچەڵێکی بە باوکم دەکرد .

– کاک سمایل ، لەم کۆڵانەدا تەنها خانووەکەی تۆ قوڕو کەستەکە ، نابینی دیمەنێکی چەند نالایقی هەیە ؛ لە هەموو لاوە داتەپیو ، خواروخێچ ، بۆگەنی چاڵ و زێراب، هەر دەڵێی کولانە سەگێکەو لێرەدا قوت بۆتەوە ، گەر چارەسەری خۆت نەکەیت ... ئا وتم گەر چارەسەری خۆت نەکەیت ئەوا شۆفڵی شارەوانی بە یەک چاو تروکانێک بۆت قووت دەدات .

– کاک برایم ، ماڵی کەمدەستیم بە قوڕ گرت ، دەنا من ئەوەندە خەم ساردو دەسەوسان نیم ، نیازیشمە هەروا کراژێکم چنگ کەوێت دەیکەم بە حەوش و سەرایەک ئەوسەری دیار نەبێ !

– حەوش و سەرا !؟ جا ئەمە کەی و چۆن ؟ دیارە ڕاست دەکەن تۆ دەم لە شتی گەورە دەکوتیت و لە هینەکەشدا بەشداریت .. ئێ... ئێ... !!

– نا بە خوا کاک برایم ، من تەنها ئەو خانووەم پێ بیراز بکرێتەوە چی دیکەم گەرەک نییە. ئیدی باوکم دوای ئەم شێلەو بێلەیە دەچووە نێو قاوغەکەی خۆیەوەو لەسەر ئەو هەواو ئیشتیایەی نەدەماو تا درەنگانێ بە بێ قسەو بە کپی سەری بەسەر چۆکاندا دادەگرت و ئاگای نەک هەر لە خانوو و پرۆژەکەی نەدەما بگرە منیشی بیر

دەچۆوە ، تا من وەک ئەوەی ئاگام لە چ کەین و بەینێک نەبێت وە ئاگام دێنایەوە :

- باوکە ، ئەوە بۆ وا ماتی ؟

ئەویش وەک ئەوەی دوای بەنجێکی گرانی نشتەرگەرییەک وە هۆش هاتبێتەوە سەرێکی قورسی هەڵدەبڕی و دەیگوت :

- ئەم کابرا چەتەوڵە ، لە بن و بیخم دەنیشێ و نایەڵێت کۆشک وسەراکەم بنیات بنێم .. بلە گورگە نایەڵێت بە بووکەخانی خۆم بگەم ، نایەڵێت ئەم تاقە کوڕەم بگەیەنمە هەقەجێ .. نایەڵێت ،، نا . بەڵام گەر زۆرم لێ بکات ئەوە تاوەکوو ڕۆژی نەفخی سووریێ بە بۆن و بەرامی خۆیەوە ، بە داروەدستەکیەوە دەستکاریی ناکەم ، ناکەم ! دەبا بلەگورگە سیر بخواو زوڕنا لێ بدات . وەک خوویەک دەبوو بلەگورگە هەموو ڕۆژێک دوای نیوەڕۆیەکی درەنگ سەر بە هەموو کۆڵانەکاندا بکاو لەوێشەوە ( یانەی لاوان ) خۆت بگرەو هاتم .. دەبوو ئاگای لە وردودرشتی نێوەندەکە هەبێت و حەشرەکەی بەسەر دەکردەوە ، ئەوسا بە کاوەخۆ لە سووچێکدا ڕووداوەکانی ئەو ڕۆژەی لە پەڕە کاغەزێکدا تۆمار دەکرد و لە باخەڵیا تەقەتی دەکرد ، پاشان یەک دوو چپەی لەگەڵ کەسگەلێکدا دەکردو نێوەندەکەی جێ دەهێشت . بلەگورگە هەر کە یانەکەی بە ژاوەژاوی خۆیەوە جێ دەهێشت ئیدی ڕووی لە ماڵی ئێمە دەکرد ، ئاخر مەگەر نەپەرژایە دەنا ڕۆژبێری نەدەکرد هەر وەک خۆشی خاوەنماڵ بێت بێ ئەوەی ئیزنێ بخوازێت چەپەرە شڕەکەی دەکردەوەو لە نێوەندی حەوشەکەدا ڕادەوەستاو بە ڕوخسارێکی قێزەونەوە چاوێکی بە سەراپای خانووەکەدا دەگێڕاو بانگی دەکرد :

- کاک سمایل ، سمایل لە ماڵیت ؛ ئێ ... ئێ خۆت لێ کردووین بە هەنارە شیرینە ، هەر دەبێ ئێمە سەرت لێ بدەین ، بێ بەڵا بیت بوویت بە دەروێشی خەڵوەتنشین و بنەبانی ئەم کولانە سەگە بەر نادەیت ، وا بزانم ئەم خانووووە .....!

- کاک برایم ، وام باشترە ، ئێ خۆ من بێ کارەیەک نیم . نابینی چواردەورم بە قۆری و کتلیبە شکاو تەنراوە .. چاکیان دەکەمەوەو بژیوی خۆم و ئەم کوڕە بێدایکەی پێ دابین دەکەم .. هەر تەنهاییشم چاکترە .

- سمایل ، ئەم تەنیایی .. تەنیاییە شتێکی لە بن سەردایە ، ڕێی تێ ناچێت کابرایەک شەو و ڕۆژ هەر تەنها بێت و لە کونەگورگێکی ئاوهادا بسەکنێ ، من دەڵێم کەسانێک هەن هیچ نەبێ بە شەو هامووشۆت دەکەن و لە شتهایەکیش دەدوێن مەگەر خوا خۆی بزانێ چییە .. ئێ وا نییە !

- کاک برایم ، ئەوە خێزانە جوانەمەرگەکەم بمایەو ئاوها خۆم و ئەو کوڕەمی سەرگەردان نەکردایە ، ئا ئێستا سوێندێکی گەورەم بەزاردا دەهات . چی بکەم ئەو چووە ماڵی هەقی خۆی و ئێمەیشی بە کوڵێ ، کوڕە تۆ بڵێ ، بە بارێ خەم و پەژارەوە جێ هێشت .. نەوەڵڵا دڵت تەخت بێ لە خۆم و ئەم تاقە کوڕەم پتر شەووڕۆژ کەسمان لە تەکدا نییە ، مەگەر جەنابت دەنا کەسێک دەرگاشمان لێ تاریک ناکات.

- سمایل ، دەمەوێ تێ بگەیت و ئەها .. ئەم خۆنەبانکردنە دادت نادات و گەرەکە بێیتە نێو ڕەسم و عادەتی یانەکەوە ، کوڕە ئەها بستە ڕێیەکە ، ئەوەتا بەرانبەر ماڵەکەتە .

- ئێ من و ئەو زەرمەزلێیەیان وتووە !؟

- کوڕە بۆ ئەوە نییە نی ! تۆش قووڵت کردەوە .

- کاک برایم ، لێم گەڕێ با بە دەردی خۆمەوە دانیشم ، هیچ کامێکیش لەوانەی تۆ دەیڵێیت بە من قووت ناچێت .

- سمایل ، دیارە ئاوەزت باری کردووە ، ئێ هیچ نەبێ دوو پەڵە سوورەکەی بازاڕەکەت لە بەرچاو بێت ؛ ئەو دوو پەڵە سوورە پاژێکن لە نەبانییەکەی تۆ ، دەزانی من ، ئا .. ئا من بەم هەموو هینی خۆمەوە کە بەو بازاڕەدا گوزەر دەکەم سام و ترسێک دام دەگرێت کە بۆ باب و باپیرم بە ئاوەزم دەکات ، ئەدی تۆ بە سامدا ناچیت ؟! ناترسیت !؟ ئەو دوو پەڵەیە کە داخم ناچێت خەریکن کاڵ دەبنەوە سامێکن وردو درشتی ئەم شارەیان بەچۆکدا هێناوە. تۆیەک پفت لێ بکەیت با دەتبا چۆن ناسڵەمێتەوە چۆن ! ئەی ڕۆژەکەت بیر چوو، بە بەرچاوی ئەم خەڵکەوە لە دوو شادەماری سیسەمەڕۆی تۆئاساوە ، دوو شادەماری نەبان ، دوو کەسی نائینسان، بە چاو تروکانێک هەر ئەوەندەی هەناسەیەک بدەیت و هەڵبکێشیت ئەو دوو پەڵە سوورە لە هەردوو شادەمارە نەبانەکەوە پەڕێنرانە سەر پەردەیەکی پانی بازاڕەکە . ئیدی لەو ڕۆژەوە تاکو ئێستا من و من ئاساکان هەر کە لەوێوە گوزەر دەکەین بە چاوێکی ترساوەوە ، بە لەشێکی لەرزۆکەوە بە تەرحێ ڕۆح بە لەشمان قایل نابێت ئەئاوا بە تیل چاو لە نێوان دیتن و نەدیتندا هەر بۆ ئەوەی کرداری ئەمەگ بە جێ بێنین

تەماشایەک دەکەین و دەگوزەرێین .... سمایل ، تێ دەگەیت دەڵێم چی !؟ ئیدی بە دوعا ..
لەو دەمەدا نیگام لە ڕوخساری باوکم خافڵ نەبوو ، ڕەنگی هەڵبزڕکا بە تەرحێ نەیپەرژایە سەر وەرێخستنی بلە گورگە ، لەوەولا بینیم تروسکەیەکی گەش چەشنی تۆپەڵە تیشک لە نێو دیدەکانییەوە سەری دەکرد . وردە وردە ڕوخساریشی خوێنی تێ دەزاو لێوەکانی خۆیان بۆ بزەیەکی گەش ئامادە دەکرد ، بەڵام لە ناکاو ئەو زەردەیەی سەر لێوی گۆڕا ، سیمای ڕق و تۆڵەی بە خۆوە دەگرت ، چاوەکانیشی دەکرانەوەو تروسکەکەی دەبوو بە بڵێسەیەکی هێند بە تین خۆتت لەبەر نەدەگرت . ئیدی بێ ئەوەی هەست بە بوونی دەوروبەری خۆی بکات ئاوهای دەگوت :
– برایم ، هێی بلە گورگە ، نەمرم ئەم دڕکەت لە بن پێ دەر دەکەم ، تۆ بە ئاشکرا جاڕی مەرگم بۆ لێ دەدەیت ، خانووەکەمت ناو ناوە کولانە سەگ و کونە گورگ ، دەی قەیدی چییە ! چما من سەگ و گورگم و تۆش دەمڕاست و کەڵە پیاوەکەی ئێرەیت !؟ من گەر سەگیش بم دەبێ کولانەکەم بپارێزم ، دەشیپارێزم ! دەبا خوێنەکەی منیش لە نێو شایلۆغانی بلەگورگەو هاوچیزەکانی دڵۆپ دڵۆپ بتکێتە کاسەوەو خانووەکانی شەریکەو مامۆستایان و بەرو پشتی کارگەی کۆلاو کۆشکی کاشییەکەو عەرەسەکەی پێ بگێڕن ؛ پێی بگێڕن و بڵێن : ( ئەمە خوێنی سمایلە ... ئەو سمایلەی کە تا ئێستا نە لە هەڵلاوبگرەی خانووە قووچەکەدا بەشدار بووەو نە دەستی ئەشەدوبیللای حوسن و ڕەزاو بێحوسن و ڕەزای بە لاملدا داوە ، ئەوا ئێستا لە بری پەرپووتیی خانووەکەی و شتگەلێکی دی خوێنەکەی کرایە کاسەوە . ئێوەش هەر یەکەتان بە عاستەم حەپەیەکی لەدەم دەرچێت ئاوها خوێنەکەی دەکرێتە کاسەوە !! )، بەڵام من نە سەگم و نە لە کولانە سەگیشدام ، من سمایلم و لە خانووە خنجیلانەکەی خۆمدام . من .. کوڕە من هەر باااااکیشم نییەو ئەولاتریش .. خۆ من زۆر ئاستەنگم دیوە ، لە زۆر ئاویشم داوە ؛ ئێ هەندێ جار قولەپێم تەڕ بووەو برێ جاریش تەڕ نەبووە .. خۆ من بۆ ئەوە نەهاتمە دنیاوە تا بلەگورگە بە فەرمانی گەورەکانی ببێتە سێبەرم و بڕیاری گوزەرانیشم بدات ! ئەمەیان هەر نەیسە ، ئەو گەرەکێتی بمترنجێنێتە نێو بەزمی ئەو خانووە قووچەی کە دوو ڕووی لێک جودای هەیەو لەو مرۆیە دەچێت کە پێی دەڵێن ( دەم تەڕو ناو زگ ڕەش ) ، دەیەوێت سەرچۆپیشم پێ بگرێت ، ئەمە دەق وەک ئەوەیە ( سەریان تاشی و ئاوێنەیان دایە دەستی ! ) ، وەڵڵا بابە سمایل جوانە و هەر لە خۆت دێت ، کوڕە ئەمە هەر نااااابێت ، جا چ بوو ، خانوو جێ دێڵم و هێدیش دەگەڵ خۆم دەخەم و هەی پێی لێ دەکەین ، ئەوسا بزانە مەیدان چی دەخوازێت .
باوکم وەک ئەم دنیایەی لێ بەراوەژوو بووبێت بەرپێی خۆی نەدەدیت ، پیشی دەخواردەوەو دەستی بە یەکدا دەدا ، دەوروبەری لێ خامۆش بووبوو ، ئاخر گەمە نییە هەرەسی کۆشک و تەلاری ئاواتێتی ، دەمێکە چاوەڕوانە ، چاوەڕێی بووکەخانە ، بووکەخانیش بەم هەموو جوانییە لە کوێ دابەزێ و ببێتە میوانی کام کۆشک و تەلار !؟ ناهەقی نەبوو ، خەونی پێوە دەدی ، خەونێک هەر وەک خەونە پیرۆزە ئەزەلییەکان ، کەچی وا کۆشک و تەلار بە بەرچاویەوە خڕەی دێ و دێتە خوارێ و باوکم شێت و شێلگیر دەکات . برایم دەیەوێت هەوداکەی پتر لێ ئاڵۆز بکات ، نێو بە نێو سەری هەوداکەی پێشان دەداو لێی ون دەکاتەوە ، بە کورتی گەمەی پێ دەکات ! دەیەوێت باوکم بکاتە پەیژەیەکی پتەو و پێیدا هەڵزنێت ، ئەمجا لەوێوە ، لەو بەرزییەوە بڕوانێتە ئەو خەڵکە .
چاوەکانی باوکم لەو دەمەدا بووبوونە دوو گۆمی خوێن ، هەرچی هۆگرییە لە ڕوخساریدا نەمابوو ، بە وریاییەوە پێم گوت :
– باوکە ، تۆ ئاگات لە خۆت نەماوە ، دەترسم بلەگورگە ئەم ڕەفتارانەت بەسەرەوە بکاتە ماڵ و هەر لەو بازاڕەداو لە نێو حەشاماتە بە سام چووەکەدا ، هەر لە چەقی بازاڕەکەو بە تەک دوو پەڵە سوورەکەوە شایلۆغانێکیش بۆ تۆ ساز بدات ، باشتر وایە .....
– هێدی دەتەوێ بڵێیت : بۆی بەچۆکدا بێ و دەست لە کۆشک و تەلار و بووکەخانیش هەڵبگرە و دەستێکی توندیش بە کلاوی خۆتەوە بگرە با بلەگورگە نەیبات ، وا نییە !؟ نا .. نا ، هەر لە نێو ئەو خەڵکەداو لە نێو چەقی ئەو بازاڕەدا ، بەبەرچاوی چاک و خراپەوە ، بە ڕۆژی نیوەڕۆ لە عاست هەردوو پەڵە خوێنەکەدا ، لەو شوێنەدا کە دوو شەبەقی برینی سووری ئەرخەوانیی دەم دابچڕیو ، لە عاست ئەو دوو زامە قووڵ و بە سوێیەدا ، ئاخر هێدی ، خەیاڵ نەکەی من ئەوەندە گێل و کەم ئاوەز بم ، من بەم چاوانەی خۆم دیتم ، شایلۆغانی ئەو ڕۆژەم

دی ، دیتم لە چەقی ئەو بازاڕەدا کاتێ خوێنە گەشەکان لە هەردوو جەستەکەوە دەپەڕێنرانە سەر پەردەیەکی پان و بەرین ، دیتم ڕۆحی دوو جەستەکە لەشێوەی دوو تەمی سپیدا ، سپی هەر وەک چوری شیر ، دەرپەڕین و بوونە دوو هەڵۆی تیژو تووڕەو لە شەقەی باڵیان دا .. بیرم ناچێت ، قەت بیرم ناچێت ، ئێ ئەوسا بە ڕاشکاوی منیش خوێنەکەی برایم دڵۆپ دڵۆپ ... بەڵام !

– بەڵام باوکە ئەمەیان یەک جار ...

– یەکجار زەقە وا نییە ؟

– با .. با ، یەکجار زەقە ، ئەی خانووەکە ، ئەی من !

– هێدی ، کەسی باوە ، وا دەزانم سەرم بۆتە گۆیەک و بلەگورگە شەقێنی پێ دەکات ، من تا ئێستا قەت سەری خۆم وا بە نەوێتی نەدیوە و ناشمەوێ لەوەی پتر نەوی بکەم و ئاوێکی لێخنیش بۆ تۆ بڕێژم . گوێی مەدەرێ ، پێچی مێزەرێکەو دەگوزەرێ ، وەک ئەوەی خەونم دیبێ یان یەکێک بە عاستەم و بە چپە پێم بڵێ : ( سمایل ، دان بە خۆتدا بگرە ، خۆت و کوڕت دان بە خۆتاندا بگرن ، ئەم شارە وێکڕا بە خوارو ژوورییەوە ، بە خۆر هەڵات و خۆرنشینیەوە سوور هەڵدەگەڕێت ، سوور هەڵدەگەڕێت و دەبێتە چاوێکی خوێن تێزاو ، نێڵە نێڵ دەسووتێت ، چەند شەوورۆژ هەر دەسووتێت . ڕاست وەک ئەوەی دۆزەخێک بێ و داخرابێ ، سەراپا دەبێتە گڕێکی سووتێنەر ، ئەمجا پاش کەمەکێک بارانێکی تووڕەو بە هەنگامە دەبارێت و لافاوێکی بێ قەوام هەڵدەستێت ، هەرچی گوناهە ، هەرچی مرۆی تاوانکارە، هەر پاسارێک بە ڕاست و بە درۆ تاوانێکی تێدا کرابێت ، دڵێکی تێدا ڕەنجابێت ، منداڵێکی ساوای لەبەر مەمکان و هەمێز تێدا هەڵبڕابێت ؛ ڕادەماڵێت ، ئەو لافاوە ڕایدەماڵێ و پاکی دەکاتەوە ، بە حەوت ئاو بسمیلی دەکات ، ڕاست ئەم شارە سەراپا وا پاک دەبێتەوە وەک ئەو منداڵە ساوایەی لێ دێت کە تازە بە واقە واق لە کۆشی دایکی بەر بووبێتەوە ) .. هێدی تێگەیشتیت !؟

– باوکە دەترسم ئێمەش ..

– هیچ مەترسە ، خۆ ئێمە تێهەڵکێشی هەنگامەی خانووە قووچەکە نەبووین ، لە هیچ پاسارێکی گوناهکاریشدا نەوەستاوین . ئا بیرم چوو هەر ئەو لافاوە وەک ئەوەی هێزێکی پەنامەک ڕایسپاردبێت بەر لە هەموو شتێک دێت و بە لرفەلرف مل دەنێتە ئەو خانووە قووچەوە و ڕەگ و ڕیشەی هەڵدەکێشێ ، ئەرێ وەڵلا وای هەڵدەکێشێت دەیکاتە زەوییەکی لووس و پاک و بێگەرد ، ئیدی لە جێگەیدا درەختی جوان و گوڵی بۆنخۆش سەر دەردێن .

– باوکە ، خۆ بلەگورگە هەموو ڕۆژێک سەرێکمان لێ دەدات ، دەڵێم گەر وەخۆ نەکەوین ..

– ئا، ڕاست دەکەیت ، گەر وەخۆ نەکەوین ئەوا دەرخواردی پشیلە کێوی و ئەژدیهامان دەدات ، بەڕاست هێدی ، ماوەیەک لەمەوبەر بلەگورگە بە پشیلە کێوی و ئەژدیهای حەوتسەر دەیترساندم .

بەم قسانە باوکم کەوتبووە سەر باری خۆی ، بینیم لەگەڵ خۆ گردکردنەوەدا خێرا خێرا چاوی بە خانووەکەدا دەگێڕا ، وەک ئەوەی دەست بەسەر کۆرپەیەکی خۆدا بهێنێ ئاوها دەستی بە دیوارەکاندا دێنا ، چاوەکانیشی کرابوونەوەو ، لە دوو گوڵە ئەستێرەی ورشەدار دەچوون ، بەڵام خەمی غوربەتیان دەگەڵ نیگاکاریدا وەرێ دەخست و دوعاخوازییان دەکرد ، لە ناکاو وەستاو گوتی :

– هێدی هەر وەکوو پێم گوتیت نامەوێ ئاوێکی لێڵت بۆ بڕێژم و وێراش خۆت چەپاڵە بدە ، من دەڕۆم و دوای ئەو دوو ڕۆحە هەڵۆیە دەکەوم کە لە دوو جەستەکەوە هەڵفرین ، دوایان دەکەوم و لەگەڵیاندا یەکانگیر دەبمەوە، ئێ هاکا زانیت لافاوەکەش هەڵسا ...

دوای کەمەکێک باوکم هەر وەک ئەو دوو هەڵۆیەی باسی کردن بە چاوترووکانێک لە چاوم ون بوو .. ئیدی منیش لەوساوە لە سووچێکی تەریکی ئەم شارەدا دەیان خەونی سەیرو سەمەرە دەبینم . بلەگورگە لە شێوەی پشیلە کێوییەکدا دەبینم بە گازو چرنۆک هەموو جەستەم دەرنێتەوە ، یان لێم دەبێتە ئەژدیهایەکی حەوت سەرو قەف قەف لە گەردنم دەئاڵێت ، بەڵام هەر چاوەڕێی ئەو دەرفەتەم کە منیش ببمە دڵۆپێکی لافاوەکە.

١٩٩٢ / ٢

ISSN 1102 - 2000

# Mamostay Kurd



17 - 18

Spring and Summer 1993